سەلیم بەرەکات

لە ڕۆژئاوای کوردستانەوە خۆرێک هەڵهات!



نیگاری: مەدحەت کاکەیی

ڕۆڤار 31

بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیرییە و هەر ژمارەی تایبەتە بە داهێنەرێک

دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم دوو مانگ جارێک دەریدەکات

سەرپەرشتی گشتی
شێرکۆ بێکەس

ڕاوێژکار
ئەکرەم قەرەداخی

سکرتێری ڕۆڤار
یاسین عومەر

سەرپەرشتیاری هونەری
قادر میرخان

مۆنتاژی کۆمپیوتەر
یادگار ئەوڕەحمان

(ڕۆڤار) بلاوکراوەیەکی ڕۆشنبیرییە هەر ژمارەی تایبەتە بە داهێنەرێك، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم دوو مانگ جارێك دەریدەکات

ناونیشان
سلێمانی فولکەی یەکگرتن
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ڕۆڤار
ت: 3120690

لە دەرەوەی ولات
Tel: 00441628477660
Fax: 00441628486008

Web Site
www.sardam.info

Email
rovar@sardam.info

چاپخانەی (شڤان)



مەدحەد کاکەیی

سالی 1954 لە کەرکوك لە دایکبووە، سالی 1976 بەشی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغدای تەواو کردووە. سالی 1979–1980 ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی سان فرناندۆ مەدریدی لە ئیسپانیا تەواوکردووە. چەندین پێشانگەی تایبەتی سازکردووە. بەشداری چەندین پێشانگەی هاوبەشی کردووە. دوایین پێشانگەی بە هاوبەشی لەگەل وەلید ستی لە هۆلی مۆزەخانەی سلێمانی سازکرد.

ژمارەکانی ڕابردوو

ئیبراهیم ئەحمەد، محەمەد مەولود (مەم)، کەمال مەزهەر، لەتیف حامید، سوارەی ئیلخانی زادە، محێدین زەنگەنە، ئەحمەد هەردی، یەلماز گۆنای، موحەرەم محەمەد ئەمین، دلدار، مەستوورەی ئەردەلانی، مەولانا خالیدی نەقشبەندی، جەمال عیرفان، مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، جەلالی میرزا کەریم، عەبدولخالق مەعروف، هێمن، حسێن حوزنی موکریانی، ئەمین فەیزی، کامەران موکری، جەلال تەقی، حەمە سالح دیلان، هەژار، شاکیر فەتاح، عەلائەدین سەجادی، ڕەفیق چالاك.

بۆ هەرکەسێ کەمەسەلەکەی مەبەستەو بۆ ئەو کەسەشی کەمەبەستی نییە

چەند پەیڤێك پێش وەرگێڕان

زمانی سەلیم بەرەکات وەك تۆو وەشاندنی نێو زەوییەکی کێڵراو وەهایە، لەنێو ئاپوورەی زەمەن و لەنێو شەپۆلی رەنگی شوێندا، زمانی ئەولەو گوززە تیشکانە دەچێت کاتێ دەتەوێ راویان کەیت(بەدەست ناگیرێن و، کاتێکیش دەتەوێ رەهایان کەیت لەلەپی دەست نابنەوە...) ئەوەی مایەی سەرنجە، نووسەرێکی بەرەچەڵەك کورد، بەئاکار و ئەدگار و زمان کورد، بەمەمووشتێ کورد کەچی کە بەعەرەبی دەنووسێ، وەك ئەوە وایە بەووردە چەوی سپی چەندین بازنەی گەورەو بچووك لەسەر رووی ئاوی زمان دروست بکات و، لەپشت هەر پەیڤ و رستەو دەستەواژەیەکیشەوە. گوڵی چەندین مانات پێ دەبەخشێ... نووسینی سەلیم بەرەکات بۆ تەرجەمەکردن هێندە سانا و خۆش دەست نییەو. وابەئاسانی خۆبەدەستەوە نادات، بۆیە لەتەرجەمەدا، بەتایبەتی بۆ ئەم نووسینەی، دەبێ وەرگێر جارێکی دیکە هەویری پەیڤەکانی وی هەڵشێلی و خۆماندوو بکات و بەئەمانەتەوە رۆئیای ئەو بگوێزێتەوە نێو پانتایی ئەو زمانەی کەبۆی وەردەگێرێ.

ئەم نووسینەی سەلیم بەرەکات، وەڵامدانەوەیەکی(مەحوی) یانەیە لەشابەیتی(لەپاداشتی قسەی سەرداهەمە ئاه و هەناسەی گەرم، کەسێ شێتانە بەردم تێگرێ من بەرقی تێ دەگرم) بۆ ئەو نووسەرانەی کە گوایا بەرەکاتیان تۆمەتبار کردووە بەوەی سواڵی تەرجەمەی بەرهەمەکانی خۆی دەکات بۆ سەر زمانەکانی رۆژئاوا... وێرای داکۆکی کردن لە تۆکمەلی بەرهەمەکانی، داکۆکی یەکی جوان و شاعیرانەش لە کوردبوونی خۆی دەکات. لەتەرجەمەکردنی دا، هێندەی چوارچێوەی فیکری و رۆئیای دەوڵەمەندی سەلیم بەرەکات رێگەیان دابێ، هەوڵی جارێکی دیکە دارشتنەوەی نووسینەکەیم داوە بەزمانی کوردی بەڵام بەئەمانەتەوە... هیوادارم چێژی نووسینەکەو، ئەو مانایەی کەلەپشت دێرەکانیەوەیەتی بگاتە خوێنەر.

وەرگێڕ

لەم ساڵانەی دواییدا، کەساڵانێك بوون تووڕدرابوونە نێوقیامەت وتالووکەی شەرێکەوە کە ئەو هەندە مێژووەشی بۆ عەرەب مابۆوە، کردیە پەند و عیبرەتی زەمانە... ئالەم ساڵانەدا، واتەواتێك کەوتە بەرگوێم- منی نووسەری ئەم چەند دێرەی کەبەو مەرەیە برام- لەسەرەتادا گومانی ئەوەم کرد کە ئەو واتە واتە جۆرێکە لەگەمەی پۆلبەندکردن، کەچی لەگەڵ هەڵکشانیا، لەگەڵ تەشەنە سەندنیا، ئەو گەمەیە بەرگی رەگەزپەرستی لەپۆلێن کردن، لەبەر کرد.

ئەو دەزگاو نێوەندانەی کە(بنووس)انی رەخنەی "ئەکادیمیی" لەخۆ دەگرن، ئەوانەی، کەلە قوتابخانانەی ریالیزمی سۆشیالیزمدا لە قوتابخانە هاوشێوەکانی ئەودا، بەهەتیویی ماونەتەوە، هەروەها گروپێك لەو کەسانەی کەپاش گومڕابوونیان لە نێو ئومەمیەت و هاوشێوەکانی ئومەمیەتدا، ئەمێستا گەڕاونەتەوە نێو قاوغی "ئەوپەڕی بەعەرەب بوونی خۆیان" ئەو جۆرە بنووس و گروپانە، ماوەیەکە کەوتوونەتە تاووتوێ کردنی، یان خستنە بەرباسی "شەرعیەتی" کارکردنم لە نێو سیستمی نووسینی عەرەبیدا... هۆی ئەمەش، بەسانایی بریتیە لەوەی من بەرگ و پانتۆڵێکی وەهام بۆ باوکی خۆم دەست دروو نەکردووە کەلەتەك جل و بەرگی عەرەبیدا تەماهی بکات و، وازم لەدایکیشم هێناوە هەر لەو پۆشاکەی خۆیدا بمێنێتەوە کەلەو جل و پۆشاکە نەچێ ژنانی پایتەختەکان دەیپۆشن... دواتر لەهەردووکیشیان گەڕاوم تاکو بەزمانی کوردی قسە بۆ دراوسێکانیان بکەن بێ ئەوەی چ پێشوازییەك لە پلانەکانی(نەهێشتنی نەخوێندەواری) بکەن... ئەو پلانانەی کەنەك بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری نەبوون، بەڵکو بۆ نەهێشتن و سڕینەوەی ئەو زمانە کوردییە بوو، کەلەوێنەی حەرفی عەرەبییدا بەمەعریفەی گشتگیریی و ئەزەلی، هێنراوەتە قسە.

ماوەیەکی کەمیش بەر لە ئێستا، وەك نموونەیەکی ناجۆری بڵاوبوونەوەی ئەو گومان و واتە واتە کەسێکی بەناو رەخنەنووس دەزگایەکی چاپ و بڵاوکردنەوەی(لەوتارێکی ئاشکرایدا بەزمانی ئینگلیزی) بەوە راسپاردە کرد نەکەوێتە ئەو(داو)ەی، کەباقی دەزگاکانی دیکەی چاپ و بڵاوکردنەوەی رۆژئاوایی تێی کەوتبوون... چونکە گوایا من- بەپێی قسەو هەڵبەستە ناجۆرەکانی ئەو رەخنەنووسە- نووسینەکانم بەمەبەستەوە، ئاراستە گیری رۆژئاوان و، وەکی دیش گوایا بەمەبەست دەچمە پای بەکارهێنانی "ئاسانیی" بونیات و، ئاسانیی زمانەوە، بۆ ئەوەی دەربڕینی "میحنەت"ی گەیشتنی تاکی کوردی لەنێوەی ڕێی سەفەرەکەیدا بەرۆحی خۆی، بەمەرگی خۆی، بۆ کاری وەرگێران مەیسەر بکەم.

من ئەو نووسەرە نیم، لەدوای شەڕی کەنداوەوە بارودۆخی "کەمەنەتەوەیی خۆی- (قلیتە)" بکاتە هۆکارێك بۆ هەڵکشانی خۆی و بۆ ئەوەی بیخاتە بەردەم "بەزەیی" رۆژئاواوە، بەزەیی بەرامبەر "شوناسەکەی خۆی"

ئەو نووسەرە نیم کەلەدوای شەڕی مەرگ ئاوەری کەنداوەوە سواڵی پەرچڤەی بەرهەمەکانم بکەم... کورد بوونی من لەو کاتەوە دەستی پێ نەکردووە کە(جۆرج بوش) ئیعترافی بەو قەتڵو عامە کرد کەلەسەرەتادا گوێی خۆی لێ خەواندبوو، لە سۆنگەی ئەوەشەوە من بێم و بڕیاری قۆستنەوەی هەلی ئەو ئیعتراف پێکردنە بدەم و لە پشت وەئاگاهاتنەوەی ویژدانی ئەوەوە پەلە قاژەی ئەوەبکەم بەرچڤەکاران بەرهەمەکانم تەرجەمەی زمانی یانکییەکان بکەن... یانکییەکان قەبیلەیەکی دێرینی ئەمریکان- وەرگێڕ" بەش بە حاڵی خۆم بەشێوازو زمانێکی هەڵایساوی وانووسیوەمە، کەمیتاڵی مسینی کورد هەڵبکۆڵێ و، هەتا سەر

سەلیم بەرەکات
نووسیوویەتی
جەمال غەمبار
کردوویەتی بەکوردی و ئامادەی کردووە

ئێسقانی بە خەڵووزبووی کورددا، ڕۆبچێ... لەکاتێکدا هەر بۆ ئەوەی کارەکانی منیش بەتەرجەمەکردن شاد ببن، خۆ دەمتوانی تەگبیرێکی سانا بۆ بەجێ هینانی ئەو مەبەستە بکەم وەك بەکاربردنی یان خستنەگەڕی شێوازێکی نارەوانی ئینشا ئامێزی تێکەڵ و پێکەڵ... ئەوسا بەرهەمەکانی منیش وەك هیی هەندێ کەس، بەهۆی ئەو خەبیرانەی کە وەك(کیلی) عەقڵی دەزگاکانی چاپ و بلاوکردنەوەن و لە ژێر کاریگەریی دۆستایەتیدا هەموو شتێکت بۆ ڕایی دەکەن، دەکرا بەهەمان دەستوور بەرچڤە بکرێن. وەك چۆن چەندین کاری تەرجەمەکراو هەن لەسەر جزوەیەك قاوە پامال دەکرێن. من ئاراستەگیری زمانێکی دیکە نەبووم لەپێناوی تەرجەمەدا، بەڵکو هەمیشە ئاراستەگیری تەرجەمەکردنی گیانی کوردبووم بۆ ئەو زمانە عەرەبییەی کەهیی خەڵکی عەرەبی شەریکمە، ئەو خەڵکە عەرەبەی کە پێویستە پاش نامۆبوونی بەصەحوەتی نەتەوەیی خۆی، من"بناسیّ"... منی کورد... ئەو صەحوەتەی کەناچاری کردم شارەزای کون و قوژبن و، ورد و درشتی زمانی خاوەنەکەی ببم. ئەو زمانەی کەتوانای دابینکردنی ئازادیی خۆمی لەرووی بەلاغەتەوە بۆ فەراهەم کردم، توانای ئەوەی پێبەخشیم کەلەفەزای فراوان و بەخششی بەپیتی خودی ئەو زمانە خۆیدا. تەدارەکێ بۆ دۆزینەوەی شوناسی خۆم ساز بکەم ئەو زمانە، عاشقانە هاتە ناخمەوە هەر بۆ ئەوەی... ئەو مانایە بسازێنم کەهەر کوردێك شایانە بەوەی ئەو مانایە بناسێتەوە وەك چۆن ئەو مریشکانە دەناسێتەوە کەدایکی بەخێویان دەکات و، ئەو تووتنەشی کەباوکی بەکاری دێنێ.

لەڕاستیدا ئەوەی مایەی سەرنج لێدانی ئەو"واتەواتە" یە کەئەنجامو بەرهەمی" گومانکردنە" لەخواستە ڕاستەقینەکانی ئەدەبەکەی من، ئەوەیە کەوەها(واتە واتێك) لەو نێوەندو دەزگاو کەسانەوە چرپ و هوڕی لەسەر دەکرێ و بڵاودەکرێتەەو و ڕەواجی پێ دەدرێ کەهەمان ئەو نێوەندو دەزگاو کەسانەن ڕۆژانێ چرپ و هوڕ یان هەڵلای بانگەشەکردنیان بوو بۆ پیرۆزکردنی"صەدام حسێن" و خۆڕاگریی و قارەمانێتی ئەو!! ئەو خۆڕاگرییە وەهمیەی کەلەسەر داروپەردووی شەڕەکان کەڵەکە کرابوو، ئەو پیرۆزکردنەش خۆی لەخۆیدا گریانێکی تیمساحییانە بوو بۆ بنەماو پادگاکانی ئەو بەعەرەب بوونەی کەورردوخاش کرا!

لێرەدا دەکرێ دەست تێکەڵاوکردن یاخود ڕێککەوتنی ژێر بەژێری صدام و ڕۆژئاوا وەبیر بهێنینەوە، ئەو ڕێککەوتنەی بۆ ماوەیەکی زەمەنیی درێژخایان. دەنگ و سەدای زەرەرو زیانەکانی دەنگی دەدایەوە... چونکە هەمان ئەو نێوەندەی باسمان کردو لە ئێستادا بانگەشەی ئەوە دەکات کە نێوەندێکە خۆی"تەیاروپڕچەك کردووە" بەباس و خواسەکانی بەپیرۆز ڕاگرتنی دیموکراسی و بایەخدان بەمەسەلەی جیاگەرایی(الاختلاف). هەمان ئەو نێوەندو گروپە دەیانەوێ بەتەنێ دەروازەکانی ماناو دیاریکردنی خەسڵەتەکانی مانا بۆ خۆیان قۆرخ و پاوان بکەن. بەمجۆرە"ئوسولیەت"ێکی نوێ بۆ خوێندنەوە بەدی دەکەین، ئەو "ئوسولیەت"ەی کەتەعبیری یان دەستەواژەی"کەمە نەتەوەی برا-الاقلیة الشقیقة- بەجۆرێك لەدەست درێژیی ئەداتە قەڵەم بۆ سەر ئامانج و خواستەکانی خۆی... ئەو ئامانج و خواستانەی کە بریتین لە قۆرخ کردنی ڕا دەربڕین بەو ئاراستەیەدا کەبەتەنێ خۆی باوەڕی پێیەتی... دیارە سەنگ و تەرازووی ئەم تێڕوانینەش، سەنگ و تەرازوویەکی شکاوەو، واقعێکی خراپ و، جۆرێك لەستەم و ڕەتاندن فەراهەم دەکات و ڕەتکردنەوە یان سڕینەوەی شوناسەو پێویستی بەرەخنە لێگرتن هەیە... ئەم"ئوسوڵیەتە" لەگەڵ ئوسوڵیەتی ئیسلامیی هاوزای خۆیدا یەك دەگرێتەوە، ئەویش بەوەی کە ئەگەر دەسەلاتی بۆ بڕەخسێ دەبێتە ئەو هێزەی کە دیموکراسی بێ ئەرزش دەکات و دواتر ناوەڕۆکەکەی بەتاڵ دەکاتەوە و بەرەو مەشروعیەتی سڕینەوەی ئەوی دی(الغاء الآخر)ی دەبات.

ئەم نێوەندە، نێوەندێکی هێندە فەساد زەدەیە، بەهۆی تێشکانەکانی زمانی خۆیەوە لەبەرەی ئومەمبەتدا"دەشێ سەلیم بەرەکات مەبەستی فاسیدبوونی خودی نێوەندەکەیە نەك مەسەلەی ئومەمیەت وەك بیروباوەڕێ کەهەر کەس ئازادبێ لەپیادەکردنیا- وەرگێڕ) دەتوانێ صدام حسێن لەگەمەیەکی ئابڕوو بەرانەی سۆز ئامێز بهێنێتە دەرێ و بیکاتە قارەمانی ئەو ڕووبەڕوونەوانەی کە بەدروشمێکی درۆزنانە ڕووپۆش کراوە، ئەو دروشمەش: کۆبوونەوە و کۆك بوونی"ئیمپریالیزم"ی جیهانییە لەدژی عێراق.!!

هەرچی حیکایەت و ورد و درشتی مەسەلەی ڕەفتاری سەدامیشە بۆ ڕاکێشان و داوەتکردنی(ئاگا مەمنون) بەرەو لای قاشە سێوەکانی کەنداو، هەروەها ڕەتاندن و لەبن هێنانی وزەی عیراقە لەشەڕی بێ هوودەی دژ بە بەرەی فارس و، دواتریش بەزۆر هەڵتۆقاندنی ژیانی"فرە حزبی" لەسەر دەستی هەردوو ئامۆزا جوانەمەرگەکەی و! هەردوو کوڕەکەی خۆی و، پاشان هەڵپەڕاندنی دیموکراسی لەسەر خوانی"ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش" و ماکیاژکردنی گەڕان لەدووی ئەڵغازی بریقەداری جیهادکردن و، پاشانیش ناونانی مەهزەلەیەك بەناوی"ام المعارك" دایکی شەڕان کە خۆی لەخۆیدا ناونانێکە دەلالەت لەسووکایەتی کردن دەکات بەمێینە نەخوازەڵا لەشەڕێکی دۆڕاودا کەهەرچی مەرگەسات و خوێن ڕشتن هەیە بەسەر مرۆڤدا هات، کەچی ئەو دێت و ئەو شەڕە بەناوی دیکەوە ناو دەنێ(ام المعارك) کەنەك هەردایکی شەڕان نەبوو، بەڵکو دایکی سەرکەوتنی، بەدۆڕاندن تالانفرۆش کرد!

دیارە سەرجەمی ئەو شتانەش، هەر لەسەرەتاوە هەتا کۆتایی، لەدەوری ئاکامێك یان لەمەداری ئەنجامێکدا خەریکی خول خواردن و سووڕانەوە بون کەئەویش گوایا دوا"حەصانەت"ی نەتەوە بوو لەتاقە ڕەمزی"ڕەتکردنەوە-رفض" ی ملکەچکردندا کە بەحساب هەر ئەم ڕەتکردنەوەش بوو، پێشتر ئەوەی بەسەر سەدام حسێن-دا سەپاند ئەو ئاگری یاخیبوونە دابمرکێنێتەوە کەلەدژی ئەو(حەصانەت)ی نەتەوەیە لە کوردستانی عیراقدا هەڵایسابوو، ئەویش بەجاڕدانی"غەزاکانی" ئەنفال و، بەخشینی جۆرێك لەبەرەکەت و پیرۆزیی ناوەکەی-واتا ئەنفال- بۆ ئەوەی سەربازێ کەماڵ و خانەی هاوڵاتیەکی دیکە تالان دەکات. جارێکیتر ماناکانی دەوڵەت- ئەو دەوڵەتەی کە قەلای سەختی عەرەبە- بگێڕێتەوە سەر ئەسڵ و خەسڵەتە سروشتییەکەی خۆی کەسروشتی جەنگەڵە. پاشان زمانی تالانکردن ببەخشێتەوە یان بگێڕێتەوە بۆ گوتاری دەوڵەت!

دواجار ئەسڵ و نەسەبی(ئەنفال) لەسەمتە دینییەکەیدا وەك دەلالەتێك بخوازێ و بیکاتە ڕەمزی گەورەیی هێزێك کەپێی دەوترێ هێزی ڕەهای خێر کەگوایا لەخانەوادەی حزبی بەعسدا خۆ دەنوێنێ، بۆ ڕووبەڕووبونەوەی هێزێك کە گوایا هێزی ڕەهای خراپەیەو جەستەی ئەو

هێزە شەرواڵی کوردی لەبەردایەو، جامانەی کوردی لەسەردایە.. لێرەوە من دەپرسم، بڵێی واتەواتی ئەو دەزگاو نێوەندانەش لەبارەی ئەوەی کەگوایا ئاراستەی ئەدەبی کوردیش، ئاراستەیەکە بەرەو(رۆژئاوای شەڕانگێزو خراپەکار) کاردەکات، دەپرسم، بڵێی ئەو واتە واتەش بۆ خۆی هەڵگیرسانی فتیلی(ئەنفال)ێکی دیکە نەبێ لەبەرەیەکی دیکەوە؟! من نازانم، ئەوانە چۆن لەئاستەکانی تەعبیرکردنی هەتا سەر ئێسك کوردانەی من بۆ چارەنووس و بوون و توانای کوردەوە تێدەگەن... یان بۆچی وەهای تێدەگەن کە گوایا بانگەشەیەکە بۆ سازدانی چەترێکی پاراستن لە جۆری(پرۆڤاید کۆمفۆرت-Comforta Provide).(پرۆڤاید کۆمفۆرت- مەبەست لە دابینکردنی هێزی چەکوشی ئامادەو پشتێنەی ئەمنییە بۆ کورد- وەرگێڕ)، ئەوەش بەڕای ئەوان گوایا بانگەشەیەکە بۆ ئەوەی رۆژئاوا دەست وەرداتە سەروەریی دەقی عەرەبییەوەو بێ ئەرزش کردنی یان کاڵکردنەوی رووە گەشەکانێتی؟!

ئەو کاتەی رۆژئاوا هاتە سەر ئەو قەناعەتەی کە دەستی یارمەتی لەشێوەی پارێزگاری کردن لە کوردان درێژبکات، ئەو قەناعەتە لە خۆڕانەبوو، بەڵکو لە کاتێکدا بوو کوردەکانی عێراق بەنیوە مردوویی رچەی توولەڕێو، ڕێ وبانە بەفراوییەکانیان دەشکاندو بە هەزارانیان خۆیان ئاودیوی (تورکیای نەرم ونیان!)دەکرد هەر بۆ ئەوەی لەو مەرگە حەتمییە دەربازبن کەکۆپتەرە سەمتیەکانی سەرۆکی فەرماندە! وادەو بەڵێنی بەسەردا بارینی پێدابوون.

بڵێی کوردان، غەدرێکیان لەرۆحی عەرەب کردبێ ئەو کاتەی چەتری کەسێکی غەریبی غەیرە عەرەبیان قەبووڵ کرد بۆ ئەوەی لە بارانی مەرگیان بپارێزێ، ئەو مەرگەی کە گازی بەرەحم و شەفەقەتداری"خەردەل" لەکارگەکانی دروستکردنی پەینی کیمیاوییەوە دەیگواستەوەبۆ نێو ئێسك و پروسکی بەشەر؟!

کەواتە، دەکرێ بڵێین، کوردان، ماڵویران خۆیان! کوردان، خۆیان دەزانن کەرۆژئاوا، ئەو سەروەختەی بێ دەنگ بوو لە میحنەتەکانی وان، چ غەدرێکی لێکردن... ئەو کاتەی کەگوێی خۆیان لەسەرجەمی ئەو ماڵوێرانکردن و کاولکارییانە خەواندبوو کە صدام بەسەری هێنان.. ئەو کات، ئەم ناوچەیە باشترین یان بەپیت ترین کێڵگەبوو بۆ تێدا وەشاندنی تۆوی وەبەرهێنانە ئابووریەکانی رۆژئاوا خۆی... بەڵام کوردان چیبکەن... چی... لەوە زیاتر کۆڵی قورسی عەزابێ هەڵبگرن و لەنێوان دوو جۆر هەراو زەنادا گێژو کاس بن. لەملا هەراو زەنای هاڕین و لە ناوبردن و، لەو لاشەوە هەراو زەنای وادەو بەڵێنەکان...!

ئاواتی کوردان، رزگاربوون بوو لەکۆت و پێوەندی کۆیلایەتیی خانەوادەی بەعسییان و، ئەوانەی بەدەست و پلی کیمیاوییەوە، تیربارانیان دەکردن... کەچی رۆژئاوا وادەو بەڵێنەکانی بەجدی نەبردە سەرو لێیان پەژیوان بۆوەو، هێندەی لەلابەس بوو کەلەو تخووبەدا راوەستێ بەتەنێ پرۆسەی چاودێری بخاتە سەر عێراقێکی داوەشاو بۆ ئەوەی زامنی کۆنترۆڵکردنی خۆی بکات بەسەرکانی و شادەمارەکانی خوێنێکی جیهانیدا کەئەو خوێنەش نەوتە!

لێرەوە بەو بنووسانە دەڵێم ئەدی بۆ ئەو بەرهەمە ئەدەبییە عەرەبییانەی کەتەعبیر لەئیستبدادی دەسەڵاتە عەرەبییەکان خۆیان دەکەن، ناچنە خانەی پاڕانەوە لەڕۆژئاواو بزاواندنی بەزەیی ئەوان و، سواڵکردنی تەرجەمەی ئەو بەرهەمانە بۆ زمانی خۆیان؟! ئەوە من نیم، پەنام بۆ بزواندنی ئەو بەزەیی و شەفەقەتە بردبێ لە پێناوی تەرجەمەکردنی بەرهەمەکانمدا... ئەو جەمعە کوردەی کەمن لەبارەیانەوە شتم نووسیوە، جەمعێکی هەمە چیزەن... جۆرەها کەسێتیی سەیریان تێدایە دز، جاهیل، بەهێز، رەتێندراو، کەللەشەق، رووخاو، پیاوکوژ، چاونەترس، زاناو، نەخوێندەوار... من نەهاتووم گوندەکانی کوردان بکەمە چەند یاریگاو گەمەخانەیەك بۆ هەڵتۆقاندن یان سازدانی وێنەو هۆشمەندییەکی درۆزنانەو دەمامکێکی ساختەی حەتمیەتی رزگاربوونی مێژوویی!!"

ئەز، بۆیە لەبارەی کوردانەوەم نووسیوە، چونکە خۆم کوردم... دەروجیرانەکەم کوردن، کەس و کارم دابەش بوونەتە سەرگوندە کوردییەکان و ژیان و گوزەرانی تێدا دەقەتێنن، بەکوردیی دەئاخڤن و، نوێژەکانیان بەزوبانی عەرەبی ئەدا دەکەن و، تەنانەت لە زمانی کورداندا لە فزێکی تایبەت بە(اللەی جل جلالە) هەیە و.(خوا)یەکەی ئەمانیش هەمان ئەو (اللە)یەیە کە عەرەبان دەیپەرستن... ئیدی بۆ دەبێ لەبارەی بوونەوەرێکەوە ئەنووسم کە زمان دەخاتە سەر ژانی لە دایك بوونی حەقیقەتی خۆی چ وەك ئەدگار و دیمەن و، چ وەك ئەوەی زمان لەلای ئەویش سیستمی کۆمەڵێك پەیوەندییە؟! بڵێی ئەو من بم کەدەست وەرئەدەمە "کاروباری ناوخۆ"ی ئەم هەرێمانەوە؟! بڵێی خودی کورد بەشێك بێ لەو"کاروبارە ناوخۆیی"یەی کەبەر لەدەست بردن بۆ باسکردنی، دەبێ نووسەر روخسەت یان مۆڵەت لەسانسۆری عەرەبی وەربگرێ بۆ ئەوەی بەپێی بنەماو رێساکانی رۆنانی کردارەکانی نێو زمانی عەرەبی(تصریف افعال اللغە) کوردانیش وەها بخرێنە خانەکانی رۆنانەوەو خاڵ و نیشانەکانی ئیعراب کردنی ئەو زمانە بخرێنەسەر پاش پرتکی ناوەکانیان؟!

بڵێی کوشت و کوشتار بەشێك بێ لەکاروباری ناوخۆو دەست بردن بۆی قەدەغەبێ؟ ئەی سەربڕین و لەت وپەتکردن کاروباری ناوخۆن... رژێم وسیستمی حوکمڕانیی کاروباری ناوخۆیە... ئەی بڵێی زیندانیی کردنی بێ موحاکەمە کارێکی ناوخۆبێت؟ گرتن و فڕاندن و بێسەرو شوێنکردنی ئینسان کاروباری ناوخۆن... پاداشت و سزادان هەردووکیان کاروباری ناوخۆن... ئەی بەکوردیی ئاخاوتن و، بەکوردیی نووسین و، بەکارهێنانی حەرفە کوردییەکان، بڵێی ئەمانە هەموویان بەشێك بن لەکاروباری بڤەی ناوخۆ؟ ئەی خودی کورد خۆی لە هەرێم و دەڤەری شەریك و برا بەشەکانی خۆیدا، بۆ دەبێ بەشێك بێ لە کاروباری ناوخۆ؟

ئەگەر سەرجەمی ئەوانە، کاروباری ناوخۆن و دەست بردن بۆیان وباسکرنیان بەشلوێکردنی کاروباری ناوخۆ بدرێتە قەڵەم، ئەدی بۆچی کەسانێك هەن دەست وەرئەدەنە باسکردنی میحنەت و ئازاری چینییەکان، ئەفریقاییەکان، لاتینیەکان؟! ئەدی بۆچی سەرکۆنەو لاقرتێ بەبینوشێت و چاوچیسکۆو عیدی ئەمین وسیسی سیکۆو مارکۆس دەکرێ؟! ئەی مەگەر ئەوانەش ولاتەکانیان نەکردۆتە تەویلەیەکی تەلبەندکراوو رەعیەتەکانی خۆشیان بەکۆمەڵێ ئاژەڵی دەست و دەم شەتەك دڕاو؟!

ئەو فیشەکە گڕدارانە ناو دەنێن چی کە(علی حسن المجید) لە جەستەی قوربانییەکدا پاش تێراو کردنی ئەو جەستەیە بەبەنزین، تەقاندۆتەوە؟! ئەی رەفتاری برای سەرۆکی ولاتێکی دیکەی عەرەبان ناو

دەنێن چی کەکەیفی بەوە دێ لەسیناریۆیەکی ساختەدا ڕێگا بۆ نەیارە زیندانی کراوەکانی دەسەڵات خۆش دەکات لەزیندان هەڵێن بۆ ئەوەی پاشتر بەتاپڕو تفەنگی ڕاو، ڕاویان بکات؟!

یان فڕاندن و لەناوبردنی کەسانی نەیاری ڕژێمێك کەلەوڵاتێکی دیکە بەپەناهەندەیی دەژی، چی ی ناو دەنێن؟ بەڕێزینە! دیارە ئەوانە هەموو"کاروباری ناوخۆن"! بەڵێ کاروباری ناوخۆ... بلادەی وەعزی دانی ناشرینی خۆتان لەمەڕ-کاروباری ناوخۆ- وەتەواوکەن... خۆتان لەگلەیی و گازاندەی دنیا ببوێرن...! هەرگیز بەکارێکی ترسناك نادرێتە قەڵەم و، بگرە خیانەتزەدەییش نییە ئەگەر مرۆ، نوێژو نزای ئەوە بکات کەلەهەر لایەکی دەرەوەی خۆیەوە بێ، دەستی فریاد ڕەسی بۆ درێژبکرێ، فریاد ڕەسییەك ئازادیی بۆ بگێڕێتەوە مەداری خۆی، ئەو ئازادییەی لە ئاکامی شەق شەقێن پێکردن و ژێر پێ خستندا دووچاری لە هۆش خۆچوون و بێ نموودیی هاتووە... ئەو نێوەندەی کە هەڵوێستە ئینسانییەکان، بەدەست تێوەردانی کاروباری ناوخۆ ئەداتە قەڵەم و تۆقیوە لەوەی کەستراتیژیەتی نەتەوەیی عەرەب دووچاری هەرەس پێهێنان دەبێ، ئەوانە هەمیشە پێیان وایە کەدەبێ چاوەڕوانی ئەوە بین کە گۆڕانکارییەکان لەناوەوە ڕوودەن، پێیان وایە لێگەڕێن با هۆکاری ناوخۆیی گۆڕانکاریی بەرپا بکات نەك دەستێوەردانی دەرەکی، پێیان وایە تەنهاو تەنها هاوکاری پوخت و عەیارە بیست وچواری ناوخۆ! وەك زللەکەی کێم ئیل سۆنگ" ئەو زللەیەی کە زنجیرە شاخێکی سەخت لەبن دینێ" لە توانایدایە ئاگرو ئاسنی ڕژێمەکانی ناوخۆ ڕابماڵێ... مەسەلەی"کاروباری ناوخۆ" ئێستاکە بۆ تەسکەی لێدراوی ئەودراوە هاوبەشە ئەخلاقییەی کەڕژێمەکان خۆیان دروستی دەکەن و، بۆتە جۆرێك لە"پەیماننامە یان ڕێککەوتننامە"ی جاڕدراوی نێوان ئەو ڕژێمانە بۆ ئەوەی هیچ کامیان ڕێگا بەفاکتەرێکی دەرەکی نەدات تاکو نەیارانیان ڕام و تەیار بکات دژی ئەوەی دی و ئەوسا کارەکە ببێتە جۆرە عورفێك و ئەوەی دژ بە(س) ئەنجام دەدرێ، هەمان شت دژ بە(ص)یش بکرێ.

ئەمێستاکە(فاکتەری ناوەکی) وتەزایەکی هێندە بەرەواجە بۆ خۆ پاراستن و بەتۆکمە ڕاگرتنی عەرشەکان، نرخ و ڕەواجی زۆرترە لەگەنجەکانی قاروون. بەڵام ئەز دەپرسم. دەبێ خاڵی جیاکەرەوە و خەسڵەتی"هەڵاوێریی کورد- التمييز الكردي" لەچیدابێ کەمن بێم و بەئاراستەگیریی ڕۆژئاوادا کاری تێدا بکەم بۆ ئەوەی وا لە ڕۆژئاوا بکەم بەهەڵەداوان بێت بەپیرمەوە و وەك فاکتەرێکی دەرەکی ببێتە پاڵپشتێ بۆ ڕێنیشاندان و چۆنێتی وەبەرهێنانی واقیعێکی"ئالتوونیی!" پڕ لە گومڕاکردن؟ ئەگەر نووسینەکانی من لەبارەی کوردانەوە ببنەمایەی خراپ هاندانی"تحريض" تەرجەمە کاران بەمەبەستی (خرۆشاندن)ێکی غەرەزدار لەوەها بابەتێکدا، ئەوا کارەکە مانای ئەوە دەبەخشی کەواقیعی عەرەبی، بەحسابی ئەوان واقیعێکی پاك و پوختەو بێ غەل و غەشەو، تەن دروستەو ئەو واقیعە گوڵزاری دەروونەکان بە ئاوی ئارامیی ئاوپرژێن دەکات و، ئیرادەیەکی عادیلانەی هەیە(؟!!).

من لە ماڵێکداگەورە نەبووم، فێری ئەوە کرابێتم کەئەو قوڕەی منی لێ شێلراوم جیاوازە لە قوڕەکانی دیکەی ئەم دنیایە. باوکم کەبەنازناوە ئایینییە بچووکەکەی خۆی بە(مەلا) ناسرابوو، وای لە عەرەب دەنوڕی کەئەوانە خزمانی نزیکی حەقیقەتن چونکە شالقی درەختی پێغەمبەرایەتین، ئەو شالقەی کە سەوزترینی لقەکانی خەلیقەتەو، ئەوان خیتابی خواوەندن بۆ دنیای فانی... کەچی منی کوڕی ئەو باوکە، ئەو ڕۆژەی کە بەراگوزاریی لە قوتابخانەدا زارم هەڵچڕیی و ویستم لەبارەی ڕەگ و ڕیشەو بنەچەی کوردانەی خۆمەوە بدوێم، ئیدی ئیدارەی قوتابخانەکەم دۆزەخی موحاکەمەیەکی وای بۆ داخستم وەختەبوو ئێسك و پروسکمی تێدا ببێتە قەرەبرووت... سەرجەمی مامۆستاکانی قۆناغی خوێندنی ئەو دەمەم کە قۆناغی سێ ی ناوەندی بوو بەپەلە کۆبوونەوەیەکیان سازدا بۆ ئەوەی جەرەیانی موحاکەمەکە ببەنبەڕێوە، جگە لە دوو مامۆستا کەیەکەمیان کۆمۆنیست بوو دەرسی کیمیای پێدەوتینەوەو، دووەمیشیان مامۆستایەکی فەلەستینی بووە دەرسی جیۆگرافیای پێ دەوتینەوە، باقی مامۆستایان لەسەر ئەوە کۆك بوون کەعەقڵ بهێنمەوە بەرخۆم و مەسلەکی حەقیقەت بەرنەدەم.. مامۆستای ئەدەبی عەرەبی کەپیرە مامۆستایەکبوو، بەرستەیەکی درشت پێی گوتم:"ئەگەر بانگەشەی ئەوە دەکەیت کەبەبنەچە کوردیت، ئەوا بگەڕێوە بۆ تورکیا....!" کەواتە، بەنەزەری وی، کوردان بەتەنێ لە تورکیادا هەنو!! شەقی زەمانە تووڕی هەڵداونەتە ئێرە... بەڵام هەرچی خۆمم، پێشتر ئەوەم دەزانی کەباوکی باپیرەم لەدەڤەرەکانی کەناری قەزوینەوە بەرەو خاکێك هاتووە کە چەندین نەتەوەو ڕەگەزی دیکەی تێدا نیشتەنیی بووە، خاکێك لەو دەم و زەمانەدا، خەریتەکان وێنەیان نەکێشا بوو، هێشتاکە هێڵ و تخووبە شین و سوور و ڕەشەکان، خانە خانەیان نەکردبوو...(بەواتا نەتەوەیەکی سەردەستی دیاریکراو نەبووە خاوەنی ئەو خاکە بێت- وەرگێڕ).. باپیرە گەورەی بابم لەوێوە هاتبووە خاکێکەوە هاو زمان و هاوبەرگ و کاڵای وخۆیی پێشتر لێبوون... کەسانێك لەو خاکەدا نیشتەنیی بوون کەوەك باپیرە گەورەی بابم خاوەنی داستانی ئازایەتیی و شکست و، خاوەنی داستانی بەژن و سوێی عیشق بوون، خودانی ئەو داستانانەش هەر لە کوردان بوون ... ئەو خاکە چەندین هەرێم و دەڤەری تێدابوو، هەر دەڤەرەی گوندێك بوو، ناوێکی کوردی هەبوو، دەساڵ بەر لە دایك بوونی من، سێ لەسەر چواری ئەم وڵاتە، هێشتا بەرەسمیی نەببووە وڵات... کەچی ئەوێ ڕۆژێ لە قوتابخانە مامۆستای عەرەبی داوای لێکردم"بگەڕێمەوە" تورکیا!! کەچی من، لەبەرامبەری قسەکەی ئەودا، داوام لەو نەکرد کەبگەڕێتەوە بۆ دوورگەی عەرەبی... بەڵکو پاش ئەوەی فەسڵیان کردم، سەرسەختانە کۆڵم نەداو"ئمتیحانی خارجی"م دایەوە و بەسەرکەوتوویی پۆلەکانی خوێندنی ئامادەییم تەواو کرد... ئەمێستاش، پێم خۆشە بۆ ئەو مامۆستایە بنووسم و پێی بڵێم، ئەوەتانێ پاش ئەوەی کەمێ لە ئاستەکانی ئەو(عروبەتە) دوورکەوتمەوە کە بەشەهامەتەوە چامە شیعرییەکانی شانازیی(اشعار الفخر بەڕێوەی دەبەن، ئەوەتانێ هاوزمانەکانی) هەمان ئەو مامۆستایە شوێن پێی من لەبەکارهێنانی زمانی عەربیدا هەڵدەگرن و وەکی تریش ئێرەییم پێ دەبەن و خوفیەکاریم بەسەرەوە دەکەن بۆ ئەوەی ئەو زمانە لە(ئیحتیلال) کردن لەلایەن کوردێکەوە ڕزگاربکەن، چونکە ئەوان پێیان وایە من ئەو زمانە دەکەمە هۆیەك یان پردێ بۆ تەرجەمەکردنی بەرهەمەکانم بۆ زمانی ڕۆژئاوا...!

من نەهاتووم، میللەتێك لەسەر پێوەری خەیاڵی ڕۆژئاوا بخولقێنم. لەهیچ دەقێکدا بێ حورمەتیم بەکەسێتی ی عەرەبەوە نەکردووە... بلێ ی هۆی ئەم واتە واتە ئەوە نەبێ کەموزاحەمەی هەندێ کەس، لەسەر بەشێ

لە خەیاڵی شوێنداریی(خیال المکان) دەکەم؟!... ئەگەر وایە، با ئەوانە بزانن کەئەو شوێنە شوێنی منیشە، وەکی دی بەشی منیشی پێوەیەو، ئەزیش وەك ئەوان مافی لەنوێ ڕێکخستنەوەی ئەو شوێنەم هەیە، مافی ئەوەم هەیە ئیزافەم هەبێت بۆی و، جارێکی‌دی لەپانتاییەکانی خەیاڵدا دای بڕێژمەوە، یان وەك خۆی وێنەی بگرم... ئەگەر ئەوان دەیانەوێ بەزۆر پۆلبەندیی من بکەن کەنووسەرێکی کوردم و لەدەرەوەی مەملەکەتەکەی خۆیاندام، ئەوا من هەرگیز بانگەشەی ئەوەم نەکردووە کە کورد نیم... بەواتایەکی تر، من نەهاتووم، کتوپڕ یان شەبەیخوونانە ئەوان"بخەڵەتێنم" بۆ ئەوەی"راوەسۆز"ی رۆژئاوا بکەم و وخەریکی"خراپ هاندان"ی تەرجەمەکارانی رۆژئاوابم.

من هەر لەسەروەختی نووسینی"دینۆکا بریڤا" وە لە ساڵی(1973)ەوە، سەرقاڵ و وەدووکەوتووی دەستگیرکردنی "زەمەنی کوردی"م .... با ئەوان بەئینسافەوە "زەمەنی کوردی" بخوێننەوە، وەك چۆن بەرهەمی تەرجەمەکراوی نووسەرێکی یابانی بەعەرەبی دەخوێننەوە و خۆشنوود دەبن یان گەشکە دەیانگرێ بەوەی کەشتێکیان خستۆتە سەر مەعریفەی خۆیان بۆ دنیا لەبواری خوێندنەوەی دەقێکی ئەدەبییەوە... ئەگەر وا نییە، بۆ دەبێ لەپشت دووکەڵی قسەو واتە واتی ئەوانەوە دژ بەمن، ئاگرێك هەبێ؟!

من سەنگ و سووکییم لەزماندا نەکردووە. سەنگ و سووکییم لەوەدا نەکردووە کەدەق بکەمە رووبەرێکی مەعریفیی و بارگرانی بکەم بەشەڕی مانا لە پێناوی مانادا... سەنگ و سووکییم لەسەر ئەوە نەکردووە کەخۆم و، خوێنەری بەرهەمەکانم راپێچ بکەمە نێو ئیمتیحانێکی قورسی واوە کە بگاتە سنوورەکانی بەلوغزکردن، بەو پێیەی ئەو بەلوغزکردنە دەروازەیەکە لەدەروازەکانی حەقیقەتی گەیشتن بەگومڕاکردنی هەمووان... منێك کەباوەڕم وایە لە نووسینەکانمدا پەنا ببەمە بەر بونیادێکی هەڵیساوو، بەر بەکاربردنی زمانێك کەلەرووی پێکهاتەوە لەتەرجەمەکردن عاسێ دەبێ، دەبێ ئەو رۆژئاوایە کامە بێت کەبەم هەموو بارو بارگە قورسەوە رووی لێ بنێم بۆ تەرجەمەکردن؟! جارێکیان دوو وەرگێڕ، یەك لەدوای یەك دەستیان دابووە تەرجەمەکردنی یەکێك لە رۆمانەکانم بۆ تاقە یەك زمان... هەردوو وەرگێڕەکە هەشت دانە ساڵی رەبەق پێوەی خەریك بوون، کە لەو هەشت ساڵەدا دەشێ سەدان رۆمانی عەرەبی تەرجەمەی زمانەکانی دیکە کرابن.

جارێکیان ژنە بەرپرسێکی تەرجەمەکردنی دەقە عەرەبییەکان بۆ زمانە رۆژئاواییەکان بۆی نووسیبووم، وتبووی:"بەرچڤەکاران بەدەم چاوەڕوانیی هاتنی میترۆکانەوە هەر لەسەر کورسی چاوەڕوانی دەتوانن بەرهەمی گەورەترین نووسەری ئێوە تەرجەمە بکەن، کەچی تۆ، نووسینەکانی تۆ زۆر سەختن... لەرادەبەدەر سەختن...)

من پێم وایە، ئەم حاڵەتەش، حاڵەتی هاسانیی تەرجەمەی ئەو بەرهەمە سادانە رەنگە لەوەوە بێ ئەو بەرهەمانە بەجۆرێك باوەش بە ئایدۆلۆژیادا دەکەن و"ئاوێزانی فیکر" دەبن کە بۆشایی یەکی گەورە لەبواری داهێنانی هونەریی و پانتاییەکانی دیکەی دەقدا، وەك ئەو بۆشاییەی ئێستا هەیە، دەخولقێنن... سەرەراش، ئەوانەی کە گوتاری خۆیان لەسەر مەسەلەکانی دیموکراسی و جیاگەرایی پابەند دەکەن، خاتیمەی دەقەکانیان دەبەنەوە سەر نوختەیەك لەو چەندەها نوختە"ناوازانەی" کەلەبەیاننامەیەکی صدام و بەلاغەتی ئەو بەیاننامەیەدا هاتوە... رەنگە ئەوان بەوە، جۆرە گەمەیەکی تەسەللا بەخش ساز بدەن، بەڵام گەمەکە، گەمەیەکی خوێناوییەو بەدەم چاوەڕوانیی رزگارکردنی بیرۆکەی خۆیانەوە لە تۆفانی ئەو قەیرانەی گەمارۆی داون، سازی دەدەن.

سەرچاوە:

رۆژنامەی(الحیاة)- ژمارە12893



بەشێك لە

شێرەکوللەی ئاسنین

سەلیم بەرەکات

وەرگێڕانی: عیسا چیایی

(یاداشتی نیوە چڵی منالێك کە هیچ شتێکی نەبینی جگە لە خاکێکی هەڵهاتوو. بۆیە هاواریکرد. ئەوە تەلەکانمە ئەی قەتیکان)

1 *وەرگێڕان و تێگەیشتن لە نووسینی سەلیم بەرەکات، کارێکی ئاسان نییە، تەنانەت بۆ عەرەبەکانیش کە بە زمانی ئەوان نووسراوە.

وەکو خۆی دەڵێ: (پاش یاریکردن بە ئاسن دەست دەکەم بە نووسین) ئەو سەرچاوەیەی سەردوە لە شێوەی یاداشتدا نووسراوە، بەڵام خاڵی نییە لە ڕۆحی شیعریێتی. لەم وەرگێڕانەدا پتر لە هەموو ڕەهەندەکانی تری ئەم نووسینە پاراستنی ئەو ڕۆحەم لەلا مەبەست بووە.

2 *ژێدەر/ سلیم برکات- الجندب الحدیدی- دار الطلیعة للطباعة والنشر- بیروت- الطبعة الاولی (یولیو) 1980.

دەروازە:

(هەیداد.. ئەی. منالەکە.. هەیداد..)

1- مەحاڵە ئەی منالەکە مەحاڵ..

چی دەبینی؟ ئەی منداڵ تۆ چی دەبینی.؟ دوو تەپۆڵکە لە ئاسۆداو بۆڵە گوندێك و خاکێك کە لە نێوان هاوینێکی هەڵەشەو زستانێکی گەمژەدا هەڵدەلەرزێ.. و ژووانی تۆش ئەی منداڵ ژووانی ڕووەکێ یان باڵندەیەکە.. چاوانت بەسەر کازیوەیەکدا دادەخەی کە لە زنجیرەی دەمامکەوە هەڵدەوەرێ و بەو مشتانەت لەغاوێکی تەم و مژاوی دەگریت. هەروەکو، تۆ خۆتت بۆ پیریی یان پیریی خۆی بۆ تۆ ئامادەکردبێت.. ئاوا پێکەوە ئەو سیحرە کورت بکەنەوە کە تەنیا جارێك لێدەدات و ئیتر ژیانیش لە حەیبەت لێدانێکی تریدا خۆی دەکوژێت..

مەحاڵە ئیتر ئەی منداڵ هیچ شتێکی تر ببینی جگە لەوانەی کە بینیوتن، ئەی چیت بینی؟! پێم بڵێ، جگە لەو گالیسکانەی کە دەنکێنن و ئەو سەرچاوانەی کە لە لێدانەکانی تۆز هەڵاتبوون؟ واز بێنە لەوەرگرتنی شێوەکان. بۆ ئەوەی شێوەکان لێت دڵنیابن، وازبێنەو مەمکە بەو پەشیمان بووانەی کە ڕەگ و ڕیشەیان لە باوەش گرت و نووستن. بەڵام توخوا قورسایی هەورو قورسایی بەفرم لەسەرکەم مەکەرەوە. ئەوکاتەی لەنێوانیاندا ئەتبینم چۆلەکەو (کات) سەر دەبڕی و بەو گریانەت منالییی ئەڕێژیتە سەر زەمین و تۆڕی خوێنە سەر خۆشەکەت هەڵدەدەی بۆ گرتنی ئەفسانە..

تۆ منالییت و ئەی من چیم لە منالێك ئەوێ جگە لەوەی کە باکوور، ماڵ بەماڵ و دار بەدار و چەم بەچەم و گەڕەك بە گەڕەك و گوڵەگەنم بە گوڵە گەنم و هەور بە هەور، لە جلەکانی بتەکێنێ و باستۆقەی ئاسۆ بشکینێ تا پۆل پۆل پەڕەسێلکە و قەتێی لێ بڕژێ..؟؟

.. غاربدە، هێندەی پێیەکانت هەڵیدەگرێ غاربدە، لە گەردەلوولەوە بۆ گەردەلوول و بە نزاوە ئەو دڵە بچکۆلەیەت هەڵبڕە بۆ و دەشتانەی کە پیت و ڕیشۆڵە بە دەووریا ئاپۆرەیان داوە.. ئەرێ دەنگی چەقەڵ لە دەنگی تۆدا نییە؟. ئەرێ دەنگی درز لە دەنگتدا نییە؟ ئەرێ پۆشتەییەکی بەزیو کە لە هەموو پیاهەڵدانەکاندا هەیە لە تۆشدا نییە؟

تۆ منالییت و (با) چی لە تۆدا دیل دەکات، لە پانتاییەکی پڕ لە (با) زیاتر؟ لێم گەڕێ با وەکو ڕاکشانی کارەسات لە بەردەم قەڵغانەکەتدا ڕاکشێم و قۆڵەکانم بۆ پاقلە و ڕێوی بکەمەوە. هەر وەکو ئەوەی من مەیلی لەناوچوون بکەم یان مەیلی ڕۆیشتنی تەورهەڵکێشێك بەسەر بوونەوەرەکاندا.. و تۆ منالێت، پێم بڵێ چیت لە منالیی بینیووە؟

بڵێ تۆ دەنگی خۆتت بە ڕووتی لەنێو دەنگەکاندا بینیوە؟ بە هەناسە برکێوە وەکو گەروویەکی شکاو لەنێو درزە ژەنگبردووەکانیەوە هەڵدەچێ و تەورەکان هەڵدەقوڵێن

.. ئای ئەی منداڵ، چەندم دەبیستی بە بیداری دڵە بچکۆلەکەت بۆ مەتەڵ دەگێڕایەوەو گەمەی گوڵت بۆ مەتەڵ دەگێڕایەوە. بیرت دەچۆوە کە چۆن چۆنی ماڵەکانی "پریڤا" و "مۆسسیانا" و "عامودا" و "کیتسك" و "بهارنك" و "مۆزان" و "سمیل" و "حلکۆ" و "کوچك" و "عەنتەریە" و "تریسبی" و "عاکوله" و "هرم ڕەش" و "هرم شێخۆ" و تد.. تد.. ت-دەدایەبەر خەنجەری ئاورینگ..

تۆ مندالییت.. و واگیرفانەکانت پڕ دەکەیت لە پاقلە کێوی و گوڵی کێوی..

بە ئانقەست خۆت پیشانی پاسەوانی دەغڵەکان دەدەیت تا هەڵیانخەڵەتێنی. ئەوە گاڵتەجاڕی تۆیە، گاڵتە جاڕی تەمەنێکی سەرخۆشە وەکو خوێنە سەرخۆشەکەت. ئەوە گاڵتە جاڕیەی کە لە نێو تەڵەکانتدا بۆ هەموو کێڵگەکانت ناوەتەوەو هەر کاتێکیش کێڵگەیەکی پێوەبوو پێدەکەنیت، تا "با"ی دەوروبەریشت دەهێنایە پێکەنین تۆ و "با" درێژایی خۆتان پێکەوە گرێدابوو.. و فووتان دەکرد بەیەك بوقدا، تا ڕقی بوونەوەرەکان بورووژێنن

لەپاش ئەو هەموو گەڕانە وا ئێستا بە دڵنیاییەوە زانیمان کە تۆ ئەو کەسەی کە چاڵێکت لەو ڕێگایەدا هەڵکەند کە عەرەبانەکانیان بەسەردا تێدەپەڕی تا پێی ئەسپەکەی "سمعان" بشکێ تۆ تەلی کارەبات گەیاندە فڕنەکەی "مرادۆ"و دەستی هەرکێی بەردەکەوت دەیگرت، تۆ باگردێنە بەردینەکەت لەسەربانەوە گلۆرکردەوەو بەسەر سەگەکەی "فلمز"دا کەوت و لایەکی تووشی شەلەل بوو. تۆ کەڵەشێرەکەی "هیلان"ت کوشت. ئەو کەڵەشێرە مل ڕووتەی کە پۆپنەی بەبەرد بڕابوو و تۆ ئاڵەتت ڕۆکردە نێو گۆماوی قازەکاندا و قازەکانی "سمقور"شێت و هاربوون. و تۆ دارەکەی "کتام"ە کوێرت دزی و تۆ شاخێکی بەرانەکەی "میرت"ت شکاند و تۆ لە کۆتاییدا نووستیت و خەونەکانت پڕبوون لەو ئارەزووەی کە گۆڕبەگۆڕی گۆڕستانی "هلالیە" هەڵدەیتەوەو بڕووانیت لەو حەشارگە تەسك و تروسکانەدا چۆن چۆنی گەمەوگاڵتە دەکەن. بەڵام تۆ مندالییت. کێش گلەیی لە منالێك دەکات کە هەورە بروسکەی گوڵ لێیدابێت و چرۆچرۆ بەنێو درەختی ئاسن و هەوری ئاسندا پەرش و بڵاوبووبێتەوە؟؟

ئای چەندمان پێ وتی ئەی منداڵ نزیك مەکەوەرەوە لەسەرەنوێلکەکان. بەڵام تۆ نزیك بوویتەوە و لەسەرەنوێلکەکاندا پاشماوەی زیوت کۆدەکردەوە تا ماتەمی پێبڕازێنیتەوە..

سوور زانیمان تۆ بە درێژایی ئەم متبوونەی کە ڕەگی لە هەنگاوەکانماندا داکوتاوە بیداربووی ئەو متبوونەی کە وەکو مۆرێك بەسەر ئەو فتوحاتانەوە وێناکرابوو کە هی ئێمە نەبوون. بەڵام بیداری نەکردینەوەو سپاردینی بە گاڵتەجاڕیی

ئێمە گەورەین، ئەی منداڵ، ئەو گەورانەی کە لەبەردەم دەرگای کاتدا گاڵتە بەتەقەتەقی ئاسن دەکەین و ئاسنی سارد هەڵدەوەرێنین. گەورەین ئێمە قەدەرمان بۆ پەرەسێلکەیەکی تێپەڕیوو، یان گاڵتەیەك ناکەینەوەو حیکمەتی زۆرداریی نەبێت هیچ شتێك ناپۆشین.

ئەگەر جارێکی تر جموجوڵت تێکەوتەوەو ویستت لە پشت پەپوولەیەکەوە خۆت لە زەمین بشاریتەوە چاوەڕوانی ئێمە مەکە. چونکە ئێمە لە ژێر ئەم حیلە بێدەنگانەوە بۆ یاریکردنی ڕۆڵە بێدەنگەکان وەستاوین و لە هەڵکردنی گاڵتەجاڕییەوە شاخی بزن هەڵدەبڕین..

تۆ بیدارییت و بیدارت کردینەوە تا سەرپێی بتبینین کە دەروازەیەکی بۆ ڕووەك و لە پشتیشتەوە نەیزەکێك لە ئاووپەڕ. تا لەنێو چەکەکانی کازیوەدا بتبینین دەشتاییەکانی "کیتسك" پاڵدەنێی بەرەو "نصیبین" بێ ئەوەی گوێ بدەیتە پاسەوانەکانی شار، ئەوانەی تیری مێژوویەکی کەریان دەگرتە گاڵتەو گەپەکانت

ئەوکاتە تۆ وەکو دڵە سەرخۆشەکەت ڕاکشابوویت و هەر وەکو دڵێکی سەرخۆش مایتەوە. وا تۆ دەمانبینی ئێمە ئەوانەی کە (ئێمە ئەوانەی کە هاتینەوەیەك) و غاردەدەین لە چەمەوە بۆ چەم بۆ ڕاگرتنی بەیەکا هاتنی ڕووگاکان بەرەو ئێمە. لە ترسی بینینی ئەو ئێستایەی کە هیچ ڕووگایەکی نییە ئای هەر بە ڕاکشاوی بمێنەوە. ئەی بچکۆلە و بە بچووکی بمێنەوە چۆن ڕەگەکان ئارەزووت دەکەن هەر مەسینەو کوپەیەکت بەردەست دەکەوێ بیانشکێنە چونکە تۆ لە تووڕەبووندا جوانیت.. لە دەسەڵاتە پرووکێنەرەکاندا جوانیت، جوانیت ئەوکاتەی حەسارەکانی گوڵ هەڵدەکەنی و گاڵتە بە گوڵ دەکەیت. جوانیت ئەوکاتەی دەچیتە سەر پشتی بەران و هار دەبیت. جوانیت ئەو کاتەی کانیاوەکان بەردباران دەکەیت و مانگا ئاو خۆرەکە واقی وڕدەمێنێ. جوانیت ئەو کاتەی مارمێلکە کەوڵ دەکەیت و هێلانە تێکدەدەیت. جوانیت ئەوکاتەی پاقلە دەدزیت و تەڵە بۆ کۆتر دەنێیتەوە. جوانیت ئەوکاتەی کە پشیلەو ماڵەکان دەسووتێنی. جوانیت ئەوکاتەی کە گاکان لە گەورەکان دەردەکەیت و گاکان تار دەبن.. جوانیت ئەوکاتەی دەنووکی عەلەشیشەکان لێك دەئاڵێنی.

جوانیت ئەو کاتەی بە وڕێنەوە باسی ئەو ئەستێرە کشاوانەو ئەو ئاوانە دەکەیت کە باڵی مەلیان پێوەیە.

جوانیت ئەو کاتەی باس لەو "سوارە" دەکەیت کە بە قەمچیەکەی هەور لێ دەخوڕێ و ئەو گالیسکانەی کە لە بنی زەریادان جوانیت ئەو کاتەی بەوڕێنەوە باسی ڕێویەکانی تاریکیی و لەرینەوەکانی دەکەیت و ئەو ئەسپانەی کە قژیان هەیە هەروەکو قژی ژنان. تۆ جوانیت.. جوان ده توخوا لێمانگەڕێ..

بەڵام تۆ بیدارییت و بیدارماندەکەیتەوە تا گاڵتەجاڕیی بگێڕینەوە

یەکەم:

توندو تیژی ئەندازەیی

2-توندوتیژیی ئەندازەیی

ئێمە منداڵ بووین، هاوڕێم زۆر منداڵ وەکو بێچوورەقان. بەهەردوو لای شەقامەکەدا وەکو دێڕی نووسین ڕادەوەستاین و هەرایەك هەبوو هەرایەکی تۆقێنەر. مامۆستاکان لە پشیلەی تۆقیوو دەچوون کە بەنێو پۆلەکاندا بازیان ئەداو دارەکانیان ڕادەوەشاند و دەیانقیژاند: (بە ئاگابن کە سەرۆك تێپەڕدەبێ.. دەستەکانتان هەڵبڕن و سڵاوی بۆ بکەن) و سەرۆك بەدەم دەست هەڵبڕینەوە بەنێوانماندا تێپەڕی و بەدوای کەژاوەکەیدا ڕیزە ئەندازەییەکان تێکەڵ دەبوون و دەبوون بە چەند بارستاییەکی ڕەش و گلۆرەوەبوو.. کە دەمویست لەو زەریا بەشەرییە دەربچم چەندین جار دەکەوتم و چەندین پێ و جەستەم بەردەکەوت، ئەوکاتەش کە گەیشتمە ماڵەوە ڕوومەتم لە خۆڵەوە نزیکتر بوو تا لەدەم و چاوی منداڵێك..

ئەوە سەرەتای توندوتیژی بوو. هاوڕێم. سەرەتایەك، سەرەتای خۆشییەکی ڕەسمیی "توندوتیژ". لە شارۆچکەیەکی پەنای چیای تۆڕۆسدا دوو هەفتەی خایاند.

دەبووایە بە درێژایی کات لە دەرەوەو ناوەوەی پۆلەکانی خوێندندا هوتافمان بکێشایە و لەکاتی پێویست و نا پێویستدا چەندین جار دیوارەکانمان بڕازاندایەتەوەو لەکاتی پێویست و نا پێویستدا ئاڵای بچکۆلەمان بە سینەماندا هەڵواسیبایە بەبێ ئەوەی ئاوڕ لە ناخمان بدەینەوە وێنەی خۆشییەکی تەم و مژاوییمان لەسەر ڕوومەتمان بکێشایە. توندوتیژی خۆشییەکی (ڕەسمی) توندوتیژتر بوو لەوەی کە منداڵێکی (ناڕەسمی) بتوانێ هەڵیبگرێ، لەگەڵ ئەوەشدا دەبووایە لە ملکەچییەکی پلیشێنەردا هەڵیبگرم و منیش لەلای خۆمەوە توند و تیژیم، توندوتیژییەکی زیاتر لە توانای منداڵێك.

ئەوە سەرەتای توندوتیژی بوو، هاوڕێم، سەرەتایەك کەوای لێکردم کە لە قوتابخانە تەباشیری ڕەنگاوڕەنگ بدزم و چوار گۆشە بەردینەکانی دیواری باخچەی گشتی پێ پڕبکەمەوە لە پیت، پیتی ناوی خۆم بوون و پیتی تریش وەك پیتی ئەو جۆرە قەڵەم ڕەساسانەی کە پێم دەنووسین (H.B) ئەو دوو ناوەش دەروازەیەك بوون بۆ شکاندنی (ڕەوشتی گشتی) ڕەوشتی (پاکەکان) و ڕەوشتی سووربوون لەسەر (پاکێتی) گشتی. بەڵام ئەو توندو تیژییەی کەوام مەزەندە دەکرد کە تایبەتە بە خۆم لەو تێپەڕینە توندوتیژەی سەرۆکەوە دزەی کردە ماڵی ئێمەوەو پاشان لەنێو خێزانێکی یازدە کەسیدا لە چەند شێوەیەکی ڕێژەییدا دەردەکەوت.

حەوشەی ماڵەکەمان، هاوڕێم حەوشەیەکی زۆر فراوان و بەشوورایەکی بەرز دەووردرابوو..

وورد، وورد تەنیاییەکی لەخۆ دەگرت کە پێشتر خوی پێوە نەگرتبوو. میوانە (ناسراو و نامۆ)کانیش ئەوانەی کە هیچ هۆیەك نەبوو، بۆ هاتن و ڕۆیشتنیان، دەهاتن و دەڕۆیشتن، ئەوانەی لەگەڵ کەم بوونەوەی موڵکەکانماندا ئەوانیش کەمیان دەکرد و باوکیشم زیاتر مۆن و بێ میزاج دەبوو.

ئەو توندوتیژییە بێدەنگەش کە تەنیا لەنێو بازاڕە بازرگانییەکانی شاردا هۆکەی دەرکەوت لە زیادبووندابوو. ئەوکاتەی کە بازرگانە تێکشکاوەکان لە موزایەدەی دەغڵ و داندا پێکدا هەڵدەپژان، زیاتر لە سەد دەستی گورز بە دەست بەرز دەبوونەوەو گۆشتی ڕووت بەو ناوەدا پەرش و بڵاودەبووەوە.

ئەوە سەرەتای خۆشییەکی (ڕەسمی)بوو. سەرەتای هەژارییەکی میللی توندوتیژ..

سەرەتایەك کە لە قوتابخانەوە چووە بازاڕەکانەوەو چووە ماڵەکانەوە و لێی نەهاتە دەرەوە. منیش منداڵ بووم هاوڕێکەم سبەینیان پاش دەرچوونی باوکم نەبووایە نەدەهاتمەدەرەوە، تا بۆم بلوێ بەڕووی دایکمدا بقیژێنم "من چام ناوێ چاااااام ناوێ" و پاشان شەقێك هەڵبدەم لە کتریەکەو بە تەواوی بیڕێژم و تا هێزم تیایە پیاڵەکە بدەم بە دیوارەکەدا و هەڵبێم بەرەو گۆماوی "قاسمبۆ" بۆ سەیرکردنی مارماسی. لەوکاتەوەی کە ماڵەکانمان پڕبوو لە تارمایی گورز بەدەست، ئەو تارماییە وڕێنەکەرانەی سەریان بەو جامانانە دەبەستەوە کە پڕبوون لە پەڵە خوێنی وشکەوەبوو ئیتر ئەوە کاری هەموو بەیانییەکم بوو کاری براکانیشم بوو..

سەرەتاش فراوانتر بوویەوە وەك فراوانی بازنەی نێوگۆمێك کە بەردێکیان تێ فڕێدابێ. ئیتر ئەو باستۆقە خەزەفیانەی کە بەڕیز لەسەر ڕەفە دارینەکانی ناو ماڵ دانرابوون، یەك بەیەك دەکەوتنە خوارەوەو پرش و بڵاودەبوون. لەوێشەوە ئیتر ئێمەی براکان زانیمان ئەوە تینوێتیمان ناشکێنێ، شووشەی پەنجەرەکانمان بەرد باران دەکرد و پاش ئەوە ڕۆژێك دوو ڕۆژ لەماڵ ون دەبوویین.، دەهاتینەوە گۆزەیەکمان دەشکاند یان دارگوڵێکمان لە ڕەگەوە دەردەهێناو دووبارە هەڵدەهاتینەوە.

سەرەتا ورق فراوانتر بوونەوەو دوژمنایەتیەك لەنێوان ئێمەو دایکماندا دروست بوو، زۆر لەماڵ هەڵدەهاتین و هەر کاتێکیش هەر کاممانی بەردەست بکەوتایە دەبووراینەوە. دایکم تەنیا بە دارکاریەك وازی لێ نەدەهێنایین، هەرچییەکی بەردەست بکەوتایە لە ئاسن و بەرد تێی دەگرتین و ئێمەی منالیش خوێنمان لێ دەڕژا.

هاوڕێکەم.، جارێکیان هەر بەڕێککەوت لە دەستی دەربازبووم و بەرەو گۆشەیەکی حەوشەی ماڵەوە هەڵهاتم کە کۆمەڵێ کەروێشکی تێدابوو. پەرژینە تەلینەکەی دەرەوەیم لە بنەوە دەرهێناو مەسینەیەکی مسی کە بنکەکەی بازنەیی وتیژبوو گرتمە کەروێشکەکان. ئەوانیش بە ناویەکدا شپرزەبوون، دانەیەکیان کە مەسینەکەی بەرکەوتبوو، هەردوو پێی دواوەی بەدەم هەڵلەرزینەوە درێژکردەوە و پاش هێمنیەکی بێ سنوور هێمن بوویەوە.

دوازدە کەروێشك ئەنجامی ئەو قەسابخانەیەبوو. بۆ منیش بیست ڕۆژ سووڕانەوە بوو بەدەورماڵدا بەبێ ئەوەی بوێرم بێمە ژوورەوە، لەنێوان کێڵگە پەمووەکەی تەنیشت ماڵدا دەنووستم و خواردنیشم تەنیا ئەوەبوو کە براکانم بۆیان دەدزیم

ئیتر لەوێوە سەرتا هاتەوەیەك، تەسك بوویەوە وەك ڕەشمە. ئەو شارە بچکۆلەیەی بنار چیایی تۆرۆس هاتەوەیەك خەڵك بەچپە شتێك بۆ یەکتری دەڵێن و باوکیشم زیاتر پیر دەبێ و تەنیا ئەو حەمالانە هەندێك ورەی دەدەنێ کە لە ڕۆژانی شکۆدا باوکم بەگەنم یارمەتی دەدان. ئەوان نەزان بوون و لەپێناوی ناندا توونند و تیژبوون دەیانگووت: "هەرچی دەبێ ببێ هیچ نابێت ئەگەر بەشێکی تۆی تیا نەبێت" و هەڕەشەیان لە شۆفێری بارهەڵگرەکان دەکرد. بەڵام حکومەت ناردنەدەرەوەی هەموو شتێکی بۆ خۆی مسۆگەر کرد. حەماڵەکان لە نێوان خۆیاندا دابەش بوون و بەتاکڕەوی ئیشیان دەکرد. هەریەکەیان بەو گورزە ئاسنینەی کە بە دەستیەوەبوو پارووی لە دەمی ئەوی تر دەردەهێنا..

ئێمەی مندالیش ئەوەمان دەبینی و توونندو تیژیمان لەگەڵیاندا دابەش دەکرد. هەڵمان دەپروسکاندن و دەمانفڕاند هەروەکو چۆن شیرینی لە دەستی چڵکندا دەفڕێندرێ و مەملەکەتی ئێمەش مەملەکەتێکی لە ئاسمان دوورتر بوو مەملەکەتێك بوو لە تەپوتۆز و لە خۆشی مەلەوانێ لە گۆماوی "قاسمبۆ" یان غاردان بە نێو ئەو گوڵە گەنمانەدا کە لەپاش خۆمان وەکو پەڕی خوراو جێی دێڵین. پێشبڕکێ دەکەین لە گرتنی مریشکە هەڵاتووەکانی نێو کێڵگەکاندا بەدارلاستیکەکانمان، دەپەشۆکان، دەکەوتن، ڕایان دەکرد، و دەکەوتن، باڵەکانیان لەگەل زەویدا جووت دەکرد و دەنووکیان دەکردەوەو پڕدەبوو لە خۆڵ و پاشان دادەمرکانەوە..

منالبووین، ئێمە، هاوڕێکەم، منالگەلێك کە ئارەزووی باسکردنی ئەو گیانلەبەرانە دەکەین کە بە هێواشی دەمرن پێمان خۆشە گەلای ڕووەك بخەینە لووتمانەوە تا خوێنی بەردەبێ و خۆمانی پێوە هەڵدەکێشین. خۆ بەوەوە هەڵدەکێشین کە زیاتر خوێنی بەردەبێ و بەوەی کە لێدانی زۆرتری بەرکەوتووە. بەوەی کە زۆرترین برینی قووڵی کەوتۆتە دەست و ڕوومەتیەوە. ئای چەندین شەو لە ژێر گلۆپە سیسەکانی شەقامەکاندا چاوەڕوانی گالیسکەی سەوزەمەنی و کاڵەکی سەوزمان دەکرد کە لە گوندەکان یان لە کێڵگەکانی دەوروبەرەوە بەرەو شار دەهاتن، شاگەشکە دەبووین ئەو کاتەی کە گوێمان لە سمی ئەسپ و جیڕەی تایەدارینەکانیان دەبوو، لە ئێمە تێپەڕدەبوون، بەپێی پەتی دوای دەکەوتین، هەمیشەش چەقۆیەکی تیژ، یان موسێکمان لەگەل خۆماندا هەڵدەگرت و حەبلی بارەکانمان پێدەبڕی و بارەکان گلۆر دەبوونەوە. چەندمان پی هەڵبگیردرایە دەمان بردو هەڵدەهاتین. هیچ کەسێك نامانگرێتەوە کە پێمان پەتی بێت. تۆزێکمان لێدەخوارد لەوانەی کە هەڵمانگرتبوو و پاشماوەکەیمان فڕیدەدا..

منالێتیەکی بێ منالیی منال بووین و گەورەکان بە دڕەندەیی ئێمەوە خۆیان هەڵدەکێشا. ئەوان منالی دڵڕەق و دڕندەیان خۆشدەویست و ئێمەش پیاوانی دڵڕەقمان خۆشدەویست. وەرزشەوانەکان شەیدامان بووبوون. بۆکسخەنجەرمان هەڵدەگرت، هیچ منالێك نەبوو چەقۆیەکی لە گیرفاندا نەبێت، یان زنجیرێکی نەبەستبێتە کەمەریەوە. و هەموو منالێکیش دەیزانی قۆچەقانی یەك لە گوڵ دروست بکات، یان قامچییەك لە تەلی کارەبا دروست بکات و هەمووانیش لە دەلغەی کۆکردنەوەی پاشماوەی مسدابوون چونکە دەفرۆشرا، لە توانای هەموانیشدابوو کە سەیارییەك تێکبشکێنێ تا پارچە مسێکی لێ دەربهێنێ و نرخەکەی دەیباتە سینەما..

ئێمە (کیفۆرك)مان خۆشدەوێ چونکە بەسەر شەش پیاوی چەکداردا زاڵدەبێت. (کنعان)مان خۆشدەوێ چونکە بە خۆڕایی دەچێتە هەموو سینەمایەکەوە، (شەرۆ)ی حەماڵمان خۆشدەوێ چونکە کرێی ماندووبوونی لە هەموو بازرگانەکانی دەغڵ و دان وەردەگرێ بەبێ ئەوەی تەنیا فەردەیەکیش هەڵبگرێ. ئەو زۆر کەلەڕەق و خێرایە لە هەڵکێشانی خەنجەرەکەیدا. حەڤدەجار چۆتە بەندیخانەوە، ئەمانە نموونەکانی ئێمەن.

منالی و سەرەتاش دێنەوە یەك. هەستم بە شتێکی تازەدەکرد کە پێشتر دەرکم پێی نەکردبوو. شتێکی توونند و تیژ و زەق: تۆ کوردیت، کوردەکان ترسناکن. بە کوردی قسەکردن لە قوتابخانەدا قەدەغەیە. ئەمە شتێکی تازەیە، چونکە تۆ دەزانیت کەسێ چارەکی ئەو شارانەی کە بەتخووبی چیای تۆرۆسەوەن کوردن. وا تۆ بەرەو ڕووی کێشەکە دەبیتەوە: مامۆستاکان زیادەڕۆیی لە لێدان و زەلیلکردنی قوتابیەکاندا دەکەن و بەدووەکانیش ئەوانەی کەچەپڵە بۆ هەموو ڕژێمێکی تازە لێدەدەن، دێنە شارەوەو چاودێری ڕوومەتەکان دەکەن.

..تۆ منالیت. بەڵام کوێر نیت. ئەوان پێشوەخت ڕقیان لێتە و نازانیت بۆچی مامۆستا ڕقی لە تۆیە.

فەرمانبەری دەوڵەت و پۆلیس ڕقیان لێتە. ئەمە مەرجێکی تازەیە. ***کەواتە باتووندو تیژیم منیش.*** زیاد لە پێویست لە بەرامبەر ئەم دایگرکردنە شەیتانیەدا توونند و تیژبم. تۆش لەلای خۆتەوە بە ڕقەوە دەڕووانیتە منالانی بەدو لە قوتابخانەدا و گاڵتە بەو سەرتاشینە نامۆیەو بەو خاڵەشینانە دەکەیت کە لووت و گۆنا و دەستەکانی داپۆشیون، بە زیادەڕۆییان ساویلکەییدا. بەڵام ناشزانی بۆچی ئەوانیان پێ باشترە لەتۆ. بۆیە پاش گەڕانەوە لە قوتابخانە لەڕێگایاندا دەوەستی هۆیەك دەدۆزینەوە بۆ ئەوەی شەڕیان بکەیت.

بۆ ڕۆژی دواتر چاودێرەکە سزات دەدات، بەڵام تۆ ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەردەوامیت لە شەڕکردنیان و چاودێرەکە داوا دەکات کە باوکت بێنی بۆ قوتابخانە و باوکیشت دێت. چاودێرەکە گاڵتە بە لەنگی زمانی باوکت دەکات، بەڵام باوکت توونندوتیژ و بە

هەیبەتەوە بەچاودێرەکە دەڵێ (تۆ کێیت ا ئاوا قسەم لەگەڵدا دەکەیت؟) چاودێرەکە دەڵێ: (خودای خودات)..

باوکم تووڕە دەبێت و لە هەمان ڕۆژدا دوو حەماڵ لەو شەقامەدا دەوستن کە ماڵی چاودێرەکەی لێیە هەردوو قاچی دەگرن و بەزەویداکێشی دەکەن. چاودێرەکە لەلای پۆلیس شکات دەکات.

پۆلیس دێت و باوکم لەگەڵیاندا ناڕوات. هەموو خزم کەسوکارەکانمان لە تووڕەییەکی پلیشێنەردا کۆدەبنەوە. کاردەگاتە بەڕێوەبەری ناوچەکە. کەلەپایەی سەر هەنگدایە.

سەرهەنگ لە ئۆتۆمبیلێکی قۆزدا دێت. "حسین ئاغا" بۆی دەردەچێ و دەقیڕێنێ: "کلاوەکەت دەخەمە ژێرپێم ئەگەر ئەو پیاوە ببەیت" و کارەکە بەهێمنی دادەمرکێتەوە و بە هێمنی چاودێرەکە واز لە ڕقەبەرایەتیەکەی دەهێنێ. بەڵام کێشەکە تەواونابێ و منالێتی و ئەو سەرەتایەش کە لێیەوە دەستە بچکۆلەکانت بۆ سەرۆک هەڵبڕی. دەبێتە دۆزەخێك.

شتەکان بەسەریەکدا کۆمەڵ دەبن. لەوێدا ڕوون دەبێتەوە کە بۆچی شەوانە دەڕۆی بۆ کێڵگەی پەموو و قۆزاخە سەوزە نەگەییوەکەی کۆدەکەیتەوە و داری پیرو درەختی باینجان هەڵدەکەنیت ڕوون دەبێتەوە کە سەردەکەویتە سەربان بۆ تێکدانی هێلانەی چۆلەکە وشکاندنی هێلکەکانیان تا کار دەگاتە ئەوەی فرسەت لە پاسەوانی گەڕەك بهێنی، ئەو پاسەوانەی کە هەمیشە نووستوە تا دەمانچەکەی لێ بدزیت. پاشان خۆت و هاوەڵەکانت بە دەستیەوە دادەمێنن و فڕێی دەدەنە ڕووباری (جغجغ)ەوە، پاسەوانەکە سێ مانگ دەخرێتە بەندیخانەوە، لە کاتێکدا تۆ پێی پێدەکەنی و گاڵتەی پێدەکەیت. بەڵام باوکت لەگەمەیەکی تازەدا نوقوم دەبێت، ئەویش گەمەی ڕاوکردنە.

فیشەکێکی (12) ملم دەنێتە باڵندەیەکەوەو بە تەواوی دایدەڕژێنێ. تۆ دەزانیت ئەمە ڕاوکردن نییە، ئیتر تۆ لە نێو ئەو منالێتییەی کە منالێتی تیا نەماوە دەست دەکەی بەڕاوکردنی تایبەتی خۆت، لێرەو لەوێ تەڵە دەنێیتەوە بۆ چۆلەکەو ڕیشۆڵەو تیتی ڕاو دەکەیت، و هەرکاتێکیش باڵندەیەکت گرت هەموو پەڕەکانت لێدەکردەوەو زیندەبەچاڵت دەکرد، بەڵام وەختە شێت دەبیت بۆ گرتنی کلك هەڵتەکێنە ئەو باڵندەیەی کە قەت دەستت نەکەوتووە چونکە زۆر فێڵبازەو لە جێگایەکدا ئۆقرە ناگرێت، ئەوەش بەگژاچوونەوەیەك بوو کە تەحەمول نەدەکرا و سوێندت خوارد کە ئەگەر بیگریت بە زیندویی کەوڵی بکەیت.

تۆ منالێکی بێ منالییت، سەرەتاش دێتەوەیەك و لەگەڵ سەرەتاشدا بەفردێت، بەفری هەمان ئەو ساڵەی کە تۆ دەستەکانت بۆ هاتنە توونەدو تیژەکەی سەرۆك هەڵبڕی.. بە درێژایی پێنج ڕۆژ تۆ سەر دەکەوتیتە سەربانی دراوسێکان تا لوولەی دووکەڵکێشەکانیان بگریت. هەندێجار ڕاویان دەنایت و هەندێ جاریش ئازا دەبوویت و ڕزگارت دەبوو. هەروەکو لێزانیت لە دروستکردنی ساردەمەنیە تایبەتیەکانتدا، ئەوەی کە تێکەڵیەك بوو لە بەفرو دۆشاو و مێوژ.

تۆ بەفرت خۆش دەوێ، ئەم ڕەنگە زاڵەت خۆش دەوێ کە دەست دەگرێ بەسەر هەموو ڕەنگەکاندا، درێژبوونەوەیت خۆش دەوێ و درێژبوونەوەی هەنگاوەکانیشت لەودا، بەڵام هەندێجار تۆزێك شتەکان دەئاڵۆسکێنێ، چونکە کە دەچیتە ماڵەوە پێڵاوەکانت پڕن لە بەفر و گۆرەویەکانت تەڕبوون. بەدزی دایکتەوە گۆرەویەکانت بە تەواوی دەخەیتە سەر سۆپاکە، زۆر ناخایەنێ و دەسووتێ و لێرەدا جارێکیتر تۆ لە ترسی لێدان لە ماڵەوە هەڵدێی و هەڵدێی بەرەو بەفری سارد و هەڵدەلەرزی و هەڵدەلەرزیت و هەڵدەلەرزی، تا ڕەنگت شینێکی تۆخ دادەگەڕێ. بۆنی بەفر دەکەیت و خۆشت دەوێت، بۆنی ماڵ دەکەیت و خۆشت ناوێت. بەردەبیتە براکانت چونکە گاڵتە بەو بەفرە سپیە خزەی ناو حەوشەی ماڵەوە دەکەن و تێکی دەدەن. لە کۆتاییدا لە گۆشەیەکدا گۆشەگیر و زۆر دڵتەنگ دەبیت، ئەو کاتەش کە هۆیەك نادۆزیتەوە بۆ دڵتەنگیت بە زەلیلی دەگەڕێیتەوە بۆ ماڵ. لە هەموولایەکەوە دەستەکان تێت بەردەبن و خوێنی لووتت بەردەبێ.

تۆ منالیت..

تۆزێك هێمن دەبیتەوەو چاوەکانت سوور داگەڕاوە بیر لە کارێك دەکەیتەوە کە بیکەیت، کارێکی پڕ لە ژاوەژاو و ڕوخێنەر. لە سۆپاکە نزیك دەبیتەوەو پێوەری سووتەمەنیەکەی تا دوا ڕادە بەرز دەکەیتەوە سۆپاکە هەڵدەچێ و وەکو جامانەکەی سەری باوکت سوور هەڵدەگەڕێ. تۆ لێرەدا دوعا دەکەیت کە گڕەکەی زیاتر ببێت. سۆپاکە بتەقێتەوەو ماڵ بسووتێنێ، بەڵام هیچ ڕوونادات. بەڵکو تۆ دەتەقیتەوە. منداڵیت لە شێوەی قوڕ و باڵندەی ڕووت و مردارەوەبوودا دەتەقێتەوە. منداڵیت لە شێوەی چەقۆ و گۆزەی شکاو و جلی خەڵتان بوو بە خوێن و تەڵە و تفەنگی ڕاوی و کاڵەکی سووری بەسەر شۆستەدا پەرش و بڵاوەبوو دەتەقێتەوە..

دووەم:

لە پێکدانی لایەنەکاندا

وا ئێمە لە کۆڵانەکانماندین، بە دەور دوو عەلەشیشدا ئەڵقەمان بەستووە، ئایا عەلەشیش دەناسن، ئەو عەلەشیشەی کە کلکی وەکو پەنکەیەکی گەورە فش دەکاتەوەو ئەو زیادە گۆشتانەش بەخواروسەروی دەنووکیدا شۆڕدەبنەوە؟ ئایا میری عەلەشیش دەناسن؟ میری ڕەشی گەورە.

ئەوەی کە مێینەکەی هێلکەیەك دەکات بە قەدسێ هێلکەی مریشك؟ هێلکەی عەلەشیشان بینیوە ئەو هێلکە خاڵخاڵەی کە تەنیا دانەیەکی بەشی ژەمی منالێکی وەکو من دەکات؟

ئای لە جوانی عەلەشیش و مێینەکەی. ئای لە جوانیی ئەو شەڕەگرانەی نێوان دوو عەلەشیش.. وا ئێمە گوێمان لە پێکدادانی باڵ و دەنووکە. دەنگی گڕاوی دوو نێری پڕ لە نێرێتی دەبیستین؟. یەکێکیان دەزانێت کە بردنەوەی تێکشکانە. بەڵام ململانێکە وا لە یاریەکە دەکات کە زیاتر بێت لە یاری. بەڵکو دەیکاتە دووانەی ژیانێك کە بە یاریەك نەبێت ڕاست نەبێتەوە. ئەو گۆشتە شۆڕبووانەی سەروژێر دەنووك زیاتر سوور هەڵدەگەڕێن. شوێنە فودراوەکان و وەسوەسەکان تونتر دەبن و هاواری ئێمەش بەرزتر دەبێتەوە.

عەلەشیشێکیان لەویتر نزیك دەبێتەوە و پێش ئەوەی دەنوکێ بدات لەسەری بەرزتر خۆی ڕادەگرێ پەڕوچاو پەرش و بڵاودەبنەوە.. دەنوکێك لەم و دەنوکێك لەویتر، کلك تاکۆتایی فش بۆتەوە باڵەکانیش وەك دەستی دوویاریکەری بۆکسێن پێش پیاهەڵپژان لەزەوی دەخشێن و هاوار دەکەین: "دەی هەی کەڵ هەی کوڕی سەگ".

عەلەشیشەکان لێکتر دوور دەکەونەوە لێی دەوەستن هەروەکو خۆیان بۆ دەست وەشاندن ئامادەبکەن ئێمەش چاوەچاومانە: دەی هەی کوڕی سەگ. ئەوکاتەش کە تۆزی هێمن دەبنەوە، یەکێکیان بەرەو ئەوی تر پاڵ دەنێین. بەڵکو هەر بەکێشکردن کێشی دکەین و سەر لەنوێ شەڕ دەستپێدەکاتەوە.. لێرەدا، پێش ئەوەی یەکێك لەو دوو دوژمنە بکەون دایکمان ڕادەکات و دەقیژێنێت:

"ئێوه دڕندەن"، پێش ئەوەی بەردێك یان دارێكمان بەركەوێ لە حەوشەی ماڵ دەچینە دەر..

بەڵێ هاوڕێكەم. ئەوسا منداڵبووین.. منداڵگەلێك بە شەڕی عەلەشیشەوە ڕامان دەبوارد یان هێلكەمان لە ژێر مریشكەكان دەردەهێنا پێش هەڵهێنانی و چەندین جار هێلكەمان دەشكاند و جوجەڵەی ڕووت و قووتمان تیا دەبینی و ئەو جوجەڵە لینجەتەڕانەی كە هێشتا كامڵ نەبووبوون، یان زەردێنەی بە خوێن داپۆشراو، یان وردیلە لە شێوەی بێچوە بۆقدا..

ئێمە شتەكانمان خۆشدەوێ پێش كامڵ بوون. شەڕی كەڵەشێرمان خۆش دەوێ كە سەركەوتنی تیا نییە ئەو هێلكانەمان خۆش دەوێ كە هێشتا تۆوەكانی تیا كامڵ نەبووە. دەنووكی بەهێزو ئاپۆرەی پەڕمان خۆش دەوێ. هاوڕێكەم ئێمە واین. ژیانیشمان ئاوایە. ئێمە هۆیەك نەبووین بۆ شەڕی گیانلەبەرەكان ئەوان هەر بە غەریزە بۆ شەڕكێش دەبن، بەڵام ئێمە شتەكانمان دەوروژاند ئەو كاتەی زۆرانبازیەكانمان دەكردە زۆرانبازیەك كە هەردەبوو ببوایە، هاوڕێكەم دەزانی چۆن؟ واپێت دەڵێم، ئێمە بەرانەكانمان ڕووبەڕووی یەكتر پاڵ دەنا شاخەكانیانمان دەگرت شتەكە هەوڵێكی گەورەی نەدەویست، هێندەمان بەس بوو كە بەرانێك لە بەرانێك نزیك بكەینەوەو ئیتر شەڕ هەڵدەبوو و شەڕی بەران لە شەڕی عەلەشیش نەدەچوو. ئەمەی یەكەم توندوتیژتر بوو. سینەیان مەترێك لە زەوی بەرز دەبۆوە و كەللەیان دەیدا بە یەكدا، بەرز دەبوونەوەو لە یەكتریان دەدا و لە نێوان خوریەكەیاندا تۆزێكی سۆزدار دەورووژا.. شاخەكانیان تێكەڵ دەبوون و هێمن دەبوونەوە. هەروەكو ئیتر پاش ئەوە شەڕنەكەن، بەڵام كەشاخەكانیان دەكرایەوە دیسانەوە تێهەڵدەچوونەوە نێوچەوان بە نێوچەوان و دەنگی شەڕەقۆچیش هەروەكو دەنگی تەپڵ وابوو..

تۆزێك دەگەڕانەوەو دووبارە لە یەكیان دەدایەوە.. دەگەڕانەوەو دووبارە لە یەكتریان دەدا

بەرانێك دەكەوتە سەر زەوی و پاشان هەڵدەسایەوە. دووبارە دەكەوت و هەڵدەسایەوە و پاشان هەڵدەهات بۆ دوور. و چەندین بەرانی شاخ شكاوی هەڵاتوومان دەبینی چەندین ڕۆژ وەكو سەگ دەیلوراند تا برینەكەی خۆش دەبۆوە..

بە عادەت خەڵك تەنیا بەرانێكیان هەبوو بەرانێكی سەركەوتوو كە بەدەور ژنەكانیدا دەسووڕایەوە. سەركەوتووش هەمیشە ناز پێدراوە. شتێكی ڕەنگاڵەییان دەخستە سەر سینەی تا بزانن چەند مێینە بەژێریا تێپەڕبوون. گەردنیشی بەزەنگ و چەند زەنگیانەیەك دەپێچنەوە، لە جووڵەیەكی سەیردا لە كاوڕ نزیك دەبێتەوەو خۆی بەسەریدا بەرز دەكاتەوە، كاوڕ یەكەمجار ڕادەكات پاشان لە هێمنیەكدا خۆی بە دەستەوەدەدات،

هێمنیەك كە تەنیا هەناسەبڕكێ و تەكانی نەرمی ڕاست و چەپی بەرانەكەی تیا دەبیستری: "دەی هەی سەگباب" هەریەكەمان. لە خێسەیەكی سەیردا سەیری یەكتریمان دەكرد.. هەموو گیانلەبەرەكان سەگن.. یان لە سەگ دەچن مریشك و كاوڕ و چۆلەكە. ئێمەی منداڵ وای لێدەگەین و ئاواش جوێنیان پێدەدەین. بەڵام زۆر سەرسام بووم بە هەردوو ئەسپەكەی (پاقی كازمۆ) و شۆفێری عەرەبانەكەی عەرەبانەی نەفەرهەڵگر كە دوو ئەسپ ڕایان دەكێشاو ڕێبوارانی لەسەرەتای (قامیشلی)ەوە دەگواستەوە بۆ كۆتایی شارەكە (پاقی كازمۆ) تەلبەندێكی بچكۆلەی بە تەڵی دڕكاوی بەدوای عەرەبانەكەیدا دروست كردبوو تا كۆتایی هەردووتایەی دواوە

ئێمە بۆ كورتكردنەوەی ڕێگاكان لە سەری دائەنیشتین..

ئەوەش خووی ئێمە بوو لەگەڵ هەموو عەرەبانە نەفەر هەڵگرەكاندا. بەڵام هەندێك لە هاروهاجەكانی ئێمە ئەو كاتە كە نەیدەتوانی بە دوای عەرەبانەكەدا غار بدات، دەیقیژاند: (قامچی.. قامچی) ئەوەش ئاماژەیەك بوو كە ئەسپەوانەكان تێیدەگەن و "پاقی كازمۆ"ش تێیدەگەیشت و بە قامچیەكەی ئاگری بەردەدا لە پشتی هەردوو ئەسپەكەی. پاشان ئاوڕی دەدایەوەو دەیگوت (بیخۆن).

پشتی ئاگر دەدراین بە لێدانی قامچیەكەی ئیتر خۆمان هەڵدەدایە سەر شۆستەكەو گلۆر دەبووینەوە و بە هیوابووین كە ڕۆژێك ئەو دووئەسپە كەوڵ بكەین، بەڵام من زۆر سەرسام بووم پێیان، سەرسام بووم بە لاملیان كە زەنگیانەو گوڵەنگی پیاشۆڕەوەبووبوو..

هاوڕێكەم لە ڕاستیدا ئێمە دەمانتوانی گیانلەبەر كەوڵبكەین. دەزانی ئێمە گیانلەبەری مردارەبوومان كەوڵدەكرد؟ لێگەڕێ با ئەوەت بۆ بگێڕمەوە كە نایزانیت.. منداڵانی گەڕەكەكەمان هەژاربووین تاسەر ئێسك هەژاربووین، هەندێكیان قوڕی سەر دیواری دەخوارد و ئەگەر ئەو قوڕخواردنەیان زیادی بكردایە دەبران بۆ سەر دوكتۆر، دوكتۆرەكانیش دەیانگوت "ئەوە خوویەكی پیسە" لە مەیاندا هیچ زیادە ڕەویەك ناكەم، بڕۆن لە دوكتۆرەكان بپرسن دەربارەی ئەو قوڕخۆرانە. ئەو منداڵانەی كە ئامادەبوون لە پێناوی پەیداكردنی پارەیەكی كەمدا هەموو شتێك بكەن.. و هەمیشەش ئەوكاتانەی كە مەیتارەكان دەبوون بە دكتۆری مرۆڤ گیانلەبەری مردارەوەبوو و مرۆڤی مردارەوەبوو زیادیان دەكرد،

بە تەنیشت گوندەكەوە دۆڵێك هەبوو. خەڵك گیانلەبەرە مردارەوەبووەكانیان تێ فڕی دەدا و ئەو جێگایەش كە گیانلەبەری مردارەوەبووی تیابێت منداڵیشی تیایە. لەوێشدا چەقۆی دزراوی موبەقەكان كاری خۆیان دەكرد چەرمی سەر گۆشتە گەنیوەكەیان لادەبرد. بەڵام بۆنی پارە پەیداكردن لە هەموو بۆنەكانی تر بەهێزتربوو ئاوا ئیتر منداڵێك یان دوو منداڵ بە دەسكەوتێكی چەورەوە دەهاتنەدەرێ. كە یەك بەرگن خوری یەكسان بوو بە لیرەیەك یان دوو لیرە ئەو دوو لیرەیەش یەكسان بوو بە چوارجار چوونەژوورەوەی مەلەوانگەیەكی میللی یان سینەمایەك.. ئێمەی منداڵ مردووانمان بەلاوە گرنگ بوو و بە مردووانیش دەژیاین، ئەوە خووی ئێمە بوو.. بەڵام ئێمە بێجگە لەنان بەشتی تریش دەژیاین ئێمە بە هەڵاتنیش دەژیاین ئەوە كێشەیەكی ئاڵۆزە بەڵام لێم گەڕێ بابۆتی بگێڕمەوە؟

شارەكەمان بە تخووبی توركیاوەیە. لەنێوان ئێمەو ئەواندا هێڵێك لە تەلی دڕكاوی ڕاكێشراو هەیە بەڵام ئەوە بێ هوودەمان ناكات لەوەی بڕۆینە وڵاتانێكەوە كە نایانناسین. دەڕۆینە توركیاوە بە لێرێكی دارینيدا ڕێپیشاندەرەكەمان كە هەروەكو ئێمە تەمەنی "12 ساڵ" دەبێت شوێنی لوغمەكانمان بۆ دیاری دەكات. كە توركەكان نازانن بە باشی دایبنێن. دەلیلە بچكۆلەكەمان دەڵێ: ئەگەر پێتان نا بەجێگایەكی نەرمدا و گوێتان لە تەقەیەكی لاوازبوو ئەوە لوغمە و ئەگەر پێتان نا بە لوغمدا قەت مەجوڵێنەوە كە نەجوڵانەوە من كەفالەتی مانەوەتان دەكەم و دەچینە شاری (ماردین)ەوە شاری مرەبا و ترێ. لەوێ لەگەڵ خەڵكەكەیدا خورما دەگۆڕینەوە بە توتن "توركیا دار خورمایەكی تیا نییە" و كیلۆیەك خورما یەكسانە بە پێنج پاكەت لە باشترین جۆری توتن". كە دەشگەڕێینەوە توتنەكە بە پێنج بەرامبەری خۆی دەفرۆشینەوە بە بەقاڵەكان..

منداڵ بووین ئێمە هاوڕێكەم. نەماندەزانی ڕاڕەوی لێرەكان ئەو ڕاڕەوانەیە كە وڵاتان پێكەوە دەبەستێتەوە. بەڵكو وامان هەست دەكرد كە زەمین بە تەواوی ڕاستە و ئەو سنوورانەش كە گەورەكان دەیكێشن تەنها سنووری گەورەكان خۆیانە بۆیە بە دیاریكراوی لەژێر سیمە دڕكاویەكاندا تەڵەمان

دەنیایەوە ئیتر ئەو کۆترە کێویلانەمان دەگرت کە لەوڵاتی خۆماندا نەمان دیبوون، هەر کاتێکیش یەکێك لەو کۆترانەمان بگرتایە بە ترس و دڵخۆشیەوە غارمان دەدا بۆی. لە ترسی ئەوەی نەك سەربازە تورکەکان تەقەمان لێبکەن "هیچ شەوێك تێناپەڕێ گوێمان لە تەقە نەبووایە دەیانگرتە قاچاخچییەکان"

بەڵام تورکیا زۆر نزیکە نزیکە تا سنووری تێکەڵ بوون و هێشتا "ئەستانە"مان خۆشدەوێ "باوکەکانیشمان خۆشیان دەوێ". بەڵام ئەتاتورکمان خۆشناوێ ئەگەرچی ئێمە بە سادەیی و هەریەکە لە باب و باپیرەوە بێ مەبەست ئەمە دەڵێینەوە: "پاشا پاشا/ جمال غورسیل غول پاشا"

ئا لەم کاتەدا، لەو ساڵانەدا کە تەڕن وەکو ڕانی مانگا..، ئێمە گوێمان بەشتی تریش دەدا و بەدڵخۆشییەکی وەسف نەکراوەوە چاوەڕوانیمان دەکرد. یەکێکیان وەرزی دروێنە بوو، دووەمیشیان وەرزی کوتانی گەنم تابێتە ساوەر. ئەو دوو ڕێککەوتە تەڕبوون وەکو تەڕی تەمەنمان. لە دروێنەدا چاوەڕووانی ئامادەکردنی دەڕاسەکانمان دەکرد ئەوانەی کە پانکەی دارین و هەرەی ئاسنینیان هەبوو.. بۆ ئەوەی کاربکات کاتی دەویست بۆ چاککردنەوەی ئەو کاتەش پڕپڕبوو لە خۆشی. هەرەئاسنینەکانیان دەگۆڕی، پانکەکانیان.. پارچە.. پارچە دەکردەوە، هەروەها ئەو دەڕاسانەش کە گەنم و جۆی لە یەکتر جیادەکردەوە "هەموو ئەمانە لە دەشت دەکران، خەیمەیەکی گەورەیان هەڵدەدا و ژمارەیەکی زۆر لە کرێکارەکان کۆدەبوونەوە"

حەزمان لەو کەرەستە بچکۆلانەبوو، چەکوش، سپانە، پلایس، هەرەی ئاسنینی بچووك. هەندێ جار دەمان دزین خۆمان بەوەوە دەخلەفان کە دنیا سەر لەنوێ لەسەر دیواری قوڕین دروست دەکەینەوە بەو کەرەستانە درزمان دەخستە دیوارەکانەوە پانتاییەکی گەورەمان هەڵدەکەند تاوای لێ دەهات دەبوو بە قاڵبی قوڕین کە لە ژێرەوە پەتەوویەکگرتوو دەردەکەوت، کەرەستەکانمان دەخستە چاڵەوەو بە خۆڵ سەریمان دادەپۆشی جارێکی تر لە کرێکارەکان نزیك دەبوینەوە.. بە دزیانەوە دەستمان دەخستە ڕۆن و چەوریەکانەوە، دەستەکانمان لە یەك دەسوو، تا هەستمان دەکرد کە کرێکاری ڕاستەقینەین..

پاش ئەوە، دەرویش تامی خۆی هەبوو: دەڕاسەکان زەمینیان لەو ڕووەکە فشۆڵە ڕووت دەکردەوە. تەواو هەروەکو ئێمە لە گەڕەکەکاندا چۆن ڕووت دەبووینەوە پێش ئەوەی بخزێینە چەمەکانەوە..

دەڕاسەش لە مانگای دەستەمۆ دەچێت بەدوایدا غاردەکەین، پوش بەلێدانی پانکەکانی بەملاوئەولادا پەرش و بڵاودەبنەوە، پاش ئەوەی گەنم لە گوڵەکانیان جیادەبنەوە بەدوایدا ڕادەکەین تا گەردەلوولی پوش دامان دەپۆشێ تێکی دەدەین و پەرش و بڵاوی دەکەینەوە تا دەم و لووت و جلەکانمان پڕ دەبێت لە پوش. گەورەکانیش بە ژن و پیاوەوە بەدوای دەڕاسەدا ڕادەکەن ئەوان لە مەڵۆی گەورەدا پوش کۆدەکەنەوە. بەپشتی گوێ درێژ دەیگوێزنەوە تاپاشتر دەبێتە ئالف.. یان لە قوڕی سووردا تێکەڵی دەکەن و خشتی خانووی لێدروست دەکەن.

لێرەدا هەموو شتێك لە قوڕە تەنانەت ڕێگاکانیش. لە هەر کوێ منداڵ هەبێ، پووشیش هەیە. دوای ئەوە بڕوا دێنین کە ئێمەش لە پوش لە دایکبووین و دەبینەوە بە پووش و سنووری زەمینیش سنووری ئەو بیابانیە کە ئێمە لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێ. بەڵام وەرزی گەنم کوڵاندن ئەوا میهرەجانێکە بۆ خۆی ئێمە سنووقی دارینیبەتاڵ و تایەی لاستیك دەکڕین.

مەنجەڵێکی گەورە دەخەینە سەر چەند بەردێکی گەورە و ئاگر دەکەینەوە..

بەدرێژایی ڕۆژ ئاوەکە وورد، وورد دەکوڵێ. دەنکە گەنمەکان نەرم دەبن و با دەکەن.. با دەکەن و لەبەر زۆر کوڵاندن دەتەقنەوە.. ئیتر ئەوکاتە لەسەر حەسیر ڕادەخرێن.. دۆڵکەی پڕ سەردەکەوێ و بە بەتاڵی دادەبەزێت.. سەردەکەوێ و دادەبەزێت

دانوولەی زەرد سەتڵ لە پاڵ سەتڵدا هەڵدەخرێت..

منداڵانی گەڕەك هەموویان نزیك مەنجەڵێکی گەورە کۆدەبنەوە. هەریەکە و تاوەیەك یان قاپێکی گەورەیان هەڵگرتووە، لە بەیانییەوە چاوەڕوانن هەندێك دێ و هەندێك دەردەچن..

لە خوانێکی دوور و درێژدا هەروەکو لە دەستیان بچێت، ئەو کاتەش کە گەنمەکە دەکوڵێ ژەمی بچکۆلەی خۆیان دەبەن. هەندێك شەکر دەپڕژێنن بەسەر گەنمەکەدا یان تێکەڵی دەکەن بە خوێ و ڕۆن بە خۆشیەکی ڕاسەقینەوە دەیخۆن..

هاوڕێکەم ئەوە خوانی بچکۆلەی ئێمەیە، بەڵام خوانی گەورە، ئەو خوانەی کە تیایدا خوێن بەر دەرگای ماڵەکان دادەپۆشێ. ئەویش وەرزی خۆی هەیە. لە کۆتایی هاویندا پاش دووەم تاوە باران کە هەر وەکو قوڕە سوورە دەبارێ. قەسابخانەکان دەست پێدەکات، ئیتر قەسابەکان تەور و چەقۆکانیان تیژ دەکەن (هەسان دەکەن) ئیتر گیانلەبەرە بچوك و گەورەکان.. گەل، گەل سەردەبڕدرێن و ئیتر گۆشت. و تێکووشە زیاد دەکات..

هەموو ماڵێك بەرخ یان مانگایەك ئامادە دەکات بۆ سەربڕین، بە درێژایی چەند مانگێك دابەستەیان دەکەن، تا جەستەیان پڕ دەبێتەوە قەڵەودەبن "گۆشت دەگرن"، تا بەدرێژایی پایز و زستان بەش بکات. هەموو ماڵێك لەگەڵ قەسابێکدا ڕێك دەکەوێت، قەسابەکان کرێ بەپارە وەرناگرن.. بەڵکو تۆڵەی خۆی بە کەوڵی گیانلەبەرە سەربڕاوەکە دەکاتەوە.. ئەمە کرێی ماندووبوونیەتی..

ئێمە منداڵ بووین هاوڕێکەم، مۆڕەمان لەو کابرایە دەکرد. ئەو پیاوە بێدەنگەی کە ملی مانگایەکی بەشاخەکانی دەگرت و بایەدا تا دەکەوتە سەر زەوی. پاشان بە جووڵەیەکی سادەو لێزانی دەستی خوێن بازرەقەی دەبەست، لە دەرویەکی باریك و بەهێزدا. ئەو کاتەش کە ماوەی برینەکە درێژ دەبوەوە جۆگەلەی گەرم و سوورەکان هەڵدەقوڵان، دەڕژانە سەر خۆڵەکەو چەند درزێکی تەسکیان لێدروست دەبوون یان دەڕژانە سەر زەویەکەو چەند گۆمێکیان جێ دەهێشت کە هەڵمێکی سووك سەری گرتبوون..

خوێنی ئاژەڵیش جوانە، ئاڵ.. ئاڵ، یان تۆخەو بۆنێکی هەیە کە پشیلەو سەگ کێش دەکات و دەمی تێدەخەن و ئەوکاتەش کە خۆڵ دەخەنە سەر خوێنەکە، قەسابەکە کێردێکی بچوکی تیژ وەکو موسی تەراش دێنێ بەووردەکاری و هێمنی پێستەکە هەروەکو جل لە گۆشتەکە دەکاتەوە و قەساب زۆر لێزانانە ئەوە دەکات، یان هەر بە ئانقەست دەستی دەخاتە نێوان پێست و گۆشتەکە، پاش ئەوە کێردە خوێناویەکە بەدەم هەڵدەگرێ و لەلێدانێکی لەسەرخۆدا پێستەکە هەڵدەکەنێ..

دەنگی هەڵکەندنی پێستەکە لە دەنگی هەڵکەندنی ئەو مەجلەمانە دەچێ کەلەسەر پشتی باوکمە..! ئاوەها پارچە.. پارچە گۆشتەکان دەڕۆن بۆ ئەو جێگایانەی کە پێویستە بۆی بچن.. پەراسووەکان لەسەر تەنافی جلشتن هەڵدەخرێن.. گۆشتە سوورەکان قەد دەکرێن.. چەوریەکان

دەتوێنرێنەوە.. هەمووشیان دەخرێنە تەنەکەیەکەوە. هەندێك یان لە ناواخنەکانی دەخورێن، ئەو بەشەکەی تری بە قورقوشم دەبەسترێ و بۆ ڕۆژانی زستان هەڵدەگیردرێت..

.. هەر لەم وەرزەدا، پاشماوەی ئێسقان لەناو کێڵگەکاندا فرێدەدران. ئیتر داڵە کەرخۆری گەورە وبچووك زۆر دەبوون گەورەکانیان کە لە عەلەشیش دەچوون، لە دوورەوە تێمان دەڕوانی و لێی دەترساین.. دەمانبینی ئەوکاتەی کەلە کەلاکەکان نزیك دەبوونەوە. بە دەنووك بەردەبوون لە یەك هەرکاتێکیش بە جوڵەیەکی تووڕەدا سەرنجمان ڕادەکێشا، باڵەکانی لە باوەڕبەخۆبوونێکی سەیردا لێکدەدا و بەرزدەبوویەوە.

لەبەر ئەوەی کە کێڵگەکان لە ماڵەکانەوە نزیکبوون و پێکەوە تێکەڵبوون. تەقسێکی تایبەتی شەوان دەستیپێدەکرد، تەقسی چەقەڵ بوو. تەقسێکی ئاپووره بوو، ئێمەی منالّ لێی دەترساین..بەلاّم دەنگدانەوەی ژیانی بەسەر ئەو خاکە بێدەنگە تەنیایەدا پەخش دەکرد..!

چەقەڵیش قەت ترسنۆك نییە وەکو باسی دەکەن بەڵکو دڕندەیە لەوکاتانەدا کە پێویستبوو دڕندەبێت.

تۆ دەزانی هاوڕێکەم ؟

لە "حەسەن سۆفی" بپرسە، ئەو کەسەی کە بەڕۆژ پەلاماری گیانلەبەرێکی لەمانەیدا! چەقەڵ بە تەنیا لە شەودا ئەمیرە.. "حەسەن سۆفی" بە ئەسپ و دار حەیزەرانە درێژەکەی ڕاوی دەکرد. هەر کاتێك نزیك دەبێتەوە، دارێکی لێدەدا، ئیتر چەقەڵەکە بازێکی دەدا کە قەپاڵەکانی دەگەیشتە چاوی ئەسپەکەی.. و.. "حەسەن" دەیگووت: شەڕی چەقەڵ دوو سەعاتی خایاند.. تا پڕووکا.. و کەوت ئیتر تا مردار بووەوە ئەسپەکەی دەیشێلا..!

"حەسەن سۆفی" ئەو کاتەی کە باسی لە ئازایی چەقەڵ دەکات، زیاد ڕەویی ناکات. دەزانی بۆ.؟ چونکە "حەسەن سۆفی" دەموچاوی بە خودرەکەی دادەپۆشیو (پەلاماری دوا مردن) پەلاماری گوندەکانی "ابن عباس البدوی"ی دەدا، لە ڕووتاییەکی بینراوەوەو بە تفەنگەکەی تەقەی لە ماڵەکان و خۆ حەشاردراوانی پشت ماڵەکان دەکرد.. و پاشان ڕزگاریشی دەبوو لەوسەرەوە ڕانەمەڕێکیشی لەگەڵ خۆیدا دەهێنا..

"حەسەن" مێگەلەکەی زۆر دوور نەدەخستەوە، لە ترسی ئەوەی نەوەك دوژمنەکانی بیگرنەوە. بەڵکو وای بە باش دەزانی پاش هەر فرسەخێ بەشێکیان جێ بهێڵێ. تا لە دواییدا کاوڕێ یان دوو کاوڕی بۆ خۆی دەهێشتەوەو ئەوەشی بەسبوو..

هاوڕێکەم. لە کۆتایی ئەم سەدەیەدا..
زەمەن زەمەنی جەردەیی بوو
لە کۆتایی ئەم سەدەیە و یان کەمتر ئێمەی
منالّیش بارمتەیەك بووین.. بۆ جەردەیی

سێیەم:

لە ئاگرکەوتنەوەو.. لەڕاودا..

بەغاردان لەنێوان ڕووبارو کونی مشکە کوێرەدا لەتەنەکەیەکی ژەنگاویدا ئاومان دەگواستەوە، ئاوەکەمان ڕۆدەکردە کونەکەوە دەگەڕاینەوە، تەنەکەکەمان پڕدەکردەوە لە ئاو و دەشمانزانی کە چاوەڕوانیمان زۆر ناخایەنێ

پاش ماوەیەك کونەکە پڕپڕ دەبوو لە ئاو، چەند بڵقێکی بچکۆلە بەرزدەبوونەوە ورد ورد "مشکە"کە بە تەڕی دەهاتە دەرێ و "مشکە کوێرە" لە ڕاستیدا کوێرە بەلاّم هەستی بە هێزی بۆنکردن لەلای ئەو چاوێکی وای پێ دەبەخشێ کە بە هیچ شتێکدا هەڵنەپژێ بەلاّم ئێمە لەکۆتاییدا دەیگرین، بە کلکی دەیگرین و دەیخەینە تەنەکەکەوە.

ئەمە ئەو ڕێگایەی ئێمەیە بۆ گرتنی مشکە کوێرەو جربۆعی کێڵگەکانیش و یاریەکەش لەم سنوورەدا تەواو نابێت. مشکەکە لە ترساندا هەناسە بڕکێی پێدەکەوێت و ئێمەش سەرسامین بەو ترسەی، چاڵێکی فراوان هەڵدەکەنین و پڕی دەکەین لە ئاو پاشان مشکەکەی تێفڕێ دەدەین بە هەموو لاکاندا مەلەی تیا دەکات و هەر کاتێکیش بیەوێ دەربچێت بە دارێك پاڵمان پێوەدەنایەوە بۆ ناو ئاوەکە سەعاتێکی پێ ناچێت وەکو کونە بادەکات و لە جموجوڵ دەکەوێت لە بێ ئومێدیدا دەیەوێ دەربچێت و ئەو کاتەی ڕێگای لێ دەگیردرێت هەرەس دێنێ ئیتر ئەوکاتە بەرد بارانی دەکەین گەروی دەکاتەوە وقووت دەخواتەوە و جەستەیەکی لە کارکەوتوو سەر ئاودەکەوێت. هەر ئەمە بە جربۆعیش دەکەین بەلاّم کونی جرۆبۆع چەندین کونی هەیە بۆ دەرچوون. هەریەکەیان درێژایی دوو مەترێك لەیەکەوە دوورن هەمووشیان لە ژێر زەمینەوە پێکەوە بەستراون بۆیە ئێمە هەموو کونەکان دەگرین بە تەنها یەکێکیان نەبێت ئەوەی کە ئاوی تیا ڕۆدەکەین. ئیتر ئەوانیش بە باکردوویی دێنەدەر هێندەیان ئاو قووت داوە ئەوکات بچکۆلەبووین. بچکۆلەگەلێك کە بە چاودێریکردنی جربۆعەوە ڕامان دەبوارد ئەو دەمەی کە دەهاتە دەری و پێیەکانی پێشەوەی بەرزدەکردەوەو ئاوڕی خێرای دەدایەوەو لە جووڵەیەکی پێکەنیناویدا لوتی دەخوراند هەوڵی ئەوەمان بووکە ڕاویان بکەین و تامردنیان گاڵتە بەئازارەکانیان بکەین بەلاّم گوندنشینەکان گۆشتەکەیان دەخوارد هەروەکو چۆن گۆشتی قەتێ و ژیژکیان دەخوارد ئاواش گۆشتی جربۆعیان دەخوارد. ژیژکیش لای ئێمەی منالّ چەند کاتژمێرێکی گاڵتەو گەپی هەیە کە بە کەوڵکراوی نەبێت لێی ڕزگار نابێت. ئێمە پاش خۆرئاوا بوون دەڕۆیشتین بۆ دەشت و دەر بۆ ڕووتایی چاوەڕوانی شەو دەکەین تا مانگ هەڵدێت هەر کە مانگ دەردەکەوێ، ژیژکیش دەردەکەوێ، ژیژك بە گشتی جووڵەیەکی خاویان هەیە، بەلاّم ئەو قەڵغانە دڕکاویەی وا دەکات کە گرتنی کێشەیەکی سەخت بێت بەلاّم ئێمە دەورمان دەگرتن و لەگەڵ خۆماندا قاپ قاپمان دەهێنا دەمانکردە پێمان و پێمان پیا دەنان و هەرکاتێکیش بە توندی قورساییمان خست سەر ژیژکە سەری لە قەڵغانەکە دەردەهێنا ئەو کاتەش، تەنیا پێویستیمان بە چەقۆی تیژ دەبێت، بەرگە دڕکاویەکەی پاش سەربڕین خاو دەبێتەوە، لە سکەوە هەر وەکو مۆزتوێکڵی دەگرینەوەو هەڵیدەدڕین.. بەلاّم ژیژك و جربۆعی کەوڵکراو بە زیندوییێتی دێنەوە خەونمان، دێنەوە باڵیان لێڕواوە و کلکی مارمێلکەیان پێوەیە و شەوانە وڕێنە دەکەین، وڕێنەدەکەین و ماڵەوە خەبەرمان دەکەنەوەو ئیتر چاومان ناچێتەوە خەو تا ئەوکاتەی خۆر هەڵدێت، بەلاّم ژیانی ئێمە، ئێمەی منالاّنی باکووری ڕووت هیچ خۆشیەکیتیا نییە جگە لە زیکەزیکی زیکزیکەو خشەخشی گیانلەبەرە خشۆکەکان نەبێت بە نێو گژوگیا وشکەکاندا لەبەر ئەوەی کە ئاوا دروستبووین ئیتر ئێمەش لەلای خۆمانەوە لەو وشکانیەدا هەوڵمان دەدا سەرقاپێك بۆ

خەونەکانمان دروست بکەین لە وێرانەی "فەڕەنسیەکان"دا کۆدەبووینەوە کە ئەویش پاشماوەی ماڵ و سەربازگەی سەردەمی داگیرکردن بوون بە تەنیشت ڕووباری "جعجع"و بەتەنیشت تەنیا ئاشەکەوە ئەوەی کە تەنیا بە کاری کوێرانەی دوو ئەسپەوەمابوون کە لە سووڕانەوەکانیاندا ژیان و دەغڵودانیشی دەهاڕی هەر لەوێ چایی سیلانمان دەدزی‌و لە لاپەڕەی دەفتەردا دەمان پێچایەوە و ئاگرمان تێبەردەدا، بەوەش لاسایی گەورەکانمان دەکردەوە، بەڵام قومارچیە سالووکەکان بەسەرماندا دەهاتن و ئەو هێلانەیەیان لێ تێک دەدایین، قومارچیەکان ئەوانەی کە گەنجگەلێک بوون و هەمیشە جەردەیەك سەرۆکایەتی دەکردن لەو وێرانەیەدا، ئەو دەسکەوتانەیان لە نێوان دابەشدەکرد کە بەیاریەکانیان لە گوندنشینە ساوێلکەکان بردبوویانەوە. قومارچییەکان بوون کە دەهاتن ئێمەیان دەردەکرد.. ڕۆژی دابەشکردنەکەیان تەواو نەدەبوو ئەگەر یەکێکیان بەرگورزێکی چەقۆ نەکەوتبایە لە پشتەوەی یان لە کەمەرەی. بەڵام هەمیشەش ڕزگاریان دەبوو تەنها (ڕەشادەخێل) نەبێت ئەوەی کە هاوڕێکەی بە تەنها لێدانێك وازی لێ نەهێنا بەڵکو لە کەمەرەوە بۆ کەمەر و بە درێژایی لە سینەوە بۆ سکی هەمووی هەڵدڕی، هاواری دەکرد پاڵکەوتبوو هەموو ناوسکی هەڵهێنابووە دەرەوە پاش پێنج سەعات کە کەس نەهاتە هاواریەوە تا تووشی نەزیف بوون بوو دوا دڵۆپە خوێنی ڕژاو مرد. ئێمە منالانییش بە درێژایی یەك مانگ لە خەونەکانماندا قیژەو هاواریمان دەبیست و تەنانەت بێزاریشی دەکردینەوە وەکو دیوارێك ئا لەو خاکە بێ چرایەدا.

ئێمە سەرەڕای ترس لەوێرانگە بەڵکو ترسمان لە بوونەوەرەکانی سەیرانگە ئەوانەی بوونەوەر گەلێکن هەمیشە وا هەست دەکەین بە دەوروبەرماندا وێڵن. هەندێجار هەناسەکانیانمان بەردەکەوێ یان هەندێ جار وەختە گوێمان لە چپەچپەکانیان دەبێ ئەوانەی نەبینراون ئەوان ڕاماڵکراوێکی ڕابوردون گەورەکان نەبێ کەس نایان ناسێت.

ڕەواڵ سپین و چاوەکانیان هەڵ قڵیشاوەیەکن تا گوێچکەکانیان ئامادن هەر شێوەیەك وەرگرن کە هەڵیدەبژێرن، بەڵام (ئوسمانو) دەڵێ مادام دەمبوسێکی میتاڵ یان دەرزییەکی دورمانتان پێیە مەترسن.. و ئێمەش دەڵێین چۆن؟ ئوسمانۆ دەڵێ. ئەوان لە دەرزی دەترسن داپیرەم یەکێك لەم دێوە نەبینراوانەی بەدیلگرت کاتێ دەرزییەکی درومانی پیا چەقاندن ئیتر دێوەکە کەوتە ژێر ڕکێفی داپیرەم ئوسمانو گونجێکی تێکشکاوە داوای کچی مامەکەی خۆی کرد مامیشی ڕەدیکردەوە چونکە ئەو جەردەیەو بە ماڵی حەرام دەژی لە بەرامبەر ئەم ڕەتکردنەوەدا بڕیاریدا ئیش بکات و بە عارەقی نێوچەوانی بژێت و کاری پێڵاو بۆیاخکردنی دەکرد. ئوسمانو سەر بە تایەفەیەکی کورد بە (کولی) دەناسرێنەوە، (کولی)ەکان توندوتیژن هەندێکیان بۆ سەرکەوتنی هەندێکی تریان تا مردن شەڕدەکەن (کولی)ەکان حەماڵبوون و لە تورکیاوە هاتن هەندێکیان دەوڵەمەند بوون هەندێکی تریان وەکو خۆیان مانەوە دەستیان بە خێر و چاکەوەیەو هیچ نرخێك بۆ پارەوپول دانانێن ئوسمانو لەبەر هەژارێتیەکەی تێکشکاو نییە بەڵکو بەڕابووردووی تێکشکاوە. ئوسمانو ئێمەی منالانی، لە دەوروبەری خۆی کۆدەکردەوە چیرۆك و هەقایەتی وای بۆ دەگێڕاینەوە کە هەندێکیان ڕوویدا بوو و هەندێکیان قەت ڕووی نەدەدا..، کاتی کە کۆی دەکردینەوە ئێمە لەسەر سوڕماندا لە حەکایەتەکانی دەممان دەکردەوە: ئەوبوونەوەرە نەبینراوانە لە جێگایەکی چۆڵی نێوان گوندەکانی (عامودا)دا بە پاسکیلەکەیدا خۆیان هەڵواسیبوون پاشان دەیگوت: تەنیا جورئەت و خۆگرتن چەکی مرۆڤن لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو بوونەوەرە نەبینراوانەدا و خەڵکی ترسنۆك لە ترساندا تێی دەکەوێت. ئوسمانۆ دەڵێت کاتێ کە داپیرەی بەدەرزیەکی دروومان یەکێك لەو بوونەوەرانەی بە دیلگرت، ئیتر ئەو بوونەوەرە نەبینراوە بوو بە بوونەوەرێکی بینراوی (ئاسایی) دەستی دەخستە سەر گۆزەی ڕۆن ئیتر گۆزەکە لێی هەڵدەقولا و لێی دەڕژا تا داپیرە فەرمانی دەدا بە وەستانی و ئیتر دەوەستا پاشان دەیگوت پاش چەند ساڵێك داپیرە بوونەوەرەکەی ڕزگارکرد پاش ئەوەی سوێندی خوارد کە واز لە ترساندنی مرۆڤ بهێنێت.

بەڵێ، ئازادیکرد، دەرزیەکەی لێدەرهێناو بەرەڵای کرد (قەت لێمان نەپرسی کە کەی و بە کوێدا دەرزیەکەی چەقاندبوو) لەنێوان هەقایەتێك و هەقایەتێکی تردا ئوسمانو دەستی دەکرد بە گیرفانی چاکەتەکەیدا و وێنەیەك ی تەمومژاوی دەردەهێنا: کچێکی کاڵ لەسەر ئەژنۆی ئوسمانو دانیشتبوو و لە پێشیانیشدا مێزێك دانرابوو کە هەندێ شووشە و گڵاسێکی لەسەر بوو. بەڵێ وێنەیەکی تەمومژاوی بو لای ئێمەی منالْ. بەڵام (ئوسمانو) شتەکەی ڕوون دەکردەوە: "من لە ئەستەمبووڵ بووم و ئەوەش کچە هاوڕێکەمە.." هاوارمان دەکرد: (ئەڵلا. تۆ زیرەکیت ئوسمانو) (کچێکی کاڵ) هەندێکمان سەیری یەکتریمان دەکرد یان لێمان دەپرسی (ئایا کچە هاوڕێکەت زمانی کوردی دەزانێت؟ (ئوسمانو) بەسووکایەتییەوە تێمانی دەڕوانێ و دەیگوت ئەو زۆر زۆر شارستانییە..! شارستانییەتیش لەلای ئوسمانو جلی کورت و شێوەیەکی ڕووت و زمانێکی بیانی بوو هەقیشی بوو چونکە جلی دایکەکانمان زۆر ئاڵۆز و درێژ بوو و میکیاجی ئاڵکردنی لێویان بەکار نەدەهێنا، هیچ زمانێکی سەر زەمینیان نەدەزانی هەمووان لە دڵی خۆماندا هاوارمان دەکرد ئای لە ئوسمانۆی مەزن! ئیتر (ئوسمانۆ) مان بیر دەچوویەوەو مامی ئەویشمان بیر دەچوویەوە ئەو مامەیەی کە بە هەڵهاتووی لە تورکیاوە هات کاتێ کە ئێوارەیەك لە بەردەم ماڵی (ئەحمەد سالو) دا ڕاوەستاو خەنجەرە خوارەکەی هەڵکێشا لەسەر دەستی ئەو دووانزە تەرم لەوناوەدا کەوتن تەرمی دە پیاوو و دووژن. منالان لە هۆی قەسابخانە ناپرسن بەڵکو سەرسامن بەو دەستە بوێرانەی کە خاوەنەکانیان ڕوو زەردناکەن لەوەشاندنی تەورو خەنجەردا.لەبەر ئەوەش کە ئێمە سەرسامین بە شتی لە ڕادەبەدەر (خارق) و بە پیاوی بەجەرگ و ڕۆنمان دەدزی و لە کەنار ڕووبارەکەدا جەستە لاوازەکانمان پێ چەور دەکرد لە مانۆڕێکی پێکەنیناویدا هەندێ جموجوڵمان دەنواند.. مانۆڕی وەرزشی کە (ماسولکە)ی تیا نەبوو بەڵکو ئێسکی تیابوو، پاش ئەو مانۆڕانە خۆمان دەخستە ئاوەوەو بەڵام ڕۆنەکە نەدەڕۆیشت دەگەڕاینەوە بۆ ماڵ جلەکانی ژێرەوەمان بووبوو بە بەشێك کە لە پێستی ڕەشی سوتێنراو دەچوو لە شوێنێکی تەریکدا دامان دەماڵین وتا دووردوور فڕێی بدەین. پاشان بە دزی ماڵەوە جلی ژێرەوەی پاکمان لەبەر دەکرد کاتێکی دوورو درێژی دەبرد تا ئەو کەمکردنەیان درك پێدەکرد لە جل و

بەرگەکانماندا بەڵام ئێمە لەوێ لە کەنارەکانی خاپوور هیچ ناچار نەبووین بە پراکتیزەکردنی ئەو دزینەوەیە چونکە هەر کاتێك دووربووین لە ماڵ و گەورەکانەوە دوور دەبووین لە ترسیشەوە، دوور دەبووین لەو تاریکە سەلاتەی منالێتی دەترساندین.. ئەو وەرزە لێوان لێوەش بەسەربەستی تەنها لە هاویندا هەبوو، ئەو دەمەی کە مامی گەورەمان بانگی دەکردین بۆ پاسەوانی عەمباری دەغڵ و دانەکانیی خۆی بە تەنیشت زێی خاپوورەوە بەشداریکردنی ئێمەش بەشداری کردنێکی بچکۆلانە بوو تەنیا کۆکردنەوەی ئەو دەغڵە ڕژاوانەبوو کە لە گونیەکانەوەڕژابوون پاش ئەوەی کە گەلابە گەورەکان چەندین تەنیان لەسەر زەویی لێ هەڵگرتبوو ڕۆژ بە ڕۆژ هەستمان بەوە دەکرد ئەوەی کە ئێمە کۆمان کردبۆوە بەشی مەسروفی درێژایی ساڵێکی تەواوی خێزانێکی تەواوی دەکرد، سەیارە بارهەڵگرەکان بە پڕی دەهاتن.. و بارەکانیان خاڵی دەکردەوە، یان بە بەتاڵی دەهاتن و پردەبوون لە نێوان هاتن و چونیاندا ئاوی زێی خاپوور بە گەشتێك دەیبردین. خاپوریش میرە (قەراڵ)ە لە نێوان ڕووبارەکاندا.. فراوانە و وەکو ڕەشەبا هەڵدەقوڵێ.. دار کالیپتۆز بە کەنارەکانیدا ئاپوورەیان کردوەو بەستراونەتە تۆڕی عەلیقەوە. ئەوانەی توویەکی سووری کێویلە دەگرن، یان داری خۆرئاوا بوون کە جلەکانی خاو دەکردەوەو وەکو قژێکی داهێنراو بە ئاوەکەدا دەینارد ئێمە بۆ گەشتەکانمان ئەو جێگایانەمان هەڵدەبژارد کە نزیك بوون لە ناعوورەکانەوە، جلەکانمان دادەکەندو خۆمان دەخستە ئاوەکەوە و کاڵەکی سوورمان لەگەڵ خۆمان دەبرد، کاتێکیش ساردەبوویەوە دابەشمان دەکرد، ئێمە لە نیوەڕۆ گەرمەکانی باکوردا کە لە ڕۆژدا شۆستەی شەقامەکانی تیا دەتوایەوە.. و لەوێ بە تەنیشت ناعورەکان و هەناسە برکێ نەبڕاوەکانیەوە، کچە لادێییەکان وەکو پۆلە قەتێ هەڵدەنیشتن، لەگەرمای نیوەڕوان هەڵاتبوون و دەهاتن بۆ لای ئاوەکە.. کچە لادێییەکان لە کێڵگەکاندا کاریان دەکرد بەروبومی باینجان و بیبەرو کولەکەو خەیاریان دەچنی بەرامبەر هەندێك لەوانەی کە چنیبوویان.. هەموو ڕۆژێك و پۆلێکی تازە دێن.. هەموو پۆلێکیش لەنیوەڕواندا هەڵدەهاتن بەرەو ئاوەکە.. ئەوەش خووی ئەوانە..

ئەوان بە جلە شۆڕەکانیانەوە خۆیان دەخستە ئاوەکەوە، پاش ئەوەی کە لە جلەکانی ژێرەوە ڕزگاریان دەبوو کچە لادێییەکان هەمیشە پێیان پەتیەو جلی ژێرەوەش لە پێ ناکەن.. ئەو کاتە ئێمەش منال بووین، بە لامانەوە گرنگ نەبوو کە جلە تەڕەکانیان دەنووسا بە گیانیانەوەو لە هەموو نوشتانەوەیەکدا خزانێکی بەلەززەتیان دروست دەکرد.. گوێمان نەدەدایە دەستبازی هەندێکیان بۆ هەندێکی تریان یان هەندێکیان لەگەڵ ئێمەدا.. ئێمەی بە تەواوەتی ڕووت. جلەکانیان سەر ئاو دەکەوت و کاتێکیش ڕۆدەچوونە ئاوەکەوە جلەکانیان تا گەردنیان بەرزدەبوویەوەو کاتێکیش هەڵدەستان، لەسەر خۆخاویان دەکردەوەو ئێمەش زۆرمان بەلاوە سەیر بوو کە جەستەی ئافرەت تووکی لێ دەڕوێ، وامان دەزانی کە ئەوە تایبەتە بە پیاوان، بەڵام سەیر ئەوەبوو. ئەوان هەرکاتێ بێزار دەبوون لەگاڵتە و گەپی نێو ئاوەکە. جلەکانیان لەبەر دادەکەندو هەڵیاندەخستە سەر چڵەکان تا وشك دەبوونەوە.. و بەڕووتی دەمانەوەهەندێجار خۆیان لە پشتی دارەکان دەشاردەوەو هەندێ جاریش بێ گوێدان بە ئەو چاوانەی کە دەیخوێندنەوە خۆیان هەڵدەخست.. ئەو کاتانەش ئێمە لەوهۆیانەمان دەپرسی کە بۆ بەجلەکانیانەوە خۆیان دەخەنە ئاوەکەوە مادامێك کە ئەوان پاش ئەوە بەڕوتی وشکیان دەکەنەوە..؟ بەڵام دوژمنایەتیەك لە نێوان ئێمەو ئەواندا دروست دەبوو کاتێ کە دەستەسڕ یان جلی یەکێکیان وون بایە، ئەوان یەکێکی خۆیانیان تاوانبار دەکرد کە ماندوودەبوون لەمشت و مڕو شەڕە قسە ئێمەیان تاوانبار دەکرد و ڕایاندەکێشاینە پەنایەکەوەو ئێمەش گازێکمان لێ دەگرتن و ئیتر ئێمە لێیان هەڵدەهاتین و دوور دەکەوتینەوە– و هێشتا هەر ڕووتبووین کە مەرمان لە جوڵەیەکی سەیردا دەجوڵاند، کە ئەوەش لە جوێن بە ئازارترو ناخۆشتر بوو لەلای ئەوان و درێژەمان دەدا بەو جوڵە سەیرە کە ئەوەش تووڕەی دەکردن. چڵێکی وشکمان دەگرت و دەمانخستە نێوان هەردوو ڕانمانەوەو هاوارمان دەکرد (یەڵە کچینە!؟) ئیتر ئەوان بەردبارانیان دەکردین.. پاش زەمەنێك لەم گاڵتە و گەپە، کە زەمەنێکی کورت بوو..! ڕقمان لە خاپور دەهاتەوە چونکە "عبدالمجید جاجان"ی لێ فڕاندین چوار ڕۆژ

کەس و کارەکەی بەدوای جەستەکەیدا گەڕان.. و کاتێکیش کە دۆزیانەوە وەکو تەپڵ بای کردبوو و ماسی چاوێکی خواردبوو.. بەڵام ڕقی ئێمە خاپووری نەوەستاند هەر بە قەراڵی مایەوە لە نێوان ڕووبارەکاندا، قەراڵێکی بە ئاپوورە کۆمەڵە گوندێکی قەرەباڵغی بە دەورخۆیدا کۆکردبۆوە گوند گەلێك کەجوگرافیا و داب و نەریت و میوەهاتیان دەگۆڕیەوە هەر لە ئاشووریەکانەوەتا دەگاتە کوردو یەزیدیەکان.. گوندە ئاشورییەکان ناسرابوون بە چاندنی هەنجیر و گوندە کوردو یەزیدی نشینەکانیش بە شوانکارەیی و مریشك بەخێوکردن و چاندنی هەندێ کشوکاڵ وەکو لفکەو پەموو.. ئەمانەش بە پێوانە لەگەڵ نامۆیی یەزیدییەکاندا هێندە سەرنج ڕاکێش نەبوون ئەوکاتە ئێمە منداڵبووین ئەو مێژووەمان هێندە لا مەبەست نەبوو کە یەزیدیەکانی پۆلێن دەکرد بۆ چەند تیپێکی ناوەکی بنەڕەتیانمان لا مەبەست نەبوو، یان ڕۆڵی بەریتانیا لەوەی کە کەمایەتیەکیان لێ دروست بکات وەکو کەمایەتیەکانی ڕۆژهەڵات، هەر وەکو ڕاهاتبوو وا لەو جیهانەمان بکات کە تا خنکان لە ڕابردوودا ڕۆچووبوو، یان لە ڕازیبوندا تا خنکاندن گۆشەگیر بووبوو ئێمە لەنێوان سەرسوڕماو و سەرسام بووندابووین ئەو دەم بەو پیاوانەی کە پرچەکانیان وەکو ژنان کردبووە پەلك یان سمێڵە چڕەکانیان و لێوەکانیان دیار نەبوون پیس بوون خۆیان نەدەشوشت مەلیك تاوسیان پیرۆز ڕادەگرت یان شەیتانی گەورە وەك دەڵێن مامم کە خاوەن عەمبارەکانی نزیك خاپووربوو شەریکێکی یەزیدی هەبوو ناوی (حاجی) بوو کە قەت بۆ ماڵی خودا نەڕۆیشتبوو بەڵام بە (حاجی) ناوبانگی دەرکردبوو لەوەمان نەدەپرسی بۆچی؟؟ حاجی بازرگانێکی لێزان بوو.. ئێمە هەستمان پێدەکرد کە هەموو شەوێ هەڵدەستێ و نوێژێکی نامۆی لەبەر خۆیەوە دەووتەوە. ئەو کاتەی هەموومان لە هۆڵێکی لە سەنگەر چوودا ڕادەکشاین.. بەڵام بەڕۆژ بە ئەنقەست دەگەڕاینەوە بۆ یاریەکانمان لەگەڵ ئەو پیرەدا جوێنمان بە شەیتان دەدا یان هەرکاتێك بەلایدا تێپەڕین نەفرەتمان لێدەکرد ئەویش ڕوومەتی سوور هەڵدەگەڕا و نەفرەتی لێدەکردین لە ڕقەبەرایەتیەکی دیاردا تفمان دەخستە سەر زەوی. چونکە شەیتان لە چڕیدایە: لە زەمەن و لە تاریکیدایە.. ئیتر نەفرەتی لێدەکردین و لە

کۆتاییدا بە دەوریا لەسەر زەویە خۆڵینەکەدا بازنەیەکمان دەکێشا و ئیتر یەزیدی تامردن لەو بازنەیە نایەتە دەرێ.. یان لەوێنەکەیدا دەیسڕێتەوە "حاجی" لە ترسێکی ئاشکرادا هاوار دەکات:بەچکە سەگینە بازنەکە بسڕنەوە ئێمەش هاوارمان دەکرد تۆ لە نەوەی شەیتانیت و بەچکە سەگیت. تا لە کۆتاییدا یەکێك لە گەورەکان دێتە فریای "حاجی"ەوەو بازنەکە دەسڕێتەوەو ئێمە ڕاودەنێ. ئیتر ئەو ڕۆژە مامم قەساسمان دەکات.لە توند وتیژیەکدا قەساسمان دەکات تا هەندێ جار دەگاتە ئەو ڕادەیەی کە یەکێکمان بگەڕێتەوە لەبری ئێمە داوای لێبووردن لە "حاجی" بە هەیبەت بکات..

.. و گەڕانەوەمان لەو سەربەستیە، لە سەربەستیخاپووری قەڕاڵ و ئەو کەنارانەی کە بەرامبەر چیای "عبدالعزیز"ن ئەوەی کە هێلانەی کۆترە کێویلەی زۆر لێیە، گەڕانەوەیە کە بۆ ترسی عادەتی، گەڕانەوەیەکە بۆ تەپوتۆزو قەساس بوون، گەڕانەوەیەکە بۆ منالێتیەکی خەڵتان بە پایزی شارو قوتابخانەکانی، بەو بارانەی کە تۆزی هاوین لە بەرزاییەوە ڕادەماڵێت و جگە لە قوڕ هیچ نابارێنێت.. بەڵام ئێمە لە گەڕانەوەماندا بۆ قەفەسی گەورەکان و دەسەڵاتە کۆنەکەیان ڕاڕەوێك بۆ حەز و خولیاکانمان دەکەینەوە، ڕاڕەوێك لە وێرانەو ئازارەکان، پاشماوەی منالێتی تێك و پێك دەشکێنین و خەونی گەورەکانیش بە منالێتی ئێمە، ئەو کاتەی گاز ڕۆدەکەینە سەر پشیلەیەکدا و لە کلکەوە گڕی تێبەردەدەین.

پشیلکە شێت و هار دەبێت و غار دەدات، دەکێشێ بە دیواری ماڵەکاندا و چەند مەترێك لە زەمین بەرز دەبێتەوە ئاگرەکە لە کلکیەوە بەردەبێتە گشت جەستەی. غاردەدات و ئێمەش بەدوایدا غار دەدەین دەگاتە ئەو کۆردەریەی کە بە تەنیشت ماڵەکانەوەیە پێش ئەوەی کەلەی سەری وەکو فوودانکەیەك (میزڵدان) بتەقێتەوە. سوتانی کۆردەرش لەلای خۆیەوە چەند سووکە.. باوەش، باوەش ئاگرەکە درێژدەبێتەوەو مەتر مەتر گڕەکە بەرزدەبێتەوە..

دێینەوە لە گەورەکان دەپارێینەوە هەر وەکو ئەوەی ڕوویداوە هیچ پەیوەندی بە ئێمەوە نەبێت.. گەورەکان بە دۆڵەکەی ئاوەوە دێنە دەرەوە ئەو کاتەش ئاو سوودی نامێنێ خاکەنازدێنن و خۆڵ دەڕژێنن بەسەر ئاگرەکەدا، ئەوکاتەش گەورەکان بە خاکەنازو ژنانیش بە چاوەچاوکردنەوە سەرقاڵن ئێمەی منال دزە دەکەینە حەوشەی ماڵی "عڤداڵ"ەوە باروت دەبەستین بە کلکی گوێرەکەکانەوەو دەرگا دارینە گەورەکان دەکەینەوە فتیلەکان ئاگر دەدەین خێرا دەڕۆینە دەرەوە دەژمێرین یەك دوو سێ تەواو ناکەین لە حەوشەدا ئاژاوەیەك ڕوویداوە گوێرەکەکان بە دەوری خۆیاندا دەسووڕێنەوەو مێخەکانیان لەبن دەردەهێنن و شێتانە لە دەروازەوە بۆی دەردەچن

خێڵی "عڤدال" ئەو ڕۆژەیان بە ڕاونانی گوێرەکە هەڵاتووەکانیانەوە دەبەنەسەر بەنێو گەڕەك و کێڵگەکاندا. کاتێ کەوەگێری دەخەن لە ماندوێتیدا نەفرەت لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و لەمانگ و ئەستێرە دەکەن.. ئێمەش نەفرەتیان لێدەکەین. نەفرەت لە مانگ وئەستێرە دەکەین لە لوورەیەکی بێ دەنگدا وەکو گیانلەبەری برینداری دەشتاییەکان هاوارمان دەکرد. بەرەو ڕوی تاریکیە سیحراویەکە دەڕۆیشتین، ئەو تاریکیەی کە شارەکەی دەسڕیەوە و دەیکرد بە زەریاگەلێك کە قامیشەکانی کەنارەکانی دەشکان. دەشکان بە غاردانی شێتانەی جەستەگەلێك نیوەیان پێی گامێش بوون و نیوەکەی تریان ڕووەکی حەرشوف نیوەیان جربۆع بوون و نیوەکەی تریان پرچێکی داهێنراو بوون وەکو پرچی ژنان.. لە هەمان ڕووگا ورد دەبووینەوە هەر وەکو پێکانمان سەرچاوەی هەڵکردنی شاراوەی نێوان "عامودا" "حلکو" بێت تەپوپۆز تەپوتۆز، زەمینیش خۆی بۆ تیرەکانی منالێتیمان دەرناخات تەنها لەشێوەی گایەکدا نەبێت کە تۆپی گەورەی مردوانی بەشاخەکانی هەڵگرتووە..



بەشێك لە ڕۆمانی:

پەڕ

نووسینی: سەلیم بەرەکات
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە:
جەوهەر کرمانج

ئەو کەسایەتیانەی بۆ ئەم چارەنووسە هەڵبژێردراون

1-کوردستان- وڵاتێکە حەمدێ ئازاد دەتوانێ دەسا انی بکات.

2-"مەم"ی کوڕی حەمدێ ئازاد" ئەو لاوەی حەقیقەت .ەکاتەوە"

3-حەمدێ ئازاد" کوتاڵ ر ن"

4-مەلا سەلیمی بەدلیسی" خاوەنی شۆڕشێکی غەدر لێکراو"

5-کونسوڵی ڕوسیایی و ژنەکەی" خانە خوێی مەلا سەلیم"

6-شێخ محەمەد سەعید نەخشبەندی" سەرکردەی یەکەم ڕاپەڕینی کورد"

7-" پیاوە گەورەکە" "کەسێکە لە ڕۆمانەکە دەرناکەوێ"

8-چوار پیاو" چاو ساخی مەم بۆلای" پیاوە گەورەکە"

9-پیاوێك دەستەکانی وەکو باڵن" دراوسێی مەم"ە

10-حسێن موکریانی" خاوەنی یەکەم چاپخانەی کوردی"

11-" سێ درەختۆکەی گوڵ" تەنیا درەختۆکە"

12-بڕکە بیبەرێکی پووچ" گیایەکی ئازار کێشە"

13-دوو باڵندەی سەر بە پۆپنە "باڵندەی کێڵگەن زۆر دەردەکەون"

14-گۆڕێکی ناتەواو" گۆڕێك لە چۆڵەوانیەو بە جادەیەکەوە نووساوە"

15-ئەحمەد کەلیم" ڕاوچیەو لە ژیانیدا ئاسکێکی ڕاو نەکردووە"

16-دینۆ "جمك"ی مەمە.

17-ئەحمەدی خانی"شاعیرێکی دێرینی کوردە.. مەم و زینی داناوە"

18-هیڤین "18" ساڵانە "وڵات" "16" ساڵانە "عەیشانە" "14" ساڵانە "ڕەحیمە" "12" ساڵانە"ڕووهات" "9" ساڵانە "هێلین" "5" ساڵانە کچی حەمدێ ئازادن.

19-کەسپۆ (دایکی مەم، ژنی حەمدێ ئازاد)ە

20-قازی محمد(سەرکۆماری یەکەم کۆماری کوردی)

21-مهاباد "شارێکە یەکەمین کۆماری کوردی بەناو کرا"

22-ئیسماعیل سمکۆ ئاغا "پیاوێکە سەربردەکانی گرژن"

23-"خاوەن پۆستاڵەکە" کچێکە ناوەکەی پشتگوێ خراوە.

24-شێرۆ بابان"خاوەن دەڕاسەیەو بەدبەختە"

25-قادر حەمۆ "وێنەی سمکۆ ئاغای لە گیرفانە"

26-جۆمەرد "کوڕی خوشکی کەسپۆیە"

27-جەببوور مەرقەس"دراوسێی خێزانە سریانەکەی حەمدێ"

28-بارام جور" میرێکی داستانانە".

29-رادیۆیەکی تازە"شەپۆلی زۆری هەیە"

30-دوو درەختی(کینا) جیاوازییان لەگەڵ درەختەکانی دیکەی(کینیا)نیە کوتاڵ، تەختێکی نووستنی گەورەی دار.. ئەسپێکی ڕەش.. چەند دەڕاسەیەك تورگ.. زێ.. نەخۆشخانە.. کێڵگە.. ئاسمان.. با.. چارەنووس.. باران..و.. زۆربلێیی.

"بەشی یەکەم"

نەخشە کێشانێکی ناهەمواری کات
بەر لە خۆکوشتنی"مەم" وردەکاریە
ئاشکراکانیش هەر خۆیان ئاشکران.

فەسڵی یەکەم

کە هەموو جلەکانم لەجانتا چەرمیەکە دەرهێنا، لەپڕ، لە بنە بانە تاریکەکەیدا پەڕێکی بۆری گچکە بەحەوای کەوت، پاشان بەلاری لەو بنە بانەدا جێگیر بوو کە لۆچەکانی بەچاکی دیارن کە زبرن. ئەو کەسەی ئەم جانتایەی دروست کردووە هەرگیز بەخەیاڵیدا نەهاتووە کە من بەم دیقەتەوە تەماشای بنەکەی دەکەم و داوە ئەستوورەکانی دەبینم کە سەرەکانیان بەدەست قرتێندراون نەك بە مەقەست.

دەستم درێژ کردو پەڕەکەم هەڵگرتەوە، لەبەر ڕووناکیدا بۆر نەبوو، لەدەرێی جانتاکە لە سەروبنی ورد بوومەوە، سپی و بۆر بوو.. یەکجار گچکە و گەچلاو بوو.. ویستم فڕێی بدەم بەڵام هەڵوێستەیەکم کرد، پەنجەم لێبەردا دیسان کەوتەوە بنی جانتاکە.

لەخۆم نەپرسی داخوا کێ هاویشتویەتە ناو جلەکانم، یەکەمین جار خواروخێچ بوونەکەی لە بنی جانتاکەدا سەرنجی ڕاکێشام بەو ڕەنگەشیەوە کە هاتە بەرچاوم تا دوایی لەبەر ڕووناکیدا بۆم دەرکەوت چۆنە، ئەوە وای لێکردم جارێکی دیکە بیهاوێمەوە بنی جانتاکە، بۆ ناو ئەو تاریکیەی لەسەر لۆچەکانی ڕاکشاوە کە دیارە گرێیەکانی داوەکە لەسەر چەرمەکە پاڵیان پێك داوە.

جا بۆ سەبارەت بە یەك پەڕ لەخۆم بپرسم..؟ چما ئەز لە بەڵگەیەك دەگەڕێم تائەوە بسەلمێنێ کە حەقیقەت قەباحەتێکە هەندێ کەس دەتوانن وەك پارچە نانێك فڕێی بدەنە سەر تەڵەی خەڵکانی دی..؟ پەڕێك.. یەك تاکە پەڕ وەك بەناو خۆکوشتنەکەی منە! کەس هەیە دوو جار خۆی بکوژێ؟ دووجار هەوڵ دەدا بەڵام دووجار خۆی ناکوژێ.. ئەگەر تەقەللا بدات ڕەنگە دەربازیش بێت، ئەگەریش خۆی بکوژێ ئەوا دەمرێ، مردنیش واتە مردو هیچ واتایەکی دیکەی نیە، منیش بڕیارم دا خۆم بکوژم، بەڵام پێش ئەوەی ئەم جانتایە بکەمەوە کە ئەم پەڕە بۆرە لەبنە بانە تاریکەکەیدا بەرز بۆوە.

کەمێك بیرم لە هێندێ بابەتی فەلسەفی کردەوە کەهەر لەو چەترەی من دەچوو کە لە سووچێکی پشت دەرگاکەوە هەڵمواسیوە، لەبەر ئەوەی باران تەڕی کردبوو.. بەخۆم گوت:- هەڵوێستەکەش پێویستی بەم جۆرە قڕوقەپیە نەبوو-"مرۆڤ بە سروشتی خۆی شەڕانگێز لە دایك دەبێ، کەچی هەموو تەمەنی خۆی لەوە بەسەر دەبا تا بیسەلمێنێ کە شەڕانگێز نیە". لە ناخەوە پێم وایە کە هەڵوێستەکە نەدەبوو ڕێ بەو هەموو تەرزە زۆر بلێیی‌یەی ناوەوە بدات، مادام کەسەکە-خۆم-م دەیەوێ خۆی بکوژێ. خۆکوشتنی بێ زەوقانە شتێکی گاڵتەجاڕیە تا ڕادەی دەربازکردنی ڕۆح لەپێکەنین، مەبەستم ئەوەیە ئێمە کاتێك خۆمان دەکوژین کە لە ڕادەی

ئەو پێکەنینە بێزار بین کە بەسەر رۆح دا زاڵە، رووداوەکەش بە نەختێ ئاسان کردنەوە، وەك ئەو کەسە وایە لەپێکەنیناندا دڵی بتەقێ.

ئەوها.. لاسەنگیەکی کەم لە رێژە ئاساییەکانی ژیان کە پێویستە رەچاو بکرێ، پێدەکەنێ جا دەتەقێ، تووڕە دەبێ جا دەتەقێ دەخوا تا دەتەقێ، برسی دەبێ تا دەتەقێ، دەخەوێ تا دەتەقێ رووناك دەبێ تا دەتەقێ حوکمڕانی دەکا تا دەتەقێ، کۆیلایەتی دەکا تا دەتەقێ، هەناسە هەڵدەکێشێ تا دەتەقێ، دەخنکێ تا دەتەقێ ئەوها.. لاسەنگیەکی کەم لە رێژەکاندا وەك چێشت لێنانە.. ژیانیش خۆی چێشتە.. بۆیە ئەو رۆژەی بڕیاری خۆکوشتنم دا لە بارانم دەنۆڕی کە بەخوڕ دایکردبوو، لەو دیو پەنجەرەی ئاشپەزخانەکەم دا جووتێ باڵندەی ئاقاری"سەربەپۆپنە"م لە چۆڵەوانیەکەی پشت ماڵەکەم دا بینی. چەترەکەم هەڵگرت و لە دەرگای ئاشپەزخانەکەوە بەرەو ئەو جێگایە چووم کە هەردوو باڵندەکە لێی هەڵنیشتبوون. خۆیان لە ژێر بارانەکە کورژ کردبۆوە. بەجۆرێك کە ملیان دیار نەبوو. کە نزیك بوومەوە هەڵفڕین.. تێنەگەیشتم بۆ هەڵفڕین..! خۆ منیش وەك ئەوان بەخۆم و چەترەکەمەوە لەژێر بارانەکە بووم.ویستم وەکو خۆم بیانپارێزم. نازانم لەو چۆڵاییەی پشت ماڵەکەم دادەنیشتم یان هەر بە پێوە رادەوەستام تا بارانەکە لێی دەکردەوە..؟ ئەوەی بزانم دەمویست لەناخەوە ئەم دووباڵندەیە بپارێزم. بەڵام هەڵفڕین.

"باڵندە لە من ناگەن" لە ناخەوەو بە باوەڕێکی تاڵەوە ئەم بڕیارەم دا پاشان گەڕامەوە بۆ ماڵ.. زۆر خەمناك، هەر ئەوەش زیاتر هانی دام لەسەر خۆکوشتن. لە کاتێکدا من پێویستیم بە ئەگەری زێدە نەبوو. بەڵام هەرشتێکی زیادە مانای درێژەدانی دواخستن لە حسێبەکە ناهێڵێ: "دەبا ئێستا بمرم".

بەڵام من دەمەوێ رێ بە دەروونی خۆم بدەم کەلەبەری بڕیارەکەم بزانێ ئەویش پەیوەندی بە ئەگەری زیاد هەیە کە بێ چەندو چوون پشتم پێ ی بەستوە. بەڵکو بە وەڕسیەکی زۆریشەوە — تا رۆحی خۆم بەرکەنار— بکەم.

زیادبوونی هۆکارەکان.. مایەی سەرنجن. دانی پێدا دەنێم.. هەر درێژە پێدانێك چەندیش گچکە بێت سەرنج راکێشە، بەقەدەر ئەو سووربوونەی کە هەتە. بەو توانایەی کە هەیەتی بۆ رازی کردن، بەتەواوی وەکو سەربردەکەی من و ئەو دوو باڵندە ئاقاریەی کە هەڵفڕین— جا چ جای ئەوەی کە وەك من بیربکەیتەوە:

"هەموو هەر دەمرین.. جا جیاوازی چییە ئەگەر چەند ساڵێك کەمتر بێ یان زیاتر؟". بەڵام ئەوەی وای لێکردم دابمێنم پرسیارێکی پووچ بوو: "بۆ خۆت کوشت؟.. واتا یەکێك لێم بپرسێ بۆخۆت کوشت، پرسیارەکەش لەجێی خۆی‌دا نیە، بە هەر حاڵ، دوای خۆکوشتنم کەس لێم ناپرسێ. تەنانەت لەدیداری کەس و کاریشیاندا، بەڵام من ناتوانم ئەو ئەگەرە ببوێرم، واتە ئەگەر یەکێك لێم بپرسێ: "بۆخۆت کوشت"؟ "خۆم کوشت"! لەوانەیە بە مالۆسی وەرام بدەمەوە "خۆم کوشت" ئەوها "خۆم کوشت" لەبەرچی..؟ ئەم لەبەر چییە چیرۆکێکی دیکەیە، ئەوە وردەکاریە.

"کەواتە خۆ کوشتنم دوورو درێژە" وا بەخۆم دەڵێم.. بۆ نموونە من هەموو بەیانیەك یەك سەعات خەریکی خۆ شووشتنم، تا وای لێهاتووە بەیانی لەکن من بۆتە ئاو و سابوون و کەف، هاوڕێکانم دەڵێن: ئەوە چی دەگەیەنێ، هەڵبەتە مەبەستم لە بەیانیانە— کۆڵهەڵگرێك کە لەناو کۆڵهەڵگرەکانی شاردا نابیندرێ، بەگوێرەی قسەی ئەوان بەیانی سفرەیەکی بەتامە، چێشتێکی خۆشە، رامانێکی خێزاندارانەیە، فاتوورەیەکی جێ وەڕس بوون دەدرێتە رۆژ، کە من ئەوە نازانم، چونکە من کە لە خەو رادەبم یەکسەر بە چاوی نووقاوەوە بەرەو گەرماوەکە دەچم، یەك سەعات خەریکی خۆشووشتن دەبم، سەعاتێکی تەواونا، بەڵکو بە هەموو کلك و گوێکانیەوە، دوای ئەوەش پەلە پەلمە بۆ لەماڵ دەرکەوتن.

درێژ دادڕیەکی بێزارئامێزە، بەڵام مکومە، لە ناوەوەی ورد دەبیەوە چونکە دیلی ئەویت، بەڵام لە هەموو شتێ سەیرتر لەناو ئەم درێژ دادڕیەدا بوونی منە، مەبەستم بوونمە لەم ماڵە گەورەیەدا، کە باخچەیەکی گچکە لە لای سەرەوەیەتی و چۆڵەوانیەکی گیاییش بە گوڵە دالیا رازاوەتەوە و دار هەنجیرو زەیتون لای رۆژهەڵاتیەوەن، زەویەکی بەیاریش کەوتۆتە لای خوارەوەی، دوو هەنگاو دوای لیتۆکەی نزیك تارمەی ژوورە نزمەکەی نووستنیش پیادە رۆیەك کە هەر جێ ی ئۆتۆمبیلێك دەبێتەوەو لەنێوان ماڵی ئێمەو ساختمانەکەی رۆژاوادایە، پونگە کێوی لێ دەڕوێ لەگەڵ گوڵە مێلاقەیەك کە زۆر نامێنێتەوە دەمرێ، کە دەڵێم "زۆر نامێنێتەوە" قسەکەم وا دەگەیەنێ کە من زۆر لەوێ دەمێنمەوە بۆیە ئەم سەرنجەم لا دروست بوە، بەڵام دیسان دێمەوە سەر درێژەی سەربردە سەیرەکە! ئەویش پرسیار لەمەڕ لێرە بوونم..!

رقم لەوە دەبێتەوە بیرۆکەم بگێڕمەوە سەر زنجیرەی سەربردەکە، بیرۆکەکەم تەمبەڵە، خۆیشم وام حەز لێیە،هەر لەبەر ئەوەیشە ئەو هەموو ساڵەیە لێرەم. لەم ماڵەدام، بێ ئەوەی هیچ سۆزێك وام لێ بکات هەست بەوە بکەم کە ئەم هەموو ماوەیەی لێرە ژیاوم درێژبووە و پێویستە وابکەم شتێکی ناخم ئاوڕ لە رابردوویەك بداتەوە.

بیرۆکەم تەمبەڵە، خۆم تەمبەڵ، سۆزم تەمبەڵ، هەر لەبەر ئەو لاسەنگیەشە هەنگاوم بەرەو خۆکوشتن تەمبەڵە. کە ئەمڕۆ جلەکانم لە ناو جانتا چەرمیەکە دەرهێنا، چەند ساڵێك دەبوو لە ناو ئەو تاریکیەدا راکشابوون چونکە بەڕاستی ویستم لەسەر قەرەوێڵەکە پەرتیان بکەم، تا ئەوانەی دوای خۆ کوشتنم تەرمەکەم لە ماڵ دەبەنە دەر بیانبینن. بەڵام ئەم پەڕەم هەر لە خەیاڵیش نەبوو، مەبەستم ئەم پەڕە بۆرەیە کە لە بنە بانە تاریکەکەی جانتاکەم دا بەرز بۆوە.

لە بیرم چوو باسی ساکەگۆڕی ئەسپ سواریەکە بکەم، کە ئەویش دەکەوێتە رۆژهەڵاتی ماڵەکەمان، کە دەتوانم لە باخچەکەی پێشەوەڕا بیبینم لەلای زەویە بەیارەکەش ڕا، پێکەوە، باسی رووناکیە نارنجیەکەشم لەبیرچوو کە بەسەر دارتێلێکەوە باخچەکە رووناك دەکاتەوە، ئەم رووناکیەیان تازە داناوە، لەجیاتی چرا کزەکەی جاران، کە بەقودرەتی خوا پێشوولە هار دەکات، دراوسێ پیرەکەشم لە بیرچوو کە هەمیشە باخچە مردوەکەی ماڵەکەی بە زەمان گرتوە کە دەکەوێتە سەرەوەی شەقامەکە، هەر ئەوەندە بوو لەبەر خۆمەوە گوتم لەوانەیە بمرێ، دەق مرد! دڵگیربووم، کە دەبینم ژنەکەشی بەهەمان شێوە لە ناو باخچەکە دادەنیشێ، بەڵام ئەو نەمردوە، چونکە دەروونی خۆم نەدواندوە کە لەوانەیە بمرێ، نەبادا ئەویش بمرێ. ئارەزوەکانیم گەلێ لا سەیر بوو، زۆری حەز لە شیرینی دەکرد، هەر ئەوەندە گوێی لە کابرا پیرە عەرەبانچیەکە بوایە کە بە بڵندگۆیەکەوە بانگی شیرینی دەکرد، پیرەژن یەکسەر دەردەپەڕی و بە

دارەدارە خۆی دەگەیاندیّ و تۆپەڵێك شیرینی رەنگاو رەنگی دەکڕی و هەڵیدەلووشی.

هیچی دیکەم لەبیر نەکردوە..؟ بەهەرحاڵ لەکاتی خۆیاندا وەبیرم دێنەوە. با بێمەوە سەر مەسەلەی ئەو هەڵبژاردنە تەمبەڵ و وەڕسەم. کە مەسەلەی خۆکوشتنمە. بەلاّم ئەم پەڕە گەمژەیە لّی تێك دام. بەڕاستی لێرە چی دەکات..؟ بۆ نموونە قەتم بالیف نەخستۆتە ناو ئەم جانتایە. ئەوە چەندین ساڵە لەم ماڵەمان دایەو هەر جلەکانی خۆمم تیّ هاویشتوە. دوای ئەوەش نەمکردۆتەوە. جلی زێدەم هەبوون. رۆژ بەڕۆژ کریومن و جانتاکەم نەکردۆتەوە. بەتەماش نەبووم هەرگیز بیکەمەوە. چونکە کە ئێرە بەجیّ دێڵم تەنیا ئەو جانتایە دەبەم. هەموو شتێکی دی بەجیّ دێڵم. مەبەستم ئەوە نیە کە سۆزێك پێیەوەم گریّ دەدا تا کچێنی ئەم جانتایە بپارێزم وەك دیاریەکی بچووك لە کەسێکی نادیارەوە بەڵکو لەبەر تەمبەڵی هێشتوومەتەوە. بۆ حەزێکی سەیریش کە منیش نهێنی‌یەکم هەبیّ تا ئەم تە، زە قەباحەتە هەموو شتێکم لەو گۆڕە نەبیّ؛

ی مۆز، بیّ گەمە، بیّ سەربڕنەش، ئەوەتا ئێستا جۆرێك زیرەکی لەخۆم دا دەبینم کەپێشتر لەخۆمم نەدیوە. جانتاکەم دەکەمەوە. وەك دیاریەکی سەخاوەتمەند لە تەمبەڵی خۆمەوە وەك مرۆڤ بۆ مردن وەك شەریکێکی تازە.

دەمرم.. مەبەستم ئەوەیە من بڕیاری ئەم مردنە دەدەم وەك تۆڵەسەندنەوەیەك لەمەرگی ناکاو. مەسەلەکەش بە گشتی چەند چرکەیەك دەست نیشان دەکات کە هۆشیاری و بوورانەوەی دلۆڤان لێك جیا دەکاتەوە. چاوقوچسانێك، هەناسەیەك. شکستێکی گچکە کە ژیان تا ئەو رادەیە فێڵی لیّ کردوویت. یان کەمترە لەوەی هەرکاتیّ بتەویّ بۆ خۆت سنوورێك لەخشتە ببەی و رۆحی خۆت لغاو بکەیت تا لەگەڵ یەقینێکی ناکامڵ بەرخورد نەکات. زۆر بیر لەوە ناکەیتەوە کە دوای ئەم ماوە خێرایە چی روودەدا. کە هەموو شتێك بە شێوەیەکی روون و ئاشکرا ئامادە دەبیّ بەحساب، تەنك یان ئەستوور، بیرناکەیتەوە لەوەی کە روودەدا. پێت وایە لەو قەباحەتە رەت بووی کە بە-شێتانە- بەرەو کامڵ بوونی خۆی رایکێشای، مەبەستم مردنە. من کە دەمرم، مەبەستم ئەوەیە شڵەژانێك بخەمە ناو گەمەکە.. هەموو خۆکوشتنێك شڵەژاندنی گەمەکەیە.

بەلاّم بوونم لەم ماڵە شڵەژانێك دەخاتە نێو ئەم ئاخەم کە متمانەی بە بوێری خۆی هەیە لەخۆکوشتن. منیش سەرسەخت و رەقەکارم خەم ناخۆم. بەڵکو خۆم دەدەمە دەست ژان وەك ئەوەی ئەمەم تایبەتمەندیەکی خۆم بیّ و وام لیّ بکات زۆر هاوسەنگ بم. ناشڵەژێم ناشڵەژێم چونکە زیرەکیەکم تێدایە کە بە خێراییەکەی زیرەکی و قورسایی خەڵکی دی سووکتر دەکات؛ هەروەها لە قورسایی ئەو هەڵوێستانەی کەحیسابیان بۆ ناکەم. ئەم خێرا زیرەکیەم کە شڵەژانم لیّ دووردەخاتەوە خۆی هەڵچوونێکی تووڕەیە. بەمەش چەندو چوونەکان یەك لا دەکەمەوە. ئەوەتام، لەناکاو لێرەم. لەم ماڵەدا، پێویستە لەسەرم زانستیانە بیر لەچۆنیەتی لێرە بوونم بکەمەوە. بیّ ئەوەی هەڵبچم. چونکە من لەگەڵ کەس لە ڕووبەڕووبوونەوەدا نیم، هیچ هەڵوێستێکیش لەئارادا نیە ئەوە بخوازیّ خۆمی لیّ دەرباز بکەم وەك کارێکی بوێرانە لەسەر کردەوەیەکی قەڵەباڵغ، بەکورتی من لەماڵێکدام کەپێشتر لّی نەبووم و لەسەرم پێویستە شوێنەکەی دەست نیشان بکەم، سنوورەکەی، مێژوویشی، پێش ئەوەی ئەو حەزە سەرکێشەی خۆکوشتنم جیّ بەجیّ بکەم، کەئەمەش حەزێکە وای کردوە کەخۆم لێرەدا ببینمەوە و ئەم جانتایە بکەمەوە کە ئەم پەڕە بۆرە زۆر گچکەیە لە بنەکەیدا بەرز بۆوە، ئەو پەڕەی کە بۆتە لەمپەر لەنێوان من و خۆکوشتنم. ئەم پەڕە، ئەم لاربوونەوە رێکەی کە لەگەڵ بنی جانتاکەدا گونجاوە وەك کشانی منە بۆلای دەلاّلی خانوو بەکریّ دان، کە ژنێك ئەم ماڵەی نیشان دام و قسەکانی جۆرە پۆخڵیەکی تێدا بوو.

خۆشم لیّ هات، هەرکە ئەم ماڵەم دیت خۆشم لّی هات، بۆیی پێم وایە بوونی من لێرە بەپلان بووە نەك کت وپڕی، وەك پێشتریش باسم کرد، بەڵگەش ئەوەیە ئەو باخچەیەی پشتەوە باخچەیەکی وەبیر هێنامەوە لە یادم کردبوو. چۆڵەوانیەکەی لای خوارەوەش چۆڵەوانیەکی وەبیر هێنامەوە کە هێشتا هەر لە یادمە وام لیّ هاتوە خەیاڵ بکەم کە ئەوتیشکە خۆرەی لە کەلێنی دار لیمۆکەدا لە ژووری نووستنەکەم دەدا. هەرهەمان تیشکی گۆڕینە کە لە سالاّنێکی دووردا کە لە سالاّنی ئێرە ناچن سبەینان بە ئاگایان دێنام. خۆیشم، بەهەرحاڵ لەوانە نیم لە جیاوازی نێوان سالاّنی ئێرەو ئەویّ بگەڕێم چونکە بابایەکم سۆز تەمبەڵ، بەتەمای خۆکوشتنم. لە ئاخمدا جیّی شتێك نەماوە جگە لەو پەڕەی کە لە بنە بانی جانتاکەم دا بەرز بۆوە.

نازانم بۆچی ئەم بڕیاری خۆکوشتنەم وامنی کردە ئەو پیاوە خاوو خلیچە-! زۆر هێمن، بیّ ئارەزوو. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا توانیم جلەکانم لەسەر ئەم قەرەوێڵەیە پەرت بکەم. بۆ ئەوەی کەسانیّ کە تەرمەکەم هەڵدەگرن بیانبینن.

بیّ ئەوەی لێی ورد ببمەوە بۆ ویستم ئەو دوو باڵندە ئاقاریە بەچەترەکەم بپارێزم کە تەفرەیان دام. بەلاّم ئەم پەڕە کە دووبارە لە بنەبانی جانتاکەمدا جێگیر بۆوە هۆشی گوشاردام و بە ئاگای هێنا کە دەبیّ بە سووربوونەوە بیر لەچی بکەمەوە.

سەرلەنویّ دەستم بۆ بنی جانتاکە درێژکردەوە، پەنجەم پێدا گێڕا پەڕەکە بدۆزمەوە، بەلاّم لەبەر گچکەیی نەکەوتە بەردەستم، بۆیی جانتاکەم بردە بەر رووناکی باخچەکەی پشتەوەو بەوردی سەرنجم دا بەهەمولایەکدا هەڵگێڕو وەرگێڕم کرد تا رووناکی بگاتە بنەکەی، دیتم پەرەکە لەویّیە. بۆرە وەك چۆن دیتبووم. بەدوو پەنجە گرتم ودەرمهێنا، ورد ورد لێم ئۆڕی، بەشکستەوە.

هەستم بەجۆرە شکستێك کرد. ئەوە یەکەمین جارە هەست بە شتێکی وا بکەم. ئاخر من سەرسەختم. لە تووڕەیی بەولاوە مەیلێکی دیکەم نیە، بەهێواشی تەماشام لەسەر پەڕەکە لادا بۆسەر دار لیمۆکان، کە لە پشت ژووری نووستنەوە بەرزبوونەتەوە، وەك ئەوەی بزانم ئەگەری شکستەکەم لەوێیە. لەنێوان لقە تێك ئالاّوو گەلاّچڕەکانیدا، لەسەرەتای ئەم بەهارەی کە هێشتا خۆی نەناساندووە جەستەم راچڵەکی. لەنێوان ئەوان و لق و گەلاّیاندا هیچم بەرچاو نەکەوت، بەلاّم شتێکم کەوتە بەرگویّ. یان وام بەخەیاڵدا هات- باڵندەیەك خۆی بەگەڵاکاندا دا. وەك بیەویّ هەڵبنیشیّ و پارسەنگی تێك چووبیّ، پاشان پەڕێك هەڵوەری، وەك ئەوەی ئێستا لەنێو لەپمدایە وابوو. لە لقێکەوە بۆ لقێکی دی دێتە خواریّ. هەتا لەسەر زەویە تەڕەکەی بن دارەکان گیرسایەوە. کە هێندیّ گوڵە (خەزێم)ی کورتە بنەی لیّ روابوون لەگەڵ هێندیّ گوڵ قەوان هێندیّ دەوەنی دڕکاوی کە بەخۆڵەکەوە نووسابوون.

بەکوورە کوورِ چوومە پێش، تا لەخوارەوەڕا بنۆڕمە لقەکان، هیچ باڵندەیەکم نەدی، بەڵام پەڕەکە لەوێ بوو، چەند سەنتیمەترێك لەولای پێڵاوە سپیە بۆیاخ نەکراوەکەم بوو، هەڵمگرتەوەو بەهەمان کوورە کوورِ گەڕامەوە لای جانتاکەم نەبادا خۆم لە لقە نزمەکانی بدەم، پاشان هەردوو پەڕەکەم بەراورد کردن، لە خۆڕا، دیتم بەقەد یەکتر بوون و هیچ جیاوازیەك لە رەنگیشیاندا نەبوو.

شکستیەکەم زێدە بوو، تەنانەت چاوم پڕ ئاو بوو، بەزۆر لە گریانم راگرتن، چونکە پێشتر من بەگریان رانەهاتبووم، بەڵکو بەوە راهاتبووم دەوروبەرم یان خۆم وردو خاش بکەم، ئەو دەمە چی لێهات؟ داخوا کارەساتێك لە شوێنێك روودەداو ناتوانم لغاوی بکەم..؟ خۆکارەسات لەهەموو جێگایەکدایە، ناچاریش نیم هەموو دەمێك وەبیرخۆمیان بێنمەوە، ئەمە حیکمەتی مانەوەیە، بەڵکو بەچاکیش دابەش کراوە کە جێی رەزامەندیە، بەجۆرێ دڵە لاوازەکان هەر بەلاوازی دەمێننەوە و بەهێزەکانیش هەر بەهێز.

ئەوەتا من بەهێزم.. بەڵام کەمێك شکست خوردەم، کە نابێ یەکێکی وەك من وابێ، کە تەمای خۆکوشتنی هەیە، ئەگەر هەستت بە شکست کرد ئەوە مانای ئەوەیە دڵی خۆت دەدەیتەوە، مانای ئەوەیە کە لەسەر کارێکی پڕ لە هەرای وەك خۆکوشتن نایبووری.. بۆیە بەردەوام دەبێت لەسەر دواخستنی، چاوەڕوانی تا لە هەموو هەستێك بەتاڵ ببێ.. بۆ ئەوەی پەلاماری ئازادیت بدەیت، بەمەش سەربردەکە دەکەوێتە نێو گێژەنێك ئەگەری پڕحسێب و ئەندازە، ئازادیەکەشت هۆ لەوێ، لەنزیك خۆتەوە دەمێنێتەوەو ناوێری پەلاماری بدەیت، چونکە دیلی ئەویت.

منێك.. کە بڕیارم دابوو نەبمە دیلی دەست ئازادیم، بەڵکو خۆم بهاوێمە هەرشوێنێ کە دەبێ لێی بم، ئێستا کەمێك شکست خوردەم، بێ ئەوەی تەماشام لەسەر پەڕەکان هەڵگرم، لەپڕ شێبایەك هەڵیکردو هەورە بۆرەکان بەگورگە لۆقە هاوڕێ سپیەکانی خۆیان راماڵی، جانتا چەرمیە بەتاڵەکەم هەڵگرت و هێنامەوە ژوورێ. هەردوو پەڕەکەشم فڕێ دایە بنە بانە ئاوەڵاکە، کە وەك دەمی سیسمار کرابۆوە.

لە گۆنگەری هەراوهۆریایەك کە لە پشت باخچەکەی ماڵەوە لەبەر دەرگای حەوشەکەوە دەهات، دەرگای ئاشپەزخانەکەم لە دوای خۆمەوە داخست، لەنێو شکستی خۆم دا ختم بووم، لەناو خۆمدا، تەنانەت لەو کونە سپیەشەوە کە خۆمی تێداوێم لە ناو خۆمدا تا بە خۆیم دەگرێ بەڵام کە جانتاکەم لەو پیادە رۆیەی نێوان ژووری نووستن و دانیشتندا نایە سەر زەوی ئەو دەمە هەراو هۆریاکەی دەرەوەم زیاتر دەبێت، لەو پەنجەرەیە چوومە پێش کە دەنۆڕێتە باخچەکەی پێشەوە، بۆ ئەوەی لەپشت پەردە تەنکەکە بزانم ئەو-چیە، ژن و پیاوێکم بینی لەناو دووساقۆی ئەستووردا نقوم ببوون.. چەند بوخچەیەکی گرێ دراوو تەلیس و هێندێ شت و مەکی دیکەی لەپێست لول دراویان دەگواستەوە بۆ ناو خانوە چۆڵ کراوەکەی سەرووی باخچەکەی پێشەوە.

خانوویەك بوو چەند ساڵ بوو بۆکرێ داندرابوو، سێ بوو-چوار بوو؟ ئاگاداری کرێچیەکانی پێشتری نەبووم، پێم وایە خێزانێك بوون نە نیوەڕۆیان کە دەگەڕامەوەو نە سبەینانیش کە لە ماڵ دەردەچووم دەمدیتن بەڵام زۆر کەڕەت گوێم لەهات و هاواریان دەبوو، چەند ئافرەتێك و یەك پیاو بوون.

هەروەك خۆ تێهەڵقورتاندن سەنەگەم لەسەر ئەو دووە هەڵنەگرت کە تازە دەهاتن، ناشزانم ژن و مێرد بوون یان خوشك و برا، کە دوای مشتومڕێکی بەچپە چپ، پارچە پارچە کەرەستەکانیان گواستەوە واش پێدەچوو ئەو ئۆتۆمبێلەی کە ئەوانی هێنابوو شت و مەکەکانی هەروا ئەڵڵا خوایی فڕێ دابێتە سەر جادە قیرەکەو شۆستە زیخەڵانەکەو رۆیشتبێ.

رۆح سووکم هاتنە بەرچاو، نەخێر جووڵانەوە، لە خۆڕازیبوونیان سەرنجی راکێشام، کە قسەیان دەکرد وەك ئەوە وابوو کە بە باڵەکانیان ئەو مەودایە بپێون کە لەو دیمەنەیان جودا دەکاتەوە کە بەچپە چپ کێشابوویان، ئەدی ئەم دوو ساقۆیە..؟ بۆچی ساقۆیان لەبەردایە؟ بەهار کە هێشتا خۆی ئاشکرا نەکردوەو بەداوی ئەو گوڵە خەزێمەوە بەندە کە تازە پشکووتووە.

ژنەکە کورتە باڵایە، دوو برۆی چڕی هەن، وام سەرنج دا، بەچاوانیش بزۆز دیاربوو، کەمێك نارەحەت، یان دوو دڵ، پیاوەش لاواز لەو درێژتربوو، بە لچ شۆڕی و چاوە خێڵەکانیەوە رەقەکار دیاربوو.. تەماشای ژنەکەی دەکردو نەدەکرد، رەنگە لەبەر ئەوە بووبێ چونکە ئەو کەل و پەلانە پێویستیان بە بازووی پیاوێك بوو رایانگوازێ.

پەنجەرەکەم بەجێ هێشت بەرەو ژوور، لەجلەکانم روانی کەلەسەر قەرەوێڵەکە پارچە پارچە لەتەك یەك ریز کرابوون و چاوەڕێی دەستێکیان دەکرد تا پاش خۆکوشتنی من کۆیان بکاتەوە، ئاخر زۆر جاران مردووەکان بیانووی زیندوەکان رەت دەکەنەوە کاتێ کە دەیانەوێ شوێنەواری مردوەکان لەماڵێکدا بزرکەن، بەهەرحاڵ بیانوویەکی نەبیستراوە، ئەوە قسەی خەڵکانێکە کە لە پۆزش خواستن ماندوو بوون بۆ کەسانێك کە پێویستیان بەو پۆزشانە نیە. بەڵام گوێم لەو دەستانەیە کە ئەم جلانەم کۆدەکاتەوە، بەپەنجەی نەرم یا زبرەکانی پێکەوە، لەسەرخۆ قەدیان دەکا نەبادا جەستە زەرد هەڵگەڕاوەکە واگابێ کە کارمەندە تەرم شۆرەکان بردیان بۆ تەرمخانەی شار، یان ئەوانەی کە سوورن لەسەر دوور نەخستنەوەی هەر لەباخچەکەدا دەینێژن.

نازانم بۆ حەزدەکەم لە باخچەکەی پشتەوەم بنێژن..! یان دوومەتر هەورازتر لە زەویە بەیارەکە، ئەگەر ئەمڕۆ لەوێ بوومایە، لە بن ئەو توێژاڵە زیخەڵانەی ئەو دوو باڵندە ئاقاریە لێی هەڵنیشتن، لە خوارێ ڕا هەردوو دەنووکەکانیانم دەبینی کە بەچینەیەکی نەخشە کێشراو بڵندو نەوی دەبوون، دەشمتوانی شوێن پێیەکانیان بژمێرم بەدرێژایی راکشانم لەو تاریکستانەی کە ناوە ناوە بە ڕەگی گوڵە کێویەکە، یان بە ڕەگی(قەلۆغان)کەی گەلاَ زبرەکانی بەسەرم دا شۆڕبوونەتەوە ختۆکەم دەدا.

بەڵام لەوێ نەنێژراوم، کە لە جلەکانم دەنۆڕم لەسەر قەرەوێڵەکەن وێنەی دووکەسەکەم دێنە بەرچاو کە دەرگای ماڵەکەی تەنیشتمانیان لەدوای خۆیانەوە داخست و گوێم لەتەقەی بوو-ساقۆکانیان زۆر درێژ بوون، هەتا سەر پاژنەی پێیان بوو، یاخەکانیان تا بناگوێیان بەرز بوون، وەك ئەوەی ژنەکە خۆی لەپیاوەکە وەشارێ و پیاوەش لە ژنەکە، ژنەکە سەری خۆی بە داوێکی پان بەستبوو، بێ ئەوەی سەرپۆشێك پرچی داپۆشێ کەبەهەردوو لادا وەك کەزی شۆڕ ببۆوە، پیاوەکەش سەرکۆت، پرچ ئاڵۆزکاو، وەك چەند رۆژێك لەسەر کورسی پاس نووستبێ-لەوانەشە وابێ، بەڵام قەت دەستی راستی خۆی

لەگیرفانی دەرنەدەهێنا، کەل‌و پەلەکانیشی هەر بەدەستی چەپ راگوازتن، بەلای چەپیش قسەی لەگەڵ ژنەکەی دەکرد، مەودا نادیارەکەشی لەقسەکانیدا هەربەلای چەپ دەپێوا.

زۆرم بیر لیٚ نەکردنەوە، چونکە پاشان گەڕامەوە سەر مەسەلەکەی خۆم، هاتمەوە سەر قازانجی بلأوکردنەوەی جلەکانم لەسەر قەرەوێڵەکە، هەر ئەوها کۆم کردنەوە، بیٚ ئەوەی بەدوای وەرامێکدا بگەڕێم، دەبوو کۆیان بکەمەوە ئاخر ئەو درێژ دادڕیەی وام لیٚ دەکا خۆم بە بیرۆکەی خەڵکانی دیوە هەڵبواسم، کوێرانەیە، ناڕەحەتکەرە، ئەوەی کە من دەیکەم قەت ناخوازیٚ واناکات کشانم لەناو خەڵکی دیکەدا بەهێزبێت، وەك قەرەبۆیەك بۆ ئەوشتەی کە ژیان ناتوانیٚ بۆم دابین بکات لە کشانێك لە ناویا. کە بڕیار دەدەم خۆم ڕەت بکەمەوە، بەخۆکوشتن، بۆچی لەناو جلەکانمدا بوونی خۆم دەسەلمێنم..؟ ئۆی.. جلەکانم فڕیٚ دانە نێو جانتا هەمیشە کراوەکەم، وەك لەبیر چوونەوەیەکی کراوە، بە قاچیشم بۆ سووچێکیم پاڵ دان‌و دووبارە گەڕامەوە بۆ ئاشپەزخانەکە، دواتریش لە دەرگاکەیەوە بەرەو باخچەکەی پشتەوە چووم، کە هەواکەی نەختیٚ شێدارە، ئەو دەمە هەورەکان وەك دوو سەعات لەمەوپێش یاکەمتر تا دەهاتن چڕتر دەبوون، وەك ئەو کاتەی ناخە تەڕەکەی خۆیان بەسەر هەردوو باڵندە ئاقاریەکە پەرت کرد، ئەوانەی کە وای لەم دووباڵندەیە!

لە بەیارەکەم نۆڕی، کە لە پشت باخچەکەوە راکشاوە، وەك ئەوەی جارێکی دی دەیانبینمەوە، یان تاپۆیان دەبینم، بەلأم بیٚ ئەوەی ئارەزووی چەتر هەڵگرتن بکەم تا لە بارانێکی وەکات بیانپارێزم.

دەفڕن ئەم دوو گەلحۆیە کە لێیان نزیك دەکەومەوە دەفڕن، سەرەتا دەنیشنەوە، پۆپنەکانیان بەرز دەکەنەوە تا بزانن با- روو لەکام لایە وەك ئەوەی بە دەسیسە لەگەڵ ئارەزووی باڵەکان ئاڕاستەیان بکەن لە کشانێکی فەنتازی تر ئینجا دەفڕن. کە هاتمە ئەم وڵاتە پێم وانەبوو ئاوا بە شکستەوە بەرامبەر دوو باڵندە دەوەستم شەش ساڵیش دەبیٚ بیرم لەوە نەکردۆتەوە بەم تەرزە، یا تەرزێکی دی لەبەردەم چۆڵەوانیەکی پەڕپووتدا بوەستم، کە هاوینان تراکتۆر لە بۆتکەوە دەیکێڵیٚ و ئەوەی لیٚی ڕوابیٚ هەڵیدەکەنیٚ، بە گوێرەی ئەو تۆوەی پێی وەرکراوە، با- لەباوە:

قەلۆغان و گوڵە خەزێم و زیوان و گیاو درك و داڵ، پاقلە کێوی و شەیتانۆکەی بەتاڵی زەمق وشك هەڵأتوو.

ئەو چۆڵەوانیەی پشت باخچەکەی دواوە جگە لە شەیتانۆکە هیچ پێناسەیەکی سەقامگیری نەبوو، کە لە هەموو وەرزێکدا دیوارو سەوزایی پێکەوە دادەگریٚ، هێندە نامێنیٚ بخزێتە ناو نوێنییش، بەلأم ڕووەکە شەرمنەکەی دەسەلأتی لە جۆرێکەوە بۆ جۆرێکی دی دەگۆڕا، لە وەرزێکەوە بۆ وەرزێك، جار وابوو گوڵە خەزێم زێتر دەبوو، جاریش وابوو قەلۆغان بەهەرحاڵ ئەم دووە بەختیان زۆرتر بوو. لەوانەشە چەودەر کە نە جۆیەو نە گەنمە- زێتر چۆڵەوانیەکە دابپۆشیٚ. یانیش گوڵاڵە سوورە و ترشۆکەو سیری کێویلەو هێندیٚ تێکەڵ و پێکەڵی دی کە دەبیٚ لەنزیکەوە لێیان بنۆڕی.

چۆڵەوانیەکی پەڕپووت بوو بە بوێری ئازادی خۆی، منیش دەمەویٚ ئەندازەیی بیٚ، سەربەست بیٚ لە کۆیلایەتیەکەی. کە دەڵێم من مەبەستم منێکی چندراوە لە چاوەڕوانیەکی کوشندەدا. لە پایتەختی ئەم دوورگەیەی کە بە یۆنانی دەدوێن، جگە لە چەند وشەیەك کە مایەی پێکەنینە هیچی دی فێر نەبووم لەم شەش ساڵەدا. من کە پیاوی چاوەڕوانیم، خاوەن ورەیەکی بەهێزم وەك بیٚ هوودەیی، وە گەرنا چۆن بۆ خۆم‌و هەرکەسێکی دی روون بکەمەوە ئەم تەلأنەم بۆچی کڕیون..؟ کیٚ لە شارێکدا کە بە پایتەخت ناسراوە تەڵە دەکڕیٚ..؟ کە پڕیەتی لە ساختمانی گەورەو ئۆتۆمبیل و ماتۆڕو پایسکل و سەکۆی ئەسپ سواری و هێزی نەتەوە یەکگرتوەکان کە جنێو وە بازبازۆك بەسەر پەرژینە نەرمەکانیدا بازدەدات. جنێوی ئەوانەی لە مەتەرێزە بەرامبەرەکاندا کە چەند مەترێك لێك دوورن دابەشیان کردوە.

دوورگەیەك کە وەك قاقای پێکەنین دابەش کراوە، منیش هاتووم تەڵەو فاقم بۆ چۆلەکەکانی کڕیوە، بە تایبەتی دوای ئەوەی کە زانیم راو مۆڵەتێکی گران بەهای دەویٚ، وەك روخسەتی مانەوەی من کە ئەو پیاوانە بۆ دیدەنی "پیاوە گەورە" کە بانگیان کردم. ئەوەتا من دوای وەڕسیەکی لە ڕادە بەدەر تەنانەت لە راو بەهۆی تەڵەو فاقیش خەریکم ئەو دوو باڵندەیە دەپارێزم کەچی هەڵدەفڕن.

بۆ وا بزۆزن ؟ من بەدرێژایی ئەو شەش ساڵانە بزۆز نەبووم، شەش ساڵان جلەکانی خۆم لەناو جانتاکە جیٚ هێشت. رۆژ لە دوای رۆژ لەخۆم نۆڕی، خزامە نێو بێنەو بەردەیەکی زێدە حەکیمانەتر لەو بێدەنگیەی دەورووبەرم. زمانم گەشەی دەکرد، وەك ئەوەی بەو ڕەوانبێژیەی هەمە ئێسك و پروسکی خۆم لە بەردەم کاتدا ریسوا بکەم بۆ ئەوەی ئەو نائومێدیە سیحر ئامێزە پاکانە بکەم.

تا دیٚ گچکە دەبمەوەو قسەش گەورە دەبیٚ، بە تەنیا زمانە کە لە بێدەنگیدا گەشە دەکات، ساڵەکان گەشە دەکەن، یەقینیش.. باوەشێنێکە بە دەست کۆیلەیەکەوە، لەبەر ئەوەی من وەك دیلێك ئازادم، کەواتە من نائومێدتر دەبم، وەك ئەوەی نائومێدی تەواوکەری دانایی بێت، خۆم دەکەمە سەرپەرشتیاری چاوەڕوانیم، وەك چۆن داوەرێك سەرپەرشتی یارییەك دەکات.

"بۆ فێرە یۆنانی بم"؟ زۆر کەڕەتان لەخۆمم پرسی، پێویستیم بە ئاخافتن نیە، چەند وشەیەك نەبیٚ، ئەویش بۆ ئەوەی سەوزی و میوەی پیٚ بکڕم. ئاخافتن شتێکی دیکەیە، ئاخافتن رسکانی خۆی لە بێدەنگیدا دەبینیٚ نەك لە قسەکردن و دەربڕین. بەهەر حاڵ.. شتێکی ئەوتۆم نەبوو بەخەڵکی رابگەیەنم شتێك نەبوو بگوتریٚ، ئەوەندە بەسە بەدەست ئاماژە بۆ لای چیا بکەم، تا دراوسێکەت بزانیٚ رۆژت لەناو سنۆبەرەکان بەسەر بردوە، یان بۆلای دەریا، تا بزانن کە لە لۆقنتەیەکدا ماسیت خواردوە، خۆ ئەوانەش کە بە زمانەکەی تۆ داخڤن هەرگیز قسە ناکەن، ئەوان دەنگدانەوەی دەنگەکانی خۆیانن، یەك سەربردە بەیەك شێوە دەگێڕنەوە، تا قسە خۆی هیلاك دەبیٚ، لەبەر پێك چوونی رۆژەکانیان لە سەرنجی ئەو چێژەی کە لە جیاوازی بەهاراتەکان بەری دەدەنەوە. تەنانەت جاری وایە تۆ لە جیاتی ئەوەی گوێیان بۆ هەڵخەی کونی لووتیان بۆ دەکەیتەوەو قسەکانیان هەڵدەمژی.

سەخت بوو فێری زمانێکی دیکە بم، لەکاتێکدا من وردە وردە شۆڕدەبوومەوە نێو بۆشاییەکی داخراوی خودی زمانەکەی خۆم، لە گۆنگەری چاوەڕوانیدا کە تەنیا پێویستیت بە کەسێکە دەست بخاتە سەرشانت و ئاماژەت بۆ بکات کە بەبیٚ دەنگی دوای کەویت. سەخت بوو

بێدەنگی ئەو نامۆیە بشکێنم کە منەتباری بێدەنگیەکەی خۆی بوو، لەمندا، لە زمانی یۆنانیدا گرێیەکم دەبینی وەك هەر زمانێکی زێدەی دی لە نێوان قسەکەراندا، کە پێویستی بە نەختێك گەڕان هەبوو لە دوای دەروازەیەك بۆ ئەودیوی وەحشەتناکی. بەڵام من وەحشەتگەر نەبووم، بەڵکو پێویستیم بە نەهێشتنی خودی هۆگری بوو، بۆ نەهێشتنی هەر شتێك هۆگرم بکات. ئەمەش تایبەتمەندێتیە کە لە گوێ گرتن لە قسەی رۆژانە فێری بووم. کە ویزە بەویزە دووبارە بوو، لە ویزەکانی ورد دەبوومەوە، جا ئەگەر وا نەبوایە، چۆن تا ئێستا خۆ نەکوشتنی خۆم راڤە بکەم؟

بەڵام ئەمڕۆ خۆم دەکوژم، خۆم دەکوژم.. ئەم دوو باڵندە گێلە سەرسام و شێتگیریان کردم، ئەوە دەبوو هەر بفڕن..؟ ئەدی من بەشێك نەبووم لە جوڵانەوەی زەویە بەیارەکەی پشت باخچەکە؟ من با-ی زەویە بەیارەکەی پشت باخچەکەم، بەچاو کراوەیی و نووقاوی لە نامێزی دەگرم، پێش شەپۆلی ئەو با-یە دەکەوم کە هێشتا لە بۆسەگای ماڵە ئاوەڵاکەمەوە نەگەیشتۆتە دوا گەڵا کە وا پێدەچێ زەرد هەڵگەڕابێ لەنزیك دیواری سەکۆی "ئەسپ سواری"یەکە. پێشتر گرەوم لەسەر خۆم نەکردوە، لەسەر با-ش نایکەم، بەڵام ئەو جووڵانەوەیەی کە گیا دڕکاویەکەی پێ لار دەبێتەوەو ئەوەی کە جەستەم بۆلای ئەم دووباڵندە گێلە دەباتە پێش، هەردوو خواستی یەك با-ن، ئاخر بۆ هەڵفڕین؟ لەوانەیە ئەم دوو باڵندەیە وایان بەچاك زانیبێ لە شوێنەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان بپەڕنەوە کە لە نێوان هەردوو بەشی دوورگەکەن. لەوانەیە ئەم دووباڵندەیە راسپێردرابن فرت و فێڵێك ئەنجام بدەن تا با- بکەن بەیەك، بەڵام ئەوان وەك ئۆتۆمبیلە سپیەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان بزۆز بوون، ئەوانەی کە وێنەی تابووتێکی خڕوشینی لەشێوەی گۆی زەویان لەسەرەو لەگەڵ هات و چۆکەراندا بەرخورد دەکەن، لەگەڵ باخچە، دیوارەکان، چۆلەکەکان، شۆستەکان و ئەو رۆحە شەیدایانەی کە نابیندرێن.

ئەو ئۆتۆمبیلانە هەمیشە خێرا بوون لەو دوورگەیەی کە پەنا بۆ شەڕ نابات، پیاوە زۆر سپیەکان، هەندێکیش لە رەشەکان ئەوانەی کە شێوەی ئاخافتنیان وەك شەپقە شینەکانیان تەفرەدەر بوون، ئەوانە وەکو لەشکرێکی خوێن شین لە شەقامەکانی شارو لە بارەکانیا هەڵس و کەوتیان دەکرد، خەڵکەکەش بە رێزو ستایشەوە وەریاندەگرتن، بە ناوی پاکیزەی ئەو دیو دەریاکان.

ئەوانە مۆڵگەکانیان وەك پێستەکانیان کە کوللە بەژێریدا دەڕوا خۆشگوزەران بوون. کەچی سەربازە تورکەکان و سەربازە یۆنانیەکان مەتەرێزە هەژارەکانیان لەو ساکە گۆڕەبوو، لە ناوەڕاستی گوڵە شەوبۆکاندا، تۆزاوی وەك بای جەزیرە. جوێنی قورس تێك دەگرن تا سامناکی شەوی پێ بڕەوێننەوە، بەڵێ مەتەرێزەکان سنووری جەستەی دەکێشان و هاواریش یەکی دەخستن.

چاڵێك لە پشت باخچەکەم هەبوو، لە دامێنی خوارەوەی ئەو چۆڵەوانیەی کە چاودێریم دەکرد- چاڵێکی کەمێك تەفرەدەر بوو، تاك و تەرا سەرباز رۆژانی یەکشەممە دەهاتن لێیان دەنۆڕی، ئەو چۆلەکانەی کە لە دەوری فاقەکانم بوون بە هەڵەداوان ڕاپاندەکرد، کارەکەش هێندە لێ وردبوونەوەی نەدەویست بۆ ئەوەی بزانم چیان دەوێ؛ دەیانویست بزانن ئەو چاڵە چەند بە کەڵك دێ، جار دوای جار، دەهاتن، بزانن بە کەڵکی ئەوە دێ تۆپی "هاوەن"ی گچکەی لێ دابمەزرێنن، کەمێك دایاندەنا، پاشان بە دەست یا بە دار ئاماژەیەکیان بۆ ئەم لاو ئەولا دەکردو سەر لە نوێ دەیانگوازتەوە بۆ سەر "جێب"ە سەربازیەکەو لێیان دەدا دەڕۆیشتن، بەڵام چاڵەکە هەروەك چاڵ دەمایەوە، لە رۆژەکانی دیکەی هەفتەش دا منداڵە وردەکە دەچوونە ناوی و لە سەر زگ لێیی دەهاتنە دەر، دوای ئەوەی پڕیان دەکرد لە هەراو هۆریا.

من بەم چاڵە نادیارەی ئەولای باخچەکەی پشتەوەم ناڕەحەت دەبووم، دەتگوت بانگێشەیەکی ئاشکرایە بۆ ناڕەحەت کردنی فاقەکانم لە پێشدا، دواتریش هەڵکوتانە سەرێکی بێ مانا بوو بۆ سەر ئەو بێدەنگیەی کە پێویستە دەوری گۆڕەکەم بدات- کە هیوا خوازم لەوێ بێت.

پێم خۆشە لە زەویە بەیارەکە بنێژرێم، دوو مەتر لەو لای باخچەکەی پشتەوە، لە ژێر ئەو توێکڵە زیخەڵانەی کە باڵندەی گچکە گچکە لێی دەنیشنەوە، هی خێراو لەسەرخۆ، پیرو کەم، سەرکێش و وریا، لە کۆترو کلك تەقێنەو سۆفیلکەو جوڕە، پێم خۆشە ئەو تاریکایی توێکڵەی زەوی بۆ من بێ، سەرەوەشی هی فاقەکان:

من لە ژێرەوە، ئاسنە ساردە دەم کراوەکانیش بە هەموو شەهوەتێکی ئاسنینەوە لە سەرەوە بن.

چوار فاقم کڕین، دوای ئەوەی هیچ چەکێکی دیکەم دەست نەکەوت، پێم گوترا: "پیاوە گەورەکە" هەموو شتێکت بۆ دابین دەکات، تەنانەت تفەنگێکی ڕاویش، بەڵام من فاقی بێ دەنگم بە باشتر زانی چونکە ماڵەکانی دەوروبەری چۆڵەوانیەکە هەراسان ناکات، ئەو چۆڵەوانیەی کە لە لای ڕۆژاوا جگە لە" سەکۆی ئەسپ سواری"یە ئاوەڵاکە شتێکی دیکەی لێ نیە، کە تەلبەندێکی کون کونی لە چوار دەورە.

لە بن ئەو تفرە زەویە زیخەڵانە حەکیمانەتر دەبم، تەنانەت ئەگەر بە فاقەکانم هیچیش نەگرم، بە هەر حاڵ من هیچ ناگرم، پێم وا بوو ئەو چۆلەکانە بە دەنووکەکانیان کرم و مێرووڵەو تۆو زیخ و بەردی وردی سەر جادە قیرەکە پێکڕا هەڵدەلووشن؛ سیکڵدانۆچکەکانیان بە گەرمی پاڵیان پێوە دەنێ، بۆیە لە فێڵەکەم دڵنیابووم و فاقەکانم دانانەوە، بەڵام کووڕ بوومەوە، بەڵێ کووڕ بوومەوە.. گوێم لە جومگەکانم بوو دادەکەلان، لەسەریەك دەترازان، تەقە تەقیان دەهات، بەڵام ئێسکەکانم بە ئاستەم هەناسەیان دەدا، دەمارەکانی دەورو بەری خۆیان نائومێدانە پاڵ دەدا تا لە دەرەوەی گۆشت هەوا هەڵمژن، ئەو گاڵتە جاڕیەی چۆلەکەکان تەحەمول نەدەکرا.

ماوەیەکی زۆر فاقەکانم شاردنەوە، بەو هەموو شارەزاییەی ئەو شوێنەی کە لێیەوە هاتبووم بۆ ئەم دوورگەیەی لەسەر خۆڵێکی شلدا مەلە دەکات کەپێی دەگوترێ ئاو، کەلەبەرێکم جێ نەهێشت ئاسنی فاقەکانی لێوە دیاربێ، پاشانیش گیام بەدەست ورد کردو پێم وەرکرد، بۆ ئەوەی وەك زەوی دیاربێ، بیرم لەوە کردەوە کە بۆنی شوێنەکەم بسڕمەوە تا پاکیزە بێ وا بێتە بەرچاو کە نامۆیەکی وەك من پێی لێ دانەناوە. بەڵام پێکەنیم: "ئاخرچۆلەکە لە ژێر تووکەکانیاندا تووتکە سەگ خۆیان حەشارداوە" وای لەو گاڵتەیە، رۆژانە هەنگاوی زۆر بەسەر ئەم شوێنەدا رەت دەبن چۆلەکەکانیش گوێ نادەنە بۆنەکەی وهەڵدەنیشن، بۆ بە تەنیا من بۆنەکەم بیانرەوێنێتەوە..؟ لەوانەیە خودی بیرۆکەکە بۆنی هەبێ، شایەد فاقەکان بۆنیان لێ بێ. یان ئەم ئارەزووەی داوێنی گرتووم، وەك ئەوەی بۆنێکی لێ بێ.

کووڕ بوومەوە، گوێم لێ بوو "شانە"کانی جەستەم وێك دەهاتنەوە کە دەمبینی چۆلەکەکان



لە فاقەكانم نزیك دەبنەوە و دواتر دەورو خولی دەدەن، بە بێزەوە تەماشای دەكەن، بەڵام خۆ من پێشبینی راوم نەدەكرد، بەهەرحاڵ وێڕای تفتی ئەم هەستەم كەپێبەندی دۆڕانێكی ئاشكراو پێشوەخت بوو، بەڕاستی ئەز لەوێ لە گۆڕەكەی خۆم ورد دەبوومەوە، نەك لە پێی چۆلەكەكان و بەو تاریكیەی كە لە ناو ئەندامی لەشمدا كۆبۆتەوە هەست بەتاریكایی ژێر تفرە زیخەڵانەكەی ئەو چۆڵەوانیە دەكەم، لەوێ، لەخودی یەقینی خۆم پتر فراوان دەبم، هەموو ئەوشتانەش كە بەسەر ئەم تفرە هەڵپڕوكاوەوەن بۆنی منیان لێ دێ. لەبەر ئەوەی هەڵمی خووی وەحشەتناكم سەردەخەم بۆ سەرەوە، دوای ئەوەی نامەی بارستایی دەدەمە بارستاییو"شانە"تواوەكانی خۆم شۆڕدەكەمەوە بۆ خوارەوە.

هۆ لەوێیە گۆڕەكەم، گوڵە بابۆنج وسەرخەس وگیای شەرمنۆكەی شەكەت بەهۆی نارەسەنی زەویە زیخەڵانەكە، بەڵام دەوروبەری من شێدارە بەهۆی ئەو نەرمە بارانەی پێناسەیەكی زبری بۆ ئەو بەهارە كرد كە یادەوەری لە دەست داوە. دەستەكانم شێدارن، چەترەكەم هەڵگرت تا ئەو دوو باڵندەیە بپارێزم كەچی هەڵفڕین، پاشان هاتمەوە ژوورەوە تا بەو بزمارەی هەڵبواسم كە لە دیواری ئاشپەزخانەكەیە. دوای ئەوە دووبارە چوومە دەرەوە، بۆ ئەوەی لەبەر خوردی ئەو باڵندەیە وێ بكەوم كە جگە لە پەڕێك هیچی دیكەم نەدیت. بۆیێ دەستەكانم تەڕن، خۆشم تەڕم لە بەر ئەو گەلحۆییەی تێم دایە بۆ بە دواچوونی كاروبارێك كە كۆتاییان نایێ، لەو ڕۆژەوە كە بڕیارم دا خۆم بكوژم، لەو سبەینەوە تا ئەم دەمی عەسرە كە خەریكە بەپەلە تاریك دادێ، دەڵێن كاتیش لەلای خۆیەوە لە بیرۆكەی بەهار رادەكات.

گۆڕەكەم لەوێیە، بەڵام -من- لە سەرمە لەگەڵ ڕۆژاوای بەكرێ گیراوی ناوەخت هاتوو بچمەوە ژوورەوە، چونكە بە تەمام رتووشی زیاتری خۆكوشتنەكەم بكەم تا جوانتربێ و دڵنەوایی بە خۆتێهەڵقورتاندنەكەم بدات وەك میوانێك لە تەرمێك نزیك دەبێتەوە كە تەرمی خۆیەتی بۆ ئەوەی لەوپەڕی كەماڵدا بیبینێ! ئارام، نەرمۆكە، لەوانەیە دەم بە خەندە لە بارو دۆخێكدا بێ رەقەكاری، سەرەكە پاڵی بە شانیدا دابێ، قاچەكانی درێژكرابن، پرچی شانە كرابێ و چەند داوێكی بەسەر پێشانەیدا شۆڕ بووبێتەوە، چاوەكان نیوە نووقاوبن وتەماشای كاغەزە سپیە مۆركراوەكە دەكەن كە لەسەر قوماشە شینە خاوێنەكە، كە چەند وشەیەكی پرسە ئامێزی لە مردوێكەوە بۆ زیندووەكان تێدایە: "نارەحەت مەبن.. چارەنووس سەرگەردانە ". نا.. بەتەمای ئەوەنیم كارێكی ئەوتۆ بكەم خۆكوشتنەكەم جوانتر بكات، بەڵكو وەك خۆی چۆنە وای دەخەمە روو، توندكار بەو هەوەستەی كە تێیدایە بەرەو كامڵ بوونێكی لاڵ كە دووبست لەولای جەستەوە دێ، یان ئەو كامڵ بوونەی كە لە جەستەدا واگادێ دوای ئەوەی گەڕەلاوژەی خوێن ئارام دەبێ. خوێنەكەم لە قوژبنێكی ماڵەكەدا پەرت دەكەم، جلەكانیشم لەیاد ناكەم كەلە ناو جانتاكە نووستوون، پارچە پارچە لە خوێنیان هەڵدەكێشم، بۆ ئەوەی میراتەكەم قورس بێ و شووشتنێكی بەهێزی بوێ، یان لەناوبردن، چۆڕاوگەی خوێنەكەم لە ژووری خەوتنەوە دەبەمە ئاشپەزخانەكە، ژووری دانیشتن، ڕارەوەكەی ماڵ، لای پنجە گیا كەمەكان، دیوارەكانیش لەبیرناكەم، بەدەستم چەند پروشكێكیان پێدا دەكەم هەر جارەی كە گۆلم پڕبوو، دوایش بە دەم پف لەو پۆقژانە دەكەم بۆ ئەوەی بەشێوەیەكی نارێك پەرت بن، كاتی خۆشی وامان لە مەرەكەب دەكرد كە دڵۆپێكی دەكەوتە سەر دەفتەر، پفمان لێ دەكرد، بەدەم وێنەی"شانە"مان لێ دەچنی، وێنەی جاڵجاڵۆكەو هەزارپێ ".

ئەگەر مەرەكەب بڕژابا سەر دەفتەرەكانی قوتابخانەم، نەمدەهێشت وشك بێتەوە، پفم لە دڵۆپە شینەكە دەكرد، ئەویش ناخی خۆی بەو هەموو شێوازە نەخشینەوە تەسلیم دەكردم، پێم رادەبوارد ئەویش پێی رادەبواردم، من بەهێواشی پفم لەو دەكرد، ئەویش بە ئارامی پفی لەمن دەكرد ئەگەر بەتوندیش پفم لێ كردبا ئەویش بەتوندی پفی لێ دەكردمەوە، من شێوەم لێ دروست دەكرد، ئەویش بەشێوەكانی خافڵگیری دەكردم. بەڵام جیاوازیە نارەحەتكەرەكە لەوەدا بوو كەهیچ پف كردنێكی من نەبوو لەوی دیكە ئایری بێ، "بە هێزەكان بەهێزو هێواشەكان هێواش" كەچی ئەو شێوازانەی دڵۆپە مەرەكەبەكان بەخۆیانەوە دەگرت، دوای پف لێ كردنیان، هەرگیز پێك نەدەچوون.

كەواتە خوێنی خۆم رەها دەكەم، لەوەی كە تەنیا ببێتە چەند داوە چۆڕاوگەیەك بەسەر دیوارەكاندا، یان تەنیا گۆمێكی گچكەی ئەم قوژبن وئەو قوژبن. پفی لێ دەكەم لە كاتێكدا دەخلیسكێمە نێو ئەو بوورانەوەی كە چاوساخیم بۆ دەكات بەرەو قەباحەتێكی بە زەوق تر، بەڵام پێش ئەوەی ئەم كارە ئەنجام بدەم لەو گەڕەلاوژەیە دەنۆڕم كە ئیدی لە دەوروبەری ماڵە كپەكەم ناوەشێتەوە. بە تایبەتیش لای سەرەوەی، كە ئەو ماڵەی لێیە كە هەردوو كرێچیەكە لێی دابەزیون ولە ناو ساقۆكانیاندا ختم بوون. بە تووڕەییەكی كپەوە بەرەو پەنجەرە گەورەكە چووم كە پەردە تەنكەكەی پێوەیەو رەونەقێك بە باخچەكەی پێشەوە دەبەخشێ، هەروا بە جادەكەو دار تەلی كارەباكەی كە رووناكیەكی نارنجی پێكەنین ئامێزی بە سەرەوەیە، تاقمێكی سەیری پیاوو ئاژەڵم پێكەوە بینی لە بەردەم ساكە گۆڕەكەی ئەو ماڵە راوەستاون كە ماوەیەك لەمەوبەر ئەم دوو كرێچیەی لێ دابەزیبوون پەردەكەم لادا تا باشتر بیانبینم، دواتر لاپەنجەرەیەكیشم كردەوە، كزە بایەك هەڵیكرد بۆنی خۆڵ و گوڵی لێ دەهات، بۆنی چپەی ئەو جووڵەیەی لێدەهات كە لە جەستەی پیاوەكانەوە بەدی دەكرا، نەك دەمیان.



خوێندنەوەیەك بۆ كتێبی الاقر ابازین

ناوی کتێب: الاقر ابازین

نووسەر: سەلیم بەرەکات

ساڵی چاپکردن: 1999 ستۆکهۆڵم

هاوکات لەگەڵ دەقە شیعرییەکانی سەلیم بەرەکات دەیان وتاری شیعر ئامێزی لەگۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوکردۆتەوە. وتارەکانی پەراوێزن بۆ تێگەیشتن لەدنیای شیعری سەلیم، واتە ئەوەی لەشیعرەکانیدا فریای وتنیان ناکەوێ، یا بەپێویستی نازانی بیڵێ، بەوتاری پڕواتا دەریان دەبڕێ.

"الاقرابازین" کۆمەڵە وتارێکە لەزانستی بینین و ئەمساڵ دوای گەیشتنی شاعیر بۆ سوید ونیشتەجێ بوونی لەستۆکهۆڵم لەلایەن خانووی Apec چاپ کراوە. "الاخرابازین" بەوتەیەکی بەناوی "پاشماوەی دەسپێك" دەست پێدەکاو دەڵێ: خاسینەکانی ئەم جۆرە نووسینە بریتییە لەپابەندبوونی کوێرانە بەوەی کەپێناسە ناکرێ".

کتێبەکە بەسەر چوار تەوەردا بەشکراوە بەناوی" یاخی بوونی مەنتیق، مەترسییەکانی دۆزینەوەی ماقوول، زانستەکانیهەوایەك کەلەژێر لێکۆڵینەوەدایە "، هەرتەوەرەو چەند وتارێکەو هەموویان 23 وتارن. بۆئەوەی خوێنەر ئاشنای هەندێ بیروبۆچوونی کوردانەی سەلیم بەرەکات بێ، ئەم وتارەمان هەڵبژارد کەبرای چیرۆکنووس یوسف عیزەدین وەری گێڕاوە. گەلێك لەکێڵکەکانی گوللەباران کردندا ئەمجارەیان مریشکەکانیان، و مەڕەکانیان،وخاڵە کوردییەکانیان لەگەڵ خۆیان دا دەبەنە ئەوروپا. ڕەچەڵەکە خۆشگوزەرانەکان یەکیان ئەوی دیکە بەدوای خۆیدا دێنێ و لەزستانی جیهاندا دوای سێڵاوی مرۆیانە دەکەون. دواتر چی؟ تەنها پەرتەوازەییەکی ڕەچەڵەکەکانی خۆرهەڵاتە، کەزەبرو زەنگی سوپاکان و گوشاری نەداری، خستونیەتیە ئەو دیمەنەوە، کەدەبێت بەپاکژی بهێڵرێتەوە. لەقومەوە تا کۆشکی سپی، کەس لەوە دەربازی نابێت، و بەشەریکی غەدر دەدرێنە قەڵەم. بەڵێنیان بەکورد دا کەبرای دینیان بێت، بەڵام لەزماندا سوکایەتیان پێکرد. بەڵێنیان پێداکەلەبەردەم یاساداو پاش لەناوبردنی زەبروزەنگ سەری بخەن، بەڵام لەئابڵووقەیەکی نادیاردا هێشتیانەوە. بەڵێنیان بەدادپەروەرییەك دا، کەبیکاتە هاوکارێکی چارەنووسی ون بووی، دواتریش چەکیان دایە ڕاودو نەرەکانی. روخاندنی ڕژێمی عێراق لەخەیاڵی داکۆکی کەرەکان لەکوێت نەبووەو ناشبێت. ئەوان هاتن تاعێراق بگەڕێننەوە بۆ نێو ئەشکەوت و خۆیان لەبەردەم دەروازەکەیدا بمێننەوە. تا خۆشگوزەران بن بەدادۆشینی کیشوەری نەوت و لەچاککردنەوەی کەشتی هەڵگرەکانیان و پارێزگاری لەجەستەی سەربازی خۆرئاوایدا سەرفی بکەن. ئەو کوردەی کەهەلهەلەی بۆ ئەو بەناوسەرکەوتنە لێدا، شاباش کرا.. هەروەك عێراقییەکانی تریش شاباش کران: کوردیان گەڕاندەوە بۆ پاشەگەردانی یەکدی سەربڕین لەبۆشایداو عێراقییەکانی تریشیان گەڕاندەوە بۆ سەددام. هیواکانیان پتەوکردن بەئابلۆقەیەکی تان و پۆکراو لەبرسێتی و پەردەیەکی تەنکیش لەشوێن جێگە

لەت لەت کراوەکەدا دادرایەوە. گۆڕەپانی کورد وەك ڕاستیەکەیەتی: زەوی نۆڵای هەیەو لەلایەکیەوە فریاگوزاری کیانەکەی پێدەگات و ئەوەتا گەیشتیش، بەراستی، فریاگوزاری کۆشتنە. ئێرانی تایفەگەری بەپێی دەستووری خودا، برایەتی بزووتنەوەی نەتەوەیەکی دراوسێی ناکات، کەدەماری گیانیان ڕەچەڵەکێکی لە ئێران دایە. بەدەستوری خۆی هەڕەشە لەهەموو سەرپێچی کارێك دەکات.

لەئیسلام بوونیشیدا، ئەوەندەی مەبەستە کەئیسلام بکاتە داردەستێك بۆ پارچە پارچەکردنی ئەوانەی کەهەر لەباوانیانەوە لەپشتەوە پێکراون. چەکێکی زۆر بۆ وێرانکاری دەنێرێت، پاشان دەڕواننە باڵای مەرگ.

تورکیاش دێتە دیمەنەکەوە، لەدەروازەی "پڕکردنەوەی " ئەو بۆشاییەی کەخۆرئاوا وەك پێخەفی ژن و مێردایەتی بۆی سازکردووە، خۆرئاوایەك کە تەرازووی عەتاری بەدەستەوە گرتووەو. شاڵاو لەدوای شاڵاو شوێنەکە پەلاماردەدا پاشاگەردانیەکی بەدوادا دێنێ کە لەداهێنانەکانی کیانە ئاڵۆزەکەیەتی:

بۆتەیەکی خۆرئاوایی ڕۆنی ئیسلامی تێدایە، چێشت لێنەرێك دەیباتە چێشتخانە پەردە داراوەکەی کەقاپ و قاچاخی تەڵخن. تورکیاش بەنمایش کردنی گیانی کورد وەك کێڵگەیەك بۆ گوللەباران کردن، داوای خەڵاتی شیاو لەخۆرئاوا دەکات بۆ ئەو ڕۆڵە پۆلیسییەی کە لەبەردەم دیواری خۆرهەڵاتدا دەیبینێت.ڕۆڵ بینینی وەك پۆلیسێك کە جڵەوی ئەو کاروبارانەی بەدەستە کەخۆرئاوا پشت گوێ ی خستوون ولەئەنجامی تێکەڵە و پێکەڵەی سیاسەتەکانی لە کوردستاندا، کە باڵادەستی یەك یاسایتێدا نابینرێ.

تورکیا درك بەو پارێزگارییە مەبەستدارە، پلان بۆ داڕێژراوەی خۆرئاوا دەکات، بەبەهرە دارکردنی کورد بەئیدارەیەکی خۆیی، پاش نەمان و خاڵی بوونی کوردستان لەسەددام، کەخەڵاتێکی نائاشکرایە، ئەویش بەنازکردنەوە سیفەتی شکست بەخەڵاتەکە دەبەخشێت: جێماوێك لەپاشا گەردانی، تورکیا دەیگرێتە خۆی، ئەمەیە کەبەئاشکرا دەیڵێیت و لە کاروبارە دیارەکانیدا وەدەری دەخات.

خەڵاتەکە تەوومژاوییە لەووریاییەکی ئاشکرادا. سەرباری ئەوەی کەخۆرئاوا هیچ پشگیرییەکی ئەزموونی کوردان ناکات، بەپێداویستی ئابووری و ئیداری و ڕاوێژو پلانی ماقووڵ. چەکی ئەڵمانی، وەك کۆڵەکەیەکی تەرسانەی تورکیایهاوپەیمانی لەناتۆدا دەمێنێتەوە، سەرباری چاوپۆشینی ئەمریکا لە پێشێل کردنی مافی مرۆڤ و پەلوپۆ دەبەنگەکانی لەباوەشی کچە بەنازەکەیداو پاڵ پێوەنانی بۆ هاوپەیمانێتی کردنێکی پتەو و دروستکراو لەگەڵ ئیسرائیلدا، بۆ سەلماندنی ناسنامەی پێکدادراوەکەی لەرۆژهەڵاتی تاریك دا.

ئەگەر فیکر سەلمێنراوی زیاتر بدۆزیتەوە ئەوا تورکیا لەقایل نەبوونی ئەوروپا بۆچوونە نێو یەکێتییەکەی، خۆراکێکی پاك دەدۆزێتەوە... تا جەستەی ڕژێمەکەی پێڕاست بکاتەوەو لاری یەکەی نەمێنێ، هەرچەندی بەرەو گۆشەیەکی تەریك پاڵی پێوە بنێن، لەڕێچکەی وتووێژەکانی بوون بەئەندامیدا، تورکیا سکاڵای زوڵم لێکراو بەرز دەکاتەوەو ژەنەراڵەکان و شەقامە تەعمیم کراوەکان پشگیری دەکەن، بەردەوامیش دەبێت لەتۆڵەسەندنەوە لەگەلێك کەدەیەوێت بەزمانی خۆی بدوێت، کە دیارە ئەمەش لەپێداویستییەکانی هەڵگرتنی ناسنامەی ئەوروپی بوونە، لەژێر سایەی یاسادا.

"گرتنە خۆ" گوتراوێکی ئاگادار کەرەوەیە لەلایەن ڕەبەنی سزادانەوە بۆ ڕەوتی جیهان، چارەسەرێك کە لەمیانی پسپۆڕی ئەودایە، کاتێك کارەکە

پەیوەست دەبێت، بەناسنامەی مرۆڤێکی حەق خوراو. زوڵم زۆر وەخۆناگیرێت، رەخنە لەزوڵم دەگیرێت وەك رەخنەگرتن لەلادانی گلەیی لەویژدانی کەسێکی گلەیی کەردا، بەڵام وەخۆناگیرێت.

یەکێتی ئەوروپا دەتوانێت تورکیا لەگرفتە قەدەریەکەی رزگاربکات، بەگرتنەخۆی لەیەکێتیە کەیدا ، وجەستەی خۆشەبکات، بەمەسلی چاودێری کردنێکی توند لەستاڤەکانی دا، بۆری و موولوولە خوێنەکانیشی لەگەڵ داواکارییەکانی هاوکاری و هاوبەشیان لەپەیماننامە سەپێندراوەکەدا رادێ، بەڵام فێڵی ئەو دواخستنی رزگارکردنەی، دەکەوێتە ئەستۆی مێژووی یۆنانی نا تەبا لەگەڵ بیرۆکەی لەدەست دانی قۆستەنتینەی ون بوودا، کەدیارە ماندوو بەگرێ چنین وبەهانەهێنانەوە.

لەراگەیاندنێکی بەبەرستکەردا، هیلمۆت کۆڵ دان بەنیوەی راستیەکەدا دەنێت: "تورکیا موسڵمانە"... "ڤان دربرۆك"ی راوێژکاری مفەوەزیەی ئەوروپا، کۆششێکی ئەخلاقی دەکات، لەراستکردنەوەی ئاڕاستەی واتاکە:

"یانزەملیۆن موسڵمان لەئەوروپادا هەیە".

نیوەی دیکەی راستیەکە دابەشکراوە بەسەر خۆیدا لەلایەنگیری کردنی "کۆل"یان "ڤان برۆك". خۆری کورد، لەم تاریکستانە ئەتك کراوەدا، هەڵدێت ... بەهەڵگیراوی وەك دروێنەی پووش ... بەسەر سەری کچانی یەئس و دایکانیانەوە .. ئەوانەی کەرەتێنراوی بەپیت و بەرەکەتیان لێدەکەوێتەوە .. لەمیانی ململانێی مانەوەی چاکتردا، لەسەر زەوییەکی وێرانکراو بەبۆشاییەکی تێك شکێنەردا.

لەم ئیفلیج بوونەئەخلاقییەدا هەمووان یەکسانن و کەس لەسەر راست نیەو ناتوانێت پینەو پەڕۆی شتێك لەراستی بکات. بەڵام نیوەی لۆمەکردنەکە دەکەوێتە ئەستۆی حزبە شەڕکەرەکانی کوردستان، ئەوە راستییەو راستییەکی ماندوو و بێ هیواکەرە. ئەی چی چاوەڕوان دەکرا لە کوردێك کەرێگەی ئامادەبوون و هاوبەشی پێنەدراوە؟

بەچ ئازایەتی یەکەوە داوا لەرەتێنراوێکی وەك ئەو دەکرێت، تاببێتە نمونەیەکی پاکژوبالا لەرێخستنەوەی دروستی بارو هەوای کوردستانی لەت لەت کراودا؟" ئەزموونی کوردان؟ لەخاکێکی بەرەڵاندا کە دروێنەی تێدا ناکرێت، بەلاوازی روا...

رێگە بەکورد نەدرا تا بتوانێت لەپانتاییەك، لەدڵنیایی پێویستدا نیشتەجێبێت ، تا بتوانێت دەسەڵاتی خۆقایم کردنی لەباری رێکخستن و پەیوەندییەکانیەوە تاقی بکاتەوە.

خەیاڵ پلاوێك لەوەدەرکەوتنی خێرای هیوای روخانی سەدام، زیندانی بێ دەرگای دروست کرد.. بەپشت بەستنی بەبەڵێنی خۆرئاوا بەپارێزگاری کردنی؛ کەدیارە دواتر کەلێنی تێ دەکەوێت و گاردی کۆماری خوێنڕێژ دەگەڕێتەوە بۆ "خاکی ئازاد" "پارێزگاری" هەر بەقسەو لەئاست وتندا ، پارێزگارییەکی بەرژەوەند ئامێزە، لەگەڵ مانەوەی سوڵتانی هەڕەشەلێکراو، پارێزگارییەکە بەبێ ئەوەی رێگە بەپارێزراو بدرێت تاخۆی قایم بکات لەڕووی بەدەست هێنانی پێداویستییەکانی ژیان..بەئیدارەکردنی کۆڵەکەکانی پیشەسازی بچووك و لابردنی ئابلووقە لەسەر ناوچەی پارێزراو، کەدیارە سوود وەرگرتنی لەکونۆچکە گومرکیەکان، پزیسکێکە بۆ وەهۆش هێنانەوەی کەسی هەڵخەڵەتاو.

لەگەڵ ئەوەشدا کەلەخودی ناوچە پارێزراوەکەدا ،کەم وکورتیەکی بنەڕەتی هەیە لەچەشنی پارێزگاری لێکردنەکەو ئەو واتایەی کەلەسەر تەنافی سەربازەکانی ئەنجەرلێك هەڵواسراوە.

ناوچەکە بەزۆرێك لەو کەم وکورتی و کەلێنانە مایەوە کەفرستادەکانی دراوسێ، لێوەی دەهاتنە ناوەوە بۆ خستنەڕووی بە لێنەکانیان، پاش" بارودۆخی کتوپری "وەك ئێران و رژێمی بەغدادو تورکیا . پێکەوە هەوڵ و کۆششی نەپساوەیان دا بۆ لەناوبردنی هەر جۆرە دیاردەیەکی پێکهێنانی کیانێك، کەرەنگ بێت ببێتە مایەی خۆشگوزەرانی .. وەك مافێکی مرۆیانە لەبوونێکی عادیلانە لەدەوروبەری داگیرکەر، بە رکوکینەوە پەل دەهاون بۆ دەرەوەی دەریاکانی جیهان.. تا سەرکوتی یاخی بووەکان بکەن. وەك ترێ ی تشرینی دووەم هۆکارەکان پێگەیشتوون ، بۆ لەناوبردنی کۆڵەکەکانی بنیادنانی کیانێکی کوردانەو جێگرتنەوەی بەکۆڵەکەکانی "پاراستنی جۆر" : تورکیا بەنەخشە بۆ کێشانێکی ئەوروپیانە، بیەوێت یان نا، لەدەرەوەی چاودێریەکەیە .. ئێران لەهەمان شوێنی ئیعرابی..هەرێمایەتی دایە بەبەرژەوەندییەکانی. سبەینێش گاردی کۆماری دەگەڕێتەوە ناوچە پارێزراوەکە.

دەبێت کورد چی بکات ، بەو حەقیقەتەی کەدەمووچاوی داپۆشیوە وەك دەمامکی ئاسنینی ئەلێکسەندەر دۆماس. لەچۆڵەوانیەکدا کەگڕەو پشکۆی ئاگر دەمووچاوی دەکوتێتەوە؟ هەر بەش و پارچەیەك و دەست و پێوەندێك خۆی دەهاوێتە باوەشی پارێزگاری لێکەرێکی درۆزنەوە، هەر لەوکاتەوە کەبوونی بووە مایەی قەیحە کردنەوەی کوڕەکانی عەرەب و عەجەم و تورك . لێرەو لەوێ، هەڵدێت.. لەبەغداوە بۆ تاران و لەتارانەوە بۆ بەغداو لەوێشەوە بۆ دیمەشق. سێگۆشەیەك کەبەکاری دێنێت، بۆ گوشار خستنە سەر رژێمی بەرامبەرو بگرەو بەردە لەگەڵیدا ..گەر یاخیش بێت دەستبەرداری نابن.. مەگەر سواری کەشتییەکی بێ چارۆکە ببێت و بەرەو ئۆقیانووسی ئاوەکان بکەوێتە رێ.



تاراوگە ڕێگا لە ئافراندن ناگرێت ...

وەرگێرانی : کاوە ئەمین

لە کتێبەکانی (سەلیم بەرەکات)دا،باڵندەکان هەمیشە لە فڕیندان،بەڵام ئەو بۆخۆی بەبێ باڵ ملی ئاوارەیی گرتووە. لە سوریاوە بۆ لوبنان، لە لوبنانەوە بۆ قوبرس و لە وێشەوە بۆ سوێد. ئەم پایزە یەکەمین دیوانی شیعری سەلیم بەرەکات بە زمانی سوێدی بڵاودەکرێتەوە. نووسینی:ئان دالین لە شارێکی تەپوتۆزاوی باکووری سوریا(مەبەست باشووری ڕۆژئاوای کوردستان)ە،کە دەکەوێتە سەر سنووری تورکیا (باکووری کوردستان)،کوڕێك گەورە دەبێت. ئەو دڵ پڕلەقینە لە خوێندنگا، کۆمەڵگا،خێزان و جادە قوڕینەکان،لە هەموو شتێك. بەڵام لە بەردەم گەورەکان و دەوڵەتدا،بێ دەسەڵاتە. بۆیە داخی دڵی خۆی بە ئازاردانی گیانلەبەران و سەربزێوی منداڵانە دەردەبڕێت. بەنزین دەکات بە پشیلەیەکدا و لە کلکیەوە ئاگری تێبەردەدا.

لە ڕۆمانی "کوللەی" سەلیم بەرەکاتی کورد دا کە بیرەوەریەکانی خۆی دەگێڕێتەوە،بە بەشێك لە ژیانی ئەو کوڕە ئاشنا دەبین. سەلیم بەرەکات دەڵێت: ئێمە وەکو خانەوادەیەکی کورد،سوکایەتی و بێڕێزیمان پێدەکرا،ئەمەش دەبێتە هۆی بریندارکردنی ناخی کەسێك. ئەمەش دەبێتە ئامرازێك بۆ گەورە بوونی ڕق و کینە،ڕەشوەیەك لە ناخدا. من دەمویست ڕاستییەکان نیشان بدەم،نەك منداڵییەکی گوڵاوی کە بوونی نییە.

هەروەها لە ژیانی ڕاستەقینەی سوری- کوردانەی سەلیم بەرەکاتدا، دوو برا هەبوون،ڕۆژێکیان لەلایەن پۆلیسەوە ڕاپێچ دەکرێن،ئیتر لەو کاتەوە هیچ کەسێك سۆراخی نەکردوون. باقی خێزانەکەی بە شێوەیەکی گشتی ژیانیان لە تاراوگە،لە وڵاتانی وەکو میسر،لوبنان، ئەڵمانیا و سوێد،بەسەر بردووە.

جۆرێکی تری چەوساندنەوە کە ڕووبەڕوی کوردەکان بووەتەوە ئەوەیە کە یەکێکی وەکو سەلیم بەرەکات، کە یەکێکە لە ناودارترین نووسەرەکانیان،ناتوانێت بە زمانی خۆی (کوردی) بنووسێت یان بخوێنێتەوە. هەموو کتێبەکانی سەلیم بەرەکات کە لە 23 کتێب پێکدێن،ڕومان و شیعر و کتێبی منداڵان لە خۆ دەگرن،بە زمانی عەرەبی نووسراون. کتێبێکی تری سەلیم کە وەرگێردراوەتە سەر زمانی سوێدی،ڕۆمانی "پەڕە"،کە ئەویش باس لەهەمان ئەو سروشتەی ڕۆمانی "کوللە" دەکات،دەکرێت ئەویش بە شێوەیەك لە شێوەکان بەردەوامیەکی سەربەخۆ بێت.

قارەمانەکانی ناو ئەم ڕۆمانە،مەم و دینۆ کە بە سکێك لەدایکبوون،دایك و باوکیان و شەش خوشك و برا،پێك دێن. کاتێك مەم گەورە دەبێت،باوکی ڕەوانەی قوبرسی دەکات. لەوێ دەبوو لەلایەن پیاوێکی بە شەخسییەتی نادیارەوە سەرپەرشتی بکرایە. مرۆڤ لە ڕۆمانەکەدا وا تێدەگات،کاتێکیش کە وەختی خۆی هات،ئەو کوڕە ئەرکێکی پێدەسپێردرێت کە بۆ گەلی کوردی بکات.

بەڵام کابرا بەهیچ جۆرێك پەیدا نابێت،کە لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا بە مەم دەگەین،پاش شەش ساڵ چاوەڕوانی بێ مانا،دەیەوێت خۆی بکوژێت. بەڵام بە هۆی ڕووداوی جۆراوجۆرەوە،بەرنامەی خۆکوشتنەکەی هەڵدەوەشێنێتەوە: پەڕێك لە ناو جانتایەکدا،دەیباتەوە دنیایی خەیاڵ،دوو باڵندە لە حەوشەی باخچەکەدا،هەواری لێدەخەن، جوتێکی سەیر دەبنە هاوسێی. گێرانەوەکە لە یەك جێگادا وەقرە ناگرێت،جار بە جارێك پچڕپچڕ دەبێت، بەهۆی پەشۆکان و گفتوگۆ خەماوییەکانی نێوان مرۆچەکان،ئاژەڵەکان یانیش گژوگیایی ناو باخچەکە. کاتێکیش لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا دەردەکەوێت کە مەم هەر لەتەمەنی لاوێتیدا لە شارەکەی خۆی خنکاوە،بەڵکو ئەوە (دینۆ)یە لە جیاتی مەم دەنێردرێت بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکە، ئیتر بە جارێك ژێر پێی خوێنەر دەکەوێتە لەرزە. ئایا ئەمە هەمووی خەوێکە؟ سەلیم بەرەکات دەڵێت: شتە بێ واتاکان "absurd"، دەلالەت لە نائارامی پاشەڕۆژیی کورد دەکەن.ئەمە ئەو دیالۆگەیە کە مرۆچ ناتوانێت لەگەڵیدا بڕوات. دەرد و خەمەکان، وان لە هەناوی مندا،من ئا بەوشێوەیە دنیا دەبینم.

لەوماوەیەی کە ئەو بەنووسینەوەی مێژووەکەوە خەریك بووە،لێی ڕوون نەبوو کە ئاخۆ گۆڕانکارییەکان بە چ ئاقارێکدا دەڕۆن،لە ڕەوشێکی وادا هەموو کتێبەکانی نووسراون.

– من دایمە تووشی هەمان سەرسوڕمان دەبم،چونکە نەم دەزانی کە ئەو ڕووداو و مرۆچانەم لە ناخمدا هەڵگرتبێت. ئەمەش بەو مانایە دێت کە ئەو وەکو مرۆچێك سنوورێکی نییە. ئەم بێ سنووریەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئیحساسە بەهێزەی کە هەیەتی بۆ ئاژەڵەکان،بەتایبەتی بۆ باڵندە. ئەو دەڵێت: ئاژەڵەکان بەشێکن لە ڕۆحی مرۆچ.

– پەیوەندی نێوان خۆ و ئاژەڵ،پەیوەندی نێوان من و خۆمە. هەر جارێك تۆ بیر لە باڵندەکان بکەیتەوە،شێوەیەکی نوێ لەخۆی دەگرێت. هەروەك ئەوە وایە کە لێکۆڵینەوە لەسەر گەردوون بکەیت- بەڵام هەمیشە لە ناخی خۆتدا.

سەلیم بەرەکات لە ڕۆمانە تازەکەیدا کە لەم هەچتانەی پێشوودا بە زمانی عەرەبی بڵاوکرایەوە،بەتەواوەتی دەست بەرداری قەفەزەکەسایەتییەکەی و، دنیا کە وەك ئێمە دەیبینین،بووە.

– لەو ڕۆمانەدا،مرۆچێك یانیش جێگایەك نییە کە پێشتر بینیبێتم. باسی (Centaurer)ە،ئەو ئاژەڵانەی کە نیوەیان مرۆچ و نیوەکەی تریشیان ئەسپە. من لەم گیانلەبەرانە کۆمەڵگایەکی گەورەم بنیاتناوە. ئەم کتێبە تا بڵێی بە زەوقە،ئەوە قسەی سەلیم بەرکات خۆیەتی. بەڵام ئەو لەوە دڵنیا نییە کە ئەم کتێبەی وەربگێڕدرێت. زمانی کتێبەکانی بە تێپەڕبوونی کات زیاتر جێگیربوون،بۆیە وەرگێرانیشیان زەحمەتترە.ئەو پێیوایە کە چاپخانەکان ئەو پارەیە نادەن بۆ ئەو کاتەی کە بۆ وەرگێرانەکە پێویستە.

بەڵام بەهەرحاڵ لە پایزی ئەمساڵدا،دیوانە شیعرێکی سەلیم بەرەکات بە زمانی سوێدی بڵاودەکرێتەوە.ئەم کۆمەڵە شیعرە کە ناوەکەی بە

ئینگلیزی "The recklessness of rubies" "یاقوتی بیّ پەروا"،خەریکە لەلایەن چاپخانە بچکۆلانەکەی (Tranan) وە دەکریّت بە سویّدی.

پیّدەچیّت ژیانی تاراوگەی لەم لا بۆ ئەو لا،نەیتوانیبیّت هیّزی ئافراندنی سەلیم بەرەکات دادۆشیّ. ئەو بۆ خۆی دەڵیّت: ئەوە نووسینە کە توانیویەتی هاوسەنگی هەبوونی ئەو نائارامییە ڕابگریّت. ئیّستا ئیتر ئەو هیّندە نادڵنیا نییە،چونکە مۆڵەتی مانەوەی (ئیقامە)ی وەرگرتووە لە سویّد.ئەو لەگەڵ منداڵە سیّ ساڵانەو هاوسەرەکەیدا،بە ئیسراحەت لە سکوگۆس کە دەکەویّتە خواروی ستۆکهۆڵمەوە،پاڵیان لیّداوەتەوە. لە حەوشەکەیاندا،خانوچکەیەکی دروسرتکردووە و ژنەکەشی پەنجەرەکەی بە ڕەنگی ئاڵاوالای ڕۆژهەلاتیانە ڕازاندۆتەوە.

بەڵام هەندیّك جار بیری باخچەکەیان لە نیکۆسیای قوبرس دەکات،کە شانزە ساڵ تیّیدا ژیاوە.

– 225 دارم ڕواندبوو،یەکەبەیەکیانم دەناسی. وەکو جیّگایەکی حەسانەوە وابوو لە بیابانیّکدا.

– لە نیوە شەودا،لەخەو هەڵدەستام و ئاوم دەدان،چونکە هەفتەی دوو جار ئاومان هەبوو. لە سروشتیّکی وادا،ناچاریت کاتیّکی زیاتر بۆ نەمامەکانت دابنیّی،مرۆچ پەیوەندییەکی زیاتری هەیە لەگەڵیان،لیّرە ئەگەرخۆشت نەبیت ئەوان دەتوانن بژیین.

سەرچاوە

www.stpress.se/zino

, 10:50 2004 Jun 04



ئێمە لەبەردەم جیهانێکی جەنجاڵی پڕ ڕوداوداین

ناوی کتێب: شێرە کوللەی ئاسنین

ناوی نوسەر: سەلیم بەرەکات

خوێندنەوەی: هەورامان وریا قانع

یەکەم پرسیار کە لە دوای خوێندنەوەی ئەم کتیبەوە دێتە بەردەممان پرسیارێکە سەبارەت بە قۆناغی منداڵی و ساڵانی سەرەتای تەمەن، ئەو ساڵانەی کە دنیا و گەردون و بوون، ژیان و لەدایك بون و مردن، کۆمەڵێ پرسیاری بێ وەڵامن.

قۆناغی سەردەمی منداڵێ ئەو قۆناغەیە کە ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت لە دروست بون و پێگەیاندنی کەسێتی مرۆڤدا، قۆناغێکە پڕە لە پرسیاری هەمەجۆر، منداڵ ڕۆژانە کۆمەڵێ پرسیاری جیاواز جیاواز بە مێشکیدا گوزەر دەکەن، بێئەوەی وەڵامێکی گونجاوی دەستدکەوێت، ڕۆژانە دەیان حاڵەتی سەیر دەبینێ کە نە لێیان تێدەگات و نە کەسێکیشی دەست دەکەوێت بۆی لێکداتەوە، هەر لە لەدایکبونی براکەی، خوشکەکەی، هاتنی وەرزەکان، سەرماو گەرما، تادەگاتە پرسیار سەبارەت بە خودا و مانگ و ئەستێرەکان. زۆر بەدەگمەن کەسێك هەبێت وەڵامێکی ڕاستی منداڵ بداتەوە، هەموان لەسەر ئەوە کۆکن کە نابێ بە شێوەیەکی دروست وەڵامی ئەو پرسیارانە بدرێتەوە، بگرە پرسیارکردن لەسەر هەندێ بابەتی یاساغی وەك سێکس بەجۆرێك قەدەغەیە کە باسکردنی لەلایەن منداڵەوە دەبیتە شوێنی تورەبونی گەورەکان و هەندێ جار بە لێدانی منداڵەکە کۆتایی دێت.

نەبونی وەڵام بۆ پرسیارە بێشومارەکانی منداڵ یەکەم هەنگاوە بۆ کوشتنی ڕۆحی پرسیار و خەفەکردنی ئەو دەنگەی کە دەیەوێ لە ڕێگەی پرسیارکردنەوە لە دنیا تێبگا و پەی بە نهێنیەکانی بەرێت، یەکەم هەنگاوە بۆ ئەوەی منداڵ هەمیشە فێری ئەوە بکرێت تەنها لەسەریەتی گوێبگرێ و خۆی هەوڵی دۆزینەوەی وەڵامەکان نەدات و هەقی بەسەر ئیشی گەورەکانەوە نەبێت، وەك ئەوەی پرسیارکردن تەنها تایبەتبێت بە گەورەکان.

سەرەڕای ئەوە ئێمە لەم کتێبەدا لەوە دەگەین دنیای منداڵی دنیایەك نییە هەمووی هەر بەرائەت و سۆز و خۆشەویستی بێت، هەمووی هەر پرسیار کردن و گەڕان نییە بەشوێن نهێنیەکان، دنیایەك نییە لێوان لێوبێت لە گەمە و گاڵتەی منداڵانە، بەڵکو دنیایەکە بەشی خۆی ساتی شەڕانگێزی و شەڕوشۆڕی تێدایە، بەشی خۆی فڕوفێڵ و هەڵخڵەتاندن و فریودانی تێدایە. منداڵی زۆربەمان لە منداڵی سەلیم بەرەکات دەچێ، پڕە لە ساتی عاجزبون و تورەبون و هەڵچون، سەرشارە لەو ساتانەی بە ڕاوەچۆلەکە و تەڵە نانەوە و گرتن و کوشتنی باڵندەکانەوە بردومانەتە سەر.

سەلیم بەرەکات لەم کتێبەدا بە ئاشکرا و بێشاردنەوە و شەرمکردن، باس لە منداڵی خۆیدەکات، منداڵییەك بە ئاسانی تەسلیمی ڕوداوەکان نەبوە و لەبەرامبەر زۆر ڕوداویاندا جۆرێك لە سەرکەشی و هەڵەشەیی نواندووە. لەگەڵ دایکدا تورەبووە و بووە بە ناخۆشیان و لە ئەنجامدا بۆ ماوەی بیست ڕۆژ ماڵی بەجێهێشتوە و لە کێڵگە پەموەکەی نزیك ماڵەوەیاندا نوستووە.

سەلیم بەرەکات باس لەو توندوتیژیە دەکات کە لە قوتابخانەکانەوە سەرهەڵدەدات و تەلەبەکانی پێ گیرۆدە دەکەن، باس لە هاتنی سەرۆك بۆ قوتابخانە دەکات و باس لەو ئامادەباشییەی دەکات کە دەبێ خوێندکارەکان پێش هاتنەکە بە هەفتەیەك جێبەجێی بکەن، هەر لە هەڵواسینی پۆستەری سەرۆك بە ژورەکانی قوتابخانەکەدا و لەبەرکردنی هۆتاف و سرودی نیشتیمانی و کردنی وێنەی سەرۆك و ئاڵای بچکۆلانە بە کراسەکانیانەوە، تا دەگاتە ڕاوەستان و چەپڵە لێدان بۆ کەژاوەی قەرەباڵغی سەرۆك. سەلیم بەرەکات ئەو حاڵەتی هاتنی سەرۆك و تێپەڕینە خێراکەی بەناویاندا و ئەو هەموو خۆ ئامادەکردنەش بە سەرەتای توندوتیژی لەقەڵەم دەدات، سەرەتایەك دەچێتە پاڵ سەرەتا توندوتیژییەکانی دیکەی خێزان و گەڕە و قوتابخانە و شەقامەکانی شار، ئالەو سەرەتایانەوە منداڵ هێدی هیدی لە نێو تۆڕێکی فراوانی توندوتیژیدا گەورەدەبێ و چاوەکاتەوە، ئالەو سەرەتایانەوە تێدەگات پێویستە لەسەری خۆی بکات بە بەشێك لەو توندوتیژیە و بتوانێ لەگەڵیدا هەڵبکات. لەم کتێبە بچوکەدا ئێمە لەبەردەم دنیایەکی گەورە و فراواندا ڕادەوەستین کە دنیای منداڵییە، فراوانی ئەم دنیایە هێندە بەر بلاوە کە جێگای هەموو شتێکی تێدا دەبێتەوە، هەر لە شەڕ و ڕق و زیزبوونەوە تا دەگاتە ئاشتبونەوە و گەمە و یاری و گاڵتەکردن پێکەوە.

سەلیم بەرەکاتی نوسەر لەم بیرەوەریانەیدا باس لەو سەردەمە دەکات کە بە چەقۆی چێشتخانەکەیانەوە لەگەڵ منداڵانی گەڕك خۆیان گەیاندووەتە سەر ئەو سەلوێنکانەی کە پڕ بوون لە کەلاکی ئاژەڵی تۆپیو، چونەتە سەر ئەو گوفەکانەی کە بۆگەنی گیانەوەری مردارەوەبوو نەیتوانیوە هەراسانیان بکات، لەوێ بە چەقۆ و گوێزانەکانی دەستیانەوە کەوتونەتە لێکردنەوە و داماڵینی خوری و پێستی ئاژەڵەکان، ئەمەشیان لە پێناو چەند لیرەیەکدا کردوە. ئەو دڵڕەقی و حاڵەتە بێبەزەیانەی لەم کتێبەدا سەلیم بەرەکات دەیگێڕێتەوە، بەجۆرێکە لەئاستیدا سەرسام دەبین و تێدەگەین ئێمە نەك تەنها لەبەردەم منداڵییەکی هێمن و لەسەرخۆدا نین، نەك تەنها لەبەردەم جیهانێکی بێکێشە و بێ گرفتا نین، بەڵکو لەبەردەم جیهانێکی جەنجاڵی پڕ ڕوداوداین کە تا سەرئێسقان شەڕانگێزی و توندوتیژی تێدایە.

ڕوداوەکانی ناو ئەم کتیبە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە قۆناخی منداڵی قۆناخێکی دوولایەنە، لایەنێکی جوان و سۆزئامێزە و پڕە لە تریقەی پێکەنینی منداڵانە، لایەنەکەی دیکەیان لێوان لێوە لە ساتی دزێو و ناشرین، لایەنی یەکەمیان ئاشکرایە و جێی شانازی باوك و دایکە، لایەنی دووەمیان شێوەیەك لە نهێنی لەخۆدەگرێ و جێگای گلەیی و گازەندەیە، ئەم دوولایەنە پێکەوە گەشەدەکەن و دەچنە پێشی، پێکەوە کەسێتی منداڵەکە دەنەخشێنن، ئەوەی دەمێنێتەوە ئەوەیە ئەم دوولایەنە لە ڕەوتی گەشەکردنیاندا پێویستە لایەنی یەکم هێدی هێدی شوێن بە لایەنی دووەم لەق بکا و کاڵی بکاتەوە، بەجۆرێك دواجار ئەو شەڕانگێزی و ناشرین و دزێویە ببنە بەشێك لە زاکیرە و لە یادەوەریدا هەڵبگیرێن، ببنە شوێنێك بۆ لێڕوانین و چیتر لەگەڵ گەورەبونی منداڵدا نەپەڕێنەوە بۆ قۆناخەکانی دیکەی ژیان.



بەشێك لە"کڵێسەی جەنگاوەر"

سەلیم برکات

و:حەسەن یاسین

(1)

هەرکەسە پەتوەکان و پێویستیەکانی بپێچێتەوەو، بیخاتە نێو لاندرۆڤەرەکەوە. چونکە لاندرۆڤەرەکە تەسکە، ناچارم خۆم بەپاشەکەیدا شۆربکەمەوە. پیتەکانم دەخەمە سەر دەعامیەکانی، خۆم بەوشیشەیەدەگرم کە کەوانیەك لەسەر لەشی ئۆتۆمبیلەکە دروست دەکا.

لەرێگا بەرەو"کفارسلوان" لەگەڵ ئۆتۆمبیلەکەدا هەڵدەبەزم و دادەبەزم. لە"کفار سلوان" دا ناچار دەبم بەکێشانی نیشانەی سەرکەوتن، وەك چۆن دەبێ جەنگاوەر وێنەی بکێشێ، وەڵامی منداڵەکان بدەمەوە، بێئەوەی لە چاڵەکان و خێرابیەکەی شوفیر هەراسان بم.

لەدەرەوەی"کفار سلوان"دا لە ئوتۆمبیلەکەدا دادەبەزین و چاوەڕێی ئەو هێسترە دەکەین کە پێویستیەکانمان دەگەیەنێتە سەرلوتکەکانی"جبل الکنیسە".

(2)

روخسارمان وەك روخساری کاروانێکی(بەدوو)ە کۆچەرییەکانی سەرلێواری رێگایە. منداڵەکانی دەورمان دەدەن و چەند پرسیارێکی ساویلکانەمان لەبارەی شەڕ لێدەپرسن. وەك گەورەکان بەمکوڕییەوە فەرموویماڵەکانیانمان دەکەن. بەو منداڵییەی خۆیان بەچەك و جلەکان تاساون... داوای لێبوۆردنیان لێدەکەین. دوای دوو کاتژمێر لە چاوەڕوانیی ئێسترەکە بەهەنگاوە بوکانیەکانی گەیشت، وەك بڵیی پێمان رابگەیەنێ ئەوەی بەسەر چیاکە سەربکەوێ سەرداره: چەند نازناوێکی جوامێرانەی لێئەنێن. پاشان کەل و پەلەکانمان دەخەین سەرپشتی،. رێگا خۆڵەکە دەگرینە بەر. لەرێگادا دارگێلاسەکان لەگەڵ هاتنی ئێوارەدا هەروەستەمان پێدەکەن و، بەرەکەی سەرنجمان رادەکێشن و دەستەکانمان پڕ دەکەین لەو دەنکە شیرینانە، بێ ئەوەی گوێ بەتۆز و غوباری لێنیشتووی بدەین، لەپاروویەکی بێ قڕەوبڕەدا هەڵی دەلوشین پەیتا پەیتا هەنا سەبرکێمان زیاتر دەبێ. ماوەکەمان بەدوو کاتژمێر یان سێ کاتژمێردانابوو، بەڵام بەرزاییە تاشەبەردەکان رازی نەبوون لەژێر هەنگاوەکانماندا پشت بدەن وەك چۆن بێدارێك پیدەنێتە سەر زین. رازیش نەبوو یاریمان لەگەڵ بکات، یارییەکی گاڵتە ئامێز.

"ئەبو کامل" چاوساغمانبوو، خەڵکی "کفارسلوان" بوو لە تاریکاییدا ڕێگاکەی بزر کرد، لەنێو دۆڵەکاندا هەڵبەزودابەزی پێدەکردین تا سەرەگێژەمان گرت، کەچی هێسترەکە لە هەمووما‌ن زیاتر سەری گێژببوو. ئیدی ناچاردەبووین دەستی پێوە بگرین هەتا لەگەڵ چەوو تاشەبەردە لەرزۆکەکاندا خلۆر نەبێتەوە. مەسەلەکە تووشی نیگەرانیەکی زۆری کردین. هەندێ جار وامان خەیاڵ دەکرد "ئەبو کامل"ی خاوەن پەیکەری بۆش، بەرەو خۆکوژی پەلکێشمان دەکا، جارێکیان لێمان ونبوو، لە هەڵدێرێکی سێمەتریدا دۆزیمانەوە، لەسەر پێیەکانی وەستابوو، بەڵام بێگومان لە ئێسترەکە زیاتر بەرگەی دەگرت، ویرای ئەو بارەی خستبوویە سەرشانی.... بەردەوام بوو لەسەر ڕێبەری کردنمان، ئێمەش لەدوایەوە دەڕۆیشتین، بێئەوەی جێپێیەکانمان ببینین.

دەڵێین: قەیدی ناکا.. لەسەر تاشەبەردەکان دادەنیشین و هەناسەمان لەگەڵ هەناسەکانی بەردو ئەستێرەکان دێتەوەبەر و دەڵێین: قەیدی ناکا... ڕێگاکەمان لە بۆشاییە پڕەکەدا تەواو دەکەین، تا جارێکی دیکەش لە سەر تاشەبەردەکاندا دەگیرسێنەوە، بۆ ئەوەی هەناسەمان لەگەڵ هەناساکانی لێژاییەکانی رۆژئاوادا بخۆینەوە.

پاش کەمێك دەرك بەوە دەکەین کەئێسترەکە لە جیاتی ئەوەی بارمان سوك بکات، بۆتە بارگرانی بەسەرمانەوە.

لەکوێوە هاتووە بۆ ئەوێی دەگێڕینەوە کەل و پەلەکانی بەش دەکەین لێرەدا کوێرەوەری و هەناسە بڕکێمان زیاتر دەبێ.

هەندێ لە جەنگاوەرەکان بەسەرکەوتن ڕەت دەکەنەوەو، چاوەڕێی ڕۆژبوونەوەن، هەندێکیش دەیانەوێ ڕیگا کەتەواو بکەن. دواجار بیروڕاکە لەسەر ئەوە دەگیرسێتەوە کە کامیان لە هەموویان شارەزاتر لە ڕێ وبانەکان ئەو ڕەوان بکەن تا یەکێکمان بۆ بنێرن کە لەسەر لەبەیانیدا بەشێکی بارەکەمان بۆ هەڵگرێ... بەراستیش "ئەبو کامل" و دوو گونجی تر بەتەواوی بەسەرکەوتن، لەکاتێکدا چوارکەس لە ئێمە پەتوەکانیان لەسەر چەقی تاشەبەردەکاندا رادەخست گومەزە ساردەکەی ئاسمان و ئەستێرەکان خۆی دادەپۆشیێ، بۆ یەکەمین جار دەرکمان بەکوشندەیی سەرما لەهاوین و، کوشندەیی تینوێتی کرد. کەپاڵی بە "ئەمیل" و "لوئەی"ەوە نا بەقامیشێکی وشك ئاوی پیسی چاڵێکی گچکە بخۆنەوە.

لەنێوان بێداری و خەوتندا کەبەدوای یەکدا دێن، شەو بەسەر دەچێ، چیا لە ڕۆشناییدا شێوەیەکی تر وەردگرێ، لوتکەکە بەپەیکەرە رووتەکەی خۆیەوە و، بەو تاشە بەردانەی لەسەر پێیەکانیان وەستابوون دڕندانەتر لەوەی ئێمە بۆی چووبووین، دێتە بەرچاو... بەسادەییەوە: لوتکە تەحەدامان دەکاو، بەزەیشی پێماندا دێتەوە.

پەتوەکانمان کە بۆشەورامان خستبوون کۆمانکردنەوە، دووبارە دەیانپێچینەوە، لەکاتێکدا "ئەبوکامل" پێدادەگرێ لەسەر ئەوەی خۆی بەتەنیا هەڵیانگرێ. بەم شێوەیە بەسەرکەوتنی دووەمجار دەستی پێکرد.

(3)

پێنج جەنگاوەر چاوەڕێمان دەکەن. تاشەبەردەکانی بەرازیش چاوەڕێمان دەکەن. وەك دۆستە لەمێژینەکان تەوقە لەگەڵ یەکتر دەکەی، قۆناغی یەکتریناسین لەنێوان ئێمە ولەنێوان بۆسەو ڕێ و بانەکان دەست پێئەکا. بەهۆی چاویلکەیەکی زەڕەبین دەست دەکەم بەژماردنی سوپای سوری و، لوولەی تۆپەکانی کەڕیگاکان بەرەو(ضهر البیدر) لێ هەڵە ببوو. لەبەرامبەر ئەم هەڵەیەدا بریارماندا گفتوگۆکەم لەرێی "ب7"ەوە بێت، چونکە عومەر غایب بوو، ئارپیجیەکەش لەلای من بوو.

(4)

دەبوو لەنێوتاشەبەردەکاندا شوێنێك هەڵکەنین بۆ ئەوەی چەند ماڵۆچکەیەك چیبکەین کەجەستەکانمان بگرێتە خۆی، پاش ئەوەش کەدەستمان لێدەبێتەوە، دەوری چاڵەکان بەبەرد دەچنین، بە پەتوەکانیش سەریان دەگرین. ئەم ماڵوچکانەمان بەسۆزبوون، بەسەر ئێمە و ئەوبایەشدا کووڕ دەبوەوە کونیلەکانی بەردەوە گۆشەگیریەکەمانی دەشکاند.

بیرمە لەیەکەمین سپێیدەدا، لەوێ باڵەکانی پاساریەکان بێداریان کردینەوە، چونکە دەستەیەك دەچوون، دەستەیەك دەهاتن، نامۆیەك بەهێمنی و ترسەوە نامۆیەکی دیکەی بەسەر دەکردەوە.

(5)

هەموو ڕۆژێك شتێك دەخەینە سەر ماڵەکانمان کەوای لێبکات لە چاوەڕوانیە پەرۆشەکەمان بۆ کانزایەکی پەرۆش، بەسۆزتر بێت.

(6)

ئیشەکەمان لەشەوەوە بۆ شەو، لەگەڵ تەمومژ لەرۆژگاردا دەست پێدەکات: هەردووکیان پەردە پۆشکردنی ئەو پاچانەکە گۆشەگیریی چیاو بێدەنگیی بەردەکانیی بڕی.

هەوڵماندەدا ئەو ڕێ وبانانەی بەبناری چیادا ڕەتدەبوون، کۆنترۆڵیان بکەین، سەنگەرێك لێرەو یەکێکیشمان لەوێ هەڵەکەند، پاشان گونیە بەتاڵەکان پڕخۆڵ کران، کردمانن بەسوورەی سەنگەرەکانمان. ئەوەشمان بیرنەدەچوو پاش ئەوە شوێنەواری خۆمان ون کەین.

ئیشکردن لەنێو بەردی لاساردا پڕئێش بوو، بەڵام ئێمەهەندێ جار شەکەتیەکەی خۆمان لەبەردەم دیمەنی لەدوورەوە سوتانی بەیروت، لەبیردەکرد.

(7)

ئەو ئاوەی بۆ خواردنەوە دەیکێشین، گران لەسەرمان دەوەستێ، چونکە ئەو تاکە لێژاییەی لەکانیەکەوەنزیکە پێویستی بەیەك کاتژمێرو نیو هەڵزنان بەشێوەیەکی نیمچە شاوڵیەوە هەیە، کە هەناسە بڕکێی پێدەخستین. لەماوەی دوازدە ڕۆژدا مافی ئەوەمان نەبوو دەمووچاوی خۆمان بشۆین. ئەوەی بەرەو کانیکە بۆ ئاوهێنانشۆڕبوبایەوە لەو ڕێسایە بەدەربوو.

(8)

بەتەنیاو بەپەشتەماڵێك و پارچە سابوونێکەوە دابەزیمە سەر کانیەکە. لەخرووری بەردا خۆم شوشت، پاشان لەسەر زەویەکە لەسایەی لێشاوی تەمومژی تێکەڵ بەنیگەرانی چیادا، ڕاکشام.

(9)

لەناکاوڕا چیا ڕۆشن دەبێتەوە. لەناکاویشڕا سەنگەرەکە قوتمان دەدا.

من وهاوڕێ باشورییەکەم لە پاسەوانیدا دەستمان بەهەناسەی خۆمانەوە گرتبوو تا بۆمبە روناکی پڕژێنەکەی سەر سەرمان تەواو دەبێ.

پاشان بەتەنیا دەکشێمەوە بەرەو ئەو سەنگەرەی دەڕوانێتە سەر ڕێ و بانە خۆڵەکانی خوار بناری ڕۆژئاوای چیاکە، ڕادەکەم. هەستم دەکرد پێدزەیەك بۆ نیشان کراوە، یانیش ڕەنگە بۆردومان بکرێین، بۆمبێکی دیکەی ڕووناکی پژێن بەرزبووەوە. لەنێو بەردەکاندا ڕادەکشێم تادەکوژێتەوە. دەست بۆ دەزگای بێتەلی سەرشانم دەبەم و پێوەندی بەسەرکردارییەتییەوە دەکەم:

–هیچی تازەنیە..ئەمشەو دوو بۆمبی ڕووناکی پژێنیان بۆمان کردە دباری.

–چاودێری زیاتر بکەن. وریابن.

–وەرم گرت

–تەواو

–دەزگاکەم داخست، پاشان چاوەڕێم کرد، تا ئەو دوو کەسەی ترهاتن کەنۆرەی پاسەوانییان بوو.

(10)

ڕاجیمەی موشەکەکان ئەمرۆ لە"ضهر البیدر"دا بێدەنگیە کانزاییەکەی خۆیان دادەماڵێ، وەك چۆن ئێمە کراس لە خۆمان دادەماڵین. ڕووی لوولەکانی لەچیا کرد، ئینجا دەستی بەلورە لورە وێرانکەرەکەی کرد. دوو خورجینم پێبوو کە حەوت گوللەی ئارپێجی"ب7"ی تێدابوو، سەرەرای تفەنگەکەی خۆم و ساجورەکەی. بەرەو سەنگەرەکەی ڕۆژئاوا گورگە لۆقەدەکەم. لە کاتێکدا موشەکەکان ئاسمانی(الجبل)یان بە ئاراستەی(ترشیش)دا بەتاڵان دەبرد.

دووان لەئێمە بەرەو ڕەبایەك کەبەچاو دوور بوو، بەڕێکەوت. سێ نیشانشکێنی(ب7) بەتەواوی خۆیان لەنێو سەنگەرەکانیاندا قایم کرد. ئەوانی تر وەك پاڵپشت و دەستەی پاراستن بڵاوبوونەوە. مستەفا پێم دەڵێ بۆ چاودێری بچمە سەنگەری سەروو، کە ڕاستەوخۆ دەکەوێتەبەرامبەر ڕاجیمەکان. من و هاوڕێ باشوورییەکەم بەپشت کووڕییەوە، بەخێراییەکی وریایانەوە دەچین.

تاشەبەردەکان باڵیان گرت، گوێمان لەگیزە گیزی ساچمە دۆستەکان بوو. کەدەگەینە نێو سەنگەرەکە دەبینین چالێکی کوژراوی بێ سیمایە... دەمانزانی ڕاجیمە سوریەکە ڕاستەوخۆو بەسەرکەوتویی ئامانجەکەی خۆی پێکاوە. کەمێك جوێن دەدەین. پاشان بۆ یادگاری ساچمەیەکی گەورە هەڵدەگرین، لەسەنگەرەکەمان دەکشێینەوە، لەو ترسەی نەوەك گوللە ڕاجیمەی دووەم بۆ سەنگەرێکی هەتا هەتایی بمانگوازێتەوە.

فەرمانەکەمان تاقی دووەمی ڕۆژو، هەموو شەوەکەش دەخایەنێ. بەیانیەکەی دەستمان بەبەرنامە ئاساییەکەی خۆمان، سەبارەت بەکاتەکانی وریایی وژیان کرد.

(11)

ڕووداوەکانی شەرێك لەدوای یەك، بەهۆی دەزگای ناردن پێمان دەگەن. ئەمرۆ پێمان ڕادەگەیەنن کەکشانەوەی سوری لە(صوفر)ەوە دەست پێدەکات.. بەڵام ڕووداوەکانی شەو، ڕووداوەکانی دەزگای ناردن بەدرۆ دەخەنەوە.

بەچاوی ڕووتی خۆمان ئەو تانکانەمان دەژمارد کەلەلای (سعد نایل)ەوە بەرەو"صهر البیدر" دەهاتن و لە وێشەوە بەرەو "صوفر" لە ماوەی دووشەودا زیاتر لە سی و شەش تانك هاتن.

داخمان بۆ ئەو سووربوونە لەسەر خیانەتکردن لە مرۆڤایەتی دەخوارد. داخمان دەخوارد کە مەرگ بەم کوێرەوریيە تاقیمان دەکاتەوە، بەڵام مەرگی پڕ کوێرەوەری لە بنارەکەی تری چیاوە بوو.

(12)

جوانیی چیا جەنگاوەر ڕادەماڵێ، تەمومژاویی چیا چەندین چەپکی سۆز دەچنێ بۆ ئەو سەردەمانەی لەگەڵ گەردیلەکانی تۆزدا بەرەو درزو کەلێنەکان پێدزەیان کرد.

لەبارەی جیۆلۆجیاوە کەم دەزانین، کەچی چیا کتێبەکەی خۆیمان بۆ تێخوێندنەوە سادەکەی ئێمە وەڵا دەکات: ناو"جبل الکنیسە"ی لەسەردەمێکدا لێوان لێوکردبوو، کەسەردەمی(میۆسینی) یان (ئەرکی)، یان ڕەنگە سەردەمێکی تر، باسەردەمی نیاندرتاڵ بێ، کەمرۆڤ بەرایی تێدا دەرکەوت کە نیوەی لەئاودابوو، نیوەشی لەوشکانی: نیوەی بزن، نیوەشی لەگیای دەریا... ڕەنگە ئەوانی تر بەم مەسەلەیان نەزانیبێ، بەڵام ئێمە دڵنیاین پەیدابوونی سەرەتا بەم شێوەیە بووە.

بەهەرحاڵ، ناو"جبل الکنیسە"ی لێوان لێوکرد، کاتێ ئەم ناوە بەری لێکیدا، زیندەوەرێکی زۆر لە زیندەوەرەکانی ناو بەجێمان و بەفریای شەپۆلەکە نەکەوتن، تابەشێوەیەکی گیانی بەگیانی بەولاتی یەکەمی خۆیان، بەپارچەکانی بەرد، بەپێچاو پێچەکانی لمی قوڵاییەکانەوە نووسان.

دووجار تێبینی ئەوەمان کرد کەبەسەرکەوتنەکەمان لە کانیەوە بۆ بەرزاییەکان: گوێچکەماسییە بەبەردبووەکان و، پارچۆکەی دیکەی پەیکەرەکانی ڕووەك و ماسیەکانی بزرکرد.

(ئەمیل) گەڵێ لەو زیندەوەرانەی کۆکردبوەوە، تا لە چۆڵەوانیەوە بۆ شار بیانبات، منیش بۆ تێکەڵکردنی سەردەمەکان لەگەڵیدا بەشداربووم: سەردەمانێك کۆتاییان دێت، تالەسەر بانێژەی ماڵەکانمان بەئارامی و داناییەوە شەو نخونی بکەن.

(13)

ئەمرۆ فریاکەوتنی یەکەممان پێگەیشت(ئەحمەد حەممەد)ی دۆستمان بۆ جێگۆڕکێ گەیشتە لامان. ئێمەشەکەت بووین، ئەویش شەکەت بوو. پاش دوو ڕۆژ بۆ"حەممانا" دابەزی، تا دووبارە بەسەرکەوێتەوە بۆلامان و هەندێ جەنگاوەری نوێ بۆلامان سەرخات. ئەو جەنگاوەرە نوێنانەی بوارمان پێدان ئەوەی ئێمە لە جەنگەکەدا پەیمان پێنەبردووە، ئەوان پەی پێببەن.

*فەرمانە : مەبەست لە"نفیر"ی عەرەبیە.

سەرچاوە

سلیم برکات، کنیسە (المحارب: الیومیات الصغیرة لحرب الجبل، الطبعة الاولی، ت2–1976، ص53–67

وێنەی شیعری لای سەلیم بەرەکات

(نامەی دیبلومی خوێندی باڵا)

نووسینی: جیهاد عوسمان وەرگێڕانی: محەمەد سالار

زانکۆی لوبنانی کولیجی ئاداب زانستی مرۆڤلیەتییەکان(لقی یەکەم) بەشی ئەدەبی عەرەبی لە بەیروت بڕوانامەی ماجیستەری لە ئادابی عەرەبیدا بەخشی بە خوێند کار سامی یە سەلوم لەسەر ئەو لێکۆڵینەیەی ئامادەی کردبوو دەربارەی

وێنەی شێعری لای سەلیم بەرەکات کە پێی هەستاوە لە ڕێگای دیوانەکەیەوە: سەرکێشی یاقوت (طیش الیاقوت)، نامەکەی بە پێشەکییەك دەست پێدەکات باسی باری مێژوویی و کۆمەلآیەتی کردووە کە دەبێتە هۆی هاتنەڕووی بەرهەمی ئەدەبی تا دەگاتە جێگا دەستی سەلیم بەرەکات لەم بەرهەمەدا تیشك دەخاتە سەربابەتی گەشەکردن لە ژێر ململانێی جیهانی(سەرمایەداری و سوشیالیستدا) هەروەها تیشکیش دەخاتەسەر ڕەنگدانەوەی ئەو ململانی یە جیهانییە لەسەر هەڵکەوتووان و بلیمەتانی کلتوور و سیاسەت و دواتر دەچێتە سەر بڕگەیەکی تر بۆ ئەوەی بە تێرو تەسەلی قسە لە بابەتی گەشەکردنی ناوچەی بکات لە گۆرەپانی عەربیدا زۆر بەڕوونی ئاماژە بۆ ئەورووداوە گشتییانە دەکات کەشان بە شانی ڕەوتی بەرهەمی ئەدەبی هەنگاوی ناوە ئەمەیش بۆ ئەەی لە ئەنجامدا بتوانێ شوێن دەستی بەرەکات لەم بەرهەمە ئەدەبییەدا دیاری بکات لە ڕاستیدا لەنەوەتەکاندا چامەی عەرەبی گەشەیەکی چاکی بەخۆوەبینی بۆ ئەوەی لەگەڵ دوای نوێگەریدا گونجاو تەبابێت، هەر وەك جەخت لەسەر ئەوەیش دەکات کە نوێگەری لەسەر هەڵوەشاندنەوە و بلأوکردنەوە و بچڕبچڕکردن دامەزراوە لە باتی ئەوەی لەسەر یەکخستن و کاملبوون دامەزرێ، بەلأم قۆناغی دوای نوێگەری لەسەر ئەم بنەمایانە دانەمەزراوە، بەڵکو دوای نوێگەری زۆران بازی و ململانێی ڕەتکردەوە و لەسەر پێکەوە ژیانی کۆدژەکان (التناقضات) و تەبای دامەزراوە بۆ ئەوەی بکاتە مەبەست و، قسەکەی، ئەوەیش لەچامەکانی دیوانی (سەرکێشی یاقوتدا) دەبینین کە بابەتی لێکۆڵینەوەکەی ئێمەیە بە شێوەیەکی سەرەکی بەرەکات بۆ بیناکردنی هزرەکان پشت بەووینە دەبەستێ و تەواوی سنورەکانی کێش(الوزن) دەبەزێنی، لەڕاستیدا بەرەکات زمانێکی بالأو تایبەتی هەیە(لغةمتمیزة) کەشاعیرتیادا لەسەر زمانێکی نوێی وەها گرەو دەکات کە تەباو گونجاوبێت لەگەڵ ئەوباری نوێکردنەوەیەدا کە لەسەر دەوڵەمەندی دەقەکەی بە ئیحا دامەزراوە دواتر بۆ ئەوەی بگاتە خستنەڕووی چەند وێنەیەك کە لە ڕواڵەتا بچڕبچڕن و هیچ پەیوەند ییەکیان بەیەکەوەنییە، بەلأم لە قوولأوی و ناوە ڕۆکدا پەیوەندو پەیوەستن لەم نوسراوەی خوارەوەدا ئەو بابەتانەی لە نامەکەدا ووت و ووێژی لەسەرکراوە دەیخەینەڕوو:

أ- (وێنەی شیعری لە چەمك و پیادا کردندا و جێگای بەرەکات:)

سامییە سەلوم لەم یابەتەدا دەگەڕێتەوە بۆ دواوە تاکو ئاماژە بە بەشداری کردنی زانایانی پێشینبدا لە چەمکی ووێنەی شیعریدا هەروەها بۆ ئەوەی تیشکیش بخاتە سەر شێواز و ڕێگاو پڕۆگرامیان بۆ تێگەیشتن لە شیعر، هەروەك ئاماژە بەو دەقە قورئانییە پیرۆزە موعجیزەیش ئەدا کە زانایانی پێشین پشتیان پێوە بەستووە و هەوڵیان داوە لە ژێرتیشکی لەبن نەهاتووی ئەودەقە موعجزەدا چارەسەری ووێنە(الصورة) بکەن و شیکاریکەن، لەم ڕووەوە دەڵێ: دۆزی ئیعجاز لە ڕووی ئەدەبییەوە لە دۆزگرنگەکانە، جا ئەو ئیعجازە بۆ تەهۆی ئەوەی قورئانی پیرۆز ببێتە بنچینە بۆ زانستییەکانی زمانی و نەحو، فەرهەنگ و ووێنەو چیرۆکەکان، بۆیە تەنها ئەوەی لە قورئانی بێپەیدا هاتووە بنەماو بنچینەی ڕاست و دروستە ئیتر هەرچی هەیە بێجگە لە قورئانی پیرۆز هەر هەمووی ملکەچی ئەو ئیعجازەیە، دواتر هەوڵئەدا بگاتە پووختەی ڕاو بۆچوونی زانایانی پێشین لەم بوارەدا بۆیە گەلێ لە دۆزە ڕخنەیەکان دەخاتە بەر توێژینەوە، وەك دۆزی هەڵسەنگاندن لە نیوان دووشاعیردا بۆ ئەوەیش وەك نموونەیەك هەڵسەنگاندنی(ئامەدی) دەکاتە بەڵگە لە نێوان(طائیین) ودۆزی کەڵەیدا لە ڕێگای شیکردنەوە و چارەسەرکردنی لەلایەن (ئەلئەسمەعی) یەوە و دابەشکردنی شاعیران بۆ کەڵە شاعیر و شاعیری تر، هەروەها دۆزی چینەکانی شیعر لە ڕوانگەی (ئیبن و سەلامە)وە لە ڕاستیدا لێکۆڵینەوەکە ئەم دۆزە ڕەخنەیانە بەکەم و کورپادەنیێ بەلأم دۆزی شیعرو پەخشان کە لەلایەن تایبەتمەندان و ڕەخنەگرانی پێشین قسەی لەسەرکراوە و لێیان کۆڵیوەتەوە ئەویش کاتێکبووە کە شیعری عەرەبییان ناسیوە و بەشێوەیەکی ڕوون لە کێش و سەروادا چڕبۆتەوە لەو تایبەتمەندانەیش" ئیبن وطباطای حاتەمی-مەرزوقی- ئیبن ئەسیرە" ئەم دۆزانە بەدۆزگەلێکی هۆکارکراو دادەنێن دواتر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ڕەخنەگران دووباڵی سەرکین یەکێکیان موعتەزیلەن کە پشتیوانی ووشەن ئەوی تریان ئەشاعیرەن پشتیوانی واتان. لێکۆڵینەوەکەکێش بەباسەکەی دەدات و فراوانی دەکات بۆ ئەوەی پەل بۆ ڕاو بۆچوونی فەلاسیفەو موتەکەلمینیش بهاوێژێ لە دۆزی ئیعجازدا بۆ ئەم مەبەستەیش لە کاریگەرییەکانی مەنتیقی ئەرستۆو گرنگ ترین تێورگەلی بەلاغییەکانە وە دەست پێدەکات، و زۆر بەچڕی لە بابەتی ووێنەدەکۆڵێتەوە لەلای ئەوان و هەتا ئەم قۆناغەی ئەمرۆ تاکو لە کۆتاییدا دەگاتە ئەو دەرنجامەی کە ئەوەی لێبەرهەم دێنێ: کە ئەو دۆزگەلەی زانایان و تایبەتمەندانی پێشین پێشکەشیان کردووەدۆزگەلێکی کەم و کوڕ بوون لە ڕووی لێکۆڵینەوە و چارسەرکردنی دەقی شیعری نوێوە دواتر دەچێتە سەر لێکۆڵینەوەی بەرهەمەکانی ڕۆژئاوا لە ڕەخنەگەریدا ئەوەیش لەبەرئەوەی کە دیارە ڕۆژئاوا وەك سەنتەر گەلێك کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر ڕەخنەگەری ئەدەبی و عەرەبی هەروەها باسی ڕێبازە ئەدەبییە ڕۆژئاوایەکانیش دەکات هەروەك ڕۆلی کاریگەریشیان دیاری دەکات لەسەر ڕەخنەگەری عەرەبی هەتا دێتە سەر شیعری نوێ"لەبەر ئەوەی کە شیعری نوێ کاری گەری ئەدەبی غەرەبی لەسەرە بەلأم هێندە هەیە کە لە زمانەوە دەردەچێت ئەوەیش بەرهەمی گەشەکردنی مێژووییە بۆ شیعری عەرەبی.

شوێنی سەلیم بەرەکات لەنیوان شاعیرانی نوێگەریدا

سامییە سەلوم لە ڕێگای خستنەڕووی دیاری ترینی ئەو ناوانەدا کە لەو ماوە یەدا دەرکەوتن وەك: یوسف الخال و، خەلیل حاوی و ئەدۆنیس کە دیارە ئەدۆنیس لە یوسف الحال و خەلیل حاوی بەرهەمی زۆر ترەو

لەوانیش دیارترە نامەکەی سەلوم شوێنی سەلیم بەرەکات دیاری دەکا لە نێوان شاعیرانی نوێگەریدا دەبینین سەلیم بەرەکات لەو ناوانەیە کە زۆر دیارن و زۆر بەهێزو تواناوە لە گۆڕەپانی ئەدەبیدا دابەزیون، بەرەکات لەگەڵ ئەوەدا کە خاوەنی بەرهەمێکی زۆر زۆرە شێوازێکی باڵاو دیار و ناوازەی هەیە لە نووسیندا و توانیوێتی زمان و شیعری عەرەبی دەوڵەمەندو خەنی بکات و ئەزموونێکی نایاب و باڵای وەهایان پێببەخشێ کە جێگای سەرنج و تێرامان بێت.

دواتر سامییە سەلوم دەچێتە سەر بڕگەیەکی تر بۆ ئەوەی‌شوێنی دیوانەکە(طيش الياقوت) لە شیعری شاعیردا دیاری بکات بۆ ئەمەیش دەست دەکات بەلێکۆڵینەوەی کۆمەڵە شیعرەکانی و هەندێک لە سیما تایبەتیەکانیان جالە ڕێگای ئەو ڕوونکردنەوە و خستنە ڕووەوە شوێنی(طيش الياقوت) کە هەشتەهم دیوانییەتی دیاری دەکات. شاعیر لەم دیوانەدا ووتو ووێژ لەگەڵ دراوسێکەیدا دەکات کەمەرگە لە بارەی کاروباری ژیانی گشتییەو، کارەکان لەگەڵ جیوازییەکانیاندا یەکسانن لەبەردەم مەرگدا لە یەکەمیاندا تاڵانکردن پۆلێن دەکات لەدووهەمیشدا لەسەر تایبەت گەلێکی ڕواڵەتی دەنوسێت کەداڕێژراوی خەیاڵێتی لەسیهەمیشدا درێژە ئەدات بە سیاقێکی کورتکراوە لە داڕێژانی ئەزموونەکەیدا کە لە مەرگی ئاسایی ئەفرێنێ و ژیانێکی نوێی پێدەبەخشێ لە سیاقەزمانی یە باڵاکەیدا.

بینای گشتی چوونیەکە لەگەڵ چامەگەلی دیوانەکەدا: لێرەدا بابەتەکە چەقدەبەستێ لەسەر پێکداچوون و تێک ئاڵان لە بینای گشتی سێ چامەکەو هەستانی بەجێ بەجێکردنی ڕۆڵی بەڵگەیی بەچاکترین شێوە، لە ڕاستیدا شاعیر بەرەکات ئەوەسێ دەقەی یان بڵێین: ئەوسێ چامەیەی بە شێوازی داڕێژاوە کە شیعرییەتیان لێ هەڵدەقوڵێ هەروەها دووریشی خستوونەتەوە لەو ڕابوردووەی کە کەرەستەکانی لە شێوەکانی مەرگ و ژیان وەردەگرێ، لەبەر ڕەچاوکردنی سەرکەوتنی کردار گەلی فەرمان و کردار گەلی بەڵگەیی لە فەزای سێ چامەکەدا بەسەرداهاتووا دەبینین بەداهێنانەکانی لە ژیاندا ڕوو بەڕووی مەرگ دەبێتەوە بەڕاشکاوی گوزارشت لە نەیاری خۆی نادا بەرامبەر بە سەرمایەداری بەڵکو وێنەگەلێکی نیگا ئامێزی هێما بەخش دادەبەزێنێ و لە ڕێگای وێنە گەلێک و هەرسێ چامەکەوە کە ئەمانەن: تەصنیفی تاڵانکردن- قوفڵەکان پۆلێن کراونکانی تاڵانی(تصانیف النهب)،-قوفڵەکان- ووتارێکە لە تایبەت گەلێ ڕواڵەتدا، درێژەپێدان لە ڕیتمێکی کورتکراوەدا.

شاعیر سەلیم بەرەکات بەشێوەیەکی ڕوون حەزی لەبەکارهێنانی تەمومژەو (الغموض) پەیوەندیشی لەگەڵ قسەدا پەیوەندییەکی هێماییە نەک پەیوەندییەکی هێماییە نەک پەیوەندییەکی ڕوون بەرەکات خۆی لە سەرەتای چامەکەدا ئەم ڕاستییە ئاشکرادەکات پشتگیری کردنی شاعیر لە نادیار و خەیاڵ لە کۆتای چامەکەیدا ڕوون و ئاشکرایە هەروەها لە کۆتایی دیوانەکەیشیدا ئەو لەو خەیاڵە ئازادەدا دەژی کە جێگایەکی ئەدەبی دەخولقێنی و ژیانی خەستەیی لە شاعیردا دەکوژێت و ژیانێکی ساغ و دروست و خاوێنی پێدەبەخشێ لە خەیاڵێکی ئازاد دا کەتیایدا ڕووبەڕووی کوتانەوە و داپڵۆسینی ژیان دەبێت.

لەکۆتای بەندی یەکەمدا نامەکەی سەلوم ناونیشانی دیوانەکە(طيش الياقوت) تەئویل دەکات: ئەو یاقوتەی کە گوزارشت لە گەوهەرێکی گران بەها ئەدات دێتگوزارشت لە خەیاڵی خاوەنەکەی‌و زەمانی خاوەنەکەی‌ئەدات ئەو یاقوتە لەگەڵ ئەو بەها باڵایەی خۆیدا دەبێتە بەردێکی‌ڕێکخراو وەك بەشێك لە سیستەمی سروشت، چونکە شاعیر بەشێوەیەکی تەواو لە سیستەمە تەقلیدییەکەی دەردەکات وای لیدەکات سەرکێش بێت.

هەروەها لەو بەردەدا گوزارشت لە باری ژیان دەدا بەو سەرکێشییەی هەر هەموو سیستەمە تەقلیدییەکان هەڵدەوەشێنێتەوە

وێنەکە لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەرگدا

دەکرێ هەندێجار دوورگەیی(المنفى) یان نامۆی یەکێك بێت لەو هۆکارە ڕاستەو خۆیانەی کە تێڕوانینی بوونەوەر بۆ ژیان ڕەشبینکات جالەو ڕووانگە ڕەشبینەوە بۆ ئەم ژیانە ووت و ووێژ لەگەڵ ئەو مەرگەدا دەکات کەلێی نزیك دەبێتەوە، ئائەمە حاڵی بەرەکاتە لە چامەکەیدا کە ڕووبەڕووی مەرگ دەبێتەبەمەرگێکی‌داهینەر کە دەبێتە هاوبەشی لە داهێناندا دواتر ئەمە سەردەکێشێ بۆ ژیان لە ڕێگای خولقاندنی ئەدەبییەوە.

شاعیر کارگەلێکی واقیعی دانابەزێنێ بەڵکو لەو واقیعەی کەوا حەقیقەت و خایاڵ یەکدەخات چەند وێنەیەکی شیعری وەهادا دەڕێژێ و دەخولقێنی کە لەڕێگای ئەووێنانەوە بەڵگە گەلێکی دیاری کراوی وەها بەرجەستە دەکات کە هەڵویستی بەرامبەر ژیان و مەرگ و سیستەمی کۆمەڵایەتی ووێنابکەن.

سەلیم بەرەکات لە کۆمەڵە شیعرەکانیاو لەڕێگای وێنە شیعرییەکانییەوە- بەگوێرەی ئەم لێکۆڵینەوەیە- پەیوەندی خۆی دیاری دەکات بەمەرگەوە و بەدوای حەقیقەتدا دەگەڕێ بۆ ئەمەیش لەدڵەڕاوکێی ژیان و مەگەوە دەست بەم گەشتەی دەکات هەروەك بەگاڵتەجارێکی داهێنراو ڕووبەڕووی خەمی ڕاستەقینە دەبێتەوە لەواقیعدا ئەمەیش وەك شێوازێکی پەیوەندی ئامێز لە نێوان ژیان و مەرگدا هەروەها بەڕاشکاوی هزرە کەیشی بەجەنگی مەرگی زمانەوانی دەشارێتەوە.

بەشی سێهەم وێنە لە نێوانی ڕواڵەت و درێژەپێدانی کورتکراوەدا

لەم بەشەدا نامەکەی سەلوم باس لە چامەی دووەم دەکات(قوفڵەکان) ووتارێکە دەربارەی تایبەتگەلی ڕواڵەت، هەروەها چامەی‌سیەمیش(درێژە پێدان لە سیاقێکی کورت کراوەدا) لەباسەکەیدا تیشك دەخاتە سەر ڕۆڵی وێنە لەجێبەجێکردنی بینای گشتی هەردوو چامەکەدا. لە چامەی دووەمدا شاعیر بە زمانە شیعرییە باڵاکەی‌ڕووبەڕووی واقیعی نەبینراو دەبێتەوە و کارەکان ڕاپێچ نەبینراو دەبێتەوە و کارەکان ڕاپێچ دەکات بەبێ ئەوەی پشت بەبەخت بەستێ دواتر پێشبینی کردن بەرەنگاڵەی ئەم ومژ(الغموض) دادەڕێژێ، بەهۆی ئیلهامەکەیشییەوە بەئارەزووی خۆی قوفڵی بەختەکان هەڵدەسوڕێنێ، لەڕواڵەتدا ئەمە لەسەر ڕەمڵ لێدان و جادوبازی دامەزراوە ئەمەیش سەردەکێشی بۆ ئەوەی‌ئەوە بگەیەنێ شاعیر ڕووی وتارەکەی بکاتە جێگایەکی ڕەهاو فراوان وەك نەبینراو(الغيب) وپیك گەیشتن لەگەڵ شوێن و ئەوەی لەسەر شوێنە سامییە سەلوم جەخت لەسەر ئەوە دەکات کاتێك شاعیر گوزارشت لەو قوفڵگەلە دەکات کە کەسی

بەرامبەر (المخاطب) لەواقیع و لە ئێستادوور دەخاتەوە بۆ ئەمیە لە ڕێگای ئەو خەیاڵەوە کەڕابووردو وەك ئەلتەرناتیفێك لەئێستا بۆ داهاتوو دەخاتە پێش چاو:

ئەمانە بەڵگەگەلی سنورن تۆ بەمەرکەب بادەگری بەسەریانا و دەیان پارێزێ لەوەی کە یەقین (الیقین) ئابڕویان بەرێ بەووشەکان ئیمزادەکەیت بۆ ئەوەی بەڵگەگەل لە مشت ومڕبی بە ئاگابن و بسرەون، شوێن گوللەی خەیاڵەو ئەتپێکێ و بۆ ئەوەی سەرفراز و ئازاد بێت، لەوێدا وویڵبوون هیوایەو گەردوون بە سیپاڵەکانییەوە دەمەجەنجەڕی یەقینە(الیقین)** بڕگەیەکە لە دیوانی سەرکێشی یاقوت(طیش الیاقوت) لێکۆڵینەوەکە ئاماژە بۆ ئەەو دەکات و دەڵێ: بەپێچەوانەی ئەوەوە کە لە درێژەپیداناباوبلاوە کەووشە لەسەر حسابی واتا زیاد و فراوان دەکرێ، شاعیر لەم چامەیەدا درێژە بەواتا دەدات لەسەر حسابی ووشە، سیاقەکە کورت کراوەیە و نیگائەدا(یوحی) بەچڕییەکی بەڵگە ئامێزی بەرهەم هێنراوی بێ کۆتایی ئائەوەیش شیعرییەتییەکی بالای ئەوتۆ کە دەرنجامی بەرجەستە بوونی ژمارەگەلێك گریمانە بۆ تێگەیشتنی واتا و مەبەست دەبڕێ بەبالای دەقەکەدا هەروەك دەبینی شاعیر لە پەیمانە گرەو ئامێزەکەیدا لەسەر زمان و نوێ کردنەوەی زمان هەروەها ئەو تەم و مژەییە (الغموض) کە ڕووبە ڕووی واقیع و خەیالی دەبێتەوە ئەمانەی هەموو تەنها بۆ ئەوەیە کە ڕەگەزی کوردی لە زمانێکی عەرەبی بەهێزدا پێشکەش بکات، هەروەك تێبینی ئەمیش دەکرێ کە لەچامەکەدا بینراوە (مەشهەدەکە) لە چەند ڕەگەزێکی دوورلەیەك پێکهاتووە لەو مەشهەدانەیشدا مەشهەدی یەکەم سادەیەو لە چەند ڕەگەزێکی بەیەك نامۆ پێکهاتووە و هەروەها وێنەکەیش لەو مەشهەدەدا لەسەر ئاوێزەکردنی هەستی ڕووت دامەزراوە دواتر شاعیر ڕەگەزێکی مرۆڤی(تۆ- انت) دە بەخشێ بەمەشهەدە گشت گیرەکە، بەلام لە بارەی کوردییەوە وادەر دەکەوێ شاعیر ژوانەکانی لەگەڵ کوردیدا لە دەنگی فیشەکدا دیاری بکات لەشتێکی ناماتریالیزدا وەك ئەوە وایە شاعیر لە ڕێگای دەنگ دانەوەی مەرگەوە بە کورد بگات یاقوتیش خۆی خودی شاعیرە یان خەیالی شاعیرە، شاعیر لە شێوازەکەیدا بەسەرکێشی گوزارشت لە چڕی بەڵگە ئامێزی دەدات دیوانەکەیشی دەخاتە ژێر ناونیشانی "سەرکێشی یاقوتەوە" "عاریفەکان لە گیرفانی چاکەتەکانیایدا(کستنانە) کەستانەی سوتانیان هەڵگرتووە بۆ ئەوەی ژیان بەلافاوی هەناوی نێرەکیسەڵدا بەرزبێتەوە

/نا ناتوانی/وەرە: یاسا وڕێنە دەکات لە هەڵوەراندنی ئاسندا/ دواتر ئازاد کراوێك لە دایك دەبێت لە هەڵهاتنی پێگەیشتنێکدا/ شەونخونیت شەونخونی شوێنە/ ئازارت بەرەلایە وەك سۆزی پاشایان/ ئەوچپە کێشە ئامێزە تەم و مژاوییەت پێوەیە لە شتە دەرك پێکراوەکان دەکولێتەوە هەتاکو دەیان گەیەنێتەوە سەرچاوەکان.

زیافەتەکەت ئامادەکە لە تێکەڵەی جیوەو خوێنی لم/ تا نامۆی لە سەدەفی گەوهەردا ئامادە بێت/ هەرچیت پێخۆشە بیگێڕەوە/ ئێوارە باش و ئاسودەیە، شەوباش و ئاسودەیە، کازیوە باش و ئاسودەیە، بەیانی و نیوەڕۆ و بێزاری شەبەنگ ئەمانە هەر هەموو بە ئامانجە ئەزەلییەکەیەوە لە هەردوو مەمکی دایە" لە دیوانی(سەرکێشی یاقوت) دایە.

لە پاشەکی ئەو نامەیەدا کە سەلوم بەلێهانووییەوە پلەی ماجستەری تیادا وەرگرت جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە لێکۆڵینەوەی شیعری سەلیم بەرەکات بەشێوەیەك گران و سەخت و دژوارە کەوا لە تایبەتمەند دەکات لە ڕێگای بەئاگاییەوە بەهێزبێت لە لێکۆڵینەوەی شێوازی قسەکەری بالادا، دەرنجام لە کۆتایدا هەندێ لایەنی تایبەتی شیعری لە چامە گەلی دیوانەکەدا دەست نیشان کرد:

1-پێکهاتەی نامۆ و نەناسراو لە قسە.

2-شاردنەوەی شوێنگەی ڕاناو کەئەمەیش دەبێتەهۆی وورژاندنی گریمان گەلێ بۆ تیگەیشتنی دەقەکە.

3-یەکخستنی دژیەکەکان(المتناقضات).

4-دابەزین لە مرۆڤ گەراییەوە بۆ نا مرۆڤ گەرایی بەپێچەوانەیشەوە.

5-کۆکردنەوە لە نێوان ئامادەبوون و نادیاردا(الحضور و الغیاب).

6-دیاری نەکردنی سنور بۆ وێنەکان یان بڕینی وێنەکان.

شایانی باسە سامییە سەلوم لە پاشەکی نامە کەیدا نوسیوێتی: لەڕاستیدا سەلیم بەرەکات نوێکەرەوەیەکی بالایەو شایانی ئەوەیە کە زۆر بە قوڵی و چڕی لێکۆڵینەوەی لەسەربکرێ لەبەر ئەوەی جێگابە پەنجەی بالاو دیاری هەیە لە زمانی نوێی ئێمەدا و جێگای هەموو ڕێز و شکۆیەکە.

زمان نیشتمانی ئەو نوسەرەیەکە لەبێ جێگایدا دەژی

ناوی کتێب: أنقاض الازل الثاني/ رواية

نووسینی: سەلیم بەرەکات

بلاڤکار: دار النهار 1999

خوێندنەوەو نمایش: صابر وزین

کتێب: ئاسەواری ئەزەلی دووهەم"ڕۆمان دانەر: سەلیم بەرەکات بلاوکراوە: دار النهار 1999" هەرکاتێك سەلیم بەرەکات بەکتێبەکەیەوە دەگەڕێتەوە لەگەڵ کتێبەکەیدا دەمانگێڕێتەوە بۆ لای ئەو زمانە دەوڵەمەندەی کە شاعیر(بەرەکات) ملکەچێتی بەئەندازەی ئەوەی کە ئەوزمانە دێنێتە ژێر بارو رامی دەکات(1- تێبینی "تەنهابۆ ڕونکردنەوە" واتە سەلیم بەرەکات فەرلامانی زمانەکە جێبەجێ دەکات و ملکەچی دەبێت بەقەدر ئەوەی کە ئەمیش زمانەکە ملکەچ دەکات و بەویستی خۆی هەڵ ی دەسوورێنێ و تەوزیفی دەکات.

(ای یطبع اللغة قدر ما یستیطع ان یجعلها مطیعة)" ئەوزمانەی سەردەکەوێ بەسەر بەرەکاتدا ئەوەندەی بەرەکات سەردەکەوێ بەسەریدا.

لەگەڵ ئەزموونە نوسینە سەختەکەی بەرەکاتدا واڕاهاتووین کە بە قولاوی کرداری نوسیندا ڕۆبچین تاکو لەناوچوون.

نوسین لەلای بەرکات کاریکە لە مەرگ دەچێ لە پێناوی زماندا هەتا مردن. لەبەر ئەوەیە دەبینین بەرەکات لە کارەکانیدا کامڵە، مەبەستم بە کامڵ ئەوەیە کە جیهان دەکاتە پێتگەل و وشەگەل.

گرنگ ترین بنەماکانی نوسین لای بەرەکات شوێن-زمان. ئەوە دوالیزمەی هزری- گێڕانەوەیە، دیارە هەرچی لق و پۆپێکیش کە لەمەدەبێتەوە لە واتا گەلێکی گەوهەری تر، ئەمانە هەر هەمووی لای بەرەکات بنەرەت و بنچینەی داڕشتنن. شوێن هەروەها کەمانای بێشوێنییەو ئەمە بەبەردەوامی دەگەڕێتەوە بۆ نوسینەکانی بەرەکات، بێ- شوێنی گەلی کوردلا لە لایەکەوە، بێ- شوێنی هەموو ئادەمیزاد لەلایەکی ترەوە.

کۆچکردن و نەسرەوتن لە تەنها شوێنێکدا حاڵ و نەرێتی مرۆڤبوو لەسەرەتای بوونەوە. نوسەریش ئەوە دەهێنێتەوە یادمان.

گەڕان بەدوای فەزایەکی لەباردا بۆ لەش و زمان بنچینەی دڵەڕاوکێی چەسپاوبووە.

لە ڕاستیدا بوون نییە دواتر زمانیش نییە ئەگەر مرۆڤ سنورێکی دیاری کراوی‌نەبێت بە ئارەزووی خۆی هاتووچۆی تیادا بکات بۆ ئەوەی ئازادبێت لە هەڵسووراندن و بەکارهێنانی زمان و لەشدا بەو شێوە سروشتییە کە پێویستە.

بۆیە دەبینین سەلیم بەرەکاتی بێ شوێن ئەو بەرەکاتەی کە لە بوونی خۆی و زمانەکەی دەترسێ نوسینی کردووە بە نیشتمانی خۆی. ئای چەندە وورد و چوانە درێژباسی ئەو ژیانەی نوسینەکانی پشتی پێدەبەستن نوسینەکانی بە تەنها جەختکردنە لەسەر بوونی حەقیقی، بەزەوییەکەی و گەلەکەی و، دووری تەواو دوور لە خەیاڵێکی ووێرانکارەوە. زمانی سەلیم بەرەکات پێویستی بەهەموو ئەو وویستگە ڕۆژانە بچووکانە هەیە بۆ پشکنین و دڵنیابوون لە خۆی و لە خاوە نەکەی زمان: زمانی بەرەکات لە لەناو چوون و گوم بوون دەترسێ، هەربۆیە بەرەکات بەکەرەستەی بژێوی ڕۆژانەو دیکوراتی ژیانی ئاسایی دەیژێنێتەوە بەڵام هێندە هەیە ئەم دیکورە کاتێك کە زمانەکە دەکاتە کارێکی هونەری باڵا دەسبەرداری ڕۆتینییەتی خۆی دەبێت، لە ڕاستیدا کاری نوسینی گەورەترین ڕۆڵی هەیە لە بەخشینی ووزەی ئیحائی و ووینەی پێویستدا بەووشەگەل و ڕستەکان بۆ بەرجەستەکردنی دەقی داهێنراو. لە ڕاستیدا دەنگ بەڵگەیەکی بینایی یە(برهان بصری) لەژێر گومەزی پێدەشتە نەبینراوەکاندا، لێرەدا نموونەیەك لە نموونە زۆرەکانی بەرەکات دەخوێنینەوە، ئەوکاتە ئەو پەیوەندییە بەهێزە دەبینین کە نوسەر لە نێوان دەنگ و شوێندا دەیخوڵقێنێ. هەروەها لێرەدا ئەو گرنگییە گەورەیە دەبینین

کە شاعیر گرنگی پێدەدات، لە کاتی گێرانەوی لە کاتێکدا کەدووڕەگەزی بنچینەیی لە نوسینەکەیدا دەگێڕێتەوە، کە ووشەو، ئەو زەوییەیە باسیٚ دەکات. وەك ئەوە وایەکە دەنگ پێدەشتی دروستکرد بێت و پیتیش زەوی وونبوی خوڵقاندبێت. بەڵام لە واقیعییەتێکی بریندارکەردا پێمان دەڵێ: لە ڕاستیدا ئەو پێدەشتانە بەبەردەوامی نادیار دەبن هەتاکو دووربن لەوەی بیان گەینێ ئەو پێدەشتانە بەردوام خەونێکی پرژوبلاودەبن لەسەر لاپەرەکانی ڕۆمانەکە. نوسەریش بەبەردەوامی پارێزگاری لە کەشە گشتی‌یەکە دەکات بۆ کۆچ کردن، ئەوە ئەدا بەکوێی خوێنەردا کە کەسایەتیەکانی ڕۆمانەکە بەبەردەوامی لەڕێکردندان بەرەو شوێنێك. هەڵویستەی کورت تەنها وویستگەیەکی نەرمەو لە هەموو چرکەیەکدا نزیکە لە داڕمانەە... لەوانەیە ڕۆژچەند هێڵێکی تیشکیان بۆبەرێ وەك چەند تۆپێك تلبنەوە لە هیوای مرۆڤەوە بۆ هیوای شوێن کاتێك بەرەکات لە ڕێگای لاپەرەدەنگدارەکانییەوە نیگاری ڕەنگی هیوای مرۆڤایەتی دەکێشێ، لەمراوی و قاز و تاوڵەو کۆگای کەلوپەلی میللی دەست پیدەکات، هەروەها باسی بەروبوم و دانەوێڵەو گشت کاڵا و قاپ و قاچاغی بەر دەست دەکات ئەمە هەرهەمووی لەبەرئەوەیەکە ئەم تروسکە ڕووناکییە ببریسکێتەوە و ئامادەبێ لە باتی شوێنە وونبووەکە.

ئەگەر لە کاتێکدا کتێب بووبێت بەزەوی بۆ هەموو نوسەرێك، ئەو ڕۆمانەکانی بەرەکات وەك ئەونیشتیمانە وایە و ئەلتەرناتیفی کەسایەتی یەکانییەتی. بەرەکات لەڕێگای گیرانەوەوە(السرد) هەوڵئەدا پارێزگاری لە زمانە کوردییە شاراوە کە بکات هەروەها پارێزگاری لەو زمانە عەربییە دیارەیش بکات کە نوسراوەتەوە، چونکی هەر چۆنێك بێت زمان بەبەردەوامی تاکە زەوییەیە کە دەکرێ تاپۆ بکرێ وسنوری بۆبکێشرێ، بەڵکو زمان ئەو تەنها شوێنەیە کەرێئەدات بەوپەری ئازادییەوە هاتووچۆی تیادا بکرێ، بەڵام هێندە هەیە کە ئەویش سەخت ترین ئازادییە لەبەر ئەوەی کە زمانیش پێویستی بەگرنگی پێدانێکی ڕاست و بەردەوامە بۆ ئەوەی ئەو شوێنەیش وون نەبێت.

کۆمەڵێك لە ژنان لە بەردەم تەونەکەدان هەر لەبەردەمیشیا لە دایك دەبن و گەورەیش دەبن، ئەو ژنانە گیانە خوازراوەکانی خۆیان دەگێرنەوە بۆ چراگەلی زەلامە نادیارەکان بەبێ ئەوەی چنگیان لەسەر تەختەکانی قەراغ هێڵەکان خاوبێتەوە مرۆڤی کورد هەر لە ڕۆژی لە دایك بوونییەوە هەتا دوا ڕۆژی ناچار کراوە کە زمانەکەی خۆی بپارێزێ لە ڕێگای بەکارهێنانییەوە بەبەردەوامی و بەیٚ ماندوبوون، هەروەها لە گرنگی پێدانی لەلایەن ئەو کەسەوە کەسەرلەنوێ لە هەموو کارێکدا دای دەڕێژێتەوە، بەڵام مەرج ئەوەیە کەویست و ماندونەناسی پیادە و بەرجەستەبێت.

ئایا ووێنەی ئەو ئامێرو تەون و چنینانە ڕەنگدانەوەی ئەو زمانەنییە کە بەرەکات دەیچنێ و هەموو جارێکیش بەو پەڕی دانای و ئەوینەوە دەیچنێتەوە، کێ لە پیتووشەدا گەورەترین هیوا دەبینێ بۆ گەلێك کە هیوای وون کردووە گۆشەگیری ژنان جێگای حەوانەەی مراوی و قازیشە ئەوان لەگەڵ خەیاڵی تەوندا ڕێککەوتوون ئەمانە دوو باڵندەن کە دەزانن تەونەکە بە خەیاڵی خۆی چنراوە کە بۆفیتنەی عەبەسی ڕادەکێشێ.

ڕەنگ بۆشایی‌یەکە ژنان و مراوی‌قاز و دیجلە خۆیانی پیادەکەن، ئەو کە نارانەی کە خۆیان مەڵاسداوە پڵنگ گەلێکن لە کرۆکی وونبوو نە ئاشناکاندا.

ووێنەیەکی نایاب و قەشەنگە بەرەکات ئەوهزرە بنچینەیانەی کەپەیوەندە بە زمان و وونبون و بۆشایی بوون و ووێنەتێك ئالاوەکان هەر هەمووی پێدەستەبەر دەکات.

چۆن خوێنەر لە خشتە ناچێ بەفیتنەی عەبەس، بەو ووێنە لە خشتەبەرە؟ چۆن لەخشتەناچێ بەو مراوی و قازەی(ئەمانە دووڕەگەزی واقیعین کەوەهمی زمان (چنین) حەقیقەتی دوورەپەرێزییان ڕێکخستووە؟ ئۆن خوێنەر لە خشتە ناچێ بە بۆشایی ڕەنگ؟ ئەو وێنە کۆدژانەی(المتناقضة) ئاماژە بۆ ئەو ئیشەهونەرییەدەکەن ئەگەر بەشداری کردنی کەرەستەکانی ژیانی ڕاستەقینەی هەست پێکراو نەبوایە وەك ئەو ئاژەڵانەی چەندان جارباسیان دەکرێتەوە هەروەها ئاووکەناری ڕووباری، ئەوە خاوەنی‌کەیان دەکوشت بەڵام، تێکڵکردن و لێگۆڕان(الالتباس) بەهەموو پۆشراو نادیار و نهێنییەکانییەوە بەبەردەوامی لە نێوان نوسین و ژیاندا بەرجەستەیە، ئەوەیش بۆ ئەوەی کە ڕێکەوتنی تەواو نەیەتەدی، بەتایبەتیش لە کاتی وونبونی زەوییەکی ڕوونی چەسپاوی مەعقولدا نوسەر دەگەڕێتەوە لە هەموو شەبەنگێکدا وێڵبوونەکانی شوین دەبینێ کە بە تاڵە دەزووی ووێڵگەلی زمان چنراون.

دیلانا و دیرام

سەلیم بەرەکات

بەرانە کێوی لەسەر گردەکەیە
وەستان یان بڵێین سرەوت(سکون)
هەروەکو بەرانەکیوی
شاخەکانی بۆ ئاسمان بەرزدەکاتەوە
کاکی ڕێبەر(الدلیل) لەوە زیاتر نزیك
مەبەرەوە، لەوەیش زیاتر دوورمەکەوەرەوە،
شوێنەکەت ئەو شوێنەیە کە دەتوانی
ڕەگەکان ڕەگەکانی لێوەببینی،
زەوی میراتییانە.
بەرانەکیوی لەسەر گردەکەیەو،
سرەوت پتەوونەلەخشاوە
هەروەك بەرانەکێوی شاخەکانی بۆ ئاسمان
بەرز دەکاتەوە

(1)

دیراما بڕوانەبۆی ئەوەتا لە ژێر بریسکەی خوێنی تۆدا زەمیلە سوروسپییەکان کۆدەکاتەوە، سەیری بکە چۆن باڵی تۆی داپۆشیو، هەناسەکانی وەك پارچە ئەستێرە دەیکاتەخەو لەدامێنی پیاوەتی‌یە خاوێنەکەی تودا یەکەیەکە هەڵدەوەرێن.

دیراما ئەو کاتەت نایەتەوەیاد کە هاتی بۆ لای و دڵفڕێن بویت و پێدەشتت لەبەردەکرد، ئەوکاتە هەنگاوەکانت هەنگاوی ڕۆژبوو، دەنگشت دەنگی گوڵەگەنم؟

دیراما ئەو ئێوارەیەت دێتەوەیاد کە ئێوارەی یەکەم لە نیو چاوەکانتا دەدروشایەوە، ئەوەبوو ماچتان داباران بەسەر گەنجینەی بوونەوەردا، سەرچاوەی نامویتان لە ژێر بەردی ڕۆحدا دۆزییەوە؟

هێی بە دیلانا هێدی بە لە یاریکردنی جادوگەریتا بە هێلانەکانی دڵی دڵە هەڵواسراوەکەی دیلانا لێدانێکە(طنعة) سیخناخە لە ژیان.

(2)

دیلانا بڕوانە بۆی، دیرام تیرێکی سوروسپییە لە ژێر بریسکەی خوێنی تۆدایە.

دیلانا تەماشای کە چۆن بەنرکەی ئاسنینی پیاوەتی خۆی سەر لە ئێواران دەڕازێنێتەوەو، پەیژەی هەناسە بڕکێیش بۆ دەنگی تۆ بەرزدەکاتەوە، وەك ئەوە وایە هەموو ئەو ووشانەی سرودیان پێدەچڕێ سروودی پیاوە. ئەی بۆچی ئەوەی بۆ ناگێڕێتەوە کە هەور بۆ کیژەکانی خۆی دەگێڕێتەوە، ئەی بۆ شیرینی باڵای بەسەرا نابارێنێ و، گەمەو خۆشی لوتکەکان هەڵکیشی و بییان نوێنی بۆ ئەوەی پێدەشتی دڵی بەگەنمو سرود داپۆشی؟ وەرەدیلانا ئەوەتا ئەو-دیرام- لە نزیکی دەستتەوە شانی داداوە.

(3)

دیرام بڕوانە بۆ دیلانە، چەندان جار بەگزنگی لێووسەر پەنجەکانی گەمەی لەسەر سنگت کردووە. بڕوانە بۆ دیلانا بیست دڵ لە ژێر دڵیادەبینی، هەموو دڵێك لەوو دڵانە ووڕێنە دەکات و وەنەوشە لەوڕینەکەیدا بیست دڵ هەیە: ئەوەچاوگەی ئەوپیاوەیە کە بۆنی بەڕەگ و ڕیشاڵەکان خۆش بوو بوو؟ ئەوە چاوگەی کاتژمێرەکانی دیالۆکە؟ چاوگەیەکی ترە بۆ هەموو ئازایەتی یەك یان بۆ ترس دیرام لەوە زیاتر نزیك مەبەرەوە، لەوە زیاتریش دوورمەکەوەرەوە. ئەوشوێنەی خۆتە کە دەتوانی خودی ئەو شیرینییەی لێوەببینی کەلەسەبەتە گەلێکی سوروسپی و خوێنێکی سوروسپیدا نوستووە.

دیلانا کەمێك ڕاپەرە و گەمارۆ تەڕەکەت توندبکە، تۆ ئەو دارستانەی کەنەوەکانی ئەو تیادا گەشەدەکەن و هەناو تێکەڵ بە باڵندەکان دەبێت. تۆ دەنگێکی لەنێوان دەنگەکاندا، ئەگەر دیرام دانەوییەوە بەسەر تا بەرز بەرەوە بۆدەمی مێینەی و، بۆسنگە لەرزوکەکەی کە قەڵغانە بۆسنگی خوێناویت بەهەورگەل و سەردەمەکان دیراماکەمێ ڕاپەرە، ڕاپەرەو ڕاوەستە بۆ ئەوەی لەبەرزاییەکانی گەمەو خۆشی یەوە بناری پان و بەرینی مێینە لە نێوان بریسکەی دەمامك گەل و گۆرانییەکاندا ببینی، تۆ شمشێری کانیاوو سەرچاوەکانی ئەویت و ڕاتنەکێشی ئەتدابەڕووی بەیانیاندا و لە تلەتدەبێ و لە شەقەکانی سۆز و بەرانەکێوی دێنەدەرێ. دیرام تۆ هەناسەکانی ئەویت لەنێوان هەناسەکاندا و ئەوستایشەی کە هەوا خواوەندە دەربەدەرەکانی تیادا نوقم دەکرد ئەگەر هات و چەمایەوە بەسەر تادەمی نەخشێنراو چنراوت بە سرودی پیاوان بەرز کەرەوە بۆ دەمی، سنگەلەرزۆکەکەی قەڵغانی ئەوسنگەی تۆیە کە بە ئاووستایش چنراوە.

دیلانا بڕوانە بۆی، بڕوانە چۆن باوەش دەکات بەهەورە بروسکەداو لەسەر جێگاکەت بای شەماڵ بڵاودەکاتەوە. دیلانا سەیریکە چۆن بە هەناسە سواریتا وەك بەرووبوم شۆڕبۆتەوەو، تەڵەزگە بۆ ڕوووەك دادەنێ، وەك ئەوە وایە شمشێری ئاو شانازی بەتۆوە بکات. بڕوانەچۆن وەك وشکانی وەك بیابان دەووری ئاوی داوە، بۆ ئەوەی لیدانی دڵە هەڵهاتووەکەت لە ئاودا گەمارۆی کەرەو کەڵەکبدات.. بەڵام کاتێ: سەر لە ئێوارە تۆڕەکەی دەکاتەوە جیاوازە لە تۆڕی ئەستێرەگەل و باڵندەماسی گرەکان.

دیلانا وازی لێبێنە بابێ ئاگا بێت لە صێش بینییەکانی، وویڵیکە دیلانا، ئەو هەر تەنها مشتێکی تر لەزەوی هەڵدەگرێ، بەتەنها هەرباڵی جووتەمەمکی تۆ دەبینی سێبەری ئێوارە و نێرێتی دەدا بەسەر زەویدا.

(7)

دیرام بڕوانە بۆ دیلانا، بڕوانە چۆن پۆلە قازەکان لەبەردەمی دڵی تۆدا کۆدەکاتەو، هەوردەچنێ. دیرام بڕوانە بۆی مێگەلەکەی پێش خۆدا وە لە کۆتایی دامێنەکانی چیاوە دەستی لە دەستی ئاسۆی شوان دایە(الافق الراعی) کراسەکەی هەڵدەکاو ئەوڕەگانەی بەرزەوی ناکەون دەردەکەون کاتێك کە جۆگەکان بەباز دەبڕی- بەڵام بەر ئەو ستایشە دەکەوێ کە هەموو ڕەگەکانی پێدادەپۆشێ.

ئەگەر هات و بینیت دەستی خستە دەستەوە تۆیش دەستی ئاسۆبگرە(الافق)، ئەگەر بینیت گرتەباوەش ئەوکاتە ڕەگەکان تۆ لە خۆیان دەگرن بۆ ئەوەی بە هەناسەکانت بەروبووم تیرەبارانی بەربووم بکات، یان بۆ ئەوەی زەوی بەخێرای ڕاکابۆلات و لافاوە بەخورەکەی لە شێرو شێوەکان هەڵکێشێ دیلانا بە ئاگای بێنە، هەڵیسێنە لەو خەوە کە

بەشیرینی هەزار دڵی مەست ڕازاوەتەوە، دیلانا بەیانیش هەڵیسێنە لە گەڵیا بۆ ئەوەی هەردووکیان پێکەوە بێن بۆلات و خۆلاویین بە شەهوەت و بەپیت و فەرۆشادی. ئەم دواین کەسە کەدەبیبینی وڕێنە دەکاو فویش بە کەرەنا ووڕێنەکەرەکاندا دەکات پردەپێت وەك یانەبە پاڵەوانێتی کاس گەلی خنکاو، ڕاوەستە لە هەمان جێگا هاتن و هەڵکردندا لە جێگای دێرینی هاتنی ڕەگەکاندا و شادمانی کێوی بەکێوی یان درندە بەدرندە. ئەوە دوا کەسە کەتۆ دەیبینی، هاتن بەرەو لای تۆ هەروەك ئاماژێەك زریان هاویشتبێتی بەر لەوەی کلاوە خوێناوییەکەی لەسەرکات. سەر زەنشتی ی خوانەتە توندەکاتەوە، قاپ و قاچاغ لەسەر بەردی ڕۆح بڵاودەکاتەوە، هەڵیسێنە لەخەو دیلانا هەڵیسێنە.

(9)

دیرام ئادەی دیلانا لە خەو هەڵسێنە، هەڵیسێنە پەپولەی نەبینراو(فراشە الغیب) و شاهەنگە ئاڵتونییەکەی دیلانا هەڵسێنە لەگەڵ بەرد بە بەردی ماڵەکەدا هەڵیسێنە، دواتر ئەو گۆڕەپانەی چوار دەوری ماڵەکەی داوە هەڵیسێنە. ئەگەر حەز دەکەی لە هەموو ئەمانەدا بەیانی یە خەوتووەکە لەخەو هەڵسێنە. بڵێ وەر دیلانا. وەرە بۆ ئەوەی ڕووناکی سەرسورماو لە زەوی ببینین ئەو کاتەی کە زەوی ئاسان و قەشەنگی لەسەر ئەسپەری مرۆیی ئێمە هەڵدەڕژێ. هەتاکو دوای ئەوە جووتەمەمکی خۆمان بدۆزینەوە و بگینە کێڵگەکان، بلەرزین لەبەر شیرینی ڕمەکە کاتێك ڕۆدەچێت لەوجێگەی کونجی و زەعفەرانی لێوەدێ، وەك ئەوە وایە هەوڵدەین پێکەوەببینە برین گەلێك کە دوای ئەوان برین گەلی ترنەبێت.

دیرام وەرە دیلانا هەڵسێنە.

(10)

دیلانا دیرام لەخەو هەڵسێنە، ئەو کورە هەڵسێنە کە لە ژێر ئەو گزنگەدا بەسەرسنگی ڕووتیادا دەباری گینگڵ ئەدا، لە خەوی هەڵسێنە، دواتریش دۆلچەکەت پڕ کە ئەو دۆڵچەیەی مێگەلەی بەیانیانی پێ ئاو ئەدەیی- دولچەکەت پربکە لەو قۆزاخەی ئاوریشم و تووەی لە ستایشەکان دادەبارێن، بۆ ئەوەی‌ئەوشیرینییەی بەدەوری دیرامدا هاتۆتە خوارێ و شۆربۆتەوە بە ئاوریشم و تووبدووری. دیلانا دیرام لە خەو هەڵسێنە، هەڵسێنە.

(11)

هۆدیرام دیلانا هەڵسێنە، لە ژێر برژۆلەکانیا خەونەکەلە خەوی هەڵسێنە، دواتر برێکات بدەرە دیلانا بۆ ئەوەی وەك کانی‌شەپۆل بدات و بازنە بازنە فراوان بێت، هەمووبازنەیەکی عارەبانەیەك بێت، لە عارەبانەکانیش دانەوێڵەو ڕێگەلیان تیابێت بە ئاگابە توخودا ئائەوە پەیکی دۆڵەکانە و هێشووەکانی هەورتان بۆ دەڕنێ و لەسەر پەرژینی ماڵی مندالی خەزامی بڵاویدەکاتەوە، هۆدیرام دیلانا هەڵسێنە، لە خەوی هەڵسێنە.

(12)

دیلانا دیرام هەڵسێنە، هەڵسێنە دەمامکی گاڵتەجار- ئەوکورەی چواردەوری تەنراوە بەداس گەلی خواندەکان. دیلانا لە خەوی هەڵسێنە بۆ ئەوەی شەونمی بەرەبەیانە بزێوەکەو حەزەگاڵتە جارکانیتان لەدەس نەچێت، خۆ لە وانەیە ئێوە زانیبێتان کە شەونم لە ناو گژوگیادا دەحیلێنێ و، کەرەنایشی هەیە بانگەشە بۆ هەرتەقەو (الهرطقة) لەدین دەرچوون دەکا ئەم قۆناغە بۆ خۆلی شادی ئامێزە. دیلانادەی لە خەوی هەڵسێنە، هەڵیسێنە.

(13)

هۆ دیرام دیلانا لە خەو هەڵسێنە، هەڵیسنە ئەم فیزە ئاسمانییەو، خۆشەویستی چێشتهەنگاو شتگەلێکی بەبەهای پیادا بپرژێنە. ئەگەر هاتوو دیلانا لەبەردەمتا ڕاوەستاو بە ئاگابوو داواکە بێتەڕوو و، درکەوێ وەك ئەوەی کەڕوو وەك، دەردەکات پێکەوە دانیشن ماچ سێبەرتان بۆ دەکات، گۆرانییەکان لە خشتەتان دەبەن گۆرانییەکان دیرام دیلانا هەڵسێنە، هۆ دیرام هەڵیسینە دیلانا.

(14)

هەڵیسێنە دیلانا دیلانا گزنگی مرۆی هەڵسێنە-دیرام- کاتێك کە مەست لە قەشەنگی ئێردێتە خوارێ، ئەکەی دەستەکانت یان هەناسەبڕکی وەك پەردە بگێڕی بەسەریا، با ڕوونبێ و دیاربێ و لە تەنکێتییا (شفاتە) هێشووە خونچەکان دەرکەون، دەست بەسەر هەر هەموویابگرەو بیکەرە مولکی خۆت، لەگەڵ هەموو ئەو شتانەیش کە تیایدا دەردەکەون، ئەتوانی ببیتە حەشارگەی مرۆی بۆ ڕوو وەك و هاوپەیمانەکانی وەك هەورو باڵەکان. هەڵیسێنە دیلانا دیرام هەڵسێنە.

(15)

هۆ دیرام دیلانا هەڵسێنە، خوێنی زیندو شێوەکانی‌هەڵسێنە، بۆ هەڵسانی دیلانا تا حەگوڵینەیەك لەسەردە لە کۆمەڵێك کویلە پێکهاتبێ، دیلانا بە ئاگاهاتنەوەی تەختە(یقظە عرش) لە ژێر دەسەلاتیدا سەر چاوەکان نزیك دەبنەوەو جۆگەکان خۆدەشۆن کاتێك کە تیر ئەندازیدەکەیت دیلاناکەوانی تۆیە و تیری پێدەهاویژی- هەر هەمووخودی خۆت لە دواین سرودایە، هەڵیسێنە هۆ دیرام هەڵیسێنە.

(16)

هۆ دیلانا دیرام هەڵسێنە، خۆش گوزەرانی- زیادەڕەوی- و ها وریکانی هەڵسێنە، ببینە ئەو کاتەی برژۆلەکانی لە باڵندە دەکاتەوە، ئەو بە ئاگاهاتنێکە کەتەنها بەیانییەك دەبینێ، دەستی گرتووە بە دەنگ و هارەی ئاوەوە، ئەو کەوانی تۆیەتیر ئەنازی پێدەکەیت کاتێك تیردەگریتە هەموو سۆزەکانت(رحمك كله) لە دواین سروودا.

هەڵیسێنە دیلانا هەڵیسێنە.

(17)

هەڵیسێنە لە خەو قەلەڕەشی کەرە(غداف الزبد) دیلانا خورجەکەت واڵاکە ئەوکاتەی گینگڵ ئەدەی لەبەر خۆتو کەو تەزووی خوێنی بەیانانیت، تۆ بە هەوورێکی ڕووتەوە پێشوازی لە خوێنی ئەودەکەیت. هۆ دیرام هەڵیسێنە لەخەو، هەڵیسێنە.

دیلانا دیرام لە خەو هەڵسێنە...

دیرام دیلانا لەخەو هەڵسێنە..

ئەم ویست لەو بەیانییەدا زەوی‌لە خەو هەڵسێنم. زەویش نەیوست من لەخەو هەڵسێنێ. هەرکاتێك ئاماژەکان کامڵ بن هەموو شتێیەك تێدەپەڕێ، ئەوەی دەست بە چمکی ئاڵینە بگرێ ئەوە ئاڵێن دەروات لە گەڵیا بەو جۆرە دیلاناو دیرام ڕۆیشتن- ئەم ویستئەو بەیانییە زەوی لە خەو هەڵسێنم زەویش ئەویست من لەخەو هەڵسێنێ.

ئەوکاتە دیەم سیخناخ بوو لە کوڕ وژن، ڕێبەری ئەوان بووم-دیلاناو دیرام- ڕێبەریکی لاڵبووم، ڕێگاکانی شەونمم بۆتیرەکانیان وازدەکرد ئەوەبوو لە نیوان دەنگ و تاری خونچەکاندا پرش وبلاوبوونەوە، خونچەکان دەکەمە ئاهەنگی ئاوارە. بەلام ئەو ڕووگانەی لێم وون کردن بۆ ئەوی بە دلی خۆیان گورانی بچڕن و بخوێنن. شورەم گێڕا بەدەووریاندا، کوت وپر شوێنەکە بەرز بۆوە بۆ پلەبەرزەکان کەتیادا بەردبەسەربەردا سەردەکەوت، دەمامك، دەمامك، لەپڕا دیلاناو دیرام خلتانی خوینبوون لە پشت قەلغانەکەیانەوە قەلاگەلێك لە هەنگوین درزی داو شەقی بردو، ڕۆن و غەرانیق خۆیان کێشابەبەرژانگەکانیانا. نەخێر ئەو بەیانییە نەم ویست زەوی لەخەو هەلسێنم، زەویش نەیوست من لەخەو هەلسێنێ بەلام من وەك چاوساغێك ڕیبەری دووعاشقم تەنها بۆ بریسکەیەکی تالدەکرد، ووتم بیگێڕمەوە ئەوەی کە ڕوویدا، هەروەها ووتم لە کۆستەکەوە دەست پێدەکەم بەو هیوایەی ببێتە دەرێك بۆ گەیشتن بە شیرینی، ئەها کاتێك بۆ گەیشتن بەشیرینی، ئەها کاتێك کە ڕووداوەکە دەگێڕمەوە چەند ڕەگ و ڕیشاڵ خوێنی سوروسپی لەگەلمنا دەیگێڕنەە، هەموو پێکەوە کۆبوونەوە، پرچگەلێك لە پێگەی ستایش ووتم: لەوێوە دەستپێیکەم کە تەپووتۆز دەووری سەبەتەکانی دیلاناو دیرامی تەنیبوو، ئەو کاتەی لە چنینەوەی دومەلان دەگەڕانەوە وو پرچیان تۆزی هەلالەی گژوگیاو دانەویلەیان لەسەربوو، وەك ئەبوو خۆیان بەگوڵ شۆردبێت گولەکانیش گڕکانی گەمەو ئارەزووی خۆیانیان پێ سپاردن، وەك ئەوەی لەناوگژوگیاکەدا ماچیان لە بیرچووبێت گژو گیاش غاری داو ئەوەی کە لە بیریان چووبوو بۆی بردنەوە ئەوان گەڕابوونەوە.

زەویش بە دوورێنەی ڕۆژانەی گەڕابۆوە بە خۆی و هەزار گوڵەگەنم و هەزار بلێسە و هەزار داستان کە قارەمانەکان چارەنوسی خۆیان تیادا جێهێشت بوو لە ژێر شەپۆلی نەبینراودا، هەروەها هەزار قەلغانی کونبوو هەزار هەورە تریشقەی بەماچ تەڕبوو، بیست پیاویش کە دیلا ناو دیرامیان تیرە باران کردبوو خۆڵەمێش چەمابۆوە بۆ ئەو سرەوت و بێ دەنگی‌یەی کە لەسەر ڕێگاکەیدا سەرچاوە و کانیاوەکان پرش و بلاو دەبوونەوە و زریانی گوڵەمێخەکی دەهێنا. ئابەو شێوەیە کوڕێك و ژنێك دەڕۆیشتن.

من وەك چاوساغێك ڕێبەری دوو عاشقم بۆ باتیلێکی شیرین (باطل عذب) دەکرد، من دەمزانی ئەوەی دلدەکاتە میرات گری دەردوبەلا خوێنی دلدەڕێژێ وەك نهێنییەك کە وڕێنەکەر ئەیدرکێنێ. بەلام بەڕێمکردن- خۆیان پێچابوو لەچەخماخە گەلێکەوە کە دەمیان بەخەرمانەکانی تالی دەکرایەوە ڕووبەڕووی جوانییەك کە هیچ کەسێك نەیبردبوو بەمیرات، لەوێدا ووتم خورچەکەت بکەرەوە وەك ملەیەك لێوەی بڕوانی بۆئەو ووشکانییەی لە دەرگای ئاوئەدا لەسەر ئەسپەری ئاوەوە، ئێوە دووعاشقن، نەزری کەلەپیاوێکن بۆ جوانی. من ویستم بەرزاییەبخەمەڕوو وەك چاو ساغێك کە ڕێبەری دووعاشق تەنها بۆ شیوەنی کۆمەلێك پرد بکات، کەوتە بەرچاوم دیرام چێشت هەنگاوێکیبۆ دیلانا دەگێڕایە کە ناگێڕرێتەوە چێشت هەنگاوێ کە سەدەکان(القرون) دەیرفێنن لەهەموو لێوارێکیلێدانی دلێکەیان تەورێك لە تەورەکانی سۆز. بینیم دیرام بەچۆکاهاتبوو هاواری لە ئەسپەشاراوەکان دەکرد ڕاپەرە، ڕاپەڕە، ستایشەکان بەهاواردێنی، ستایشەکان بەدەنووك نیشانەی شیوەن لە دەستی دەقۆزنەوە. توخوا توخوا دوای ئەمە بانگم نەکەن، باسی ڕووگەبەڕووگەی زەوی دەکەم و، هەروەها بروسکە بە بروسکەی ئاسمانیش، من درێژەی چیرۆکەکەم نانا لەمەودوا بانگم مەکەن، مەرگ بەمەرگ بگێڕمەوە، شیرنی بە بۆشایی پێپەستکەم وەك سمی هێستر، بەلام ئێوەکە لەسەر شوورەری ئاوابوون (المخیب) دانیشتوون بڕوانن دەبینین کە بیست پیاو دیلاناو دیرام بەعاباکانیان دادەپۆشن بەرلەوەی تەنها هێلێك خوێن چۆگەبەستی و ئەملاولاکات لە نێوان بەردو پووشداو، دواتر لە کۆتایی چۆلە وانییەکەدا ئاوابێ.

ئابەم شێوەیە ڕۆشتن کوڕێك و ژنێك وێشتن. هیچ کەسێك شتێکی نەووت، هیچ لێوێك نەبزوا بەو قسەیەی درەختی ستایشەکانی بەخوێن نەخشان. (لەوگێژەلوکەیەی دوایدا کە شارەکانی بەمۆری نەزان مۆرکرد، شێخەکان ڕۆحی خۆیان بە تاری قوڕدا دەپۆشن، قەلغانی خوێنیان گەڕاندەوە لەدوای ئەوەی گێژەلوکەسیمای منالی لە شتەکان داڕنی شێخەکان مانەوە بەپێوە ڕاوەستان، وەك شاخێك(قرن) لەسەر جومگەی گایەکی مردو، لقوپۆپی سپی و منارەگەلی سپی بەدەووریاندا شۆڕبووبوونەوە و هاتبوونە خوارێ، لەبەر ئەوەی ئەوان دوا میرات گرن، کەشتیوان گەلێکن لە کەرەولایەك (بۆ ڕونکردنەوە: دربابنة من زبد یدیرون دفة لاتری ای انهم متکونون من زبد) بەڕێوەدەبەن کەنابینرێ، دیلاناو دیرامیان دایە دەست بیست مشت و ڕووخساری بلێسەی شیرینمان بەمۆری نەزانین درێژ کردەوە.)

بەم شێوەیە هەردووکیان ڕۆیشتن، لەو گێژەلوکەیەی دوایدا کە نەزانەکان بۆ یەکەم جار شکۆی خۆیان پێکردەوە، من ئەو ڕابوردووە دەگەڕێنمەوە دواوە بۆ ئەوەی نا بێگێڕمەوە و باسی بکەم، بەلکوبۆ ئەوەی ئەو ستایشە کە زەوی کردبومی وەك ڕێبەرێ بۆ دووعاشق بیسڕمەوە و لای دەم لەسەر خۆم.

توندرەوبووم لە تالان کردنیدلیاندابەشمشێری هەنگوین هەرچی دەگێڕمەوە دەیگێڕمەوە بۆ ئەوەنی یەبیگێڕمەوە و باسی بکەم، بەلکو بۆ ئەوەیە بگەڕێمەوە بۆ شوێنی نەزان، لەوێ نەزانەکان لە ژێر چەند ستوونێکدا دانیشتون، کۆمەلی شێخن دێڕەکانی ئاسۆو دێڕەکانی خۆلەمێشیان لایەکسانە ئاخ دیرام تۆ کوڕێك بووی لە پێدەشتەکان هەلاتی و خۆت ئالان لە هەورەتریشقەی پێدەشتە کانەوە، ئاخ دیلاناتۆژنێك بووی هەلهاتبوو لە مێردەکەیبۆ هەلبژاردنێك(خیار) نەخێر هەلبژاردن نییە بۆ شەماڵێك کە ژنێك و کوڕێك هەلهاتبن تیایا وپێکەوە پەیمانی لێدانێکیان(طنعة واحدة) بەستبێ، ئاگریان بەردابێتە ووڕێنەی شوێنینەزان. ئێ ئەی شوێنی نەزان ئەی شوێنگەی بەستنی پەیمان بە سولتانی هێزو دانای مردۆکان؟ ئەی نالەی هەموو تێکشکاندنەکان ئەگەر تێکشکاندنەکان بەشیوەن داپۆشرێن و بەشێوەنیش بلاوبکرێنەوە، چۆن دوای سەرتاکە بکەوم؟ چۆن دوای ژنێك و کوڕێك بکەوم لەو شوێنەدا، تیادا دەربەدەرکرابوون هەتا چێشت هەنگاوێك کە لەسەر فورمەکان هەلنایەت، بەلکو لەسەر ماچ هەلدێ؟ چێشت هەنگاوێکی سووك وەك قامچی حوشترەوان و، دەخوڕی بەسەر هەلۆگەلی شیرینیدا هەلوگەلیش بەدەنگ دێن، دەخوڕی بەسەر ڕەگەکانداو ڕەگەکانیش غار ئەدەن بۆ لای شێتییە گەورەکە نەخێر شوێنێك نەبوو، نەتتوانی ماسی گرەکان ببینی،

دوای گاڵتەجاری بەناکان لەبەرزاییەکاندا. ئەوکاتەی ئاسۆیەك بە هێشووەکانییەوە شۆڕبووبووە لە کۆمەڵە کە پرێکی نادیارەوە. هەردووکیان، ژنێك وپیاوێك ڕایان کرد یەکێکیان تەختەکەی و کوونە ئاوێك و ئەو کولێرانەی کەسەرپەنجەی ڕەگەزەکان نەرمی کردوونەتەوە بۆ ئەوەی تریان هەڵگرتبوو ئاوەها هەردووکیان پێکگەیشتن. ئاوەهادەم تامی مێووژی وورێنەی چێژت و دڵڕیرەوی لەپەڕی سەرگیراو بە کۆمەڵە مستیلە پێشکەش بەدڵدەکات. ئێستا ئا ئەوە زەوییە(ئاواهی دەیگێڕمەوە) ئەوە سەرچاوەکانەو چەژی بوونەوەرە بۆ ڕاوکردنی بوونەوەر: هەموو شتێك لە ژیاننامەیەکی سەرسوڕماوایە، مێوە لەسەر سوڕمانی ڕەگەکاندا لە یەکەم دەنگدا مێوە لەبەرسەرسورمانی ڕەگەکان شیدەبێتەوە، من ڕێبەری دیلاناو دیرام بووم ڕێبەرێك ڕووگەکان بەخۆشی دەدوورم، کلیلەکانی فڕێنەدا بۆ هەورەدیلەکە، بە تەنها هەردوو دڵی خۆیان نەبێ بە توندوتۆڵی وەك پۆەند لەسەر شیرینی هیچی تر نابینن، کاتێکیش ئاوڕئەدەنەوە بێجگە لەو عاشقەی کە بە هەناسە بڕکێی خۆی مستیلەی عاشق کۆدەکاتەوە.

(دیلانا مۆرەکەی خۆتت لەبیرە؟ ئایا دیلانا ئەو ئەومۆەت دێتە یاد کە مشتوویەکی قورینەی دەنگداری هەبوو؟ ئایا دێتەوە یادتت وەك زار بەلارولەنجەوە لەهەوادا بەدەورتادەهات، ئەوە بوو دەسەڵاتی ئاوی دابەسەرتا.

کێڵگەکان؟

ئاخ تۆ چەندێك بچوك بوی ئەوکاتەی بۆ یەکەم جار هەردوو دەستت بەرزکردەوە و سیخناخبوون لە خەرمان و دەنگی تێکەڵ، ئایسوپاگەلی سۆز ئامێزو سەربازگەیئەرخەوان چەندێك نزیك بوونەوە لە پشت سێبەرەبچووکەکەتەوە. تۆیش ئەودەمەمێگەلەکەت بڵاوکربۆوە بۆ لەوەڕ بۆ ئەوەی ڕەدووت کەون، وەك ئەوکەسەی لە نزیك داوەکەیەوە نانەووردەبۆ ڕیشۆڵەگەل بڵاوبکاتەوە، بەڵام ئەو-دیلانا- لەسەر کڵاوخودەی ئەو کەسانەی لە غەیبەوە هاتبوون شانی دادابوو شارەکەیبەچراخانی نووسین ڕازانبۆوە، تۆیش بەدەربەدەری و ڕەهەندەی مابوویتەوە ڕەهەندی بەئاگایی لەناوەڕاستی تاریکی‌یەکی قۆشمەدا. هۆ دیرام تۆیش کاتێك گوێبیستی دەنگی ئەو سەرچاوانە دەبێت کە بە سەبەتەکانیانەوەغار ئەدەن و هەروەها ئەوگوڵەگەنمانەیش کە کەڵێتی چۆڵەوانی (فحولة العراء) دەکوتنەوە هێدی بەو مەروخێ، ئێستاکە تۆ بە تێکشکاندنەکانت پاڵەوانی یەتی شاردا دەپۆشی، و، دواین خەنجەریش دەخەیتە کیلانەکەی، خەنجەری ڕووەکان و تاڵانی.

هۆدیرام هیچ مۆرێك نییە تەنها مۆرکەی تۆ نەبێت کە ڕێژگە هەوڵی پێدەدات بۆ ڕێژگە، فڕێیدە فڕێیدە مۆرەکە، بۆ ئەوەی جۆگەکان دابنێت.

بەم شێوەیە دەیگێڕمەو، ئاوەها دەم تامی‌مێوژی ووڕێرنە دەچێژێت ئایە دوای ئەمە کەس هەیە پێم بڵی: لەسەر خو ئەی ڕێبەر؟ نەخێر، من باسی گەنجینەیەکتان بۆ دەکەم لە جیهان گەلێك و نزیکیتان لەسەر مەودایئەوجیهانگەل بۆ دەکەمەوە باقسەی من قسەی نیزەك بێت، ئاماژەکانیشم گەشتی‌شەپۆلێکی جوان بێت، دیرام و دیلانا بێجگە لەدڵی خۆیان هیچی ترنابینن-کاتێك دەیگێڕمەوە- کە توندەستیان گرتووە بەسەر شیرنیدا، بۆ هەر شوێنێك ئاوڕ ئەدەنەوە هیچ نابینن بێجگە لەو خوێنەی کە مۆری خوێن میوانداری بە هەناسە بڕکێی دەکا. دیلانا ئایە مستیلەکەی خۆتت دێتەوە یاد؟

ئەومستیلەت کە مشتووەیەکی شەبەنگی هەبوو؟ ئایە لەرزینی دەستەکانمت دێتەوە یاد کاتێك پەیامگەلی خونچەکانیان وەردەگرت، ئەو کاتە هەردوو دەستت هێدی هێدی تەڵزگەکانی بەرووبوومیان بۆمن لێکدەترازاندو دەپژاند؟

ئایا دیلانا دێتەوە یادت کە تۆڕێبەرێکی خەمبار بووی بۆ شادی، ئایا پەلەتە بۆ ئەوەی دیرام لەو پەڕی گردۆڵکەکانەوە شۆربێتەوە و بێتەخوارێ بۆ ئەوەی درگای دەریا قوفڵ بداو سەرکڵومیدا بەکلۆمی دەشتەکی دێتەوە یادت کەدە ساڵان بوویت و، سیخناخ بوویت بەوەی ڕێگابە جەنگ دەداو، خیانەت دەکاتە یاری منداڵ، هەروەها موڵە تەکەت درێژکردەوە، ژنێکی تەواو ژن وەك هەموو ژنێك ئەوەی‌بەشی مێردەکەی بوو دای‌بەمێردەکەی؟

هەروەك هەمووژنێکیش هەندێك لە چراکانی شاردەو بۆ ئەو قوربانییەکێویانەی کە تینون بۆ دەستێك خوێنی ڕێپێدان وەحەڵاڵکردن- برێژێ، ئەوکاتە دەنگە شاراوەکان ئاوێتەی پاوانەکان بکات دیرام هات،ئەوکاتەی‌دیلانا لێبووبۆوە لە چنینی ئەوشتەی بۆ مێردەکەی دەچنی، فەرمانی ڕەشبگیری مێینەی پشتگوێ خست وبەفەرمانی ڕەشبگیری ئەو سوڵتانەوە خەریکبوو کە بوونەڕی بە بوونەوەرەو خەریك دەکرد، دواتر هەردووکیان بە کەسیفی ڕۆیشتنبۆڤێستیاڵەکە.

کاتێك کە دیرام هات، کاتێکبوو دینا ئەوکاتەی‌کە دبرام هات کاتێکبوو تۆ نەنهێنیت هەبوو نەتووڕەبوون، دیرام لە قاپێکدا تاڵانی خۆی پێشکەش کردنی، نهێنی و تووڕبوونی پێشکەش کردی هەرکەس نهێنی نەبێت پیرۆزنی‌یە، هەرکەسێك دەرگا لەسەر شتێیەکی گران بەهای خۆی کلۆم نەدا ئەوە دەست بەسەریدا دەگیرێ و تاهەتایەکویلەدەبێت..

دیلانا

ئەو کاتە نهێنی خۆت بۆ خۆت دەبێت، دیلانا کاتێك گوڵەگەنمەکان دادەبارین بەسەرتا خۆت ڕانەوشێنەو بەرۆکت هەڵمەتەکێنە، ئێستا سیخناخی لەشەهوەتو سێبەری شمشێری لە شمشێرەکانی تەپوتۆزە جەنگاوەرەکە بەدوای خۆیدا کێش دەکات، ئەو هەوڵئەدات بۆ ئەوەی ئەو مستیلەیەی تۆ ببینێ کە ڕژێنەکان بۆ ڕژێنەکان هەوڵیان پێئەدا. مستیلەکەت تووڕدە، تووڕی دە، تووڕی دە، بۆ ئەوەی جۆگەکان دابنێت. لەسەرخۆ بەکانیاوەکە لەسەرخۆبە ئەی تۆزو گەرد، ئیویش لەسەرخۆبن ئەی گاگەل، لەسەرخۆبن ئەی دۆرگەکان، ئائەمە بنەمای بنەمای سرووده کەمە.

بەڵام من وەك چاوساغێك بەسەرەتا ڕەهاکان سرودەکە ناهۆنمەوە وەك قۆزاغەی پەموو بەڵکو شایەتەکان بانگ دەکەم ڕوووەك بەڕوووەك، دواتر پێکەوە دەگووشرێین، هەناسە سوار لە عارەقی تاکە گەڵایەکی بەراز. ئەو گەڵایەی وێڵ کراوەو سەما دەکاو باڵی گرتووە بەسەر ماچی دوو عاشقدا، ئەمە لە کاتێکدا بیست دەست تارای ئاغریو دانای[1] بەسەرچێشت هەنگاودا داوە.

دیلانا ژنی نوسینەکەیەو دایکی دوو گیژۆڵەیشە ناوبەناو باسی هەڵهاتنی خۆی دەکرد لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر. هەر کاتێك دانیشتایە بۆ ئەوەی کەل‌وپەلی کچەکانی بدوورێتەوەو پینەیان بکات لەنیوەڕۆدا، ئەوە بەدوو چاوی فرمێسکاوییەوە لە ئێستاش وورد دەبۆوەو چاکسازی تیادا دەکرد،

دیرام کوڕی گردۆڵکەیە، حەزیدەکرد بەرامبەر دیلانا دانیشێ‌و نامۆی خۆی لەبیر بەرێتەوە کاتێك دەیبینی دیلانا بەدوو چاوی پڕ لە ئەسرینەوە سەیردەکا، دەمامکە توندەکەی دادەدایەوەو دەی پڕمان بەهەورە تریشقە.

هەردووکیان منداڵن. کوڕێك‌و ژنێـك: دوو منداڵـن، منیـش چاوساغە لاڵەکەم لەڕێگای درخەتی دەنوکی هەورە مەستەکانەوە ڕێنماییان دەکەم.

سوێنتان ئـەدەم بـەخوا ئـەی هـەورە مەسـتەکان ئـەی ئـەو هەورانـەی لەسـەرچاوەیەکدا لەیەسك‌و پرووسك‌و شـاخی بەرانـەکێوی‌دا مەلەدەکـەن، ڕاپەڕە بە لە بارچوویی لە دەمامکی سەگیکدا، تاجە تەنکەکەت بشـکێنە، ئێوەیش ئەی درەختەکانی

دووربکەونەوە، با تارمای، یان ئاوارەیـەك نەتانکاتـە سێبەر. بـەڵام من ئەو ڕێبـەرەم کە گاڵتـەجاریم وەك کاردێك هەڵکێشـاوە مـن هێنـدەم بەسـە کـەلێرەدا دانیشـتووم لـە نزیـك گایەکـەوە کە چاوەکانی گیریـان خـواردووە بەدەسـت مێشـوولەوەو چەرمەکەیشـی زەلالـەتێتی بەدەسـت گەنـەی سەرکێشەوە کە هەڵی دەکۆڵی.

هــەردوکمان سـەیر دەکـەین سـەیری سـنەوبەری دەریـا کـاتێك جموجۆڵێتی بەخوی‌و هێلانەکانی‌یەوە.

ئافەریم دیرام ئافەریم دیلانا: من بەو شێوەیە نەبووم وەك ئەوەی کە پێویستە چاوساغ بەرجەستەیکات، بەتەنها هەر سەیری ئێوەم دەکرد، بیّ ئەوەی باکم بێـت لـەو هەندامـە بەئاسـەواری زڕنگـەی مۆسـیقا دەروازەی مەرگ وازکات.

ئافەریم ئەی کوڕ ئافەریم ئەی ژن:

من وەك ئەوەی پێویستە چاوساغ بیکات وانەبووم. بەڵکو من هەمیشە لـەنێوان برژۆڵـەکانی ئێوەدا بووم، هـەرچی ئێـوە بتـان بینیایـە دەم بینـی منیش وەك ئێوە ستایشـی جوانـی ئەو پاشایانەم دەکرد کە شـارەکانیان وەك سـەگەلی ڕاوی (ئانجی گـەل بـەرەڵا کردبـوو، خۆیشـیان دەرچووبـوون بـەدوای گەلـەکانیاندا دەگـەڕان. هـەروەها ستایشـی باڵندەکـان‌و مەرخەسکراو گەل‌و ئاویش دەکەم، ڕۆحیشم بەقوڵنگێکی پاراو هەڵدەنێم بۆ ئەوەی لە دەرەکانی‌یەوە دەستم بگاتە ڕەشماڵـەکان‌و چەکەکان. دیـرام لێم گەڕی، عابای میر بەباڵاتا دەپۆشم. دیلانا لێـم گـەڕیّ عابای میرەژنیش ئەدەم بەشانی تۆدا.

دواتـر بـەچۆکدادیم‌و هـەموو سـنگی خـۆم دەبەخشـم بـەلێدانی ڕوبارەکاهینەکە، بەڵکو بەنەخشەی چاوساغێکی تر ڕێدەرکات ئەزموونی نوسین لـە دوو عاشـقداتاقی‌نەکاتەوە کـە سـروود بـەتووڕەی مۆردەکـەن‌و کۆتای پێدەهێنن.

ها ئـەی تـووڕەی، چـی بـووە لـەوە زیـاتر ڕێبـەری کوڕێکـی هەڵـهاتوو ژنێکی هەڵهاتوو دەکەم؟!

(کاتێك دیرام شتە بچوکەکانی خۆی هێنا بۆ شارەکە، بۆنی خۆش بوو بوو بەهەناسە بڕکـی‌ی کوولەکە، کـەمیّ گەنمەشـامیش لـە گیرفـانیدا مـابوو. هیـچ کەسێك نەبوو بەئاشکرا سەیری کاغەزەکە نەکات ئاماژەکردن ڕیچکەیان بەست بوو بەرەو ماڵی هاوڕیّ ئەرمەنی‌یەکەی.) ها ئەی تۆڕەبوون (بەئاگاهاتنەوەیەك پێویست بوو. چارۆکەی بەرد پێویست بوو.

هاوڕێکـەی دیـرام هـاوڕێی شـەماڵ (صبـا) نەیزانـی نەبـیّ لەگـەڵ کـازیوەدا هەڵسـیّ‌و سـەرکردایەتی بەئاگاهی (الیقظة) بکات. لـەبارەی ژنـانی شـارەکەوە قسەی بۆ دیرام کرد، لەبارەی ڕەشەبای شارەکەیشەوە قسەی بۆ کردو، هەروەها باسی ئەوشێی تەڕپیەیشی بۆ گێڕایەوە کە قسەو خەو تەڕدەکات.

هەردووکیان ڕەنگیـان هـەڵبزرکا کـاتێك سـەیری ئـەو کیـژ ڕووتانـەیان دەکرد کەلە نزیك دەریاکەوە خۆیان گەرم دەکردەوە) هائەی تووڕە بوون...

(ئەو کاتە شارەکە بازنەی بوو، بازنـەی بـوو وەك دووگـی بـەران. دیـرام ڕێـزی لـە بیسـت سـاڵی تەمـەنی خـۆی دەگـرت، بێدەنـگ بـوو وەك هـاوڕیّ ئەرمەنی‌یـە بێدەنگەکـەی. بـەڵام ووتـار سـەدەییەکەی کـە بـۆ کێڵگـەکانی دابەزان لەبەردەرگاکەی خۆی ئەو حەماڵە ڕەهەندانەی لەخەو ڕاچڵکان کە کۆمـەڵ کۆمـەڵ لـە چەند هۆدەیـەکدا بوون بەڕیزی خانۆکـەی ئـەوەوە بۆیـە ئازایـەتی ڕەهـەندیان داگیرسان بۆ ڕێزلێنـانی سـاڵەکانی تەمـەنی دیـرام‌و گۆرانیان بۆ وورێنە دەچڕی)

ها ئەی تۆڕەبوون

(دیرام دەڵیّ: ئایە لەم فەزایەدا چ پارچە کانزایەك بەئاگای دادەپۆشیّ؟ کابرای ئەرمەنیش دەڵیّ: لە قوفڵەکان گەڕیّ تۆ کوڕی ستایشەکانی. دیرام دەڵیّ: ئایا پارێزگاری لە هێرشێك دەکەم بۆ ڕاکێشانی ئەمە، خۆم ئەدەم بەسـەر تـالانی شمشـێرەکانی شـێوەندا؟ کـابرای ئەرمـەنی دەڵـیّ: واز لـە دوورینەوەی ئاسن بێنە،

دیرام دەڵیّ ئەمە چ کڵاو خودەیەکە،

چ سـنەوبەرێکە واجووتـە گونـی ماسـیان پیـادا شـۆڕبۆتەوە؟ کـابرای ئەرمەنی دەڵیّ: لە گۆرانی‌یەکان گەڕیّ، بـەردێکی گـران بەهایـە نابەخشـریّ بەچارۆکەکەی تۆ. دیـرام دەڵـیّ: چ ڕ ێژنەیەکە (مصـب) بـۆ ئـەم ڕووداوە کوت‌و پڕانە، ئایا پاشـایەکی تیایـە دەمـامکی گاڵتـەجاڕی پۆشـی بێـت، کـابرای ئەرمـەنی دەڵـیّ: واز لـە داهێنـانی پێوەنـدی کچێنـی بهێنـە، ئاوارەبوون لە دەسەڵاتی نزیك بۆتەوە.)

ها ئەی تووڕەبوون، مـن لەسـەر چـۆك بـووم زرییەکـەی (زردی) خـۆم دەبەخشـی بـەڕۆباره کەشیشـەکەو (النهر الکـاهن) تینوێتیـم بـۆ جۆگاکـان دەچنـی، بـەڵام کـاتێك ئـاوڕم دایـەوە دیرامـم بینـی کوڕێـك بـوو شـاری دەڕووخاندو شاری درووست دەکرد.

(دیرام بەهێزو بوێرییەکەوە دەستی پێکردو وەك هێزو جەربەزەیی نەمری، بەیاداشتیّ وەك یاداشتی کوڕ. دیرام کتێبەکانی لە حەشارگەوە بەرزکردەوە بۆ بیرەوەری مەرگ‌و، مشت‌و مڕو لمـی تونـد دەکـردەوە بـۆ گۆڕەپـانی کتێبـەکان، سەر لەئێوارەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە لەسەر سەربانەکە دانیشـیّ‌و لەگـەڵ نۆشینی چای ئێوارانـدا بۆنی ئەو ژنە هەڵمژیّ کە یەشتا لە قوڕی سوورەکراوەوە نەهاتۆتـە دەریّ. بـەڵام دیلانـا لـەدوای دووسـەد خـۆری درەوشـاوە لەسـەر بـۆ شاییەکی فراوان گەیشت بەدەنگی ئاسن‌و گریا.)

ها ئەی تووڕبوون... (دیلانا دوای چل خوول لە خوولـەکانی گوڵەگەنم چاوەڕوانی دەکات‌و. هەوڵئەدا بۆ ئەوەی هەردوو کچەکەی بکاتە هۆیەك بۆ ملکەچکردنی خوێن بۆ خوێن.

دیلانا خوانێکە. دیلانا جۆڵایەکە لە جۆڵاکانی شار، ڕۆژێك لە ڕۆژان لەسەر تەشی ئاو چارەنووسەکانی (اقدارها) خۆی چنـی، بۆیە دیلانا لـەو ڕۆژەوە سەرسووڕماو دوودڵە لەنێوان ئەوەداکە پەرەسێلکە بەندبکات یان مەرخەسی‌کات، بەڵام دیلانا دەسگاکەو دوودڵی دەستگاکەی وویل کرد، دواتر بەئەستوونێك شارەکەی لەتکردکە بیابانەکانی وەك سێبەر بەسەر ڕۆحەکاندا بەرزدەکردەوە.

ها ئەی توورەبوون.

(کاتێك دیرام چوو بۆ ماڵی دیلانا، دیلانا، ووتی: تۆم لە شێوەی ڕووبارەکان دروستکرد

دیرام ووتی لە شتگەلێکی تریش. دیلانا ووتی: لە خۆمم دروستکردی، دیرام ووتی: لە شتگەلێکی تریش. دیلانا ووتی: دروستم کردی لە تاڵانی دەتۆیش تاڵان بێنە. دیرام ووتی: لە شتگەلێکی تریش. دیلانا ووتی

لە چاوگەی ئاوو دانەوێڵە تۆم دروستکرد دیرام ووتی لە شتگەلێکی تریش. دیلانا ووتی: تۆم دروستکرد لە سەرەتاکانی شێوەن. دیرام ووتی لە شتگەلێکی تریش. دیلانا ووتی لەو بریسکە کێوییە دروستم کردی کەلەسەر مشتووی دەرگاوانەکان دەدرەوشایەوە. دیرام ووتی: لە شتگەلێکی تریش. دیلانا ووتی لەسەرسووڕمانی خۆم دروستم کردی. دیرام ووتی لە شتگەلێکی تریش. دیلانا ووتی: لە نەزرکردنی تاریکی بۆ تاریکی، لەو کچێنییەی کەبەرمەکەیەوە بەرەگەکاندا ڕۆچوو بوو دروستم کردی.

دیرام ووتی وەرە. دیرامی لە باوەش کردوو بە جووت گریان.)

ها ئەی توورەبوون، من زەوی پشت گوێ دەخەم هەتا زەوی دێ و چەکەکان دەکات بەتکاکار. هەروەها هەرەشە لە شارەوەیش دەکەم بۆ ئەوەی پەردە لەسەر ئاگردانەکەی هەڵماڵی، لەبەرئەوەی من ئێستا ژیاننامەی ماچ کۆدەکەمەوە لەهەر شوێنێك بێت

مرکەبەکەم گوڵە ئەستێرەیە، پشت بەو شتانە دەبەستم کە نابینرێن، وەك پۆڕو، قاز کەلە جیکڵدانەیدا قسەی کەنارەکان هەڵدەگرێ.

دەبا درەختیش لەگەڵ مندا بیگێڕێتەوە کاتێك کە ئەو سەرەتایانە دەگێڕمەوە کە بەپەڕی قەلەباچکەو کای جۆ ڕازاونەتەوە.

بەشی یەکەم

دیلاناو دیرام پێکەوە بەدەووری شارەکەدا ڕایان دەکرد، خۆیان ئاڵاندبوو بەپەیامەکانی زستانەوە شادیو ڕابواردنیان شادی نەورەس بوو، هەناسەبڕکێیشیان هەناسەبڕکێی قەلەڕەشە بوو. دیلانا هەوڵی ئەداکە دەست بگرێ بەبریسەکە پاراوەکەیەوە

دیرامیش هەوڵی ئەدا دەست بگرێ بەهەورە پاراوەکەیەوە

کاتێکیش هیلاك بوون پێکەوە لە نزیك بیری سەرچاوەی- شارەکەوە دانیشتن، دیلانا هەناسەیەکی هەڵکێشا وەك هەناسەی شەپۆلێك و دیرامیش بەهەمان شێوە هەناسەیەکی ماندوێتی وەك هەناسەی شەپۆلێك هەڵکێشا،

کراسە چەورەکانیان و شمشێری ئەو مەملەکەتەی کامڵ نەبوو بوو دایان بەسەر گوریسی بارانا.

بەشی دووهەم

دیلاناو دیرام لە ناوچەی ڕۆژئاواوە هاتبوون لەو ناوچەیەوە کە پەیوەندە بەناڵەی پادشاکانەوەو هەروەها پەیوەندە بەدوا بریسکانەوەی چەخماخەوە لەسەر نوکی ڕمی قارەمانێتی.

کاتێك دیلاناو دیرام گەیشتن تۆزێك بوو لە خەڵوەتگای عابیدەکە هاتبوونە دەرێ و، کاتێك نێرەکە شکۆیەکی لێکەوتووی لە دوای خۆیەوە جێهێشت بوو، هەروەها ئەوکاتەی مێینەکەیش لەدوای خۆیەوە چەند هەرێمێکی لەکارکەوتووی جێهێشت بوو. کاتێکیش گەیشتنە شارەکە مشتێك لە شەپۆل و دەواری سەوزیان بەشارەکەدا بڵاوکردەوەو ستایشی ئاوو شمشێری ئەو مەملەکەتەی کە کامڵ نەبوو بوو هەڵواسی بەسەر شوورەی شارەکەدا.

پەردەی دووهەم

دیلاناو دیرام هێندە ناسك و تەنك بوون کەلە ڕووناکی سنگیانەوە پۆلە کەناچەنوس و (النورس) کەناری دەریا و کەشتی مەرگ دەبینرێ،

توتییە دەنگ گەورە مەستەکانیان دەست ئەدەن بەسەر دەریاداو وەکو پۆشاك دەیپێچنەوە، ئەو سابرێنە کێوییەی پێشەنگی گەلە سابرێنە مەڕ مەڕییەکانی باتیلە لە قوڵاویدا دەسڵەمێتەوە.

دەبێ دیرام چی بکات، دەبێ دیلانا چی بکات؟ لە ڕاستیدا توانیان چڕی دوو دڵی و سەرسووڕماندن تەنك بکەنەوە بەشێوەیەك لە سەرسووڕمان زیاتر هیچی تر نەبینرێ، هەروەها لە شیشیان وەها تەنگ کردۆتەوە کە بەتەنها باطیل ببینرێت، دیلاناو دیرام هەردووکیان تەنك بوون (شفیفین) بەڵام ئێستا ئەوان دەرگای هەوای تەنکیان داخستووەو چڕییان گەڕانەوە بۆ چڕی و هەردووکیان پێکە سوپای تاریکیان بەسوڵتانی ئەو مەملەکەتە نمایش کرد کە کامڵ نەبووە.

سەرچاوە: www.albayt.org

چەند نموونەیەك لە شیعری سەلیم بەرەكات

وەرگێڕانی/ كەریم دەشتی

سەلیم بەرەكات نووسەرێكی بەرجەستەی كوردستانی سوریایە شاعیرو ڕۆماننوسێكی نوپەردازی هێجگار بە توانایە، دەەستێكی هێجگار باڵای هەیە لە پەخشانی عەرەبی،تائێستا چەندین رۆمان و چەندین دیوانە شیعری بەچاپ گەیاندوە لەوانە

- ریش   رۆمان
گیانەهەندەسیەكان   رۆمان
بەشرووش   رۆمان
ئۆردوگاكانی ئەبەد   رۆمان
فەقێكانی تاریكستان   رۆمان
جەمهەرات   شیعر
كەراكی   شیعر
كەنیسەی جەنگاوەر
هكذا ایعثر موسیسانا   شیعر
للغبار، لشمدین، لادوار الفریسة و ادوار المالك-   شیعر
كل داخل سیهتفالی   شیعر

(1)

تاژی

مەرجەكە تۆی بۆت نیە قەت، تۆی باریكەڵە ووچان بگری
دەبێ زۆر رابكەی
هەمیشە لەراكرادنابی لەشكارتێ بۆ شكارتەبێ
لەقامیشەلانێكەوە بۆ قامیشەلانێ
تا نێچیرە پێكراوەكان بەناو ئاوەكاندا بەدەم بگری
یاخود مراوی و مریشكی بەر سێرەی رمی راوچیەكانی كێڵگە
دەبێ بترسێنێ
تۆ بەنازی لەپێشتری بۆ خواردنی زۆرپاك
بەلام ئەوانە رۆژێك دێ ڕێژنەیەكت دەسرەوێنێ
كەتەقەی رەحمەت بێ
ئەوسا هەر چواریە لەلەڕو لاوازەكانت
سییەكانت، ئەو سیانەی بۆنی حەشارگەی
نێچیرە ترساوەكانیان دەكرد، شەرمەزارت دەكەن
ئیدی لە دوای تۆ مەل و باڵدارێكی زۆر
عومرێكی درێژ دەژین...
هەرواش ئەو كێلگانی كە پێی ئەو گەورانەی پێ ناكەوێ
كە بەدوای سەگەكانیان كەوتوون

(2)

دیلانا

هەموو رۆژێك هەمان دەرگا بۆ كچەكەی دەكاتەوە

هەموو ڕۆژێك هەمان مێز بۆ كچەكەی ئامادە دەكات
هەموو ڕۆژێك سەیری هەمان كەلەكێوی دەكات
كە ئەوە بیست ساڵە سەیری هەمانە ئەو كەڵە كێویە دەكات
بەیانیشی ئەو بەیانەیە كە تێپەڕی
بەیانی هەمان بزاڤ و هەمان هزر چوون
ئەو ئەوەیە كە خەبەرم پێدا
ئەو ئەوەیە كە خەبەری دەقنە و هەوام دا
دوبارە چووە دەنێو وەحشتەوە
تا گوێی لە نەفیرە دورترەكە بێت
نەفیری ساڵە وەستاوەكانی
وەكو پشیلەییێكی كێوی بەسەر گردێكەوە
كە هیچ نێچیرێكی لە دەورووبەری نەبێ.

(3)

سمۆرە

دەنكە بەندوقی یەكەم لە بانەوە دێتە خوارەوە
دەنكە بەندەقی دووەم، سێهەم و چوارەم و پێنجەم و شەشەم
لە بانەوەرا گلۆر دەبنەوە..
دەنك دەنك بەندوق دەكەوێتە ژێر ئەو درەختە گەلحۆیە
ئەو درەختەی كە سمۆرە قل قل یادەوەرییەكانی لێ
خڕ دەكەنەوە
رایدەدەنە لانەكانیان
یادەوەری ئەو بەندوقە هەموو ساڵێ
دەنك دەنك گلۆر دەبێتەوە
بەرەو هێلانەی ئەو ئەمیرە خودان كلكە جوانە
درەختەكەش لەبیر دەكرێ.

(4)

پشیلەی كێوی(*)

وەچەیێكی سەرسامە لە نێوان وێنەی پشیلە و وێنەی پڵنگ
وەچەی پشیلە و ڕۆحی گریاوی
بە ئاگا لە خۆ بوونەوە لە دوانێچیری خۆی نزیك دەكەوێتەوە
هەندێ جار دەخشێ، هەندێ جاری دیش رادەكا
سمێڵەكانیشی هێشتاكە
لە خوێنی نێچیرێكەوە ووشك نەبۆتەوە
ئەوەیان دوا نێچیری ئەو سەلیلە سەرسامەیە

(*) چەقەڵ، یا گورگ بەرابەر الوشق- بەكاردێ بەلام من پشیلەی كێویم پەسەند كرد، دەكرێ دەڵەك بەكاربهێنین.

که لەکاتی خەریکبوونی پڕ لە سەرسامی خۆیدا
فزینی بێدەنگی شەبیهە بەهێزەکەی خۆی نابیستێ
(کەوجەر) تاشەبەردان
بەڵام دوای کەمێکی دی (هەر بەسەر ئەو نێچیرەوە چڕنوکی لێ
گیر دەکات
ئیدی (کەوجەر) چەپۆکی لێ دەوەشێنێ
ئاخ خ خ ئەی وەچەکە ئەوە دوانێچیرە دوانێچیرە.

(5)

هود هود

وەك بلێی مەلەکان گۆشەگیریان کردی
وەك بلێی بەیانیەك لە خەو هەڵساوی
مەملەکەتت پڕ ترس کرد و ئیدی جێت هێشت
لە کانیاوێکەوە بۆ کانیاوێ راتدەکرد
لە سیمای مەلیك دا هیچت بۆ نیە
جگە لە.... و خورێك وەك خوی پیریی
بەڵام تۆ روانگەیێکی زیندووی
ووشکایی لە ژێر باڵەکانت دا گوێی لە دەهۆڵی ئاو دەبێ

سلیم برکات- الکراکی- 1981

(6)

ڕۆناشتا بکوژن

بنوو گوڵەکە بنوو
بنوو ئەی ئەو دارژاوەی وەك منی لە وەستانا بنوو
سەدمیل، دوسەد میل ئەو دڵە
قوڕێك دوای دووسەد، خەزەف کارەکان دەیسوڕێنن
دەیکەن بەجەڕە
بە دەوری ریسەگیاکانی ڕۆحدا دەیسوڕێنن
ڕۆحی منیش باتیلە، بنوو
دیمەنی میهرەجان
ها ئەوە دادەڕمێ
ها ئەوە گوندەکان بەسەر قامەتی دادەڕمێن
ها ئەوە گونەکان بۆ چیا وەدەوری دەنێن
درەختەکان مەحکەمەی دەکەن
چۆلەکەکانی بەسەر دەنیشتەوە
چۆلەکەکان لەسەرەخۆ هەڵیدەفڕێنن بەسەر (بەهارەنگ)
دیمەنی کۆرس
وەچەی ئایندە چیت دەربارەی خۆت پێ دەڵێن
خوا چیت پێ دەڵێ؟ فەرموو
وەك ئەو مێینانەی بەختی خۆیان بریندار دەکەن
فەرموو
یا دەست لە دەزوولەی دەستت دەین
وەك نیشتمان یا زەنگ

سڵاوت بۆ بسەنینەوە

لە "هكذا ايعثر موسيسانا" 1981

(7)

قەلەڕەش

بەسە ئەوەندە خۆت لەو گۆڕە هەڵواسراوانە مەدە
کە وەك چرا لە بەهۆی ئێمەدا هەڵواسراون
بەسە قەلەڕەش بەسە
ئەی دارێژەری نێوەرۆیان لەبەیانی مەلاندا
پێشتری تۆمان دی
بەر لەوەی بابە باڵەکان خۆی بشوات
لە خۆڵەمێشێکەوە دەچوو بۆ خۆڵەمێشێ
وەك ئەوەی تۆ پێشبینی کەری بەرزاییەکانی
هەروا دەستێکی شەهوەتی کەصولجانی مەملەکەکانت
لەدەستە
بەسە ئەوەندە بەسەر کەڵەشێری بەیان دامەدە
بەسە بەسە ئەی کچی ریش

لە /الجهرات/1981

(8)

وەرەلام

ئازاد لە تورەییم
ئازاد لە خودەی هەموو خوێنێ
ئازاد لە ماندووبوونم
ئازاد لەو سوێند خۆرانەی گەردی من دابەش دەکەن
ئازاد لە زەنگم
ئازاد لە ئاگروسم
ئازاد لە دەقنە و تەرەم
ئازاد لە هاواری بەزیوەکان
ئازاد لە داگیر کردنەکانم
ئازاد لە خوان و پەشیمانیم
ئازاد لە نەسەبم
ئازاد لە پایتەخت و لە ڕەشەبام
ئازاد لە گەوهەری شارەدراوەم
ئازاد لە خۆش و لە باڵم
ئازاد لەو وێنانەی شێلگیر دەبێ لە ئازادی
ئازاد لە ئەندامەکان لەلعم
ئازاد لە شادی کوشتی
ئازاد لە لایەنگیری و نەمان
ئازاد لە بێهودەیی مرۆڤ... وەرە بۆلام

لە /دیوانی للغبار، لشمدين، لادوار، الفريسه
و ادوار الممالك

(9)

دوو لافیته :

1)لافیتەیەك بۆ مەمدوح عەدوان

دونیای من فراوانە

دونیای من تۆپێکە بەنێو گومانەکاندا گلۆر دەبێتەوە

دونیای من لە نێوان ئێوەدایە

ئەوەی من لە نێوان ئێوەدایە

ئەوەی من دەیبینم ئێوە نکۆڵی لێ بکەن

ئەو بەیداخەی لە لای راستەی منا گیایدا

نکۆڵی لێ بکەن

2)لافیتەیەك بۆ بانێژەی موهاجیرەکان

ئەوانەی دێنە ژوورەوە رەصیدیان دەکەم

ئەوانەی دێنە دەرەوە رەصیدیان دەکەم

واقیع لە زمانی هەنگاوەکان رەصد دەکەم

بەوەستاوی رەحم بکە

ئەی ئەو دەستەی لە پشت ماندووبوونیەوە دیار نی

لە دیوانی (کل داخل سیهتف لاصلی و کل خارج ایضا/1981.

بەشێك لە دەقی:

دینۆکا بریڤا

دەقی: سەلیم بەرەکات
وەرگێڕانی: هابیل

وەرە جێگە زامێکی ئارامەوە!

کاتێ گەلە گورگ لەباکوورەوە شۆڕ دەبنەوە و
پاشەڵیان بەسەر بەفردا بەکێش دەکەن و دلوورێنن،
چرای تەویلە داخراوەکان پێ دەبن و
گەرووی سەگەکان دادەگیرسێن،
لەو کاتەدا من گوێ بیستی ورینەکانی
سەرمەرگی دینۆکا دەبم
(گەواهییەك)
لەلەکێڵگەکانی کاڵەکی سووردا، ئەو کێڵگانەی کەدەوروبەری
گوندیان تەنیوە، ئاسمان بەجۆرێ پەرش دەبوو
کەشفی ئەو بۆشاییەی دەکرد کەبەدوای جاڵجاڵۆکەو
بەشەپقەی ژەندرمەکان سەری گیرابوو..
ئالەو بۆشایییەوە، دینۆکا بەڕووتیی دەهاتە دەرێو
چەقەڵ گەلێکی ئەدایە پێش خۆی، بۆ جێیەکی دەبردن
کە خاڵیی بێ لە تیرو کەوانەکان
(گەواهییەك)
دینۆکا!
چی بەو ڕاوچییانە بڵێم کەلەبناری سنجارو کێوەکانی
عەبدولعەزیزدا، تاژیەکان زین دەکەن؟
تۆ لەجێیەك لە جێیەکاندا خۆت حەشارداوە، دەشێ
گەورێك بێ، بۆنی گڵ و پاشەڕۆی مەڕوماڵاتی
تیدا بکەیت!
تۆ گەورەیت!
تۆ ئەو(با)ساردو شێدارەیت
پڕیت لەمەوسیمی دروێنەو
پڕیت لەمن!
گوێم لەباوکتە، هاوار دەکات: دینۆکا!
گوێم لەدایکتە، بانگت دەکات:(دینۆکا... ئەم نانی
جۆیە هەڵگرەو بیبە بۆ موهاجیرەکانی و پێیان
بڵێ کەمێ پشوو بدەن..)
ئەوان، ژمارەیان ڕۆژبەڕۆژ زیادی دەکرد..
لەتاشقەندو ئەرمینیاو باشووری ڕۆژئاوای روسیاوە،
چارۆکەو پڕیاسکەکانیان دەگرتە کۆڵەوە، بەپێی پەتی و
بێ ئەوەی داسەکانیان پێبێ، بەرەو جزیرە دەهاتن...
تۆ مناڵboویت،
نەتدەزانی ئەوان پێویستیان بە ئاوو،
پێویستیان بەژنێکی شێت یاخود بێوەژنێك هەیە
تاکو لەدوور، لەدرزی پێدەشت و ساراکاندا
بینێژێن.. بۆ ئەوەی لەمەوسیمەکانی هیجرەتدا،
نیسك و کوللە لە جەستەیانەوە بڕوێ..

تۆ نەتدەزانی چۆن کەندەڵانی نێوان(عامودا)و
(مۆسیسانا) بەلاشەی ئێسترەکان و بەئەندامە
لەت وپەت کراوەکانی جەستە، پڕدەبێتەوە.
تۆ نەتدەزانی، بەدوەکان لەکوێوە تفەنگی
فەرەنسی پەیدا دەکەن و، بۆچی لەسەر سنووری گوندەکان
خۆمەڵاس دەدەن و، ئەو کاتەشی هێرش دەبەن،
سەری خۆیان بەعەباکانیان دەپێچن..
وترا: تۆ لە چۆڵەوانییەوە هاتیە دەرێو،
(بریڤا)ش لەچۆڵەوانییەوە دەرپەڕی..
هەر لە چۆڵەوانیشەوە خوا هاتە دەرێ...
دەهشەت هات و، ئەو قاوغە فیشەکانەش
هاتن کە مێر منالأن لەبەرمیلە زبڵەکانی بەر
سەرادا دۆزیبوویاننەوە...
ئەوەش وترا، کەتۆ بە ڕانە مەڕێکی بەختەوەرو
تاقە یەك بەرانەوە گەڕایتەوە،بەرانێك وەك
جەنگاوەر هەر جێیەکی بدیبایەتەوە کەبەمیز تەڕ کراوە،
ئەو پشقلی تێدا دەکرد
دینۆکا.. دینۆکا
من ماندووم و، دەنگی تۆ نابیستم... من تەپۆڵکەکانی
(میریکا)و
گالیسکەکانی کوردان بەدیی دەکەم، ئەو گالیسکانەی
کەبەپووش
بارکراون..
فەرمانێك/ ڕاوە دوونان
ئەی کچی ڕۆژە سۆزانییەکانی من.
نەمانیەکەت،
نەوشکانیی،نەتەلبەندەکان ناتشێرنەوە.
تارماییەکەت– ئەم شتە پەرپوەی– کەئاوا دەبێو
منیش پاڵی پێوە نەدەم
تاڕا دوو نانەکەم درێژبکەمەوە
نەوڕۆ، لەهەڵدێرێکا
باڵندەکەی خۆت
لەپشت تەرمی لقەکانمەوە،
ئیغرا بکە..
من بەگەردشی ڕۆژگارو،
بەچرپەو،
بەسێبەری میقسەڵەوە نووساوم..
***
لەودیو درەختەکانەوە، جۆلأکان لەسەر تەونەکانیان
ڕایەڵ و دەرووزی هودنەی نێوان
وەحشەت و دنیا هەڵدەکەنەوە...
لەودیو درەختەکانەوە
سییەکانم هەڵکورمان و
دواتر قەدی وشکەوە بووی درەختەکانیان

کردە گۆچان و، داگیرسان،
ئەوە من بووم، دڵی جولاّ هەژارەکانم
داگیرساندو
ئەوانیش کەمەری منیان ڕاوەشاندو
بەربوونەوە سەر قەدی وشکەوە بووی
درەختەکان..
ئەوان دەستیان بەگیاو گوڵەکانی منەوە
دەگرت
دەستیان دەخستە نێو دەستکێشی
ئەو ژنەی
کەلەبەردەم بەدووەکاندا پاشەکشەی دەکرد
ئەو بەدوانەی
کەلەسەر لوولەی دەزووله خوێنەکانی من،
هەڵدەلەرزین
لەودیو درەختەکانەوە چراوگەکانی ئاو هەن
غوبارێك هەیە
تیایدا سەرنجی دەستەکانت ئەدەم،
دەتوێنەوە...
ئیغرا بوونی خۆت بنوێنە
ئەی کچی ڕۆژە سۆزانییەکانی من.
نەوشکانیی، نەتەلبەندەکان، ناشێرنەوە
بەتەنیشت دەغلێکەوە، یان بەتەنیشت شاخێکەوە
دواتر بارانەکەی خۆمم لەگەڵدا بەدیی دەکەیت
ڕۆژگاری خۆمم بەهەڵکورماویی لەگەڵدا بەدیی دەکەیت
ئەو ڕۆژگارەی
کەبەزەیی و(با)و
سێبەری میقسەڵە،
شەڕی لەسەر دەکەن..
چۆلەکەکانی خوێنە غەفڵەترە دەکەشم بەدیی دەکەیت
(وادەو بەڵێنیك هەیە، کەوەك پیاوە شەرەفمەندەکان
من چۆلەکەکان لەبیرکەم،
بەو ڕێو بانەدا نەیانهێنم
کەبە کەنیزەکەکانی جەمهورییەت و
پاسەوانەکان تەنراون)
خوێنەکەم بەدی دەکەیت
کەلەنێوان پادشاکانی ئاوو
ئاجۆڕی شارەکاندا(*) بازرەقەی بەستووە..
منیش ئەو نەتەوانە لەبیر دەکەم کەدێن و
نزیك دەبنەوە و دەڕۆن
سۆلەکانم کون کون دەکەم
بۆ ئەوەی بگەمە ئەو مەعریفەتەی
سالووکەکان لەبارەی ئەو شەهیدە بێزراوانەوە دەیزانن
کەلەسەرە ڕێی گڵکۆکاندا، فڕیّ دران..
بۆ ئەوەی بزانم، چۆن زەمەنم
هودنەکاریم لەگەڵ دەکات..
ئەو پێدەشتانەش بناسم
کەسیخناخن لەو گژوگیایەی
دەمکاتە خانەی حوزن..
(هەورە بروسکە غەمگینم دەکات ئەو کاتەی لەلێورەکانی
لافاودا دادەگیرسیّ، لافاویش غەمگینم دەکات
ئەو کاتەی سوار پشتی خاك دەبیّ، خاکیش دەمکاتە
خەفەتخان کاتیّ دەوڵەت ئەو خاکە لەمێژووی دەوڵەت
دەسرێتەوە، دەوڵەتیش غەمگینم دەکات ئەو کاتەی
حوزن بەعزی لەگەڵدا دەکات... حوزنیش، حوزنبارم
دەکات)
لەدواتەوەم ئەی کچی ڕۆژە سۆزانییەکانم
من گەڵای دار گێلاسەکان بانگ دەکەمە
نێو حیرەتی میللەتێکەوە:
(خێراکەن، وەرنە قەراغم..
ئەی گەڵای دار گێلاسەکانی
ئێوە بن و خوودا، خێراکەن.. خێرا..
من سەرقاڵی دوکەڵێکم
لە ئازادیی ئەو نەوانە دەمپارێزیّ
کەهەموو نەوەکان ڕاو دەکەن..
من، زینەکان و خۆڵباران، نیازم
لەو گەڵایانەدا،
پێشنیاز ناوێکی دی بۆ ئاوەکەم دەکەم و
هاوڕێگەیبوونەوەرە شێردەرەکانی سەردەم دەبم
بەرەو ڕەشماڵ و میوانخانەی سەمەندەرو
بۆنخۆشترین دەوەنەکان
بەرە و ئەو مەمکەی
کەخواوەند لەپشت گوڵە گەنمەوە
کتوپڕ بەدیی کرد..
ئەی گەڵای دار گێلاس،
جوگرافیا ناسەکان نووستوون
گوڵەکانیش پربوون لە نهێنییەکانی گیا..
(من کاپتنم و
کەشتیەکەشم بریتیی‌یە لە ژەنگی هەنگاوەکان)
لەپشت خۆتەوە، ئەی کچی ڕۆژە سۆزانییەکانم،
لەملاولای خۆتەوە،
خوێنەکەم دەبینی...
ئەو خوێنەم،
دۆزەخیّ لەدۆزەخەکەی مندا زیندوو دەکاتەوە و
دەخورێتە ڕەوە ئەسپیّ لە ئەسپەکانی تەنیایی،
لەناوەڕاستی شووراکانی ڕۆحدا
سواری ئەسپێك دەبیّو
لەبەرگی(بریڤا)ی کوژراو بەهەناسەی غەریبان و
بەسرووتی خواوەندانداا،

دەحیلێنیٚ..
پەنا دەبەمە بەر زەبرو، هەناوی ئەسپەکان
بەستووندێکەوە گریٚ دەدەم کەچەرکەس و
کورد خۆیانی لیٚ هەڵدەسوون و
بەخێرایی، بەرزە پیٚ ڕاست دەبنەوە
سەوزیی و چرپی گەڵاکانیان، بەنێرگس و
بەباوەڕێکی ئەبەدیی خەتم دەکەم،
پاشان وەك دارو درەخت و
وەك چۆلەکەکان،
بەرەو رووبار ڕێدەکەین،
دەڵێین:(ئەی ڕووبار، وەرە ئەی شاخ، وەرە)
دەشڵێین:(ئەی کەو، وەرە
تۆش ئەی گەڵای گێلاس
بەرەو بیابانێك وەرە
کەلەدرزی کاسە سەرەوە دێتە دەریٚ)
پەنا دەبەمە بەر زەبرو
لەحزەکان بتانگهێشت دەکەم
تاکو بلووری دڵ لە عەورەتی
ئەو بەژنانە موتوربە بکەن
کەلەکەفی قوتبەکان و
لەئاجۆری شارەکانەوە دێن
دەکۆشم، ئەو شوێنانەی کەلەلێوەکانمدا
خۆرکە لێیان ئەداو،
ئەو شوێنانەشی کەلە چڵەکانمدان،
بۆ لەسێدارەدان بکەمەوە
کاتیٚ جەستەی شێدار خۆ تەواو دەکات و
بەرەو درزی کات و
زاووزیٚی موعجیزە ڕاپێچ دەکریٚ..
تارمایی ئەو هاوڕیٚ کچانەی کەمەداری منیان
بریندار دەکرد،
سەرفەرم پێدەکەن..
ئەمێستاو، دوای ئەمێستاش
من گۆڕستانێك و خوێنی،
وەکو خەڵات دەبەمەوە

پەراوێز

*ئاجۆڕ-القرمید-: کەرەسەیەکی بینا سازییە بە ئینگلیزی پیٚی دەوتریٚ(ئەنتی فێکس) و جۆرە خشتێکی بەلم خۆشکراوە و لە سەقفبەندیی خانووبەرەدا بەکار دیٚ.

سەرچاوە:

دیوانی شیعری(کل داخل سیهتف لاجلي، وکل خارج ایضا). کەلە کۆ دیوانی(المجموعات الخمس) دا بلاٌوکراوەتەوە. لەبلاٌوکراوەکانی (فلسطین المحتلة) چاپی یەکەم سالی1981- ل.ل(7-12).

سەلیم بەرەکات:

من رۆحی کورد بەعارەب دەناسێنم!

گفتوگۆی: جەوهەر کرمانج- د. موفەق دەرگەڵەیی



سەلیم بەرەکات یەکێکە لە شاعیرە نوێخوازەکان، بەرەچەڵەک و هەست کوردە و بەزمانی عەرەبی دەنووسێ. خاوەنی رێچکەیەکی تایبەتییە لە شیعرو رۆمانووسیندا. شیعرو رۆمان لای سەلیم بە ئەندازەیەک تێکەڵ یەکتربووە کەزەحمەتە تخوبەکانی لەیەک جیابکەینەوە.

سەلیم ئێستا لە ستوکهۆلم دەژی، پاش ئەوەی ماوەیەک لەبەیروت و دواتر لە قوبرس ژیا.

ئایندە خۆشحاڵە کە ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵ ئامادە بکا.

***سەلیم بەرەکات شاعیریشەو رۆمان نوسیش، چۆن پارسەنگ لەنێوان ئەم دوانە رادەگری؟**

—**سەلیم بەرەکات:** لام وایە کە لەسەرەتای(ئەفسانە)ەوە، هەر لە هۆمیرۆس و پێشترو دواتریش بگرە شیعرو رۆمان لەیەک رێچکەدابوون، خودی "ئەلیازە" و "ئۆدیسا" بریتین لە رۆمانە داستان و بەشێوازێکی شیعری نوسراون، ئەمە ئاشکرایە، منیش زۆرجار جیاوازی ناکەم لەنێوان ئاستەکانی بەکارهێنانی جۆرەکانی ئەدەب لەیەک بواردا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێم باشتربوو رۆمان بەزمانی رۆمان بنووسم و شیعریش بەزمانێکی شیعری ئەگەرچی دەشڵێن کەرۆمانەکانم زمانی شیعریان پێوە دیارە ئەمەش مافێکی رەوای خۆمە کەشێوازە زمانیەکانی شیاو بەکاربێنم بۆ دەوڵەمەندکردنی دەقێکی بەردەستم، جا ئەمە پەخشان بێ یان شیعر.

***خوێندەواری کورد رووبەرووی دیوارێکی ئەستووری زمان دەبێتەوەو خوێندەواری عارەبیش ناوەرۆکێکی نائاشنا، ئەم گیروگرفتە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

—لەراستیدا هیچ گیروگرفتێک لەئارادانیە، بۆچی خوێندەواری عارەب دەقێکی وەرگێردراوی ژاپۆنی بەعارەبی دەخوێنێتەوە و چێژی لێوەردەگرێ کەچی من بەزمانەکەی خۆی بۆی دەنووسم تێبینی ناکا؟ پێم وایە کەئەمەیان لەلایەکەوە سەرچاوەیەو لەلایەکی دیکەشەوە وایلێدەکات کە ئاگاداری رۆحی گەلێکی تربێت کەپێکەوە دەژین، ئەمەیان گرفتێک نیە، بەڵکو گرفت ئەوەیە کەئاوڕ لەگەلێک نەداتەوە کەهاوبەشە لەگەڵیدا لەسەر یەک خاک و یەک ئایین و یەک مرۆڤایەتی لەناوچەکەدا، هەروەها لەلایەکی دیکەوە گرفتەکە ئەوەیە خوێندەواری کورد ناتوانێ بەناسانی بیگاتێ، من لێرەدا لەبیانوو ناگەرێم. رەنگە من تەمبەڵ بووبم، بەڵام هەرگیز پەشیمان نیم لەوەی کەزمانی عارەبیم بەکارهێناوە بۆ تەرجەمەکردنی رۆحی کورد بۆی، چونکە زمانێکی زۆر دەوڵەمەندو فراوانە، بۆخۆیشم چاکترە کەمرۆڤێکی کورد بەو دەوڵەمەندیەی پێشکەش بکەم، هەروەها بۆ خوێندەوارە بێگانەکەش باشترە کەمرۆڤێکی دەوڵەمەندو قووڵی لەم ئاستەی پێشکەش بکرێ نەک بەزمانێکی هەژار ئەڵبەتە کەهەندێکیش گلەیی لەوەرگێرەکان دەکەم کەدەبینم ئەدەبی "یەشار کەمال" وەردەگێرنە سەرزمانی کوردی و نازانم بۆ چیانە، ئایا دەبێ تا ئەو رادەیە تەمبەڵ بن کە لەگەڵ گەلی عارەب بژین و عارەبی نەزانن، کەچی تورکی دەزانن؟ تێناگەم، لەمە ناگەم، با ئەدەبی منیش وەربگێرنە سەر زمانی کوردی، جا باسەیر کەن بزانن من چەند لەگەلەکەم نزیکم.

***ئایا ئەدەبی سەلیم بەرەکات سەرئەنجام زێدەکردنە بۆ سەر ئەدەبی کوردی یان ئەدەبی عارەبی..؟**

—ناکرێ بەم جۆرە سەیری ئەدەب بکرێ، چونکە ئەمە زێدەکردنێکە بۆ ئەدەبی مرۆڤایەتی، زێدەکردنە بۆ یەقین و تێگەیشتنی مرۆڤایەتی، بەم پێودانگە من پێم وایە کەمن چۆن لەیەقینی کورد نزیکم ئاواش لەیەقینی عارەب نزیکم، من رۆحی کورد بەعارەب دەناسێنم ئەمەش ئەرکی سەرەکی منە.

***لەشیعری "مەهاباد" کات و شوێنیت پێکەوە کۆکردۆتەوە، واتە مەهاباد هەردووکیانە، ئەمە لای تۆچی دەگەیەنێ و بۆچی لەم کاتەشدا ئەم شیعرە لەدایك بوو؟**

—وابزانم سەردەمی کارەساتەکەی هەڵەبجەبوو کە ئەم شیعرەم نووسی. بەرووداوێکەوە گرێم دا کە ئەوکاتە هەموو دنیا گرنگی پێدەدا، ئەویش یاریەکانی "ئولومپیاد" بو بەبیرم نەماوە لەچ وڵاتێک بوو، هەموو گەلانی دنیا لەوێ بوون بۆ بەشداری لەبازدان و راکردن و... هتد لەولاش گەلێك سەری دەبرا، هەولمدا جیاوازیەکان بدۆزمەوە، لەراستیدا هێندە جیاوازیەکی گاڵتەجار نەبوو ئەوەندەی لەرادەبەدەر خوێناوی بوو، دنیا سەرقاڵی "ئولومپیاد"و رادەکات، بەراکردنی یاریزانێك بەهەناسەی یاریزانێك بەئالای خۆیانەوە، کەچی کوردەکان بەناو مێژوودا بەرەو خوێن باز دەدەن، ئەم گەمەیەم لەگەڵ جیاوازیەکان کرد، وەبەهێنانەوەی "مەهاباد" گەرانەوەیەکی مێژووییە بۆ ئێمە، چونکە ئێمە یەك جار کیانێکمان بۆ دروست بوو، ئەویش بەشێوەیەکی خێراو رواڵەتی کەوامان لێدەکات هەمیشە دەستی پێوەبگریت و پشتی پێوەبدەین

بۆ گەڕان بەدوای هەر کیانێك، تەنیا زیندوکردنەوەیەکی ڕەمزی بووبەس.

***هەندێك پێیان وایە کەشێوازی نووسینت تارادەیەك تەم و مژاوی و ڕەمزیەت زاڵە بەسەریاندا تۆ دەڵێی چی؟**

-من پشت بەزۆر شێوازی گفتوگۆ دەبەستم، مەبەستم لە شێوازی نووسینە، لەوانە ڕەمزیەت، بەڵام نەك ڕەمزیەتێکی تەماوی، نەخێر هەرگیز، بەڵکو هەوڵێکە بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەو کەسایەتیانەی کەپێشکەشیان دەکەم، هەروەها شوێن و ڕووداوەکانیش، بەڵام ئێستا لەم سەردەمەدا بەداخەوە خوێندەوار زیاتر تەمبەڵ دەبن بۆیە دەقێك بەسەختەکار ناودەبەن، یان بەتەم ومژ، ئێوە دەزانن کە سادەیی پانتاییەکی زۆری لە ئەدەب داگیرکردوەو هەروەها پێشکەش کردنی دەقێکی ئاسان بۆ خوێندەوارێکی ئاسان سیمای ئەدەبی ئەم سەردەمەیە، من نامەوێ بەم ڕێرەوەدا بڕۆم، من دەقەکانم سەختن. چونکە چارەنووسم سەختە، بۆیە لەنرخیان کەم ناکەمەوە تا لەڕەوتێکی ئاساندا بیانخەمەڕوو.

***باشە.. ناکرێ تۆ نەختێ لەو قوڵە سەختە دابەزیت و خوێندەواریش نەختێ سەرکەوێ و لەناوەندێکدا پێك بگەن..؟ مەبەستم لە زمانی نووسینەکانە، بۆ ئەوەی تێت بگەن؟**

-من وای بەچاك دەزانم لەو بەرزاییە بمێنمەوە، خوێندەوار سەرکەوێ بۆلام. ئەمەش هۆی هەیە کەلەسەر دەقی سەخت نەبێت کارناکەم، بەئەندازەی ئەو چارەنوسە سەخت و دڵەوارەی هەمانە. ئێوە دەزانن کە زۆرشت کاریان کردۆتە سەر خوێندەوار بۆ ئەوەی سادەبن، لەوانە دەوروبەر، من لێرەدا مەبەستم بەتەنیا خوێندەواری کورد نییە، بەڵکو خوێندەواری ناوچەکە بەگشتی، باشترین کتێبی عارەبی دوو هەزار دانەی لێ دەفرۆشرێ، باسی هەزاربێ بۆ نموونە... "نزار قەببانی" کەزۆر بەناوبانگە پێنج هەزار کتێبی دەفرۆشرا، خۆشتان دەزانن کە گەلی عارەب چەندن، من ناتوانم لەم بارەیەوە شتێك بکەم چونکە تراویلکەیەك لەسەر زەمینەی واقیع دا هەیە، کەخوێندەوارییەکی بەربڵاو لەڕادەبەدەرە، نەخوێندەوارییەك کە گەڕانەوەیە بۆ خوێندنەوەی ڕۆژنامەو شتی ڕووکەش. نەبوونی کتێبی پێشکەوتنخواز، نەبوونی ڕەخنەی ئەدەبی لەسەر گۆڕەپانەکە. نەمانی گۆڤاری ئەدەبی تایبەت بەڕەخنە، یان هەر گۆڤاری ئەدەبی بەگشتی، هەموو ئەوانە وادەکەن خوێندەوار لەخوارەوە بمێنێتەوە. من قەت ڕێگا بەخۆم نادەم بۆلای دابەزم، چونکە ئەمە چارەسەر نییە. ئەمە مانای ئەوەیە من لەئەدەبەکەی خۆم بخورم تا بگاتە لای ئەو، دابەزین واتە پێك گەیشتن لەخاڵێك ئەوەش ئەرکی سەرشانی من نیەو ناتوانم. من ناتوانم خوێندەواریش بەرزبکەمەوە، ئەمە کاری دەزگاکانە، منیش ناتوانم شوێنی ئەو دەزگایانە بگرمەوە، بەڵام کەمێك ڕێزو پایە بۆئەدەبەکەی خۆم دروست دەکەم تا ئەوکاتە خوێندەوار دەیگاتێ.

***هێندێ لەنووسەران دەڵێن ئێمە بەلامانەوە گرنگ نیە تێمان دەگەن یان نا، ئێمە بۆ خەڵك نانووسین بەڵکو بۆ خۆمان دەنووسین تۆ دەڵێیچی؟**

-هەرگیز من باوەڕم بەم هەڵوێستە بێهوودەییە نیە، من مولتەزیمم، من بۆ کەسانێك دەنووسم کەمولتەزیمم بەرامبەریان، ئەو کەسانەش ئاسان نین و سەختن، لێشیان دەترسم، من لە خوێندەواری زیرەك دەترسم، نیازیشم نیە بۆ خوێندەوارێکی سادە بنووسم، زۆریش لەوە دەترسم کەخوێندەوارێکی زیرەك و وریا تاقیمبکاتەوە، لەو تاقیکردنەوەیە دەترسم. من بۆ ئەو جۆرە کەسانە دەنووسم و لاشم مەبەستن. هەرگیز من ڕوو لەوجۆرە خوێندەوارانە ناکەم. من ئەوەم بەخەیاڵدا نەدەهات کەلەعارەبێك باشتر فێری عارەبی ببم بۆ ئەوەی عارەبی پێ ئیحراج بکەم بەڵکو بۆئەوەم بوو کەخۆم دەوڵەمەندتر بکەم، ئەمە ڕاستییەکەیەو بەس. هەرگیز دابڕان، یان بۆشایی لە نێوان خوێندەوارو شیعر زیاترە لەبۆشایی نێوان خوێندەوارو ڕۆمان. دیسان دەگەڕێمەوە و دەڵێم ئەوە ئەرکی سەرشانی ڕەخنەیە بۆ لێك نزیك کردنەوەی بۆچوونەکان پێشان لای ئێمە کتێبەکان شیعری تازەشی تێدابوو، لەوانەیە باسکردنی ئەم مەسەلەیە ئەمڕۆ ساکاربێ دەرهەق بەشیعر، بەڵام کاتی خۆی زۆر یارمەتی داین، ئەمڕۆ شتێکی لەو بابەتە نابینین، نەمانی ڕەخنە دوای پەیدابوونی نەوت و دوای سەرهەڵدانی ڕۆژنامەو گۆڤارو ڕاگەیاندنی نەوت زیاتر لەسەرەتای حەفتاکانەوە هێرشی بەربڵاو لەلایەن ڕژێمی عێراقی و لیبی کرایە سەر ڕۆژنامەو گۆڤارەکان تەنانەت هێندێ گۆڤاری ئەدەبی هەر تەفروتونا بوون، لەبەرئەوەی نوسەرەکانیان کەوتنە دوای پارەوپوولی زۆرتر لەڕۆژنامە گەلێکدا کەهیچیان لێ ناخوازێ، جگە لەستوونێکی ئاسان و سادە. ئەمە لەسەرەتای حەفتاکانەوە دەستیپێکرد، کاتێ کە بەیروت گۆڕەپانێکی گەورەبوو بۆ سەرهەڵدانی ڕەخنەی ئەدەبی و گۆڤار. ئەمانە هەمووی نەمان. بۆیە ڕەخنەگر هەر بەو بیروبۆچوونە کۆنانەی زەمانی شەستەکان مایەوە، بەباشی یان نیوە باشی یان کەمتر لەبدر شاکر السیاب و هەندێ لەوانەی ئێمە دواتر بەکلاسیکیمان دەزانین، لەگەڵ زیادبوونی گوشاری ڕەمزیەت و زۆربوونی شێوازی دەربڕین لە ناو شیعری جیهانیدا و کارتێکردنی هێندێ شاعیری عەرەبیش بەمە، خوێندەوار هەر لە قۆناغی شەستەکاندا مایەوەو دەقەکانیش گەشەیان کرد، بەرەو ئاستێکی دی، ئەڵبەتە کە لەم هەموو شتەی کە دەنووسرێ شتی خراپ زۆرە، بەڵام گرفتەکە ئەوەیە کەباشەکەشی بەئاگری خراپەکە دەسوتێ، ئەویش بەهۆی بزربوونی ڕەخنە...

***تۆ ساڵانێکی زۆر لەگەڵ فەلەستینەیەکان کارت کرد، واتێبگەم لە گۆڤاری"کەرمل" تێڕوانین و بۆچوونی ئەدیبی عارەب چۆن بۆ ئەدەبی کوردی بەگشتی و کێشەی کوردیش بەتایبەتی، چونکە ئەدیبی کورد زۆری بۆکێشەی فەلەستین نووسی، تەنانەت زۆرجار کێشەشی بۆ دروست دەکردین لەلایەن ڕژێمەوە بۆ نموونە: زۆر وشەی وەك فەلەستین، قودس، تەل زەعفەر، کەمال ناسر، کەمال عدوان.. هتد قەدەغەکرابوون.**

-نووسەرە فەلەستینیەکان کێشەی خۆیان هەبوو، من گلەییان لێناکەم بەگشتی خەریکی کێشەی خۆیان بوون، لەبواری ئەدەبی فەلەستینیشدا شتی خراپ زۆر پێشکەش کرا. مانای ئەوەیە بۆچوون و تێگەیشتنی زۆر لەنوسەرانیان خراپ بوو بەرامبەر کێشەکەی خۆشیان. هێندێکیان کەبێشك کەمێکن. هزرێکیان بەرامبەر کێشەی کوردهەبوو، لەبەرئەوەی چەپ بوون پشگیری خەباتی ناوچەکەیان دەکرد بەڵام خۆی کێشەی کورد بەگشتی بەپلەی دوو و سێ دەهات، ئەویش بەهۆی ئەو پەردەپۆشیە لەڕادەبەدەرەی ڕاگەیاندن تەنانەت ئەم پەردەپۆشیە کاری لەسەر نووسەرێکی کوردیش کردبوو کەدەلاقەیەکی لەنێو خەباتی فەلەستینیەکاندا دۆزیبوەوە، کە پێی وابوو کێشەی فەلەستینیەکان کێشەیەکی ڕەوای گەلێکە، یان لەبەرئەوەی خۆی نەیدەتوانی

راستەوخۆ بۆچوونەکانی خۆی دەربڕێ، من خۆم هەستم بەوە نەدەکردکە خوێندەواری عارەب تێگەیشتنێکی گەورەیان هەبێ لەسەر کیشەی کورد کەکێشەی گەلێکە بەتەکیانەوەیە بەتایبەتیش کە ئەو کێشەیە کەوتۆتە سێ کوچکەیەکی شەیتانی، ئەو تەموو مژە رەفتارێك دەوری داوە وا دەکات کە بۆ فلاّن و فیسار هێندە روون نەبێ، هەمان ئەندازەیش وەك خۆتان دەزانن، تەنانەت لە ناوەندە فەلەستینیەکانیشدا! جا چ هەواداری عێراق یا سوریا یائێرانی، یا تورکی یا ئیسلامی بووبێ، تێڕوانینیان جیاوازبووە لەسەر کێشەی کورد، بەلاّم کێشەی فەلەستین هەرزاڵ بوو، تەنانەت لەسەر ئاستی دنیاداو لە ئاستی عارەبیشدا، ئەویش بەهۆی ئەو یارمەتیە زۆرەی کەبەپارە بۆ کێشەی فەلەستین تەرخان کرابو. هەروەها یارمەتی راگەیاندن، کەتەنانەت خەڵکیان لەدەرەوە دەهێنا ئەوەش وای دەکرد کەزۆر ئاگاداری کێشەی کورد نەبن.

***دوای کارەساتی هەڵەبجەو ئەنفالەکانیش ئەوانەی کە لە دەوروبەری تۆ بوون هەر بێدەنگ بوون، ئەمە بێهەڵوێستی ناگەیەنی؟**

–بێگومان کەم و کورتی لە عارەباندا هەبوو.

کەموکورتی لەویژدانیاندا هەبوو، زۆرجار ئێمە لەناو ناوەندە فەلەستینیەکاندا پێوەی گرفتاربووین، فەلەستینیەکان،یان زیاتر ئەوانەی لەدەوروبەرم بوون تێگەیشتنی زیاتریان هەبوو بۆ مەسەلەکە، چونکە هەر هیچ نەبێ من دەمتوانی لەسەر مەهاباد بەکوردی بوونی خۆم بنووسم، من دەساڵی رێك لەگەڵ فەلەستینیەکان کارمکرد، لەچەند وتارێك بترازێ شتێکم لەسەر فەلەستینیەکان نەنووسی.

هەموورۆمان و شیعرەکانی من لەسەر کوردبوون. پشتگیریشیان دەکردم، ئەگەرچی کەم بوو و دەبوو زێتربێ، بەتایبەتی دەرهەق بەگەلێك کەئێش و ئازارەکانی وەك هی ئەوان بوو، ئەڵبەتە کەدەبێ گلەییان لێبکرێ.

***لەم رووەوە تۆ گلەییت لێنەدەکردن؟**

–من ناتوانم دەنگی خۆم بگەیێنمە هەموان، من دەمنووسی، لەولاشەوە کەسانێك هەبوون جاروبار گوێیان لێم بوو. جاریش وابوو هیچ، بەلاّم ئەوانەی دەوربەرم زۆر بەڕوونی لەکوردی بوونی من دەگەیشتن.

***مەحمود دەروێش یەك شیعری بۆ کورد نووسیبوو بەلاّم دواتر لەویش پەشیمان بۆوە بۆ؟**

–پێم وایە شیعری دواتر دیکەشی هەبوون کەلەدیوانەکەی مەحمود دەروێشدا جێگایان نەما، بەلاّم بەتایبەتی شیعری بۆ کوردستان کاریگەریەکی زۆری لەسەر دڵی کوردان هەبوو پێشم وانیە مەحمود کەسێکی ترسنۆك بێ، یان دووڕوو، ئەوەندە هەیە کە خۆی رای لەدارشتنی هێندێ شیعرە کۆنەکانی نەبوو، ئەوەبوو کەلەدیوانەکەیدا داینەنان، یەکێکیش لەوانە ئەم شیعرەبوو، بەلاّم ئەوە تاکە شیعر بوو کەکاری کردە سەرهەڵوێستی ئێمە.

***یەکەمین دیدارت لەگەڵ فەلەستینیەکان کەی بوو؟**

–لەگەڵ سەرەتای پەیدابوونی‌هۆشمان مەسەلەی فەلەستین لە ناو ماڵەکانمان و لە ناو کتێبەکانمان و قوتابخانەمان بوو، ئەو دەمە قسەی رۆژانەو شیعرانەی فێریان دەکردین هەمووی هەر لەسەر فەلەستین بوو.

***لەکۆڕێکی‌ی فراواندا لەدیمەشق"مام جەلال" باسی سەرکردەکانی فەلەستینیەکانی کرد کە دەست دەخەنە ناو دەستی"صدام حسین" کەجەللادی کوردە، کەچی ئەوەیان لەبەرچاو نەبوو کە دوا(10)کەس کە(لەقەلاّی شوقێف) لەسەر فەلەستین کوژران کورد بوون!**

–ئەمە باسێکی دووردرێژە، زۆربەئێش و ئازارە، لەوانەیە من زۆرجاران تێگەیشتنێکم هەبوە بۆ هەڵوێستی کەسێك یا سەرکردەیەکی سیاسی لەگەمە سیاسیەکانیداو تەوقەکردن ئاساییە، من لەو جۆرە کەسانە نیم کەشت لەسەر ئەوە بنیات بنێم، زۆرجاریش خەڵکانێك ناچاردەبن تەوقە لەگەڵ دوژمنەکانیان بکەن.

بەلاّم مەسەلەکە ئەوەیە ئایا ئەمە کارێکی مەبدەئی و کۆتاییە یان نا؟ ئێوە خۆتان دەزانن هەڵوێستە کاتیەکان لەبواری سیاسیدا زۆر فرتوفێڵ و دوو روویی تێدایە. هەرئەوەش نا بەڵکو تێکڕای هەڵوێستی فەلەستینی دواتر بۆ قازانجی"صدام حسین" وەرگەڕا. بەتایبەتی دوای جەنگی کەنداو ئەوەش بەشێکی گەورەی کارەساتی من بوو بەتایبەتی. چونکە من ئەو دەمە هێشتا لەڕاگەیاندنی فەلەستینی کارم دەکرد و دەمبینی وێنەی"صدام حسین" لەلاپەڕەکانی پێشەوەی گۆڤارە فەلەستینیەکان دەدرێ، وەك خۆتان دەزانن دەمەتەقەیەکی زۆر و رووبەڕووبونەوەیەکی زۆر دەهاتە پێش، رووبەڕووبونەوەکان لەوە گەورەترن کەمن باسیان بکەم، ئەوەبوو دوا هەڵوێستم، ئەوەبوو کەنەچم کارەکەم کارێکی زۆر باش بوو لێپرسراوی بەشێك لەبەشەکان بووم، گۆڤاری(کەرمل) و دەزگای چاپ و بلاّوکردنەوەی(کەرمل) باوەشی بۆ کردبوومەوە، مانگانەیەکی باشیشیان دەدامێ، چیم دەکرد لەسوید ئەگەر ئەوێم هەڵبژاردایە،بەلاّم پێم شەریف تر بوو پێنج ساڵان بێ‌پارەبم لەوەی کەبچم لەوی کاربکەم، تەنیا ئەوەندەم پێکرا.

***ماوەیەکی زۆر لە گۆڤاری(الکرمل) کارت دەکرد، دەکرێ نەختێك باسی بکەی؟**

–گۆڤاری"کرمل" گۆڤارێکی روناکبیرییەو بەس، هەولماندا لایەنی ڕاگەیاندنی لێدەرهاوێژین، کەهێندێ گۆڤاری دیکەی فەلەستینی بۆئەوە تەرخان کرابوون، تەنانەت وامان لێهاتبوو خەڵکانێکی زۆر لەناوەندە فەلەستینیەکە رقیان لێمان دەبۆوە، ئەوان دەیانویست ئەدەبیش شێوازێکی راگەیاندن بەخۆوە بگرێ و هاوشان بێ لەگەڵ شێوازە سیاسیەکە، ئێمە نەختێك رێزمان بۆ ئەدەب هێشتبۆوە، بەمەش گۆڤاری"کەرمل" هیچ تەنازولێکی نەکرد، ئەمەش بوە هۆی راگرتنی یارمەتی دراوی لێی.

***چۆن بوو ریزی فەلەسەتینیەکانت هەڵبژارد کاری تێدا بکەیت؟**

–واتێدەگەم کەشتێکی هاوبەش هەیە، من پێشتر گوتم کە ڕووناکبیرانی کورد هێندێ جار تاکە دەروازەیەکیان لەڕێزی فەلەستینیەکاندا دەدۆزیەوە بۆ ئەوەی هەناسەیەکی تێدا بدەن، لەبەرئەوەش بوو گەلێك لە خەڵکانی‌چەپ پەنایان بۆ برد. چونکە پێیان وابوو لەوێ بەجۆرێك لە جۆرەکان دەتوانن هەستی خۆیان دەربڕن، من لەریزی حیزبەکانیاندا کارم نەکردوە، بەڵکو لەڕیزی بزوتنەوەیەکدا بووم کەرزگاریخوازو نیشتمانیبوو، جۆرەها باڵیشی بەخۆوە گرتبوو، سوودیشمان لێبینی، پەراوێزێکی فراوان هەبوو بۆ ئەوەی‌هەستی خۆمانی تێدا دەربڕین لەگەڵ ئەوان زیاتر لەشوێنێکی دیکە، من ئەگەر لەدیمەشق بمایامەوە نەمدەتوانی جۆرێك بەم جۆرەشتەکانی خۆم دەربڕم، لەهەمان کاتیشدا بڕوامان وابوو کەکێشەکە کێشەیەکی رەوایە وەکو چڵکاوخۆر بەکرێ گیراو نەبووین.

***کەی سوریات بەجێهێشت؟**

-سەرەتای ساڵی 1971چوومە بەیروت، لەگەڵ دەزگایەکی پەخش و بڵاوکردنەوە کارم دەکرد.

***هیچ هۆیەك هەبوو وات لێبکات لە سوریا دەربچیت؟**

-من خۆم پیاوێکی رەقەکار و شەڕانی بووم، هەستم بەو کرد کەلەگۆڕەپانی سوریا جێم نابێتەوە.

***هیچ کاتێ لەگەڵ نووسەرانی سوریا کارت کردوە؟**

-بەڵێ... من لەسەرەتاکان بوم کەچوومە ریزی نووسەران، ئەوکاتە من بچووکترین کەس بووم کەلاپەڕەیەکی رووناکبیریی لەرۆژنامەی(الثورة) پێسپێردرا، تەمەنم تەنیا(20) ساڵان بوو، تەماشام کرد بەردەوام بوونم لەوێ کارێکی موستەحیلە، وابزانم بەیروت ئەوکاتە پایتەختێکی رووناکبیریبوو، ئەوەبو بڕیارمدا بچمە ئەوێ و لە دەزگایەکی پەخش و بڵاوکردنەوە کاربکەم، دواتریش لە گۆڤارەکان و دواجاریش لەگەڵ فەلەستینیەکان.

***ئایا ئەو دەمانەی کەسوریاو لوبنان وەك یەك وڵات وابوون تووشی هیچ گیروگرفتێك نەهاتی؟**

-لەسێ ساڵی یەکەمم نا.. بەڵام دوای ئەوەی شەڕ دەستیپێکردو دنیا بوە گەڕەلاوژە و لەگەڵ هاتنی سوریا بۆ لوبنان وردە وردە تەوقەکان تەنگبونەوە، بەتایبەتیش ئەوکاتەی سوریەکان ئابلۆقەی چادرگاکانیاندا یان ئەوکاتانەی کەخاڵی پشکنین و پاسەوانیان لەسەر سنووری چادرگاکان دانا، ماوەیەکی زۆر لەناوچەیەکی سەلامەت بووین، بەڵام هەر بەناسنامەی ساختە هاتوچۆم دەکرد تا ئەوکاتەی لە بەیرووت دەرچووم.

***ئەمە راست بوو وەك شێرکۆ بێکەس گوتەنی کورد و فەلەستینی لەیەك زیندان دەژیان؟**

-جاری وایە زیندانەکان جیاوازن، واتێبگەم زیندانی فەلەستینیەکان فراوانتربوو، زیندانی کوردەکان زۆر تەنگبوو.

***لەم دواییەدا شێرکۆ بێکەس لەوتارێکدا باس لەو کۆبونەوەی نوسەرانی عەرەب دەکات دەڵێ: بۆچی سەلیم بەرەکاتی تێدا نیە؟**

-من لەگەڵ نیشانەی پرسیارێکی گەورەوە جیاکراومەتەوە.

***غەزەب لێگراو بوویت**

-بەڵێ، ئەوان کاتێ منیان بوێ بەزۆر پێداگرتنەوە داوام دەکەن، کەبیانەوێ لێم رزگاربن، بەبیریان دێتەوە کەمن کوردم. بەهەرحاڵ ئەمەشتێك نیە، ئەم جۆرە کۆبونەوەی یەکێتییەکان و کۆڕانە هەر هەموویان بێ سوودن.

***سەرەتای نەوەدەکان زۆربەی نووسەرانی فەلەستینی گەڕانەوە بۆفەلەستین ئایا داوایان لێکردیت لەگەڵیان بڕۆی بۆ ئەوێ؟**

*ئەڵبەتە پێشتریش ئاماژەم بۆ ئەوەکرد، تەنانەت ناوی منیان دابوە دەسەڵاتدارەکانیشیان و رەزامەندیشم بۆهاتەوە، رەزامەندیەکی گەورەش، ئەوکاتە گۆڤاری"کەرمل"یش گوێزرابۆوە. بۆ ئەوێ و ببوە دەزگا، دەزگای"کەرمل" وەزیفەکەشم مسۆگەر بوو بەمانگانەیەکی زۆر چاکیشەوە، بەڵام دوای ئەو هەڵوێستە نابەجێی ئەوان لەگەڵ رژێمی عێراقی دابڕانێك لەنێوان من و گەلی ئەوان روویدا.

***ئایا ئەمە هۆی سەرەکی بو؟**

-بەدڵنیاییەوە، هۆیەکی زۆر ناڕەحەتکەریشبوو بۆ مانەوەی من لەگەڵ ئەوان کە لەگەڵ ئەوان کارم دەکرد، رۆژانە خەڵکانێکم دەبینی بەشێوەیەکی سەیر باسی(صدام حسێن) یان دەکرد، هەموو رۆژانێك شەڕە قسەمان دەبوو، هەر لەبەیانیەوە تا ئەوکاتەی دەوام تەوا دەبوو.

***کام نووسەری فەلەستینی زۆر لێت نزیك بوو؟**

-مەحمود دەروێش لەهەمویان زیاتر، ئەو لەهەموان پاکترو لەهەموان راستگۆتربوو، کەسێکی زۆرپاك بوو،

***ئێستاکە پەیوەندیت لەگەڵ نووسەرانی فەلەستینی ماوە؟**

-لە ناو فەلەستینیەکاندا هێندێ نووسەر هەن زۆر برادەرمن، مەحمود دەروێش یەکێکە لەوانەی کەبەردەوام پەیوەندیم پێوە دەکات، تەنانەت لێرەش.

***لەتاراوگەوە بۆ تاراوگە، کەی دەگەڕێیتەوە بۆ کوردستانی نیشتمان؟**

-بگەڕێمەوە بۆ کوردستان؟ پرسیارێکی زۆر سەختە، نازانم، ئەو رۆژەی کەبەتەواوی رزگار دەبێت. من پیاوێکی خەیاڵیش نیم، بەڵام ئاخۆ کوردستانێك لەم سێگۆشە شەیتانیەی بەرمۆدا، دابێت رزگار دەبێ! من خۆم رۆژانە هەست دەکەم گەڕاومەتەوە و لەوێم، کاتێ کەکاغەز دەخەمە بەردەمم، دەچمەوە ئەوێ.

***چۆنە ئەگەر میوانداریت لێبکرێ بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، چونکە وابزانین خوێندەواری کوردو نوسەرانی کورد حەز دەکەن لە نزیکەوە ئاشنات بن؟**

-من یەك بەباری خۆم زۆرم پێخۆشە سەردانی کوردستان بکەم، بەڵام حەزدەکەم لەباردۆخێکی پاکتر سەردانی بکەم. ئەم برینە کاریگەرەی ئێستا هەیە نازانم لەکام بەر بوەستی باشە بۆ ئەوەی قاچت بەخۆن نەبێ، پەنا بەخوا ئەوکاتەی کەکاروبارەکان پتر ئاسایی دەبنەوە.

***ئایا خۆت بەمرۆڤێکی نەتەوەیی دەزانی؟**

-مەبەستت لەنەتەوەیی چیە؟

*واتە شانازی بەنەتەوەکەتەوە بکەیت.

-من کوردم بەڕەگ و بەباوەڕو بەئەدەبەوە، بەڵام ئەم بڕوایەی من زۆر فراوانە، چونکە گەلێ جاران زاراوەی نەتەوەی دەمترسێنێ،بەم تێگەیشتنەی کەڕوویدا، بەتایبەتیش کەئەزمونێکی زۆر تاڵمان لەگەڵ نەتەوەییەکانی عارەبدا هەیە.

***تا چ رادەیەك ئاگات لەئەدەبی کوردی هەیە؟**

-بەداخەوە زۆرکەم هەرئەوەم ئاگالێیە کەدەکرێتە عارەبی، ئەمەش کەمە، بەهەر حاڵ ئێستا کە یەکێك هەیە بەنیازە فایلێك لەسەر ئەدەبی کوردی ئامادەبکات، من خۆشم هێندێ دەقم بۆ پەیداکردوە، بە تایبەتیش هی ئەو نووسەرانەی کە بەکوردی دەنووسن، هەوڵ دەدەین وەرگێڕیان بۆ پەیدابکەین، بەتەماین لەقوبرس چاپ بکرێ، فایلێکی تایبەت لەسەر ئەدەبی کوردی بۆ زمانی عارەبی، ئەمە کارێکی پێم وایە ئێستا لە کوردستان بزاڤێکی وا هەیە بۆ وەرگێڕان بەم مەبەستە ئەو کەسەم هانداوە کە ئەم کارە بکات. ئەمەش دەبێتە یەکەمین فایل لەسەر ئەدەبی کوردی، ئەگەرچی رەنگە هێندە بەرفراوانیش نەبێ، چونکە بەڕاستی جۆرە تەمبەڵیەك لای ئەوانە دەبینم کەدەتوانن ئەدەبی کوردی وەربگێڕنە سەر زمانی عەرەبی چونکە بۆ خوێندواری کورد هێندە سەخت نیە ئەدەبێك بەزمانی عەرەبی بخوێنێتەوە، بەڵام دیوارە زمانێك لەنێوان خوێندەواری عەرەب و ئەدەبی کوردیدا هەیە. من بە بۆچونی خۆم تەمبەڵیەکە بۆ هەردوولا دەگەڕێتەوە. بەتایبەتیش لایەنە کوردیەکە.

***پێت وانیە کەجۆرە تەمبەڵیەك لە ناو رووناکبیرانی عارەبدا هەیە، سەبارەت بەتێگەیشتن لە ئەدەبی کوردی؟**

-من تەمبەڵیەکە بەم جۆرە لێك نادەمەوە، ئێمەی کورد لەناوەندێکی عەرەبی ژیاوین و عارەبی دەزانین، بەڵام ئەوان کوردی نازانن، چونکە بەزمانێکی نامۆی دەبینن. بەتایبەتیش لەناوچەکانی خۆشماندا کەسانێك هەن کوردی ناوانن، جا چۆن لۆمەی ئەوانە بکەم کە لەقوولاییەکەوە دێت هیچ جۆرە تێکەڵاویەکیان لەگەڵ کوردان نیە.

***ئەمە راستە، بەڵام لەم دواییەدا مەسەلەکە گۆڕاوە، پێشان کورد هیچ دەرگایەکی رووناکبیری و چاپەمەنی**

نەبوو تا بەئازادی ئەوەی دەنووسرێ بڵاوبکرێتەوە، چونکە هەموو لەلایەن دەوڵەتەکانەوە مونوپول کرابوو، واتە دەوڵەت بەلایەوە گرنگ نەبوە یان گرنگی‌نەدەدا بەوەرگێڕانی ئەدەبی کوردی بۆ سەر زمانی عەرەبی، تەنانەت ئەگەر کوردەکان خۆشیان وەریان گێڕایە زۆر سەخت بوو ڕێگای بڵاوکردنەوەیان بدرێ، چونکە لەگەڵ سیاسەتی ئەوان ئاوکوف نەبوو، ئەوەش زوڵمێکی گەورەبو لە ئێمە دەکرا.

—جا دەوڵەت هەر ئەم خەتایە گەورەی کردوە؟ خەتاکانی ڕژێمە عارەبییەکان لەژماردن نایێ، ئەڵبەتە کە لەم بوارەوە بەربەرەکانی کوردیان کردوە، بەڵام بەڕاستی ئێمە ناتوانین گوشار بخەینە سەر ڕژێمێکی عارەبی یان دەزگایەکی عەرەبی تافێری کوردی بێ بۆ ئەوەی بەرهەمەکانمان بخاتەڕوو، ئەمە کاری خۆمانە، بائێمە کتێبەکانی خۆمان وەرگێڕینە سەرزمانی عەرەبی و بزانین چی‌دەبێ؟

***ئێستا لە کوردستان خەریکە مەسەلەی وەرگێڕانیش گرنگی پێدەدرێ و بەرهەمە کوردیەکان وەردەگێڕدرێنە سەر زمانی عەرەبی.**

—بەڵام ئەمە هەر لە کوردستانەوە گۆشەگیربوە، من نازانم دەبێ بەدوای ڕێگایەك بگەڕێین ئەم کتێبە کوردیانەی دەکرێنە عارەبی بگەنە دەرەوە، باپەیوەندی بەکتێبخانە عارەبی و ئەووپییەکانەوە بکرێ بۆ سەرف کردنیان ئێستا کۆمپانیای تایبەت هەیە بۆ بڵاوکردنەوەی کتێب و هی بازرگانانە، هیچ پەیوەندیەکی بەسیاسەتەوە نیە، لەم ڕێگایەوە دەکرێ کتێبی کورد بگاتە ناوچە عارەبییەکان: بەتایبەتیش کە کتێبە کوردیەکان مۆرکێکی سیایسی یان پێوەنەبێ کەپەیوەندی بەواقیعی عەرەبیدا هەبێ، یالەوێ شێوازێکی سیاسیشی هەبێ دژی حاڵەتە کوردیەکەین.

***باشە خۆ کتێبەکانی تۆ ئەدەبین، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا لەزۆربەی وڵاتە عاربیەکان قەدەغەیە؟**

—ئەمە پەیوەندی بەواقعێکەوە هەیە برین دەخاتەوە.

***جاپێت وایە ئەوەی وەرگێڕدراوی کوردی ئەم برینە ناخاتەوە؟**

—من نە لەسوریا نە لە عێراق چاوەڕوانی ئەوەی لێناکەم بڵاوبێتەوە، بەڵام لەوڵاتانی کەنداو دەکرێ، هەروەها لەوڵاتانی عەرەبی ڕۆژئاوادا، بەڵام پێویستی بەجولانەوەی بڵاوکردنەوییەکی بەهێز هەیە. ئێستا کە کتێب دوای چاپ کردنی پێویستی بەپلانێکی داڕێژراو هەیە تا بڵاوبکرێتەوە، ئاخر کتێب چاپ کردن و بڵاوکردنەوەی مەسرەفێکی زیادەیە، دەبێ پێشتر لەو وڵاتەیەی بگەڕێن بۆ دابەشکردنی، ئینجا چاپیان بکەین.

***سەلیم بەرەکات کێیە..؟**

—کوردێکە و هیوادارە ببێتە ئەدیب(بەپێکەنینەوە).

***جار وایە تۆ پەنا وەبەر ئەفسانە دەبەیت، یان دەگەڕێیتەوە بۆ ئەفسانەی کوردی من لە(فەقێکانی تاریکی) و(بەرامووج) دا هەستم پێکردووە کە زۆر پەنا وەبەر ئەفسانە دەبەیت، ئایا زۆر سەخت نابینی کەئەفسانە لەگەڵ واقیع بگونجێنی؟**

—نەخێر هەرگیزلام سەخت نەبوە، چونکەئەفسانەش خۆی‌لە خۆیدا گواستنەوەیەکی ئەدەبییە، بەڵام دەمێنێتە سەرئەوەی چۆنی بەکاردێنی، ڕاستە من ئەفسانەی کوردیم بەکاربردووە، بەڵام نەك بەشێوەیەکی فراوان، بەڵکو چەند بڕگەیەکم هەڵبژاردوە، کەپەیوەندییان بەمێژووی کوردەوە هەیە، بەتایبەتیش مێژووی تازەی سەرەتای ئەم سەدەیە تا ئەمڕۆ، چەند نموونەیەکی ئەم مێژووەم بەکارهێناوە و واقیعێکم لەگەڵ موتوربەکردوە کەخوێندەوار سوودی لێ دەبینێ، کورد و غەیری کوردیش، مێژووی ئەو کوردەی کەشەریك بو لەم ناوچەیە، یان خاوەنی ئەم ناوچەیە بوە پێش ئەوەی خەڵکانی دی بێتە ئەم ناوچەیە، مەسەلەی بەکارهێنانی ئەفسانەش شتێکی بەربڵاوە لەجیهاندا، وەك کوردێك مافی خۆمە ئەفسانەی خۆم بەکاربێنم لە کاتێکدا کە خەڵکانێك هەن ئەفسانەی دی بەکاردێنن، بەڵام وەك باوە ئەفسانەدەبێتە میراتێکی مرۆڤایەتی، ئەمەش ئاشکرایە کەهێندێ ئاکار و بابەت لە ئەفسانەی گەلاندا دووبارە دەبنەوە، وەك ئەوەی‌لەیەك سەرچاوە هەڵقولابن، بەڵام تۆ چۆنی بەشێکی دەستەمۆ دەکەیت و بەکاریدێنی، یان هەر هەموو بەکاردێنی لە چوارچێوەی دەربڕینی کەسایەتی خۆت، ئەمەش مەسەلەیەکی دیکەیە.

***لەڕۆمانی "پەرامووچ"دا تۆ زیاتر پەنات وەبەر ئەفسانەبردووە،بەتایبەتیش "ئەفسانەی مەم و زین"ی ئەحمەدی خانی، تەنانەت ناوەکانیش وەك خۆیان بەکارهێناوە، هەروا لە شوێنێکی دیکەدا لەبەشی دووەمی ڕۆمانەکە وەك بەبیرم بێ، ئەفسانەی بارام جۆر بەکارهێناوە و بەستۆتەوە بە"سمکۆ" شکاك، کەلەوانەیە خوێندەوار بەسەختی بتوانی ئەو پەیوەندیە لەنێوان ئەفسانەو ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە بدۆزێتەوە، ئایا بەلای تۆ ئەمە گەڕانەوەیە بۆ ڕەگ؟**

—من بەگەڕانەوەی دانانێم بۆ ڕەگ و ریشە، بەڵکو بۆچوون و بیرکردنەوەی میللەتێکە، دەخرێنە ناو ڕۆمانێ: چیرۆك و حیکایەت بیرکردنەوەو بۆچونی میللەتان، من ناوێکی پاڵەوانەکانی(مەم وزین)م وەرگرتوە، کە باوکە ناوی کوڕەکەی خۆی ناوە"مەم" چونکە دەستی بەکوردیەتیەکەی خۆیەوە گرتووە، کەسایەتی "سمکۆ"شم خستۆتە پاڵ چونکە کەسایەتیەکی ڕاستەقینەی کوردیەو خەونەکانی پەیوەندیان بەگەلی کوردەوە هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا من واقیعم بەهێندێ شت موتوربە کردوە کە لەژیانی ئەواندا نەبوەو لەڕۆمانەکەدا من ڕێچکەیەکی دیکەم بۆ خولقاندوە، ئەویش گەڕانەوە بەدوای ئازادی، گەڕانەوە بەدوای شاری باوك کەنامەکانی بۆ مەهاباد دەنێرێ.

***بەڵام بۆ خۆشت ئەفسانەت دروست کردوە؟**

—بەڵێ من خۆشم جۆرە ئەفسانەیەکەم داهێناوە، خەڵکانێك هەن کەیەکێك لەناویاندا کوردە و دەستێکی هەیە بەپەرامووج کۆتایی دێ ئەمە مەسەلەیەکە پەیوەندی بەئازادیەوە هەیە، پەیوەندی بەخەونەوە هەیە، ئەو لەدوای کەسێك دەگەڕێ تا بەهەشتی نیشان بدات و نایدۆزێتەوە. ئەمەش گیانی کوردانەیە لەم دنیایەدا بەدوای چارەسەرێك کەزۆرجار خەیاڵیە، ڕۆمانەکە دەوڵەمەند دەکات. بەهەرحاڵ ناتوانم زیاتر ڕوونی بکەمەوە.

***ئەم پیاوە تەمومژاویە کێیە لە ڕۆمانی(پەرامووچ)دا؟**

—زۆر کەس لێیان پرسیوم ئەم پیاوەکێیە؟ ئەگەر من پێناسەیەکی تەواوی ئەو کەسایەتیە بکەم، ئەوە ڕۆمانەکە دەکەمە ڕەمزیەکی شێوەیی و گرێکانی دەکەمەوە کتێبەکە فرێدەدرێ. ئەم پیاوە گەورەیە گەرانێکی ڕەوای کوردە لەو باریکە ڕێیە تاریکانەی دنیا لەژێر زەمین و کۆڵانەکانی بەدوای ئەو کەسەی کەفریات دەکەوێ، جا دەیدۆزیەوە یان نایدۆزیەوە.

***بەگشتی لە نووسینەکانتا زۆر پەناش وەبەر بەکارهێنانی ئاژەڵ دەبەی، جا ئەم ئاژەڵانە ماڵی بن یا کێوی.. بۆ؟**

—ئێمە میللەتێکین بەستراوینەتەوە بەسرووشتەوە، بەهەرحاڵ لەو شوێنانەی کەئێمەی لێدەژین کۆمەڵێ ئاژەڵیش لەم بەسروشت شەریکمانن و لێشمانەوە نزیکن، بەماڵی و درندەیانەوە کەلەدەرەوەی سنووری گوندکەت یا لەدارستانەکەی دەوروبەرت دەژین. من هەر لەبەرئەوە پەنام نەبردۆتە بەریان. بەڵکو لە زۆربەی نووسینەکاندا بەکارم هێناون، چونکە هەمیشە لای من ئاژەڵ ئەو بەشەن کە زیاتر ئازادن. ئەوان لای من ڕەمزو هێمای ئازادین،بەشێکن لەو غەریزەیەی کەهەتا ئێستا سەرکوت نەکراوە، ئاژەڵ تەنانەت ماڵیەکانیشیان تاڕادەیەك ئازادانە ڕەفتار دەکەن،

ئەوانە نەبن کەدەستەمۆکراون و لەسێرك کاریان پێدەکرێ، بۆیە دەڵێم ئەو ئاژەڵانەی هێشتا غەریزەکەیان سەرکوت نەکراوە، غەریزەکەیان ئازادییانە. تا ئێستا لەگەڵ.. باو لەگەڵ بێسنوریدان ئەڵبەتە کە زۆر زیاترم دەربارەی ئاژەڵ نووسیوە زۆریش قوڵتر لەوەی کەئێستا باسی لێوە دەکەم.

***ئەو رووداوانە چین کەکاریان تێکردیت؟**

—پێم وایە ئەمە تەفاسیلە جار وایە رووداوێك وەك لێدانی کاتژمێر زۆر کاردەکاتە سەرت. بەڵام من پێم وایە کورد بوونم لە هەموو شتێك زیاتر کاری کردۆتە سەر ژیانم. من کارەساتم تووش دێن لەبەرئەوەی کەکوردم، ئەمە لەهەموو شتێ: زیاتر کاریگەری هەبوە لەسەر ژیانم.

***کە لەشام بووی، ئایا هەربەم نەفەسە دەتنووسی، مەبەست ئەوەیە ناوەڕۆکی نووسینەکانت هەر وابوون..؟**

—لەپێشدا، من کە سوریام بەجێهێشت تەمەنم بیست ساڵان بو، لەبەرئەوە نابێ چاوەڕوانی شتی زۆرم لێبکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا هێندێ شیعرم لەسەر ناوچەکەی خۆمان نوسی و شتەکانم بەناوی خۆیانەوە ناونابوو، زێ، شوێنی هەموو شتەکان بەهەرحاڵ بەگشتی ئەوانە شیعرە سەرەتاییەکانم بوون قۆناغی گەشەکردنی زێتربوون، بەڵام کامڵ بوونم لەبەیروتەوە دەستی پێکرد کە دەستم کرد بەبڵاوکردنەوەی کتێبەکانم، من کەدەستم بەنووسین کرد ئەوەندە لەسوریا نەمامەوە، چونکە ئەو دەمە لاوێکی گچکە بووم.

***لەم دوایەدا لەنووسینەکانتا زۆر دەگەڕێیتەوە بۆ زێدەکەت(شوێنی لەدایك بوونت بۆچی؟)**

—شوێن، شتێکی دیکەیە، قەت شوێنم لێدوورناکەوێتەوە، تەنانەت ئەو کاتانەش کەلەوێ بووم، ئەو دەمەی تەنیا شیعریشم دەنووسی و ئێستاکەش هەروا شوینم لەبیرناچێتەوە، چونکە ئەو زەمێنەیە کەتا ئەمڕۆش کاری لەسەردەکەم زۆرجار وادەبێ لەو شوێنەی کەلێی دەژیم دوور دەکەومەوە، بۆ نموونە: لەرۆمانە سێیانەکەم شوێن لە نێوان کۆمەڵێ شوێنی کوردستان تێکەڵ بوە، باکوری رۆژهەڵات، باکوری رۆژئاوا، باکووری سنووری تورکیا لە کوردستانی تورکیا، قوبرس، رۆمانەکان تێکەڵاوی یەکترن.

***هەست بەوە دەکرێ کە هێندێ جار شوێن وەك"جیناس" بەکاردێنی، بۆ نموونە، "لەپەراموچ"دا "جەزیرە"ت بۆ قوبرس و جەزیرەی سوریاو جەزیرەی یۆنان بەکارهێناوە.**

—بەڵێ.. لەدوا رۆمانیشمدا"انقاض الازل الثانی" شوێنی وا هەن کەنەمدیون و تێیاندا نەژیاوم، روداوەکانی لەمەهابادەوە دەست پێدەکاتاشنگال، رۆمانێکی تەواو کوردیە، بە هەموو سەربردەو کەسایەتی و شوێن و خەڵکەوە.

***لە کاتی نووسیندا یان پێشتر بێئۆقرە دەبیت؟**

*نووسین، تەنیا کەکاغەزی سپی لەپێش خۆت دادەنێی، ئەمە خۆی لە خۆیدا تاقیکردنەوەیەکی شێتانەیە، دووچاری(ئینهاری عسەبیت) دەکات ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر بەئەخلاقەوە رەفتاری لەگەڵ بکەی، نەك بەدوورووییی، من کاتی دیاریکراوم هەیە بۆ نووسین، هەروەها کەبابەتێکم نووسی دەستی لێهەڵناگرم تا تەواو دەبێ، واتە من لەو کەسانەم کە رستەیەك نارێك بوو یا بەدڵم نەبوویا بەدڵنەبوو هەڵی ئەگرم بۆسبەی بۆ ئەوەی چاکی بکەم بەڵکو وازی لێناهێنم تا کامڵ دەبێ.

***پێناسەت بۆ ئەمانە.**

—ژن: زۆر سەختە پیاوپێناسەیەکی دەقاودەق بۆ شتێك بکات بەتایبەتیش کە ئەوشتە مرۆڤ بێت، چونکە رەنگە ئاسان بێ پێناسەی فیزیا، کیمیا، ... هتد بکەین. چونکە ئەوانە توخمی سروشتین. بەڵام ژن شتێکە(غامزە) و هۆگرەو سادەیە، خراپە زۆر زۆریش باشە بەڕاستی ناتوانم بەوشەیەك پێناسەی بکەم.

***دەتەوێ بڵێت کە ژن شتێکی سروستی نیە؟**

—بەڵێ

شیعر: ئاخاوتنە لەگەڵ شتێکی تەم و مژاوی، زمانی تەمومژاویە، هەرگیز جڵەوی دەربڕین لەخۆوت نەگری.

***بەشێوەیەکی گشتی ئایندەی کێشەی کورد چۆن دەبینی؟**

—کێشەیەکی زۆر ئاڵۆزە،زۆریش سەختە بۆیێ دەترسم زۆر زوو بچمە ناو هزرەوە، بەڵام بۆچوون ئەوە نەوەکانی ئایندە دروستی دەکەن، من بەڕاستی ناتوانم هیچ لەم بارەیەوە بڵێم. توانای ئەوەم نیە.

***ئاساییە دەزانی نووسەر سیاسیش بێ؟**

—بێگومان.. لەبەرئەوەی بەر لەهەموو شتێك مرۆڤێکەو بیردەکاتەوە، سیاسەتیش خۆی بەشێکە لەبیرکردنەوەی مرۆڤ، بەشێکی گەورەش، چونکە رۆژانە بەرخوردی لەگەڵ دەکات، بۆیە نووسەر خۆی گیاندارێکی سیاسیە.

***زۆر لە نووسەران(ئیدیولیکیان) سومبیلێکیان هەیە، تۆکێ بەسومبولی خۆت دەزانی؟**

—زۆر لە نووسەرانی دنیا بۆ نموونە"هرمان مەندل" "کافکا" "ئەدگار ئالان بۆ" بەڵام رۆمان نووسەکانی عارەبم خۆش ناوێن چونکە گەلێ زۆر بڵێی دەکەن منیش خۆم حەزم لەزۆر بڵێی نیە، ئەوان لە تەکنیکی تازە ناگەڕێن. یان خۆ ماندوو ناکەن. لەوانەیە"نەجیب مەحفوز" باشەکەیان بێ.

***نەفسیەتی مرۆڤی کورد چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

—مرۆڤی کورد وەك هەر مرۆڤێکی ئەم جیهانە، جگە لەوەش ئازارەکانی سەربارن، ئەو ئازارانەی کەبەهۆی کوردبوونیەوە دووچاری دەبێ، لەشوێنێك کەکیانی نیە، ناسنامەی تەواو نیە، ناسنامەی ناتەواویش هەمیشە ئازار بۆ مرۆڤ دێنێ بەتایبەتی کە ئەو مرۆڤە دەخوڵقێنی بۆ ئەوەی دەربڕینت دەوڵەمەندو ئاڵۆز بکات. من واله مرۆڤی کورد دەگەم.

***چۆن ئەدەبی ئێستای عەرەبی هەڵدەسەنگێنی؟**

—ئەدەبی عەرەبی لەم قۆناغەیدا تەنگ و چەڵەمەی زۆرە، چونکە تووشی بەڵای خۆی بوە بە رژێمەکانیەوە، کەوا دەکەن بۆچوونەکان بشێوێندرێن هەموو رژێمەکان بۆچونەکان دەشێوێنن، ئەمەو نەبوونی رەخنەو نەبوونی دیموکراسیەت، ئەوانە هەمووی کاردەکەنە سەر داهێنانی ئەدەبی، بەشێوەیەك لە شێوەکان قەبارەیەکی زۆر لەنووسەرانی عارەب رایانکرد بۆ دەرەوە، فەرەنسا، بەریتانیا، پڕیوە، باشترین ڕۆژنامەی عارەبی لەبەریتانیا دەردەچێ بۆچی...؟ چونکە واقیعی عەرەبی واقیعێکی ترسناك و تۆقێنەرە، تەنگژەکەیان قەیرانەکە تەنگژەو قەیرانی گێلی و دیموکراسیە، ئەمەش بمانەوێ و نەمانەوێ، لەسەر هەموو شتێك رەنگ دەداتەوە، جا ئەگەر ئەم هەموو تەنگژەی دیموکراسیبوون و دەربڕین هەبێ وەك ئەوەیە کەجەستەیەك بەتەواوی نەخۆش بێ، دیارە کە لەم حاڵەتەشدا ئەدەب سەلامەت نابێ.

***بەڵام بۆچوونێك هەیە کەدەڵێ، زۆربوونی تەنگژەو قەیران، دەبێتە مایەی داهینان و هەڵسانەوەی ئەدەب، تۆ دەڵێی چی؟**

—بڕوانە، کاتێ کە"بیکاسۆ" و"سلڤادوردالی" رایان کرد بۆ فەرەنسا، هەروا نیوەی نووسەرانی ئەمریکای لاتین، راستە تەنگژەو قەیران خەیاڵ دەوڵەمەند دەکەن، بەڵام تۆ خۆت لەشوێنی تەنگژە و قەیرانەکان بیت شتێکی دیکەیە، بەر لەوەی بۆمبایەك بەسەرتدا بەر بێتەوە تۆ ناتوانی حاڵەتی خۆت روون بکەیتەوە، ئەوە نەبێ کە هەست بە ترس دەکەیت.

سەرچاوە:

گۆڤاری ئایندە، ژمارە (18)

جوانی کوردی لەلای (سەلیم بەرەکات)

لەنێوان پەرۆشی سەردی بۆ شوێن و پانتایی پێشنیارکراو لە شیعردا

خوا لێخۆش بوو
حەمید ڕێبوار
(سلێمانی)

ئەگەر بمانەوێ بگەینە ئەو نیازمەندی و گرفتە دەلالی و زمانەوانییانەی دەق دەیانخاتەڕوو، دەبێ سەودای ئەو پێوەندییانە بکەین کە سستەمە ناخۆییەکانی دەق دەبەستێتەوە بەرەهەندەکانی ئەزمونە هەمیشەییەکانی نووسەر و مامەڵە کردنی لەتەك چەمکە ئایدۆلۆژی و پێشبینییە تایبەتییەکان لە بونیادی دەقدا، یاخود واقیعی ستەمی ڕۆژگار بەسەر باری نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی لە ناو ڕێسا شاراوەکانی دەقدا بخرێتەڕوو. بەم شێوەیە ئەگەر بمانەوێ بەرهەمەکانی نووسەر بخوێنینەوە یان تیشکێکی بخەینە سەر، ئەوا دەبێ لەو پێوەدنگەوە بەها مەعریفی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و پابەندبوونیان بەرەوشتە پەروەردەییەکان بکەینە یەکەم هەنگاو بۆچوونە ناو جیهانی هەمە چەشن و پێشبینییەکانی(سەلیم بەرەکات)، چونکە سەلیم بەرەکات وەك لە نووسین و چاوپێکەوتن و بەرهەمەکانیدا دەردەکەوێت. ڕەنگدانەوەی هەمواری و چەژتنی هەڵاوێردەیەکی سەیرە!، لە هەمواری و چەژتنی خێزان و دەوروبەری کۆمەڵگا، بەرەو موعاناتی گەل و نەتەوە. تەقەللای ئەوە دەدات هەموو کەرەسەو ئەو شتانەی لەمەڕ خۆیەتی، پڕ بە دنیا هاوار بکات، بەشێوەیەك قەوارەی مەودای ئازارەکانی بخاتەڕوو، ڕەنگە هەر ئەم هەستە بێت لە خوێنەوە پاڵی پێوەبنێت بەرەو ڕوانگەی گریان... بەکورتی سەلیم بەرەکات ڕۆژنامەنووسێکی بریقەدار و شاعیرێکی زۆر دیارە لە مەیدانی شیعردا و ڕۆماننووسێکی باڵادەستیشە لەم بوارەدا. هەروەها لەلایەکی دیکەوە ژیاننامە نووسێکی سەیرو بێ وێنەشە. بۆیە نابێت لە یەك ڕووەوە بخوێنرێتەوە، بەڵکو دەبێ ڕەچاوی هەموو ئەو لایەنانە بکرێت، کە هەموویان لەلای ئەو هێلێکی پێوەندکاریان لە نێوان دایە، چونکە ئێمە ناتوانین لەو ڕووەوە سەیری بکەین کە ئەو ئەزموونێك بێت لە دەرەوەی تاقیگەی شیعردا گەشەی کردبێت. ئەو بە پێ لێنانی خۆی، هۆگری کەلەپوور بووەو لەتەك ئەودا دووچاری هەڵچوون بووە، بەڵام ئەم بەم حەزو ئارەزووە ناسراوەی خۆی لە سنووری بازنەی کەسدا نەماوە، بەڵکو لە ڕێگەیەکی تایبەت بەخۆی قوڕی هەڵبەستی خۆی هەڵدەسووڕێنێ و پەیکەری نوێی لێ دروست دەکات.

جا ئاخۆ دەبێ(پەرۆشی بۆ شوێن)–وەك گرێیەکی ڕەوا– ئەو خەسڵەتە پوختە دیارە بێت لە کۆمەڵە شیعرییەکەی ئەم دواییەی سەلیم بەرەکات؟ کە بە ئاشکراو ڕوون، بێ پێچ و پەنا ئەم دیاردەیە خۆی دەدات بە دەستی وەرگرەوە.

ئەگەرچی ئەم کۆمەڵە. ماوەیەکی زۆر دوور نییە کەوتووەتە بەرچاو، پێش چەند ساڵێك دەزگای(تویقال) لە چاپی داو بڵاوی کردەوە، ڕەنگە داهێنانی تری(بەرەکات)ی بەدوادا هاتبێت، بەڵام هێشتا بەخوێنەری لەمەڕ خۆمان نامۆیە، یان هەر نەی بینیوە، بەڵکو کەسانی وا هەن(بەرەکات) ناناسن و نازانن ئەم داهێنەرە کوردە، بووەتە مایەی حەپەسانی کەڵە نووسەرانی عەرەب و غەیری عەرەب. بە هەرحاڵ بابێینەوە سەر چەمکی ئەو پەرۆشییەی بەرەکات، ئاخۆ دەبێ دواچارەی زمان بەم پەرۆشییەوە بەسترابێت؟ کە بەچێژێکی وەها یەکتری ڕاو دەکەن، تامی ئەو قوربانییەی لێ دێت کە(جلاد)ەکەی لە سەیر کردنیدا دەیچێژێت، هەروەها بەچێژی ئەو(جلاد)ەی کە عاشقی قوربانییەکەیەتی، یاخود بەواتایەکی دی مەرگە دیلی شاعیرەو وەرگری گەنجینەیە، یەکسان دەبێت لەگەڵ پەرۆشییەك بۆ(دەست هەبوونێ– تواطوء) لە جڵەو ڕاکێشانی زمانێك واز لە ڕاگەیاندنی لێشاوی خۆی و دڕندەیی هەمیشەیی خۆی ناهێنێت.

بەپێی ئەو بەڵگە و کۆدانەی ئەم دوو پرسیارە دەیهاون، دەتوانین سەرکلۆمی کۆمەڵە شیعرەکەی(بەرەکات) بە سانایی بکەینەوە و بگەینە ئەرکەکانی یاسا ناوخۆییەکان و لقەکانی، دیارە ئەم بەگەڕ خستنەش لە ئەنجامی بەرقەرارییەکی هەست پێ کراوەوە هاتووەتە ئارا. زمانیش وەك ئامێرێکی تێگەیاندن لە نێوان کەساندا، شفرەی لە باسکردنی سەراپایی ڕێزمان و واتاکانیدا دەکرێتەوە. بۆیە یاساکانی ناوەوەی زمان چەند درێژەی فەرهەنگی شیعری خۆی کۆبکاتەوە، بۆ ئەوەی گریمانەی ڕۆژانەی دیارو ڕوونی خۆی بەگشت تفاقەکانی خۆی ئامادە بکات، ئەوا لە پڕێکدا ئەم ڕێسا زمانەوانییانە ناڵە مەزنەکەی خۆی ئاشکرا دەکات، بەڵام یەکێك لە خەسڵەتەکانی ئەم ناڵەیەش ئەوەیە کە لەناو وتەکەی خۆیدا هەتەرترو گەورەتر دەبێت نەك لە دەرەوە، ئەم ناڵەیەش بێگومان ناڵەی شیعرە.

هەرکاتێکیش ئەم کردەیە ڕوویدا و سەقامگیر بوو ئەوا زۆر زەحمەت دەبێت چوارچێوەیەکی دی بدۆزێتەوە کە هەردوو سیفەتەکەی پێکەوە تیادا بێت، لەتەریبێکی پەنهان و هەماهەنگی لە چەشنی ئەم چوارچێوەیە، کە کۆمەڵە شیعرەکە ڕاپێچ دەکات و بواری ئەوە دەڕەخسێنێت کەزامەکانی ناوەوەی خۆی و چارەنووسی شیعرەکە ئاشکرا بکات، کە هەمیشە شایستەی ئەو جۆرە لێکدانەوەو تەئویلاتەی زمانی بەرەکات و شیعرەکانیەتی، چونکە بونیادەکانی دەق بەیەکەوە بەستراون و پێوەندییەکی بەتینیان لەگەڵ یەکدا هەیە بۆ پێکهێنانی بونیادە سەرەکییەکە. دیارە ئەم پێوەندییانە پێوەندییەکی لەبارو گونجاون یان نالەبارن یاخود هەردووکیان بەیەکەوە، چونکە هیچ بونیادێك لەیەکێك

لـەم سـیٚ رووە بـیٚ بـەش نییـە، لەوانەشـە ئەگـەر زیـاتر ورد ببینـەوە رووی چوارەمیش بدۆزینەوە، ئەمەش بێ گومان تەقەللایەکی بیٚ پایان و کۆششێکی زۆری دەویٚ، دەبـیٚ شـەونخوونی و کـاتێکی زۆریشـی بـۆ تـەرخان بکرێـت. پـیٚ دەچێت زمانی خەون خۆی پاڵپشتی گرفتی گەیاندن بێت لەلای شاعیر، لەبـەر ئـەوەی دەقەکـەی مەبەسـت خـوازی دروسـت کردنـەوەی تـەواوی دووەم جـارەی شـتەکانە. ئەمـەش وا لـە خوێنەرەکـەی دەکـات لـە سـەرەتادا یەکـەم جـار لـە لێکدانەوەکەیدا بدۆڕێت، مـادام نـاتوانێت شـانازی بـەوە بکـات ئـەم دەقە بخاتـە روو- بەنموونەیەکی دیاری تر روونی بکەینەوە، باری ئەم خوێنەرەی دەقەکەی بەتـەواوی لـەو برسییە دەچێت، خواردنەکـەی بەشـی نـەکات تـێر بخـوات لـەو خۆراکـەی لـە(خـەون)ی نووسـتندا پێشکەشـی کرابێـت. بۆیـە هـەر زمـانێك لـەم کۆششـەوە رێگـای خـۆی گرتـە بـەر ئـەوا خوێنـی کەسـی خـۆی دەخـوات، واتـە: لەناو واتاکەی خۆیدا بەر فراوان دەبێت، نەك لەناو ئەو(با)یەی بەهەڵچوونەکانی دەرەکی و کردە سەرنج راکێشەکانی حەز رێنمایی بکات. جێی خۆیەتی ئەگەر بڵێین ئەمە ئامـاژەی ئەوەمان بۆ دەکات کە هەستی زمان خۆی بێت، بێ ئەوەی سـەیری ئـەو کەسـە بکرێـت کەتیایدایـەتی یـاخود لـە پشـتییەوەیەتی. هـەر کاتێکیش ئەم هەستانە لە ناواخنی قسەدا کەڵەکـە بوون و خـۆی ناخنییـە نـاو کەرەسـەکانییەوە، ئـەوا هـەموو شـەقڵ و خەسـڵەتەکانی لـەو سـاتانەدا دەردەکەوێت، کەتیایدا ئەم قسانەی ئاراستەی جێیەکی بەرفراوان کراوە یاخود پەرۆشییەکە بۆ ئەو شوێنە. بـەم شێوەیە پـیٚ دەچێت جیا کردنـەوەی زمـان و هەستەکانی بە شێوەیەکی کردەیی زۆر ئەستەم بێت، لەبەر ئەوەی چەندین ئەرك لـەمانادا کۆدەبێتـەوە، لەوانـە ئـەرکی مـەعریفی و ئامـاژەیی، ئـەرکی گوزارشـتی سۆزداری، ئـەرکی رەوتـی مـەیل و ئامۆژگـاری، ئـەکی خـۆش دووی و ئـەودیوی زمان، ئەکی شیعرییەت و جوانکاری... تاد.

چونکـە زمـان خـۆی لـە خۆیـدا زاینگەیـە(رحـم) واتـە شـوێنە، هـەروەها پەرۆشیش بۆ شوێن خۆی لە خۆیدا پەرۆشی زمانە بۆ ناو وشیارییە تـاریك و زاینگە شوێنییەکەی و یادەکانی و سەردەمی منداڵییەتی. ئەو دیمەنە ژیانییەی شاعیر بۆی هەڵدەسێتە سەرپیٚ، هانا دەهێنێت بۆ بانگەشە کردن بۆ شاردنەوەی پەرۆشـییە تێکشـکاوەکە، چونکـە ئـەم دیمەنـە سـەرباری ئـەوەی شـوێنە، پێچەوانـەی ئـەو پەرۆشییە شـاراوەیە کە لـە پشـت کەڵەکـەی رۆژگـارو گەشـتە هەڵاتوو و پەڕاگندە دوورخراوەکانە.

ناڵەکە لێرەدایە، چونکە بەرزییەتی دیمەنی ژیـانی هەنووکـەیی، بەرزییـەتی ئامادە نەبوونی ژیانی شاراوەیە، کەلە هەمان کاتدا مەرگیشە. ئەو بەتـەنیا ئامادە دەبێت، بەڵکو لە هەمووان زیـاتر لـە نێوان دیلـەکاندا تەنیایـە، بـەڵام ئـەم مەرگـە هاوبەشـی شـاعیرو دیـل و بەندەکەیـەتی. هاوبەشـی ئەوسـاتە بەرزوبووەیـە لـە کاتێکدا گەیشتووە بەرەگە مـەودا دوور و تاریکەدوورەکان. لـێرەدا زۆر دەگمەنـە واتای مەرگ پابەند بێت بە هەستێکی کارەساتی ئەمەش لێکدانەوە وتـەئویلێکی زۆر هـەڵدەگریٚ، کەلەسـەر قسـەی بزرکـاوو تەنگـەتاو دامـەزرابێت. لـێرەدا ئـازاد بوونـی راڤـەکردن دەردەکـەوێت بـۆ بـەها بەرفراوانەکـەی و گواستنەوەشـە بـۆ زامێکی قووڵترو خوێنی کەسێك کـە بەدەسـت هێنـانی قوورسـە و ئاسان نییـە، وەك بڵێیـت ئـەم(کۆمەڵـە) خەسڵەتی تایبـەتی خـۆی لـە تاقیکردنـەوە زۆرەکـانی ئەزموونی(سەلیم بەرەکات) خـۆی وەردەگرێـت. نـەك تـەنیا لـە لێـواری زمـانێکی نامۆو کێوییەوە، بەڵکو دیسان ئەو هاوتـەریبی ئـەم لێـوارە دەکـات و لـە ئاسـتی پەرۆشییەکی مەزنەوە دەچێتە بەرگییەوە، کە تێکەڵە بە بۆن و بەرامی راهێنانی گاڵتەجاڕوپتەوی ژیان لەلایەکەوە و مەرگیش لەلایەکی دییەوە، کام جیاوازییە؟ پاشان کام ماوەی راڤە کردن لە نێوان ژیان و مردندا هەوڵی بڕینی دەدات؟ ئەو مەرگـەی دەسـت دەگرێـت بەسـەر ئـەو دیمەنـەی کـە لەسـەر کاولکـاری دۆخ دامەزراوە و لە پرێکدا لە هەمان دەرگاوە لەگەڵ دەرچووندا دەردەچێت، کە رووە و ژیان کراوەتەوە و دەڕوات.

لە ڕاستیدا ئەم سەراسیمی و لێتێکچوونەی(التباس) لە نێوان ژیان و مەرگدا هاتووەتـە ئـارا لەواتاکـەیدا دەگەڕێتـەوە بـۆ رەگ داکوتـانی ئەوگاڵتـە رەش و تاڵانـەی کەسـتەم و زۆرداری خۆیـان دەنوێنـن بەرامبـەر ئـەو سـۆز و پەرۆشـییە هـەڵچووەی لـە رواڵـەتی نموونـەی دەقـی هـەڵبژێردراودا دەردەکـەوێت، بۆیـە لـەم رەوتە دەلالییەدا بیٚ ئەوەی رەچاوی دەستکەوتەکانی دەق بکرێت، هەوڵ دەدات مۆرکێکی گاڵتە جاڕی بەبەردا بکات، بۆ ئەوەی لە خەسڵەتی نەگۆڕو باوی خۆی دەربازی بکات رەنگە ئەم بارە نائاساییەش چەندین پرسیاری تەماوی و نادیار دروست بکەن، کە پێویستییان بە روونکردنەوەی هەمیشەیی هەیە بۆ گەیشتن بە وەڵامێکی لۆژیکی لە پێناو دۆزینەوەی نهێنییە حەشار دراوەکانی. لەکاتێکدا ئەم گاڵتەجاڕییە خۆی لە خۆیدا چـەند سـاتێکی لـە خـۆی گرتـووە، رەنگـە ئـەو لـوول دانـەی خـۆی بێـت کـەروحی پـیٚ دەهـەژێت، وەك گوزارشـتێك لـە بـزۆزو شێواوی نادیار و مەرگی شاراوەی خۆی. پاشان دیمەنەکە ئامادە بێت و لەتەك خۆیـدا بۆشاییەکەشـی ئامـادە دەبێـت، ئـەویش کاریگەرییەکـەی قووڵـتر و گوزارشتەکەی لەمەڕ کاولکار زیاترە بەڵکو ئەوەش لەو گوتارە وەسفییەوە دێت کەبۆ دیمەن و شوێن دانراوە، وەسفەکەش دەگاتە شوێن، بەڵام ئەو بۆ تـەڵزم و پـەرت بوونە توندو سەراسیمییە شیعرییەکانی هەڵیدەگرێت. هەر ئـەم هێمنییە پووکاوەیە لەزمان و رواڵـەتی وەسف و گێڕانەوەدا مـافی ئـەوەی هەیـە لـە توێـی خۆیـدا واتایـەکی راهێنـەری هـەڵبگرێت، پێوەنـدی نێـوان دۆخ و گرفتـەکانی دەربڕین لـەودا بەدەستی دەهێنێت، واتا لە نێـوان دیمـەنی ژیـانی بارمتـەکراوی روح و لـەنێوان ئـەو دیمەنـە ژیانییـەی لەبـەر چاودایـە، ئـەم واتـا ڕاهێنەریـەش لەپرێکدا پێوەندییەك دەسەپێنێت لە نێوان راهێنانی وشەو بارە دەروونییەکان لەلایەك و لە نێوان راهێنانی(داڵ- البان)دا لەلایەکی ترەوە، شایەنی زانینە دەبیٚ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، مامەڵەی نویٚ لەگەڵ کەلتووری زماندا رەگ ورەچەڵـەکی خۆی هەیـە، دەگەڕێتـەوە بۆ پێش قۆنـاغی(سـەلیم بـەرەکات)، (ئـەدۆنیس)یـش یەکێکە لەو ناوە گرنگانەی کەئەوبەربەستە پیرۆزانەی بە خۆیەوە نەدیبوو کە بۆ زمـان دانرابـوو. بـەڵام(سـەلیم بـەرەکات) لـە چوارچێـوەی ئـەم تێگەیشـتنەدا- فەرهەنگی زمانی خۆی- دامەزراند.

نەك تەنیا لە ئاستی لیٚ وەرگرتن و دەرهێنان و پەیدا کردن و دروست کردنە نوێیـەکان(الاشـتقاقات و التولیـدات الجدیـدة) ، بـەڵکو لـە رووکردنیـدا بـەرەو پـەراوێزو فـەرامۆش کـراو قسـەی رەق لـە وتـەداو پـڕ کـردن و بـارکردنی بەشاعیرییەتێکی زیاتری وەها کەوای لیٚ کردین یەك لەدوای ئەوی دی دڵنیابین، کەلـەوێدا هیچ وشـەیەکی شیعری لـە پێشـتر لـە گۆڕێدا نییـە یان یـەکێکی دی لەشیعریٚ بەش کرابێت. وشە- تایبەت و گشتی- لەناو بونیادییەکانیا گرنگی خۆی وەردەگرێت. چەمکەکانی دیش- زۆرکۆڵ بـوون- سـەرباری ئەمـە(سـەلیم بـەرەکات) متمانـەی بـە کۆمـەڵیٚ سـەربازی بـە ئەمـەك لـە باڵندەو ئاژەڵ و نـاوی باڵندەو ئەو شوێنانە بەستووە کە ئیستیان پیٚ کردووە، لە تەقەللایەکدا بـۆ بە مـرۆڤ کردنیـان- کـە زۆر سـەرەتایی بێـت- لەوانەیـە وەك کاردانەوەیـەك بێـت لـەوەوە.. بـۆ ئـەوەی ئـەرکی بـەرەنگار بوونـەوەی پـیٚ هـەڵگرێت بـۆ رووبـەڕوو بوونەوەیەکی دڕ لە نێوان زانینی بەکارهێنانی ئەبجەدییەتێکی تایبەت کە هـەر لەسەرەتاوە وەریدەگرێت.

بۆیە ئەگەر بتەوێ یەکەم شفرەی ئەم ئەبجەدییەتە بکەیتەوە، دەبێ لە یەکەم تیشك هاویشتنی ئەدەبی ناونیشانەوە دەست پێ بکەیت، تا پێوەندییەکانی مەبەست خوازی دەق لە راڤەکردنی بنیاتدا دیاری بکەیت، بۆیە ناوەرۆکی گێڕانەوەیی(سەردی) تارادەیەکی زۆر لە گرتنەبەری هەنگاوە هەنووکەییەکانی ناو کۆمەڵدەردەکەوێت و بەئاشکرا واتا سەراپاییەکانی بدات بەدەستەوە، ئەوسا ڕەهەندە دەلالی و سرووشیەکان لە هەستی وەرگردا دەبنە هێزێکی بەکێش، ئەم گەمە زمانەوانییانەی (بەرەکات) لە شیعردا لەرووی دەنگ وریتم و رستە واژە و تەنانەت پیتەکان وای کردووە تاموبۆیەکی حیکایەتخوانی بەچامەکانی ببەخشێت یاخود بە پێچەوانەوە هەناسەیەکی شیعرییانە بە چیرۆك و رۆمانەکانی دەدات، دیارە ئەم دیاردەیەش لە هۆشیارییەکی نوێ و وێنەیەکی بەرچاو هێنەوە هاتووە و لەبەردەم کەسایەتیەکی ئاساییدا خۆمان نابینین بەڵکو لەبەردەم گرنگی مرۆڤێکداین دەزانێت ئینتیمای بۆچی و بۆکێ هەیە؟. لەلایەکی دیکەوە ناوەرۆك لەلای ئەو ئەرکێکی ئەتەوایەتییە، هەر ئەو ئەرکەشە پاڵی پێوەناوە داهێنانی گەلێ سەرکەوتوو لەچێوەی شێوەی رۆمانەکانیدا بەدی بهێنێت. کەواتە حیکایەتی گێڕانەوە لە لای(سەلیم بەرەکات) چۆن دەست پێ دەکات؟ چۆن ئەم سەردە پڕ لەنامۆ نامێزانەی لەژێر رکێفی شیعرەوە دەچێتە سایەی ئەو گێڕانەوەیەی کە هەمیشە لە شیعرییەتی خۆیدا هۆگرە؟ رەنگە لە رۆمانەکانی(سەلیم بەرەکات)دا ئەو خەسڵەتە بەدی بکەین کەلە شیعرەوە نزیکەو زیاتریش بەخودی نامۆ بەشوێنەوە لکاوەو لە زمانێکدا چێنراوە کە پانتاییەکی هەڵواسراو لە شوێنێکی وەها کەهەمیشە مایەی پێشنیار بێت. شیعرییەتی(دەق/حیکایەت)یش لە رۆمانەکانی (سەلیم بەرەکات)دا سیماکانی خۆی لە دارشتەیەکی وادا رووپۆش دەکات و نوقوم دەبێت رەنگە لەچڕی شیعرو پێش بینییە کراوەکانی کەم بکاتەوە، بەڵام ئەمەش بەستراوە بە پێکهاتەیەکی بیناسازی ستاتیکی ئەویش ئەو پێکهاتە سەردییەیە کە بەستراوەتەوە بە بونیادگەری گێڕانەوە بە(شیعرییەتی نادڵنیایی- شعرية اللابقين) ئەم هۆگرییەی کە خوێنەر تیایدا بە رۆمانەکانی(بەرەکات)ەوە دەگلێت بەرەو چەندین رووپۆشی و شۆڕبوونەوەی تری دەبات، لەوانەشە هەندێ کەس لێی دەرباز نەبێت، بە تایبەتی ئەو نموونانەی زۆر روون و ئاشکران. بۆ نموونە لە رۆمانی(پەڕ-ریش)دا دەخوێنینەوە: "ئەگەر باران وەستا چەندین ناوی دڵخواز لەچەندین هەرێمی دڵڕفێن و چڕ رادەمێنێ.. بەپێی ئارەزووی(با) و کاری هەور.. تاوە نا تاوێك رووبەرە فراوانەکان یاخود بەر تەسکەکان تۆزێك دەکرانەوە بۆ هەسارە هەرە دوورەکان، رەشییەکی قەترانی پێك دەهێنا بە ئەستێرە هەڵلەرزیوەکانییەوە لە بۆشاییەکی دێریندا، پاشان زۆر ئاخایەنێت خۆی لوول دەدات، بۆ ئەوەی بوار بۆ هەور برەخسێت دڵڕفێنی خۆی نیشان بدات"(ل218).

پێکهاتەکانی گێڕانەوە لە رۆمانەکانی(بەرەکات)دا هەمان پێکهاتە پێش بینییەکانە لە شیعردا. چامەی بەرەکاتی شۆڕ بوونەوە و نوقوم بوونە لە خودێکی هەڵاتوودا، یاخود رووپۆشییە بۆ چەندین جیهانی دی.. شۆڕبوونەوەیە لە زمان و پێشبینیدا.. کەینوونەی ئەم خودەش لە(جیهان/شوێن)دایە.. لە(نامۆیی/ ئامادەبوون) دایە.. لە(تاراوگە/هۆگری شوێن)دایە.. لەم شۆڕ بوونەوەیەدا لە خەیاڵ لێ کراودا نووسەر لە پێش بینی خۆی رادەمێنێت بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ بنیاتنان و بابەت/ئەزموون و... بابەت و رێگاکانی نووسین، بەمەرجێك ئەو مەودایەی پێشنیار

دەکرێت لە نێوان رۆماننووسی شیعری و ئەوەی دەبێ هەبێت... بۆ نموونە لە رۆمانی(پەڕ- ریش)دا دەرناکەوێت جگە لە(راوکردنەکان-اقتناصات) نەبێت. رەنگە هەندێکیش تێی پەڕێنن و باسەنی گوزارشتی(التوصيف التعبيري) بۆ ئەم رۆمانە بگەڕێننەوە، گوایە دەقێکی شیعری زۆر کراوەترە لەمەڕ ئەزموونی خودی کوردیدا.. هەروەها کێشەی بەرەگەز بوون(التجنيس) لە نووسییندا، لەنێوان سەردی و شیعریدا ناگەڕێنێتەوە، بەمەرجێك هەردووکیان پێکەوە خۆیان هەڵدەقورتێنن... نووسینیش لێرەدا دەبێتە چەشنێك لە تەسەلی بونیادگەری.. هەروەها تۆژینەوەش لەمەڕ ڕۆماننووسی(سەلیم بەرەکات) دەبێتە ئاخاوتن دەربارەی شیعرییەتی خەیاڵ لێ کراوی رۆمان کە هەمیشە بەناو پانتایی دروست کردنێکی جوانکاردا شۆڕبۆتەوە و نوقم بووە. کەواتە گۆشە چاوێك یاخود گۆشە بینینێکی کراوە لە سنوورێکی دیاری کراودا لە گۆڕێدا هەیە، هەربەهۆی ئەویشەوە شوێن دیاری دەکرێت و لەو سنوورەشدا سەرد لە کایەدایەو رۆڵی خۆی دەبینێ، سەردو قسەی شیاوی ئەو کەسەی رووداوەکان دەگێڕێتەوە. بەڵام ئەم گۆشە چاوە تەنیا رووبەری پێشبینی دیاری ناکات، بەڵکو مۆرکی قسەو وتە دیاری دەکات. قسەو وتەیەك بگوازرێتەوە.. باس بکات... لەلێکدانەوەو تەئویل دوور بکەوێتەوەو بۆ خوێنەری بەجێ بهێڵێت. دیارە ئەمەش جۆرێکە لە واز هێنان لە شوێنێك بۆ رۆشنبیر. یاخود واز هێنانە لە چەمکی ئەو تەواوی مەعریفەت و ناسنامەیەی پاڵەوانێتی بە حیکایەتخوان دەبەخشێت. بەم شێوەیە پێ دەچێ دەقی ئەدەبی، ئەو دەقە بێت کە لە لێکدانەوە و تەئویل دروستکرابێت. کە خۆی بابەتە، بەڵام بەهاکەی لە پیوەندییەکی تایبەتدا کاری خۆی ئەنجام دەدا و ئەرکەکەی بەجێ دەهێنێت. ئەمەو یەك لا لە دوو جەمسەرەکەی چەسپاونییە دروست بوونی دەق لە لێکدانەوەو تەئویل واتای گۆڕانی یاخود ئاڵوگۆڕکردنی ناگەیەنێت، بەڵکو گۆڕانی لەبەرچاوە بۆ بەهاکەی، لە رووی ئەوەی کە بەهایەکی هونەرییانەن بۆی.

لەم گۆڕانەدا دەقەکان لە مێژووی خۆیاندا دەژین، واتە گوزارشت لە کۆمەڵایەتییانەو رۆشنبیرییانەی خۆیان دەکەن، هەروەها بە گۆڕانی چەمکە رۆشنبیرییەکان و بەهاکانی ئەویش دەگۆڕێت. ئەگەر ئەمیش بڕیاری شێوەی خۆی بهێنێتەئارا، ئەوا ناوەرۆکیش ئەو قاڵبە هونەرییەی خۆی وەردەگرێ، بۆیە پێوەندی نێوان شێوەو ناوەرۆك لەلایەکەوە و لەگەڵ وەرگردا لەلایەکی دیکەوە دۆخێکی شاعیرانە دەبەخشێت بەسرووتی دەقەکە، بەها روحی و واتای شفرەکانی لەو دەستەواژانەدایە کە خاوەن هێزێکی گوزارشتین و قووڵیەکی هەست پێکراوی هەیە، لە کاتێکدا خوێنەر دەگاتە ئەو بڕوایەی کە هێزێکی راکێشەر لە ئارادا هەیە بیخاتە ئەو دۆخە حەپەساویەی پاڵی پێوەبنێ، کە بەردەوام بێت لە بەدواداچوونی یەك لەدوای یەکی رستەکان و شیکردنەوەی دەستەواژەو پێکهاتەی واژەکان، خۆ ئەگەر هوشیاری خوێنەر لە ئاستی ئەوەدا بوو زمانەکە لەلای ئەو زمانێکی پاراو و زراڤ و هاوڕاز بوو، ئەوا سەرکەوتوویی و باڵایی دەق بۆ هەرسێ لایەن(مەودای رۆشنبیری نووسەر و خوێنەر و شیعرییەتی زمان) دەگەڕێتەوە، جا بەدەست هێنانی دەستکەوتێکی وەها لە گرتنە دەستی هەرسێ چمك، دەبێ ئەنجامێکی لەباری راستەوخۆی بدات بەدەستەوە و خوێنەریش لە قووڵایی دۆخی شوێنێکدا جێ دەهێڵێت لە کەشی سەرسوڕمانی خۆیدا مەست بووبێت.

ئەوەی زۆر ئاشکراو روونە(جەربەزەیی) یەکێکە لە دیارترین سیماکانی ئەزموونی شیعری و رۆماننووسی(سەلیم بەرەکات)، چنینی شیعری درێژ کەلە نووسینەکانیدا وەك گوتارێکی کراوە بۆ تێڕوانین و پێشبینی لەلای ئەو بووە بە

نەریت... نوقوم بوون و شۆڕبوونەوە لە دۆزینەوەی خودی خەوبینەردا و لە شوێنێکی تەنگژەییشدا یەکخراوە بۆ لەبری دانێك، پێ دەچێ زمان یەکێك بێت لەشێوە پێشنیار کراوەکانی ئەم چنینە هەمان ئەو چنینە ڕۆماننووسییەیە کە(بەرەکات) پێی دەنووسێت، هەروەها لە ڕۆمانی(پەڕ–ریش)دا هەمان جەربەزەیی دەبینین، جەربەزەیی ئەو شێوەیەی کە لەرووی ئەزموونگەریدا– لەوپەڕی سنووری خۆیدا– دەکرێتەوە، واتە: لێنزیك بوونەوەی خەیاڵ لێ کراو لە دەرەوەی خوددا(جیهان بینییەکانی گێڕانەوە لەسەردی کوردیدا.. سرووشتی دڵڕفێنی ناو چیاکان ئەو ئاماژە سۆفیگەرییانەی شوێن/ مت بوون دەیهێنێت)هەر ئەم لێ نزیك بوونەوەیەشە کە هەمیشە ڕێی بۆ خۆش دەکرێ بۆ ئەزموونگەری. لە کاتێکد تەقەللای دژایەتی(مت بوون–قەدەر– وەهمەکان) دەدات کە شۆڕبوونەوە و رووپۆشی نامۆ بەخودی کوردی لە سروشتدا پەسەندی دەکات.. ئەم(ڕەوتەش کەرەنگدانەوەی کەسایەتی خۆیەتی وەك(بێکەس) لە (فقهاء الظلام)دا و (ا–دهر) لە(أرواح هندسية)دا، بەرجەستە کردنی خۆی جارێکی دی لە (پەڕ–ریش)یشدا دەبینێتەوە، ئەویش لە نێوان کەسایەتی(مەم ئازاد) دایە کە کەسایەتییەکە لە دەرووبەری ڕۆمانێکی دیار نەکراودا دەجوولێتەوە(بۆشایی بونیادگەری) دەبێتە خوازەیەکی سوریالی، ئەمەش بە تەبیعەتی حاڵ لەگەڵ ڕۆمانی ریالیزمیدا ناکۆك دەبێت. ڕۆمانی(الامتلاء البنيوي) وەك ڕۆمانێکی ئامادە بوون و دڵنیایی(یقین) تیایدا کەسایەتییەکان دەبن بە خاوەنی ناسنامەو پسوولەی ناسینی کۆمەڵایەتی بەڵام کەسایەتییەکان لە چەشنی ئەوانەی باس کران وەك(مەم) دووچاری نا هاوسەنگی‌یەك دەبن، وەك لەو دەقەدا هەیە کە ناسنامەکەی ون کردووە. ڕۆمانی(پەڕ–ریش)یش ڕۆمانێکە دەربارەی ونبوونی ناسنامە دەدوێت) چاوپێکەوتنی (اليوم السابع) ژمارە(323)...

کەسایەتییەکی وەك(مەم ئازاد) ناچێتە ژێر باسکردنی دیاریکراودا بۆ کەسایەتی، واتە: بە بەردەوامی خاوەن پانتاییەکی کراوەیە بۆ دەسەڵاتدارێتی و زاڵ بوون... نامۆ بوونیش خۆی دژ بەکەسایەتییە. ناسنامەش وێنەیەکی نزیکە بۆ تێك ئالان لەگەڵ(واقیع/ کەینوونە)دا، بەڵام رقی لێیەتی چونکە واتای ئامادەنەبوونی دەگەیەنێت کە هەروەها واتای شۆڕبوونەوە و نوقوم بوون لەجیهانە مت بووەکاندا دەگەیەنێت... (دەزگا.... خۆ لەگەڵ خستن.... شوێنی بەرتەنگ.... پێوەندییە دەس پێشخەرەکان) ..... پێ دەچێ ئەو شێوەیەی لێرەدا بووە بەخەیاڵ بۆ کەسایەتی(مەم ئازاد) هەر بەشێواوی بمێنێتەوە... گرفتێکە هەمیشە لە گۆڕاندایە. بەڵام پێ دەچێ شتێکی لە ناو خۆدا هەڵگرتبێت، لەم حاڵەتەدا ڕەنگە بتوانین کەڵکەڵەکانمان هەست بە بوونی بکات، بەڵام هەمیشە خوتە خوتی نەسرەوتی و دڵەراوکێی دەکات.. ئەندێشەکانی(مەم ئازاد) خۆی لە خۆیدا ئەو خەسڵەتانە پێك دەهێنێت کە بیناسازی حیکایەتێن بۆ(دەق/ڕۆمان) و ... هەروەها ئەویش دەبێتە کۆمەڵێك موفارەقات و وێنەی دژ، نادیاریانە دەورو خولی دەدات. ئەویش زیاتر گوزارشت لە تێکەڵ بوونی ڕووداوو وێنەو بەیەکاچوون و دۆنا و دۆنی خودەکاندەکات، لەوساتانەدا یاخود تەنانەت لەو جیهانانەی کەلەو خەونە دەچێت کە هەمیشە ڕۆماننوس روو پۆش دەکات و زیاتر شۆڕی دەکاتەوە و بەناخدا نوقومی دەکات.گفتوگۆ لەسەر خەیاڵ و ئەندیشەکانی(بەرەکات)، لەو ڕاستییە گرنگانەیە کە دەبێت ئامارەی بۆ بکرێت، چونکە ئەو زۆر سوورە لەسەر زەمینە خۆشکردنی ڕەنگدانەوەی ئایدۆلۆژییەتی سیاسی و هزری خۆی لەو دیمەنانەدا، بەپێی تێڕوانینێکی تایبەت، کە دەتوانین پێی بڵێین تێڕوانینی بەرەکاتیانە، ئەویش بۆ هۆیەك دەگەڕێتەوە، ڕەنگە بەدیهێنانی لەلای زۆر کەس کارێکی سانا نەبێت، ئەویش بەدیهێنانی دەستکەوتی ئایدۆلۆژیەتێکی خاوەن بەرنامەی داڕێژراوی جیاوازە، یان بەواتایەکی دی سوور بوون لەسەر دۆزینەوەی ڕەوتی تایبەت، دوور لە زاڵ بوونی دەسەڵاتێکی تر، تایبەتمەندی خۆی بپارێزێت، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت(کاریگەری) ئامادە بوونی خۆی لەخەسڵەتەکانی ئەو دەنگە تایبەت بەخۆیەدا بەڕەوانی دیاری نەکات، ئەم حاڵەتەش لەکاتی سەلماندنی خوددا دەردەکەوێت، بەڵام شتێکی ڕەهانییە، بەڵکو ڕێژەییە و کەس حاشای لێ ناکات و کەسیش لێی بەری نییەو بەلای هەموانەوە ڕەوایە، بەڵام گرنگییەکە لەوەدایە(دەنگ) بوونی دەنگدانەوەی خۆی لە پلەیەکی بەرزدا بخاتەڕوو.

ناوەرۆکی سەردیش وەك یەکێك لە پێکهاتەکانی دەنگی تایبەتی بەرەکات لە جموجۆڵێکی زیندووی هۆشیارانەدا خۆی دەنوێنێ، بەپێی جودایی دیمەن و شوێن و رووکارەکان لەپانتاییەکی بەرفراواندا مەلە دەکات، هەندێ جار چەند رەگەزێکی درامیانە دەدات بەمەدلوولاتی دەق، تراژیدیا و میلۆدراما بە دارشتەیەکی هەمە جۆری تیادا کۆدەبێتەوە، بزووتن و جوولەی لەبارە ناساییەکەوە دەگۆڕێت بە جوولەیەکی پێچاوپێچ، پێویستی وای لێ دەکات لە چەندین خاڵدا کردەی دووبارەکردنەوەی لەلا دروست بکات، بەڵام لە بەجێ هێنانی چەندین درکەو خوازەی ڕەوانبێژی وەهادا دەردەکەوێت کە چەند نادیارییەك بدەن بە دیمەنەکانی دەق و وەرگریش لە بەدواداچوونیاندا تووشی وێڵییەك ببێت، جا ئاخۆ خوێنەر دەتوانێت خۆی لەو تاریکیەدا بگوازێتەوە بۆ رووناکیەکی زۆر ڕۆشن، دوابەیەکی ونبووەکان بدۆزێتەوە، چەمکە دەلالی و سرووشتییەکانی گێڕانەوەی دەق بەرزبکەنەوە بەرە و لوتکەی جوانکاری و ڕەهەندەکانی هونەر. (بەرەکات) لەو خەیاڵ کارانەیە کە هەردەم یادەوەری دەخەڵەتێنێت، بڕوانە دەقەکانی، لەوانە دەقێکی شیعرییە بە ناوی(مهاباد). یادەوەری(الذاكرة) لێرەدا تێك دەشکێت، دەبێتە ڕۆشناییەکی ملکەچ، ڕێکی ئامارکراوەکانی خۆی ناگێڕێتەوە کە زۆر لە وێڵستان(المتاهة) دەچێت... پرسیار دەکات و دەگەڕێت بە دوای چەندین جیهانی واکە زیاتر ئامادەبوونی خۆی بنوێنێ. یادەوەریش خەون و شوێنی هەمیشەیی(گەڕانەوە بۆ کوردستان) ئامادەکات، بەڵام، هەروەها ئەویش ئێستا هەڕەشەی رووخانی لێ دەکات، کە بەڵگەو هۆکاری خۆی لە(شێوە، بوون، نامۆیی، قبرس، پیاوی مەزن)دات هەیە. ئەمەش پاڵ بە(مەم ئازاد)ەوە دەنێ رووبکاتە هەمان وەهم و خەیاڵ، کە یادەوەرییەکی نەبوو لە شوێنێکی بوونیادگەریدا بەرز دەکاتەوە بۆ ئەو خەیاڵ، کە یادەوەرییەکی نەبوو لە شوێنێکی بوونیادگەریدا بەرز دەکاتەوە بۆ ئەو خەیاڵ لێ کراوەی کەوای لێ بکات بمرێت، لە کاتێکدا ئەو لە گەشتی گەڕانەوەدایە بۆ وەهم و خەیاڵی یادەوەری لە رووباری(جفجع)دا، یادەوەری لێرەدا ئەو وەهمەیە کە بە بەردەوامی پێکهاتەی زیرەکی و شارەزایی دەگێڕێتەوە... ئەم یادەوەرییە خەیالێکە بە روون و پاکی دەمێنێتەوە(مەم ئازاد) لە ئامادەکردنی خۆشەویستەکەیدا– کە خاوەن پێڵاوێکی سەربازییە– نوقم دەکات، کە کچی(حەمدی ئازاد)ە... ئامادەکردنی (شوێن، باڵندە)یە، چونکە ئەویش لە بری خزانی ئەو شوێنەیە کە هەمیشە لە ئاستیدا بەسەرسامی دەمێنێتەوە.(مەم) دەڵێت: (باڵندەکان تێم ناگەن بۆیە ئێستا بێ حەوانەوە بووم)(ل10).

هەرچییەك(سەلیم بەرەکات) تەقەللای بۆ بدات لە گومڕایی و سەرسامی یادەوەری و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە(نادڵنیایی– اللايقين) هیچ سوودێکی(شوێن، دامرکاندنی)ی نییە... ئامادەبوونی شۆڕ بوونەوەو نوقم بوون کە هەمیشە تێ

ڕووانین و ڕامان دەگوازێتەوە، ئامادەکردنی دیاری کردنە لە ڕێی خەیاڵ لێ کردنەوە، ئەویش ئەو کارەیە کە هەردەم بەڕێوەی دەبات(باڵەکان ئەو بەڵگە سەلمێنراوەن کەزەوی خۆی پێشکەش بەراستییەك دەکات زیاتر مایەی حەپەسانە، وەك لەوەی ڕازی بێت بە سەلماندنی یەکێکی نادیار)(ل75) بێجگە لە گەڕانەوەی ئەو پێشبینییەی کە یادەوەری بە کۆمەڵی کوردانی تیاداتێك دەئاڵێت.. ئەویش بەو ئەزموونە پتەوەیە کە نووسەری پاڵەوان تیایدا دەژی و هەردەم هەوڵ دەدات سەرپێچی ئەومتبوونە بکات کە ڕووەو ساغ کردنەوەی ڕاستی(تەماهی) پاڵی پێوە دەنێت لەگەڵ چەندین وێنەی

ڕۆمانسی لە کەلەپووری کوردیدا... تیایدا(مەم ئازاد)بە پاڵەوانێکی ئەڤینی خەیاڵی لە چیرۆکێکی کەلەپووری کوردیدا ڕاستی خۆی ساغ دەکاتەوە... ئەویش چیرۆکی(مەم و زین)ی(ئەحمەدی خانی)یە... ئەم ڕۆمانە لە دەرخستنی نموونە خەیاڵییەکانیدا دەچێتە ژێر ڕکێفی گەمەی دەمامکەکان... کەشوهەوایەکی ئابڕووبەر لەگەڵ کەلەپووری کوردیدا دەخوازێت، لە کاتێکدا ساغ کردنەوەی ڕاستییەکانی(تەماهیەکان) بەردەوامە... هەروەها یەکتربڕ لەگەڵ واقیعی دامرکاودا... دەمامکەکان خۆیان وێنەی ونبوونی هەمیشەیین بۆ(بوون، شوێن)... کە نووسەر ڕووی تێ دەکات بۆ ئەوەی پێشنیاری چەندین شێوەی گۆڕاو بکات. ئەویش بۆ بوونایەتیەکی دی... کە بوونی خۆی لە ڕێی دوالیزمێکی دژدا دادەمەزرێنێت و هەمیشە بەردەوامە لە خرۆشاندنی قووڵی پەژارەی کەسایەتی و گرفتەکانی لە شوێندا... کە واقیعی مێژوویی و ڕۆژانەیی هەڵی ناگرێت، وەك لە کەسایەتی(مەم ئازاد)و کەسایەتی (بێکەس) لە ڕۆمانی(فقهاء الظلام) دا دەردەکەوێت.

(سەلیم بەرەکات) لە نووسینی ڕۆمانەکانیدا هەوڵی ئەوەی داوە کە بوونەوەری خۆساغکار(الكائن المتماهي) لە ڕێی خەیاڵ لێ کراوەوە دابڕێژێتەوە و کە هۆگرانە لە چامەکانیدا ماوەتەوە، لەوێدا ئەزمانە ئاڵۆزو بەرزبووە دەنووسرێتەوە کە لەسەر شێوەی(بارناسینەکان)ە... حیکایەتی پاڵەوانەکانی یاخود ئەو پێکهاتانەی کەلەحیکایەت دەچێت(شێوانی سەرد) بە بەردەوامی دەگۆڕێتە سەر چەندین دەمامکی حیکایەتیانە، ئەوەش هەوڵێکی بەردەوامە بۆ دۆزینەوەیەکی تر.

وەك لە ڕۆمانی(پەڕ-ڕیش)دایەو کەتیایدا ئامادەنەبوونی مێژووی کۆمەڵایەتی دەبینێتەوە. دەری دەخات لە پێناو ئامادەکردنی وەهم لە کەسایەتی(مەم) و شۆڕبوونەوە و نوقوم بوونەکانی لە چەندین وێنەی خەیاڵی هەمیشەیی زۆردا.

ڕۆماننووس تەقەللای ئەوەی دەدات بگەڕێت بە دوای وێنەی گونجاوی ونبوو و ڕیتمی ئامادەنەبوو کە هەمیشە لەبەردەوامی و دۆزینەوەی ڕاستی(تەماهی) دان لەگەڵ بوونی تۆژینەر بەدوای وێنە یاخود بوونێك(كينونة) لە چیندا یاخود شوێنی گرفتیدا خۆی دەنوێنێت.

پرۆژەی شیعری(سەلیم بەرەکات) کارێکی گەلێ گرنگە، ئەم شاعیرەمان قوتابخانەیەکی تایبەت بەخۆی پێك دەهێنێت، ئەو هەر بەوەوە نەوەستاوە هەر کار بکاتە سەر ئەو وەچەیەی پاش خۆی هات... بەڵکو لەوە زیاترە، هەروەها لەو ناوانەی لەڕووی کاتەوە لەگەڵ ئەودا لە ڕەوتی ژیاندان، چ لە هاوتەمەنەکانی بێت یاخود لەوانەی پێش خۆی، لە هەر کوێیەك بێت ئەوا واژەکانی هێمای بۆ دەکەن(لەدەقدا بێت و.... بۆ هەر باڵایەکی بەرزبێت).... بەناوی ئەوەوە بانگی دەکەن... هەروەك چۆن باڵندەکان بەدوای سێبەری خاوەنەکەیەوە کەوتوون. هەرچەندە لێکۆڵینەوەی خێرایی کەم ئاوڕیان لە ئەزموونی ئەم شاعیرە داوەتەوە، بەڵام نەیانتوانیوە هاوتایی شەتەکی ئەزموونەکەی بن و سەراپا وەك خۆی پێشکەشی بکەن و مافی تەواوی خۆی بدەنێ. لە کاتێکدا کەڵکەڵەی زۆر لەوانە لە ڕووی داهێنانەوە لەودیو ئامادەنەبوونی ئاشکراو زۆر زەقیەتی.

جێی داخە کەسانی دی(پێش ئێمە) سەلیم بەرەکات بناسن و (بەرهەمێك) بۆ ئێمە بنێرێت بێ ئەوەی بەردەوام بین لە بەدواداچوونی هەنگاوە داهێنراوە سەرەتاییەکانی، وەك هەمیشە ڕوویداوە و ڕوودەدات لەتەك هەر ئەزموونێکدا. ڕەخنەی ئەدەبی-لەلای ئێمە- قەرزارباری ئەم ناوە نائاساییەن جا ئەگەر لەگەڵ ئەودا هاوبیرو هاوڕایین یاخود جیاواز، ئەوا شتێکی بەڵگە نەویستە کە ناتوانرێت هیچ مەترسییەك لە ئەزموونەکەی بکرێت مادام زۆر بەهێزو تواناوە ڕوخساری خۆی چەسپاندووە، ئەو وەك واقیعێك سەیر دەکرێت- لە کاتێکدا هەموو دەنگەکان لەیەك دەچن- بەڵکو زۆر کەس هەن- تەنانەت لە ڕێبازی نووسینی و.... و....و .... شێواز تۆمار کردنی نامەکانیشیدا لاسایی ئەو دەکەنەوە، بەڵام نەبوونی بەهرە لەلای زۆربەیان... ناراستگۆیی... کە هەندێکیان پێوەی دەناڵێنن وای کردووە دەقەکانیان بەرەو قووڵایی سەرەخوار تێك بشکێن و ڕۆبچن. لێرەدا بۆ نموونە یەکێك دوای سەلیم هاتووە و دەستی بۆ هەندێ لە هێما کاریگەرەکانی بردووە:

(کەو... چیا... بنار... خاك وخۆڵ.... تاد) بێ ئەوەی هیچی بخاتە سەر، پشتی پێ بەستووە لە ناو شیعرییەتێکی دروست کراوی پێشتردا.

-بۆ پینە کردنی دەقە کزو لاوازەکانی- بەڵام هەرگیز.. مادام تەختی نەخۆشی و خەیاڵ و وەهم ئەویش لە نەماندایە.

ئەمەش ئەگەر بەڵگە لە شتێك بکات، ئەوا ئێستاو ئەوسا بەڵگە لە باڵابەرزی ئەم شاعیرە گرنگە دەکات...

تێبینی

بۆ نووسینی ئەم وتارە سوود لە وەرگرتنی چەندین بڕگەی ئەم سەرچاوانەی خوارەوە بینراوە، بەڵام بەدەسکارییەوە، لەبەرئەوەی زۆر لە وشە و زاراوە ڕەخنەییەکان- بەتایبەتی بونیادگەرییەکان- لە کوردیدا بەرامبەریان نییە، بۆیە ناچار بەراڤە کردن وەرمگێڕاون....

سەرچاوەکان

الراوي: الموقع والشكل-يمنى العيد.

وتارێکی(ابراهيم اليوسف-سوريا) بەناونیشانی(سبع علامات في القصيدة السورية الحديثة- سليم بركات و ضوح القضية غموض النص) گوڵانی عەرەبی ژمارە(29).

وتارێکی(عقل العويط) بەناونیشانی (البازيار ل(سليم بركات) الخروج الى شمس المعنى).

وتارێکی(علي الفواز) بەناونیشانی(سليم بركات) المتخيل السردي الذي يبدو شعرا).



مهابادی سەلیم بەرەکات، مهابادی ئێمە..

عەبدوڵلا تاهیر بەرزنجی

ئێوارەیەکی سالی1983 پێکەوە لەگەڵ ڕەخنەگری عێراقی(حاتم الصگر)دا بەرەو ئەزمر دەڕۆیشتین، لەبیرمە قسەو گفتوگۆکانمان بەدەوری دوو کەسدا دەسووڕانەوە. یەکێکیان(کمال ابو دیب) و هەوڵە بونیادگەرییەکانی بوو، دووەمیش سەلیم بەرەکات بوو. حاتم ئاماژەی بۆ شیعری بەرەکات دەکرد. دەیویست کاریگەری سەلیم بەرەکات بەسەر دەنگەکانی شیعری حەفتاکانی عێراقدا دەستنیشان بکات. دەکەوتە بەراوردکاری لەنێوان شیعری سەلیم و چەند بڕگەیەکی(خزعل الماجدی)دا. پاشان هاتینە سەر هەڵوێستی سەلیم و دەربەدەری و کوردایەتی بەرەکات، بۆیە رایکێشاین بۆ ئەو ئەدەبەی کوردان بەزمانی عەرەبی دەینوسن: سەلیم، محی‌الدین زەنگەنە، یوسف حەیدەری، ئایوسف حەیدەرەی ئەمریش زۆرجار دەیگێڕایەوە کەچۆن لە میهرەجانی(مربد)دا ئەدیبێکی زۆر دەوری سەلیم بەرەکاتیان دابوو، هەر یەکەیان هەوڵی ئەدا دوا نوسخەی یەکێك لەکتێبەکانی سەلیمی بەرکەوێ، هەموو دەستیان بۆ درێژکردبوو ئەویش سەری سوڕمابوو نەیئەزانی ئەو تاکە کتێبەی خۆی بەکامیان بدات، یوسف حەیدەری دەیوت: منیش یەکێك بووم لەو ئەدیبانە، بەڵام لە پاسا زۆر ئەبوون بۆیە چارە نەما، لەپر بەکوردی هاوارم کرد:

ئەزبەنی من کرمانجم ئەو کتێبە بدە بەمن ئەویش بەدەنگم گەشایەوەو زیاتر لێم نزیك بووەوەو کتێبەکەی پێشکەش کردم.)

لە هەشتاکانا کتێبێکی خۆمم بۆ نارد ئەو کاتە لەدەرەوە سکرتێری گۆڤاری(الکرمل)بوو. ڕۆژێك بەبەریدا شیعرێکی درێژی خۆی بە ناوی(مهاباد)ەوە بۆ ناردم. سەلیم بەرەکات شیعری زۆر بوو بەڵام ئێستا ئەو پرسیارە دووبارە دەکەمەوە بۆ لەناو ئەو هەموو شیعرە زۆرەدا سالی 1988 ئەو شیعرەی بۆ ناردم کەناوو ناونیشانی(مهاباد)بوو. نووسینی ئەو شیعرە لە کۆتایی هەشتاکاندا پڕە لە مەغزاو دەلالەتی کوردی و کوردایەتی سەلیم.

ئەم شاعیرو ڕۆماننوسە نوێخوازە لەناو ئێمەدا درەنگ ناسرا، کوردێتی خۆی و نووسینەکانیشی بەکورد نامۆ بوو، کوردی ئەم کوردستانەی خۆمان لە کۆتایی هەشتاکانا سەلیمیان ناسی، ئەو کاتە چەند ساڵێك تێپەڕبوو بوو بەسەرمشت و مڕو دەربڕینی بۆچوونی ڕەخنەیی عەرەبی جیاواز دەربارەی زمانی فرە شیعریی سەلیم بەرەکات و کاریگەری بەسەر دەنگەکانی ئەو سەردەمەوە. ڕەخنەگرو خوێنەر لەبەردەم ئەدەبی سەلیم بەرەکاتدا سەریان سوڕئەمێنێ چونکە ڕوبەڕوی ئەدەبێك دەبنەوە بە زمانی عەرەبی نوسراوە بەڵام پڕە لە تایبەتمەندیی زاتی کوردی و وردەورووبەرێکی جیاوازە لەسیمای ئەو زمانەی کەئەدەبەکەی پێنوسراوە. هەر ئەمەیشە بۆتە هۆی ئەوەی هەندێك لەڕەخنەگرانی عەرەبی توشی گرفت ببن لە کاتی خوێندنەوەی دەقەکانی سەلیم. ئەوان دەقێك دەخوێننەوە بەزمانەکەی خۆیان نوسراوە، بەڵام زۆرجار هەواڵەی سەرچاوەیەکی دەستەجەمعی شاعیریان دەکات، سەرچاوەی مێژوویی، کۆمەڵایەتی، دەروونی میللەتێکی وەك کورد کەسەلیم دەیانگوێزێتەوە بۆ ناو قەفەسی شێوە.

من دەڵێم زەحمەتە بەئاسانی سەلیم بەرەکات بخەینە خانەی وەك: ئەمە ئەدەبێکە کوردێك بەعەرەبی نوسیویەو بەس، دیارە زۆرن ئەو کوردانەی کە بەزمانی عەرەبی دەنوسن بەڵام هەندێکیشیان نەك ئەدەبەکانیان دورن لەسیمای کورد بەڵکو قایل نابن بەوەیشی کوردیەتی خۆیان ئاشکرا بکەن.

سەلیم لەم دوو حاڵەتە دوورە، کوردێکی دەربەدەرە بەشانازییەوە وەك ڕۆشنبیرێکی کورد بەشێك لەتەمەنی لە پێناوی کێشەیەکی مرۆڤایەتی وەك کێشەی فەلەستینا بەکردەوە سەرف کردووە ئەگەرچی لەژێر سێبەری ئەو کێشە مرۆڤایەتیەدا بووە. بەڵام هەر لەدەقەکانیا کوردانە ڕاماوە بیرەوەری شکستی کورد هەوێنی دەقەکانی بووە بۆیە دەکرێ بڵێین بە عەرەبی نوسینی سەلیمی کورد دورە لەخانەو خانە بازی، چونکە وەك حاڵەتێکی تایبەتی وایە، دیاردەیەکی ئەدەبی جیاوازە. زۆرن ئەوانەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ڕووداوە مێژووییەکانمان بوون بەبنکەی هونەری دەقەکانیان، بەڵام دەڵێم: شیعرێکم بدەرێ بەکوردی دەربارەی مهاباد بێت و وەك مهابادی سەلیم بەرەکات بووبێت بەدەق. من چی لەسەدەها شیعرو چیرۆك بکەم کەدەربارەی ڕوداوێکی وەك مهابادن و بەکوردیش نوسراون بەڵام مەرجەکانی دەقایەتیان تیانییە.

هەربوون بەبابەت بەڵام خاڵین لەرونیا. جا ئیتر بۆ ناکرێت دەقی مهابادی سەلیم بەرەکات بەسەر هەمویانا سەرخەین چونکە خوێندنەوەیەکی باڵاوو درەوشاوەی هونەریانەی ڕوداوێکی وەك مهابادە. من بەیەکجاری لەگەڵ ئەوەدا نیم ئەدەب بەگشتی لەسەدا سەد پەیوەندی لەگەڵ دەرەوەدا ببچڕێت. هیچ کاتێکیش دەق لەبیرەوەری(ذاکرة) سپییەوە دەست پێناکات، چونکە دەق نییە بەتەواوەتی نەك لەدەرەوە دابڕێت بەڵکو ناتوانێت لەدەقی دەروبەرو پێش خۆیشی دابڕێت، بەڵام دەبێت چۆنێتی هاتنە ناوەوەی ئەو دەرەوەیەو چۆنێتی کارکردنی هەل و مەرجی هونەری خۆی هەبێت.

گرفتی شیعری ئێمە لەوەدایەکەلە ڕوداوە گشتی و مێژووییەکان نزیك دەبێتەوە لەجیاتی ئەوەی ئەو ڕوداوانە ڕابکێشێت و بیانهێنێتە ئاستی خۆی و ڕەنگ و بۆی شیعریەت بەسەریانا داڕێژێ، بەپێچەوانەوە هەرەکەت دەکات و واز لەپلە بەرزەکانی خۆی دێنێت و دادەبەزێتە ئاستی ڕوداوەکان. لەو کاتەیشدا درەوشانەوە شیعرییەکە لەناو دەچێت لەشیعری نوێدا رونیا بەسەر بابەتدا زاڵ دەبێت،واتا وەك بابەت مامەڵە لەگەڵ نوێدا ناکەین، بۆیە هەموو شتێك سەبارەت بەشیعر نوێیە، بچووك بێت گەورە بێت! مێژوویی بێت یاخودی بێت. ئەگەر

روئیا بەکار بێت ئەوەشت نییە بەنوێی نەمێنێتەوە.

کورتبینی شاعیری کورد لەوەدایە لەڕوداوێکی وەك مهابادا ئاستە گشتییەکان وەردەگرێت و بەزمانێکی گشتی قسان دەکات، گۆشە نیگا دیاری ناکات بەتایبەتی زۆر لە شاعیرانی سەرەتاکانی نوێگەریمان یا بلێین یەکەم نوێگەریمان ڕوداوی مێژوویی یاکۆمەلآیەتیوەك مێژوو کاری کۆمەلآیەتی بۆ ناو شیعر کۆچیان کردووە بەبێ هیچ گۆڕانکاری و وەچەرخانێکی هونەری، بۆیە بەدەگمەن مهابادێکیهونەری، یا هەڵەبجەیەکی هونەری لە شیعری کوردیا دەبینی. ئەگەر سەد شیعر سەرچاوەی دەرەکی لەمهاباد وەرگرتبێت دەڵێی یەك شیعر دەخوێنیتەوە یەك زمان و وێنەو واژەت بەرچاو دەکەوێت هۆیەکەیش دەگەڕێتەوە بۆ بزر بوونی روئیاو گۆشە نیگاو خۆبەستنەوەی شاعیر بەلایەنە گشتییەکانەوە.

شیعری(مهاباد)ی سەلیم بەرەکات جیایە لەو شیعرە زۆرەی کەبۆ مهابادە وەك ڕوداو بەلآم بۆ مهاباد نییە وەك شیعرو هونەر. مهابادی سەلیم بەرەکاتە واتا مهابادێکە پێکهێنراوە، دورە لەمهاباد وەك ڕوداو و سەرچاوە. مهابادی ئێمەیە وەك زمانی مێژوو بەلآم مهابادی سەلیم بەرەکات خۆیەتی وەك گوتار و پێکهاتەی شیعری.

کاتێ خوێندنەوەی مهابادی سەلیم دەتوانێت ئاماژە بۆ چەند گرفتێکی شیعری کوردی بکەیت کەسەرچاوە لەڕوداو وەردەگرن، ئەویش لەڕێگای کردنی مهابادی سەلیم بەنموونەیەکی پرشنگدارو پڕبوو لەمەرجەکانی دەقێتی، وەك گرفتی: پەیوەندی نێوان شیعری و مێژوویی، گرفتی ئاوابوونی ڕێك و پێکی زمانی شیعری، گرفتی ناونیشان و پەیوەندی لەگەڵ ئەندامەکانی تری دەقدا، گرفتی ئەندازەی شێواو. ناونیشانی شیعرەکەی بەرەکات(مهاباد)ە، واتە ناونیشانەکە بریتیە لە تەنها وشەیەك دەلالەت لە شارێك دەکات، دەلالەت لە ڕووداوێك و بەشێك لە مێژووی هاوچەرخمان دەکات واتا ناونیشانەکە لەیەك کاتدا دوو لایەن لەخۆ دەگرێت و دوانەی شوێن و کات پێکدەهێنێت، شوێن وەك شارێك و زەمەنیش وەك ڕوداوو کارەساتێکی بالآو هەڵچوو خەفەکراو. ئەندامەکانی تری دەقەکە یا جەستەی خوارەوەی دەقەکە ئەوە دەرئەخەن کەجەختکراوەتە سەر زەمەنی مهاباد نەك مهاباد وەك شوێن.

ناونیشانەکە ڕونە بەلآم ئاڵۆزی پێکهاتەی دوانەیی شوێن و زەمەن لەو ڕونییە دوری دەخەنەوە. ئاڵۆزی و بەیەکاچونی پەیوەندییە شاراوەکانی ناو دەقەکە ساکاری بەزاهیری ناونیشانەکە رەتدەکەنەوە ناونیشانەکە بەئاشکرا هەواڵەی سەرچاوەیەکی مێژوویی یا ڕووداوێکی شۆڕشگێڕانەی کپکراوەمان دەکات بەلآم دەقەکە لەدەلالەتە ئاشکراو سواوەکانی ڕوداوەکە دوور ئەکەوێتەوە لەسەر ئاستی وێنەو گۆشە نیگا وەرچەرخانی تیا ڕوئەدات خۆی دەداتە دەست تەوژمی خەیاڵ تا سەرچاوەکە لە ناو دەقەکەدا کاڵبێتەوەو لە ناو پەیوەندییە هونەریەکاندا ون بێت. هەر بۆیە لە کۆتایی دەقەکەدا یەك دوو جار ناوی مهاباد دێت ئەویش نەك وەك شوێن بەڵکو وەك ڕوداوێك ڕەنگو بۆچوونی نوێ و جیاواز وەردەگرێت. نەفەسی ئەم شاعیرە درێژە بەلآم زۆر لە خۆکردنی نییە، پێگەیشتن و پەرەسەندنی سروشتی لەلای ڕێگا بەوە نادەن لەهەڵچونی هونەریدا خڵتەو بەرد و زیخ و چەو لەگەڵ خۆیا هەڵگرن. ئاوابوونی وشەیەك کون دەکاتە جەستەی شیعرەکە، پێکهاتنی ئاسایی دەشوێنێ.

یەکێك لەشێوازە دیارەکانی ئەدەبیسەلیم بەرەکات تێکەلآوبونی گێڕانەوە و شیعرە لەڕۆمان و شیعرەکانیا. لەڕۆمانەکانیا شیعریەت تێکەلآوی گێڕانەوە دەبێت، لە شیعرەکانیشیا گێڕانەوە دەچێتە ناو شیعرەوە و ئەرکی هێنانەدی شیعریەتی بێ دەسپێررێت، واتە گرفتی سنوری نێوان ژانرە ئەدەبییەکان لەلای نامێنێت، خەیاڵە گێرراوەکانی هەر وەك شیعر دێتە پێش چاو هەر ئەو دیدە شیعریانەیشێتی کەدەبنە پێکهێنەری دیدی گێڕانەوە لەلای شیعریەتی گێڕانەوە لەدەقی(مهاباد)دا چڕی و دیدو بۆچوونی کراوە بەئەنجام دەگەیەنێت. ڕووبەری درێژی شیعرەکە تێڕامانێکی درێژوو کراوەی بەسەرا ڕژاوە لەڕێگای هونەری گێڕانەوەو ڕستەی کراوەوە، ئەمە بێ ئەوەی بەرەلآییەك دروست بکەن، بەڵکو دەچنە ژێر ڕکێفی بونیادێکی ستاتیکییەوە. غەرائیبیەت فەراهەم دێنن لە ناخیانا واقیع وندەکەن بێنەوەی بەیەکجاری دەزوی پەیوەندییەکانی لەگەڵدا ببچڕێنن.

شیوەی کارکردنی سەلیم لەم دەقەدا لەوەوە دەست پێدەکات کەدکتاتۆرێتی بەخەیاڵ بەخشیوە واتا: خەیاڵ ڕوبەری سەرچاوە دەرەکییەکە(مهاباد وەك ڕوداو) هەڵئەوەشێنێت، ونی دەکات تاسەر لەنوێ وەك هونەری شیعر دروستی کاتەوە، بە مانایەکی ڕوونتر ڕوبەری واقیعی تێکدەدات، بونیادەکە (کەلە شێوەی سەرچاوەکەدایە) دەروخێنێت تا سەر لەنوێ بەیاسای شیعر بینا بەرز بکاتەوە.

بۆیە مهاباد وەك شوێن و زەمەنی زەق پەرت دەبێتەوە،مەودا ئاساییەکان ئاوا دەبن. ئەمەش بەپێچەوانەی سەدەها شیعری کوردییەوە کەبۆ مهاباد نوسراون بەلآم لاسایی کردنەوەی مهابادن وەك سەرچاوە... چوار هەنگاو لە مهابادەوە وەك سەرچاوە، بەرەو مهاباد وەك شیعریەك، دورناکەونەوە. هەر بۆیە پڕ دەبن لە ژماردنی ناوی شەهیدو شاخ و ڕووبار و دارو بەردی مهاباد.

هەر لێرەوە بەلاتەوە سەیر نەبێت وێنەی جموجوڵی یاریکەرو تۆپ و یاریگەو چەندەها شتی تری غەریب بێنێتەوە ناو چوارچێوەی شیعرەکەیەوە، وێنەی وایان لێ پێکبهێنێت:(اما اللاعبون هؤلاء الذین امانة الفجر بیننا، حتی نعثر لهم علی مساکن تلیق بالعظام. واللاعبون یمتحنون الفجر الان بعصیهم الطویلة و کراتهم، بقفزاتهم، وحدیدهم الخفیف مثل شفق محمول علی حمار).

دەسەلآتی خەیاڵە مهاباد وەك ڕوداو ئاوادەکات(یغیب) تا ئەم وێنە غەریبە جوانانە ئامادەگییان هەبێت. سێبەرێکی ئەفسانەیی بەسەریانا زاڵدەکات، مەودایەکی جیهانیشیان پێدەبەخشێت واتا لە پێناوی بەرزکردنەوەی وێنەکان و ڕوداوە نەتەوەییەکان بۆ ئاستێکی جیهانی، لەڕێگای شیعرەوە هەوڵدراوە وێنەی شمولی و ئینسانی دروستبکرێت لە هەمان کاتدا جۆرە ڕەمزێك لە ئەدەبی سەلیم بەرەکاتدا هەیە بەکورد ئاشناترە. پاراو لەدەلالەتا بەلآم ڕەنگە هێشتا عەرەبێك یا فەرەنسییەك ئەوەندە نەزانێت کەچ هەستێکی مێژوویی کوردی لەناخی خۆیا ئاوا کردووە. کوردێك چاکتر دەتوانێت چین لەسەر چینی وێنەی وەك ئەم وێنانەی مهاباد هەڵداتەوە تا دەگاتە سەر سەرچاوە مێژووییە پێکهێنەرەکانیی؟!

(وانا هنا، موزع بین العدائین، في الفجر الذي لن یربحه احد، في الفجر السیاف الذي یجر صباحا مثقلا بنمیمة الریح، وانا هنا، تتقدمني

شاحنات عجولة تنزلق عن مقاودها ايدي السائقين، ريثما يتأمن للموتى مصادفة موت اخر يحتلق الحياة بأكاذيبه).

دەشێ بڵێین خوێنەری شیعری مهاباد چاكترە ئاگای لە ڕووداوەكانی مهاباد بێت كەسەرچاوەی شیعرەكەیان پێكهێناوە، بەڵام لەهەمان كاتدا پێویستی پێی نییە چونكە ڕووداوی شیعری دەخوێنێتەوە قەناعەتی تەواو بەپەیوەندی و شێوەی پێكهاتنی شیعرییان دەكات.

لەڕستەیەكی شیعریی وەك(ا ابوح لكم كم خدعني الجيران لادخل هذا السباق؟) خوێنەری هەموو میللەتێك دەزانێت دەلالەتی پاراوی پەیوەندی نێوان ئەم وشانە چییە؟ بەڵام ڕەنگە هەمویشیان نەزانن سەلیم بەرەكات لەدوای مانای ئەم ڕستەیەوە هەواڵەی چ سەرچاوەیەكی مێژوویییان دەكات كەلەدەرەوەی دەقەكەدا قوتبۆتەوە.

ئەم شیعرە درێژە، درێژی خۆی لە چەندایەتی سروشتی خۆیەوە وەدەست هێناوە نەك لەڕێگای نەش و نماكردنی دراميیەوە یا فرە دەنگییەوە كەدەبنە وەسیلەیەك بۆ درێژبوونەوە، چونكە هەست بەبوونی فرە دەنگی و بەكارهێنانی تەكنیكی درامی لە مهابادا ناكەین. تەنها یەك كەس لە ڕێگای بەكارهێنانی(ڕاناوی قسەكەرەوە) قسە دەكات بۆ تاكێك، هەندێ جاریش بۆ ڕاناوی نادیاری كۆ، ئەو ڕاناوانە گوتاریان ئاڕاستە دەكرێت جموجۆڵیان لەدەقەكەدا نییە وەك گوێگروان. ئەمەش وادەكات فرە دەنگی نەرەخسێنێت بەڵكو بەدرێژایی ئەو دەقە درێژە ڕاناوێكی قسەكەری نەفەس درێژ ڕامانی خۆی بەسەر سپێتی كاغەزدا بڕژێ، بێ ئەوەی بۆشایی سپی لەڕووبەرەكەدا دەركەوێ واتا بەردەوامییەك لە گوتارو قسەكاندا هەیە ڕێگا نادات هیچ فاسیلەیەك دروست ببێت. ڕاناوەكان بێ قسەن تەنها وەكی (بینەر) سەیری یاریگەكە دەكەن هەر ئەمی یاریكەرە تووشی شكست دەبێت، لە یارییەكاندا شكستەكانی دوبارە دەبنەوە.

بۆیە شیعرەكە وەك مەنەلوجی لێدێت دیالوگ ڕۆڵی نابێت.

لەمهابادا ڕاناوی قسەكەر بەسەر مێژووی شكست و ئاوابووندا دەكرێتەوە ئەو ڕستانەی كەدەریان دەبڕێت دەبنەوە بە جۆرێك لەنیشاندانی ئاوابوونی دەستە جەمعی.

(والريح؟! مالها؟! من(مهاباد) الى (مهاباد) ايضا كلها من

مهاباد الى مهاباد

كل عويل من(مهاباد) الى (مهاباد))

ڕستەو وێنەو دەربڕین و گوتاری قسەكەری دەقەكە دەلالەت لەشكست و كارەسات و كەوتن و مەینەتییە وەك یاریكەرێك قەدەری دوبارە بوونەوەی كەوتنە مهابادی سەلیم لێرەدا وەك پێشانگا یا ئەنتیكەخانەی شكستە بەردەوامەكانی مێژوومانی لێدێت. واتا مهابادێك كەلەو پەری بەرزاییا بوو هاتنە خوارەوەی خەمی ڕەشی بۆ بەرهەمهێناین. لەم شیعرەدا دەنگی خەمی هەموو شكستە نوێ و كۆنەكانی تری لێوە دێت(كل عويل من مهاباد الى مهاباد).

مهاباد وەك مەتحەفی هۆنراوەیەك. ڕۆژ، شەو، بەیانی چ كاتێك سەردانی كەی هەموو شێوەیەك یا جۆرێك لەكەوتن و ناڵەكانی مێژووی شكستەكانی تیادەبینی. ئەگەر ڕێگا بەخۆمان بدەین و زاراوەیەكی وەك(پەڵەی ڕەنخەوانی) یا زاراوەی وەك(بيت القصيد)ی ڕەخنەی كۆن بەسود وەرگرتن لە خوێندنەوەی دەقێكی نوێی وەك ئەم دەقە بەكاربهێنین ئەوە دەكرێت ڕستەی(كل عويل من مهاباد الى مهاباد) یا چەند ڕستەیەكی پاش و پێشی ئەم ڕستە بكەین بەیەكەی بچووك كەڕەنگی بەسەر كۆن و كەلەبەری دەقەكەدا ڕشتووە. گشت(كل) دەلالەتێكی ئاشكرای هەیە جیاوازی و هیچ جۆرە جیاكردنەوەیەك ناكات(كلها من مهاباد الى مهاباد) نەوتراوە (العويل من مهاباد الى مهاباد) ئەمە وای كردووە گریانەكان لەیەك بچن، سەرەتا مهاباد بێت و كۆتایش مهاباد، وەك ئەوەی وا هاتبێت ڕێگاكان لە مهابادەوە دەست پێبكەن و بۆ مهابادیش بچنەوە، بەڵام نەك وەك دەرچوون و چوونەوەی كەسێكی ئاسایی بۆ مهاباد (وەك شار) بەڵكو بۆ مهاباد وەك ڕووداوێكی گەورەی مێژوویی نوێ. دەرچوونەكانمان لە مهابادەوە لەشیعرەكەدا خۆیان لە (الريح؟) ڕەشەبادا دەبیننەوە گەڕانەوەكانیشمان خۆیان لە(العويل)ی شیعرەكەدا دەبیننەوە(والريح؟! مالها من(مهاباد) الى (مهاباد) ايضا كل عويل من(مهاباد) الى (مهاباد) والامومة حيرى بأثدائها الحجرية).

وشەی(ڕەشەبای) ئەم ڕستەیە دەلالەت لە **توڕەبوون و هەڵسان و دەست پێكردنی مێژوویی** دەكات نەك لەدیاردەیەكی سروشتی و بەس چونكە لە پاڵ وشەی مهابادا هاتووە كەدەلالەت لەزەمەنی هەڵسان یا ڕووداو دەكات.

هەموو هەڵسان و تووڕەبوونەكان و دەستپێكردنەوەكانمان وەك توڕەبوون و سەرەتای مهاباد وان. هەموو لێدانەكانی ئەوانیش قورسن وەك مهاباد. (كل عويل من مهاباد الى مهاباد) لەم ڕستەدا وشەی(عويل) دەلالەت لەگەڕانەوەو بەرزبونەوەكانمان دەكات) هەموو دەرچونەكان بەهێزن وەك ڕشەبا، هەموو گەڕانەوەكانیش گریەو ناڵەن چونكە دەچنەوە سەر مهاباد، ناو جەرگەی نمونەیی كارەساتەكان.

دایكایەتیەكانیشمان بەدەس مەمكە بەردینەكانەوە داماون دیارە مەمكی بەردین هیچ پەروەردەو گەورە ناكات(والامومة حيرى بأثدائها الحجرية بين ابنائها).

شتێكی ئاساییە كە هەڵسان لە(با) بچێت چونكە هەموو هەڵسانێك جموجوڵێكی تیایە بەڵام سەیر لەوەدایە كۆتایی و گەیشتنە لوتكە ببێت بەناڵەو گریان(عويل). بۆیە دەلالەت لەسەرفرازی و ئاسودەیی و خۆشی و خەندە دەكات. لەڕوداوو سەرچاوەكەدا ئەو شكستە هەیە، بەڵام سەركەوتن لەدەقەكەدا نرخ و بەهای هونەری لەوەدا دەبینرێتەوە دژێك كە(گریانە) بەكارهێنراوە بۆ نیشاندانی پۆپكەو لوتكەی ڕوداو.

تۆ بڵێی: بۆچی دایكایەتی داماواو سەرسوڕماو بەمەمكە بەردینەكانێوە لەبەردەم كوڕەكانیا بوەستێ؟ چونكە كوڕان چەند لەبێبەرهەمی بێزار بووبن ئەوندەیش چاوەڕوانی ئەوەیان نەكردووە مەمكی دایكیان لەبەرد بێت جودا لەمەمكی هەموو دایكایەتی دنیا. ئەم وێنەیەیش چەندی جەخت لەسەر حاڵەتی بازنەیی ڕووداوەكان بكات ئەوەندە قەدەرییەت دەرئەبڕێت(ڕەشی ڕووداوەكە نەك بینینی شاعیر).

هیچ كاتێكیش لە خوێندنەوەی ڕەخنەییدا ئەو پرسیارە ناكەم بۆ ئەو قەدەرییەتە؟ بەڵكو دەڵێم ئەو قەدەرییەتە چۆن چۆنی پێكهاتووە؟ چەند لەسەرچاوەكە وەرچەرخاوە؟ مهابادی سەلیم بەرەكات بەپێچەوانەی هەزارەها شیعری بەكوردی نوسراوە بۆ ڕووداوەكان، پەنای **نەبردۆتە بەر دەربڕین تا ڕووداوو سەرچاوە وەك**

خۆی بخوێنێتەوە بەڵکو لە سەرچاوە لایداوە تا ڕووداوی شیعر و هونەر دروست بکات. ئەمەیشە وەفاو دڵسۆزی بۆ ڕوداوی کوردی نەك چونەوەی ڕاستەوخۆ بۆ باوەشی سەرچاوەی ڕوداوەکان و گونجانی تەواو لەگەڵیانا یا لاساییکردنەوەیان بەپێی زاراوەی خۆ پێوانی تەواو لەتەکیانا.

بەشێك لە کۆتایی(مهاباد)

ڕەشە بایش؟! چییەتی؟ لەمهابادەوە بۆ مهاباد.

هەمووی لە مهابادەوە بۆ مهاباد.

هەموولێدانێك لە(مهابادەوە) بۆ(مهاباد)

هەموو گریەو ناڵەیەکیش لە(مهابادەوە) بۆ(مهاباد)

دایکایەتیش بەمەمکە بەردینەکانێوە لە ناو کوڕەکانیا داماوە:

ئەگەر خودا، لەستایشی تەڕاوی خوێنا بێدارم کاتەوە، پێڵاوەکانم ئامادە دەکەم، ئەگەر خوێنیش بێدارم کاتەوە خودا ئامادە دەکەم.

بەڵام وەك ئازارێك کورد بەرەو حەقیقەت دەڕوا.

وەك ئازارێك سپێدە شوێن بۆ کچەکانی کۆچ کۆچ دەگێڕێتەوە

وەك ئازارێك ڕۆژ بەکوێری دەچێتە مهابادەوە.



پەراوێز

ساڵی 1989 سەلیم بەرەکات ئەم شیعرەی بۆ ناردم نێوارانێك لە کتێبخانەکەی شێخ سەعید لەڕێگای بەریدەوە نامەکەم پێگەیشت. شیعری مهاباد ساڵی 1988 نوسراوە. دور لەخۆبەستنەوە بەجیهانی دەقەوە دەڵێم سەلیم شیعری زۆری هەبوو بەڵام بۆ لەناو هەمویانا ئەم شیعرەی بۆناردم؟ وەك وتم شیعرەکە ساڵی 1988 نوسراوە. دیارە شاعیر گەرەکی بووە پاش شکستە یەك لەدوای یەکەکانمان و ڕوداوە جەرگبڕەکانی هەشتاکان ئەم دەقە بنوسێ لەڕێگای مهابادەوە بچێتە سەریان حەزیشی کردووە خۆمان ببینین بۆیە شیعری مهابادی هەڵبژاردووە. ئەم ڕستانا وەك ڕوونکردنەوە وان نەك وەك ئەوەی گەڕان بن بەدوای مەخسەدی شاعیردا بۆیەلەپەراوێزیشدا نوسیومن.

رۆمانی(ئۆردوگا هەمیشەییەکان)ی سەلیم بەرەکات:

باکوورێك نوقلانەی قیامەت ئەدات

(رەخنەنووسی بەرد ئاسا بە تەنها دینامیتی هونەر دەبزوێنێت)

مارون عەببود

وەرگێرانی: ئازاد بەرزنجی

ئەدگارە گشتیەکانی هونەرەکەی:

بەدەرچوونی چوارەمین رۆمانی سەلیم بەرەکات(ئۆردوگا هەمیشەییەکان) زیاتر ئەدگارەکانی ئەدەبی سەلیم بەرەکات روون دەبێتەوە، کەشێوازێکی تایبەتی ی بۆ خۆی بنیادناوە.

شێوازێك کەدانسقەیەو لەبواری رۆماندا پێشتر کەس خۆی لە قەرە نەداوە.

جا بۆ ناسینی ئەم ئەدگارانە، پێویستە خێرا چاوێك بەکارەکانی پێشوویدا بخشێنین و ئاماژە بەرای هەندێ لەرەخنەگران بدەین. ئەگەر رۆمانی یەکەمی(زاناکانی تاریکی) باکووری سوریای هاوشان لەگەڵ سنووری تورکیادای کردبێتە زەمینەی رووداوەکانی، ئەوا رۆمانی دووەمی(رۆحە ئەندازەییەکان) چەند شوێنێکی جیای بۆ رووداوەکانی هەڵبژاردووە و کاتەکەش دەگەڕێتەوە بۆ سەر وەختی شالاوەکانی ئیسرائیل لە سالی1982دا، هەروەها رۆمانی(پەڕ) سێیەم رۆمانێتی کەتیایدا نووسەر دەگەڕێتەوە بۆ بابەتە ئاشناکەی و ئەو سەرچاوانەی لەبیست سالی لەوەوبەرەوە هونەرەکەی ئەمیان تێراو کردووە. واتە ئاراستەی نەخشەکە بەرەو باکوور، ئەو باکوورەی کەمنالی و لاوێتی و تەنانەت یادی ئێستاشی داگیرکردووە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی رووداوە سەرەکیەکانی لە قوبرس روونەدەن.

بەمجۆرە دەبینین بە(ئۆردوگا هەمیشەییەکان) ئەزموونی نووسینی رۆمان لای ئەم نووسەرە بەسەر پانتاییەکی زەمانیی نزیك لە دەساڵدا دابەشدەبێت. خوێنەری سەلیم بەرەکات دەتوانێ ئەو پەیوەندییانە بدۆزێتەوە کە ئەم ڕۆمانە پێکەوە گرێ ئەدەن، گەرچی تاڕادەیەك رۆمانی (رۆحە ئەندازەییەکان) خسوسیەتی جیای خۆی هەیە. بەڵام هەموو ئەم رۆمانانە مەسەلەیەکی سەرەکییان کردۆتە تەوەرەی خۆیان، چارەنووسی ئادەمیزاد لە گەڕانی بەردەوامیدا بەدوا شوناس و مانای ژیانیدا.

کەواتە ئەم چوار رۆمانە گەرچی لەرووی زەمانەوە یەك بابەتی هاوبەشیان نییە، بەڵام نەك هەر لەڕووی شەفافیەتی سیمبوڵەوە شێوازی ی هونەرییان لەیەك دەچێت، بەڵکو نموونە مرۆییەکان لەزۆر لایەنەوە لەیەك دەچن و هەروەها ئەو ئامانجانەی کارە هونەریەکەش کردوونی بەمەرام.

رووداوەکانی(زاناکانی تاریکی) لە قامیشلی روونەدەن کەچەند مەترێك لەسنووری تورکیاوە دوورە. ئەو سنوورەی بە پەرژینی تەلبەندکراو جیا کراوەتەوە و زەوییەکەی بەمین چێنراوە و کەچی وێرای ئەوە قاچاخچیان پیایدا دێن و دەچن، نووسەریش هەندێ جار بەموبالەغەوە باس لەرەفتارە پەرجوو ئاسا پیاوانەکانیان دەکات کە لەڕاستیدا ئەمانەش کۆمەڵێك ئەفسانە بوون کە خەڵکی ئەو دەڤەرە ئەوە بەنەوە گێڕاویانەوەو لە نەستی نووسەرداو هەرلە منالییەوە لەیادیدا جێگیربوون.

رۆمانی(زاناکانی تاریکی) و دوا رۆمانی(ئۆردوگا هەمیشەییەکان) لە خاڵێدا هاوبەشن ئەویش ئەوەیە کەلەسەرەتای هەر بەشێکدا(دووبارە بوونەوە) یەك بۆ هەمان رووداو هەیە، لە(زاناکانی تاریکی)دا نووسەر هەروەکو تاقیکارێکی تاقیگە هەموو خانەکانی پاڵەوانەکەی دەخاتە ژێر میکرۆسکۆبی خۆیەوە، هەر لە دروستبوونیەوە وەکو کۆرپەلەیەك لە ناو رەحمی دایکیدا. لە (ئۆردوگا هەمیشەییەکان)یشدا وردو درشتی ئەو شەرە کەلەشێرە دووبارە دەبێتەوە، گەرچی ئەم دووبارە بوونەوەیە هەیە وەك دواتر لێ ی ئەدوێین.

ئەمەتانێ لەرۆمانی(زاناکانی تاریکی)دا(مەلابێناڤ) منالێکی ئەبێ ناوی دەنێت(بێکەس)، بەڵام هەمووی چەند سەعاتێك بەسەر لەدایکبوونیدا تێدەپەڕێت بەشێوەیەکی‌سەیر گەورە دەبێت و ئەبێ بەلاوو داوای کچێك لەباوکی ئەکات تابیهێنێت ئیدی هەر ئەوەندە ئێوارە دێت، ئەم لاوە وەکو باوکی پیر دەبێت و لەبەردەم خەڵکی گەرەکدا باوکی دەخاتە هەڵوێستێکی ناخۆشەوە، لە کاتێکا ئەوان هاتوون تاپیرۆزبایی لە باوکی بکەن کەخوا منالێکی پێ بەخشیوە. ئیدی رووداوەکان لەکەشوهەوایەکی خورافیانەدا و بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشە سەیرە بەردەوام ئەبێ.

(بەمجۆرە سەلیم بەرەکاتی نووسەر لەرۆمانی"زاناکانی تاریکی"دا لە ژیانی راستەقینەی کۆمەڵگای کوردەواری کەشێك لەفانتازیا ئەخولقێنێت.) ئەم رۆمانەش کەوەکو رۆمانەکانی تری تیایدا واقیع بەمیتافیزیکا ئاوێتە دەبێ خەون بە یۆتۆپیایەکی پڕهیوا بەدوا رۆژ رزگار کەرەوە دەبینێ. واقیعەتی ئەم رۆمانەش لەو درەوشانەوانەدا بەدەردەکەوێ کە ژیانی نووسەر خۆیمان بیردەخاتەوە هەروەکو پێشتر لە"شێرە کوللەی ئاسنین" و"بەبەرزی بمدەرێ."دا خوێندوومانەتەوە. بۆ نموونە مامۆستا حیزبیەکە ئازاری قوتابیەکان ئەدات وجنێو بەدایکیان ئەدات و بەڵام هێندە نابات کە ڕژێم دەڕووخێ لە بەرامبەر ئەو لەخۆباییبوون و توندوتیژییەی چارەنووسێکی رەشی لەسەردەستی دایکەکان دەبێ. بەڵام لەرۆمانی"فەقێکانی تاریکی"دا وێنەی مامۆستا کە دەگۆرێ، مامۆستاکە دڵسۆزەو ئەیەوێ بەبیرو بۆ چوونەکانی بیری قوتابیەکانی رۆشن بکاتەوە، بەڵام هەمدیسان چارەنووسی لەسەردەستی خەڵکی ناوچەکە باش نابێت، چونکە ئەو گاڵتە بەبیروباوەڕو دابونەریتەکانیان دەکات. هەربۆیە پەنجەکانی دەبڕنەوەو ئیدی لەبەرچاوان ون دەبێ. بەڵام گۆمەڵگاش لە سزا و هەستکردن بەگوناه رزگاری نابێت لەزەویەکەوە کۆمەڵێك پەنجە دێنە دەرێ و ئاماژەیان بۆ دەکەن کە تاوانبارن. ئەمەش وا لەئەهلە کە دەکات باپیرە "عەڤدی" بکەن بەپاسەوانی کێلگەکەو ئەو پەنجانەو هەرپەنچەیەکی تازە ئەگەر روا دروێنەیان بکات ئەوەی ئاماژەیان پیدا جەخت لەسەر لایەنی واقیعی دەکاتەوە لەئەدەبی سەلیم بەرەکاتدا کە لەئەزموونی خۆیەوە وەریگرتوون. ئەوەی جێ ی سەرنجیشە وێکچوونی کارەکەی"عەڤدی" یە لەم رۆمانەدا لەگەڵ کارە پاسەوانەکە"جاجان" لە "ئۆردوگا هەمیشەییەکان"دا. بەڵکو دەتوانین بڵێن کە هەردوو ئەم کاراکتەرە وێنەیەکی واقیعی ی رەنگدانەوەی کەسێتیی"سڤی"ی پاسەوانی جۆگەلەکانن کەناوی لەژیاننامەی نووسەرداهاتووە. ئەو پەنجانەش کەلەکێڵگەکاندا دەڕوێن و خەڵکەکە کەتاوانباردەکەن لەوینەیەکی تری دەوڵەمەندی وێنە بێکۆتاییەکانی"ئۆردوگا هەمیشەییەکان"دا دەیبینینەوە: لق و پۆپی زەقی

مێوەکان وەکو باسکیان لێدێ و دەپارێنەوە... حەزمان دەکرد بەوردی و هەنگاو بە هەنگاو دوای ئەو هێڵە سیحریانە بکەوین کەتان و پۆی دونیای رۆمانەکانی سەلیم بەرەکات پێکدێنن و ئەو ژینگە یە بەرجەستە دەکەن کەژینگەی نووسەرە. بەڵام توێژەر ناچار دەبێ لەسەر ئەو هێڵە ئاسۆییە بەردەوام نەبێ ولای رۆمانی "رۆحە ئەندازەییەکان" لابدات کەرووداوەکانی لەسەرەتاکانی هەشتاکاندا لەبەیروت رووئەدات. بەڵام ئایا بۆچی نووسەر لەم کارەیدا لەومەسەلەیە لایداوە کە خۆشیدەوێت و زۆربەی پانتایی داهێنانی شیعری و پەخشانیی داگیرکردووە؟

لەبەرئەوەی بەرای ئێمە نووسەر هەمیشە بەراستگۆییەوە ئیلتزامی بۆ هونەرەکەی هەبووە کەپشتی بەئەزموونە تایبەتیەکانی خۆی بەستووە وەکوو پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد، هەروەها بەرامانە دڕدۆنگەکانی سەبارەت بەو بوونەوەرانەی لەنزیکەوە ئاگاداری ژیانیان بووەو چارەنووسە جیاوازەکانیان.

لەو رۆمانەدا نووسەر شارێکی گەورەی وەکو "بەیروت"ی هەڵبژاردووە، بەپێچەوانەی شارە بچکۆلەکەی خۆیەوە، هەربۆیە ناوو مەوداو رەهەندی زەمەنیی جیاجیای تیا دەبینینەوە. لێرەدا رووبەرووی پیاوە جۆراوجۆرەکانی رێکخستن دەبینەوە، کەبەئاشکرا بەدەمانچەکانیانەوە دەسوورێنەوە. ئەوانەش سەرکردەکانیانن هەروەکو لە کاراکتەری "سەرکردە" دا دەبینینەوە کەئەم رۆماننوسە بەهونەرە بەرزەکەی بەرجەستەی کردووە. ئەوەی ئاگاداری ئەدەبی سەلیم بەرەکاتیش بێ پێی سەیر نییە کە پاڵەوانی رۆمانەکە جۆرە رەنگدانەوەیەکی کەسێتیی نووسەرەکە خۆیەتی ئەو بابەتەش لای خۆشەویست بووە چونکە دیارە کەمەسەلەیەك بووە ئازاری داوە، هەروەکو دەشزانین ئەدگاری سەرەکیی داهێنانەکانی بریتیبوو لە: سۆز بۆ رەگوریشە یاد. شایانی باسە کەنووسەر لە گواستنەوەی ئەزموونەکەشیدا پەلەی نەکردووە وەك زۆر لەو رۆمانانەی کەبەوجۆرە هەڵچوون و کاردانەوەیەکەوە سەبارەت بەو ئەزموونەی بەیروت نووسراون و، هیچیان شایانی ئاورلێدانەوەنین. بەپێچەوانەوە، سەلیم بەرکات بەدەر لەو هەڵچوونانە و دوای چەندەها ساڵ قەڵەمەکەی ئەداتە دەست جڵەوی زەینێکی سارد بەڵام بە یادەوەری هەڵایساو، دەستی بەنووسینیش نەکرد ئەو دەمە نەبێ کە ئەو وێنەیە کامڵ بوو کەرۆحی بەدوایدا عەودالبوو. بەڵام چی ئەم کارەی بەکارەکانی تریەوە دەبەستێتەوە راستگۆییە لە گواستنەوەی ئەزموونی مرۆییدا، هەروەها کەشی سەیرو سەمەرە و فانتازییی کە تایبەتمەندێتیەکی ئەدەبەکەیەتی و لێرەدا لەو تارماییانەدا بەرجەستەبووە کە بەدوای پاڵەوانی رۆمانەکەوەن لەگەشتەکەیدا لەو کەشتییەدا کە خۆی و هاورێکانی بەرەو تاراوگەکان دەبات. لەلاپەرەکانی سەرەتای رۆمانی "ئۆردوگا هەمیشەییەکان"یشدا ئەم تارماییانە دەبینینەوە کەدوای کەسە زیندووەکان دەکەون. پاشان رۆمانی "پەر"مان خوێندەوە، خوێنەری ئەدەبەکەی هەست ناکات بەرامبەر روویەکی تازەی سەلیم بەرەکاتە. توێژەرانیش ناکۆك نەبوون لەسەر شێوازی ئەم نووسەرەوهێما رەمزیەکانی، ئەوەش لەمیانەی کارەکانی پێشوویەوە. بەڵام ئەوەی سەرنجی راکێشان مامەڵەکردنی بوو لەگەڵ مەسەلەی مێژووی تراژیکی گەلەکەیدا لە نێوان ساڵانی 1900–1046دا. ئێمە ئەوە لەبەرچاو دەگرین کەسەلیم بەرەکات نەیویستووە چیرۆکێکی مێژوویی بنوسێت،

لێرەشدا هەروەکو چۆن لە "رۆحە ئەندازەییەکان"یشدا بینیمان، زۆربەی رووداوەکان لە تاراوگەدا، لە قوبرس روودەدەن. لێرەدا ئێمە لەبەردەم رۆمانێکداین شوێن پێی بزاوتەکانی کوڕی باکوور هەڵدەگرێ کەخۆی لەوێنەی "مەم"دا دەبینێ، ئەو لاوەی بەمەبەستی خوێندن شارە بچکۆلەکەی خۆی جێ دەهێڵێت –کەحەلەبە–، دواتر بەغەمگینی و تەنیایی لەقوبرس دەیبینینەوە.

ئەوەتانێ واجارێکی دیکەش ئەو ئەدگارە خۆی قوت دەکاتەوە کەئەدەبی سەلیم بەرەکات جیادەکاتەوە: سۆز بۆ رەگوریشە/یاد. پاڵەوان لێرەدا دیسانەوە نوێنەری ئەزموونی تایبەتی نووسەرە بە ئاوێتە بوونی لەگەڵ کەشێکی نادیاری سەیروسەمەردا. هەروەها ئەو ئەزموونەی یارمەتیی داوە کە وێنەیەکی راستگۆیانەی شەێنەکان پیشان بدات، ئەمە جگەلە گواستنەوەی هەست و سۆزی تایبەتیی خۆی لە غوربەتدا، بەبێ کەوتنە هەڵدێری وێنەگرتنی رووکەشانە و(فۆتۆگرافیانە)ی کاراکتەرەکە، یان بەزۆر سەپاندنی حاڵەت و هەڵوێست بەسەریدا تا لەو رەوتە درامابییە دووربیخاتەوە بۆ پەرەسەندنی سەربەخۆی رووداوەکان کە هۆشیارانە لەدەوروبەری خۆی ئەروانێ و تادەگاتە ئەو بەرکەماڵییەی کە هەموو رۆماننوسێك مەرامێتی بەمجۆرە توێژەرەوەی ئەم رۆمانە دەبینێ کەکاراکتەرەکانی سەلیم بەرەکات "هۆشیارین، لەبەرئەوەی کێشەی کوردیش کێشەیەکی سیاسییە. هەربۆیە مێژووی بزووتنەوەی سیاسیی کورد بریتییە لە مێژووی رۆحیی کاراکتەرەکانی رۆمانەکە، تێکشکانی بزووتنەوەکەش تێکشکانی رۆحیی کاراکتەرەکانە".

بەڵام وێرای ئەمەش ئەدەبی سەلیم بەرەکات لە گرفت خاڵینییەو مەسەلەی پەنهانی وەهای تێدایە کەپێویستی بەلێکۆڵینەوە هەیە تاروون بێتەوە. بەتایبەتیش ئەو هێماو ئاماژە رەمزییانەی کەمانای جۆراوجۆر بەرهەمدێننو وا لە هەندێ توێژەران دەکات نووسەر بخەنەپاڵ ئەو رێبازەی لەزاراوەی رەخنەییدا ناونراوە(ریالیزمی سیحری) کە سەرچاوەکەی دەگەرێتەوە بۆ ئەمریکای لاتین. ئەمە لەگەڵ ئەوەدا کە تایبەتمەندێتیی شێوازی هونەریی سەلیم بەرەکات بەئاشکرا لەم رۆمانەدا دیاردەکەوێت. بەرای من ئەم خاڵەی دوایش خاڵی دەرچوونە بۆ تێگەیشتنی داهێنانی ئەم نووسەرەی کە هەر لەکارەکانی سەرەتاییەوە شێوازی(ناتورالیستی)ی لەرۆماندا ئەفەرۆز کرد کە بەشێوازێکی راپۆرتئاسای خاڵی لەرۆحی شیعر ناسراوە. هەروەها باق وبریقی (ریالیزمی سۆشیالیست) فریوی نەدا، ئەو رێبازەی کە داهێنان کۆت دەکات و دەیکات بەکۆیلە قاڵبە مردووەکان.

چرکەساتی مێژوویی:

وەختێ باسی ئەدگارەکانی ئەدەبیسەلیم بەرەکاتمان کرد بەتایبەتیش لەو کارانەیدا کەبەر لە "ئۆردوگا هەمیشەییەکان" نووسیونی، بینیمان کەلەزۆربەی کاتدا قوناغێکی مێژوویی هێناوەو بەشێوەیەکی هونەریانە نەك مێژوویانە تۆماری کردوتەوە، ئەوەش لەرێی کۆمەڵێك کاراکتەری ئینسانیەوە کە لە ژینگەی نووسەرەوە سەرچاوەیان گرتووە و رۆچوونەتە ناو هۆش و نەستیەوە. هەروەها زانیمان کە رۆمانی "پەر" لەرۆمانەکانی تری زیاتر بایەخی بەمەسەلەی مێژوویی داوەو قۆناغێکی زەمەنیی دیاریکراوی کردۆتە باکگراوەندێکی گونجاو بۆ ئەو ساتەی پاڵەوانەکانی تیادەژین و، هەروەها ئاراستەی چارەنووسیان، بەو مانایەی کە ئەو

قۆناغە زەمەنییەی کە نووسەر بەیەك ئاراستە پیشانی ئەدا، بەجۆرێکە کە گوزارشت لەشەقڵی مێژوویی دیاریکراوی خۆی دەکات و وەکو زەمینیەکی هاوشان و هاوتەریب لەگەڵ چارەنووسی کاراکتەرەکانی رۆمانەکەدا دەمێنێتەوە.

سەلیم بەرەکات لەم رۆمانە تازەیەیدا "ئۆردوگا هەمیشەییەکان" دیسانەوە خوێنەر دەباتەوە بۆ قۆناغێکی زەمەنی چووتە قوژبنەکانی لەبیرچوونەوەوە. گرنگترین سیفەتی جیاکەرەوەش لەم رۆمانەدا ئەوەیە کە گێرانەوەیەکی چێژبەخشی قۆناغێکی میژووییە کەهەمیشە ئەلقەیەکی ون بووە لەبەرهەمی ئەدەبیماندا. لەوانەیە ئەمەش وابنوێنێ کەدوورکەوتنەوەی نووسەرە لەو ئەدگارە دیارەی کەئەدەبی سەلیم بەرەکات جیادەکاتەوە وپێشترلێی دواین واتە: سۆز بۆ رەگوریشە/یاد. بەلام بەرای ئێمە. بەپێچەوانەوە، ئەم رۆمانە گەرچی سەبارەت بەقۆناغێکی زەمەنیی وەهایە کەناتوانین بڵێین دەنگدانەوەی ئەزموونێکی تایبەتییە. بەلام کۆمەڵێك تایبی مرۆیی دەخاتە روو کەنوێنەری کەسانێکی راستەقینەن زۆر شت بە واقیعەوە دەیانبەستێتەوە. ئەمانەش خۆیان لەخۆیاندا کۆمەلێك سیمبوڵی هونەرین کەلەژیانی تایبەتیی نووسەرەوە، چ لەدەرەوەی ناخیەوە و چ لەناوەوە، سەرچاوەدەگرن. واتە ئەو تایپەمرۆییانە هەمیشە لەو ژینگەیەدا هەبوون کە نووسەری‌تیا ژیاوە. نووسەر نەهاتووە بەزۆر رووداوە مێژووییەکان بناخنێتە کارە ئەدەبییەکەیەوە- هەروەکو چۆن هەندێ لە نووسەران لەم چەشنە بابەتانەدا دەیکەن-بەڵکو ئێمە سەرمان سووڕدەمێنێ کەرۆمانەکە لەفەسڵی یەکەمیدا هیچ ئاماژەیەکی تیانییە بۆ ئەو چوارچێوە زەمەنییەی کەرووداوکانی تیا روونەدات. تەنانەت خوێنەر سەرەتا تۆزێك وەڕس دەبێ لەو سەرەتایە کەباس لە وردودرشتی شەڕی نێوان دووکەڵەشێر(دوولیبوك) دەکات. ئەمە بەچاوپۆشین لە شێوازە هونەرییە دڵرفێنەکەی نووسەر. هەروەها کاتێ چوار پیاوە غەریبەکە لەسەر گردۆڵکە تەنیاکە هێمنی و بەکتۆنیی ژیانی کچەکانی "مووسا موزان" تێکئەدەن، نووسەر ئەمە وەکو توخمێکی سەرنجراکێشانی لەبینای گێرانەوەی رۆمانەکەیدا بەکاردەهێنێ: ئەو توخمەی کەبۆ هەر رۆمانێك پێویستە، نەك وەك هەندێك کەبەناوی نوێخوازییەوە دەیانەوێ ئەفەرۆزی‌بکەن.

دیمەنی شەڕەکەڵەشێرەکە و هەروەها دیمەنی پێك گەیشتنی کچەکانی مووسا لەگەڵ غەریبەکاندا دووبارە دەبێتەوە. گەرچی بەشێوازێکی جیاواز تاکاتێ تارمایی مردووەکان(کەمووسا وژنەکەی و زاواکەین) دەردەکەون، ئەو گرفتە زیاتر دەبێ کەهەرلەدەرکەوتنی غەریبەکانەوە پەیدا دەبێ، بەتایبەتیش وەختێ غەریبەکان دەتوانن لەگەڵ تارماییەکاندا قسەبکەن، کەئەمە ناروونیەکی تر ئەخاتە سەر تارماییەکان. بەلام لەپڕێکا خۆمان لەو چوارچێوە زەمەنیەدا دەبینینەوە کە رووداوکانی تیا روونەدەن، ئەوەش وەختێ نووسەر رۆشنایی دەخاتە سەر ئەو شۆڕشەی کەدانیشتوان لە کۆتایی سییەکاندا دژبە فەرەنساییەکان بەرپای دەکەن.

ئەم دیاریکردنە زەمەنیە لەوە بەدواوە دەبێتە هۆکارێکی گرنگی بینای رووداوەکان و پەرەسەندنیان. بۆ نموونە دەزانین کە شۆڕشەکەی سەعید ئاغا لەعامودا شەش ساڵی رێك بەر لەگەیشتنی غەریبەکان بۆ گردۆتکەکەو کۆبوونەوەیان لەگەڵ تارمایی مردووەکانی بنەماڵەی موزان(ل85) بەرپابووە، لەراستیشدا ئەم دیاریکردنە زەمەنیە مەسەلەیەکی هەرەمەکی یادروستکراو نییە لەبونیادی رۆمانی سەلیم بەرەکاتدا، بەڵکو گوزارشتە لەرێکخستنێکی ناوەکیانەی پەیوەندی نێوان کاراکتەرەکان و رووداوەکان.

لێرەدا ئەبێ سەرنجی ئەوە بدەین کە ئەوەی ئاگاداری مێژووە لەگەڵ نووسەردا لەسەر ئەوە کۆك نییە کەسەعید ئاغا لەو قەناعەتەوە شۆڕشی هەڵگیرساندوە دژ بەفەرەنسییەکان کە دەڵێ: "بۆ ئەوەی سەربەخۆیی راستەقینەی عامودا درێژ بێتەوەو رەگەز دیرێنە چەلەنگەکەی لە باکووری سوریا بتەنێتەوە "ل87" بەلام بە پێچەوانەی ئەمەوە نووسەر پەردەیەکی تاریك بەسەر جووڵانەوەکانی میر جەلادەت بەدرخان/ دیارترین کەسێتیی رۆشنبیری کورد لە نیوەی یەکەمی ئەم سەدەیەدا/ دا ئەدات کە هەوڵئەدات سەرەك عەشیرەتەکانی کورد قەناعەت پێبکات تابەو پێشنیازەی فەرەنسا قایل بن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی بچووك لە جزیرە، هەروەکو دەوڵەتەکانی دیمەشق و حەڵەب و کەژ و شاخەکانی عەلەویەکان و درۆ دروز.

ئێمە لێرەدا گفتۆگۆ لەسەر ئەم بیروڕایانەی نووسەر یان بەدرۆخستنەوەی زانیارییە مێژوویەکانیی ناکەین، ئەمە دەچێتە دەرەوەی سنووری ئەم وتارە. بەلام دیسانەوە جەخت لەسەرئەوە دەکەینەوە کە رۆمان لای سەلیم بەرکات داهێنانێکی هونەریی سەربەخۆیە، بەچاوپۆشین لەوەی‌تاچەند رووداوەکان دەچنەوە سەر رووداوە راستەقینەکانی ئەو واقیعە زیندووەی نووسەر شتی لێوەرگرتووە. هەربۆیە ئەم رۆمانە بەهای هونەریی خۆی لەدەست نادات تەنانەت گەر رۆژێك لەرۆژان مێژوونوسێك بێت و بیسەلێنێ کە ئەو رووداوو کەسێتیانەی نێو رۆمانەکە لە ئەسڵە مێژووییەکانیان ناچن. سەرباری ئەم کەلێنە لەواقیعیەتی مێژوویی ئەم رۆمانەدا، هەر بەکارێکی هونەریی بەرزی راستگۆیانە دەمێنێتەوە. هەربۆ نموونە وەکو ئەوەی کاتێ هۆی بوونە شۆڕشگێری مووسا بۆ مەیلی عەشایری دەگەڕێنێتەوە: "... لەبەر ئەوەی بنەچەی دەقورییە"(ل92) واتە سەربە عەشیرەتەکەی سەعید ئاغای سەرکردەی شۆڕشە. هەربۆیەشە سەبردەکەین مووساو ژنەکەی بەگوللەی دەوریەیەکی فەرەنسایی دەکوژرێن. بەبێ ئەوەی تاوانێکیان کردبێت. لەکاتێکا ئەگەر نووسەرێکی تری غەیری سەلیم بەرەکات بووایە، لەم حاڵەتەدا بەم جۆرە کوشتنە قایل نەدەبوو. بەڵکو مووسای دەکرد بەشەهیدێك بۆ نموونە لەگۆرەپانی شەڕ یان بۆردوومانێدا.

لەرستگۆترین وێنە واقیعیەکانی ئەم رۆمانەش ئەوەیە کاتێ نووسەر لادێییە ساویلکەکان پیشان ئەدا کەلەدیالۆگێکدا بەرجەستە ئەبێ لەنێوان "نعمان"ی شوفێر وخێزانی "گەرمومۆزان" برای مووسادا. وەختێ چاوەڕوان بوون کوڕەکانی حسێن ئاغا کەفەرەنسیەکان گرتوویانە بەخۆیان و ئەسپەکانیانەوە بێن و تۆڵە لە فەرەنساییەکان بسەننەوە.. بەلام گفتوگۆکەران سەریان لەم پرسیارە سووڕدەمێنێ: "... فەرەنسا دەکەوێتە کوێوە؟"(155).

دوای شکستی ئەم شۆڕشە ولەڕێی گفتوگۆی نێوان تارماییەکانەوە دەزانین کەسەعید ئاغاو دەستەیەك لەپیاوانی پەنایان بردووە بۆ کێوی کورد(کورداغ) لەباکووری خۆرئاوای سوریا کەهاو سنووری تورکیایە. بەلام سەعید ئاغا لەپڕێکا بەخۆی و کەژاوە تەپوتۆزاویەکەیەوە دەردەکەوێ و لە هەڵوێستێکی‌زۆر ناروون و ئاڵۆزدا کەلەخەون دەچێ لەگەڵ تارماییەکاندا دەکەوێتە گفتوگۆ.

لەدوا فەسڵی رۆمانەکەشدا سەرلەنوێ سەعید ئاغا لەتەپۆلکەکە لەگەڵ تارماییەکانی بنەماڵەی موزاندا یەك دەگرێتەوە و گفتوگۆیەك لەنێوانیاندا روونەدات، کەوا هەستدەکەین لەگەڵ یەکێك لەو گوندیانەدا کەخاوەنی حیکمەت ودانایییە و دەتوانێ لەهەڵوێستێکی وافەلسەفیدا گفتوگۆبکات(ل244) هەروەها دەربارەی ئەفسانەی تێپەڕینی "تەیمورلەنگ"یش بەو تەپۆلکەیەدا، هەروەکو بومای هاوسەری مووسا بەوردی و بەشێوازێکی- کەشێوازی نووسەر خۆیەتی-

سەیرو تراژیک بۆکچەکانی دەگێڕێتەوە: "بەوجۆرێك کەووردترین مێژوونووسەکانیش ناتوانن بیگەنیٚ"(ل251) دەشیٚ بڵێین ئەم دووسەرنجە، جگە لەوانەی پێشووش وتمان وادەریکەویٚ کەخوشێکە لەبونیادی رۆمانەکەدا و، یان واهەستبکریٚ کەکاراکتەرەکان لەدەرەوە رەسم کراون و بەزمانی نووسەر قسەدەکەن.

بەلاّم ئێمە دووپاتی دەکەینەوە کەرۆمانەکە بەشێوەیەکە هونەری نەك مێژوویی قۆناغێکی زەمەنیمان بۆ تۆمار دەکاتەوە جگەلەوەی کە نووسەر لە خولّقاندنی کارەکتەرەکانیدا زۆر لابردن و گۆڕانکاریٚ ئەنجامداوە تاببنە کاراکتەری هونەری. دەتوانین بڵێن لە گرنگترین ئەو رووداوانەی کەنووسەر بەوردبینیەکی مێژوویەوە لەسەری وەستاوە ئەوەیە کەلەکۆتایی رۆمانەکەدا خوێنەر ناکاو بەرامبەر حەقیقەتی ئەو ئۆردوگاو تفاق و ساختومانە نهۆمدارانە دەوەستێتەوە کەلەناوەراستی ئەو چۆڵەوانیەدا قوت بوونەتەوە کەدەوری تەپۆڵکەکەی داوە، کەخوێنەرهەرلەیەکەمین لاپەڕەکانەوە ڕووبەڕووی ئەبێتەوە بەبێئەوەی پەی بەمانای بەرێت: لەڕاستیدا ئەمانە تفاقی فرۆکەخانەت کەبەیەکەمین تیشکەکانی شارستانێتیی نویٚ دڕی بەتاریکیی ئەم ناوچە پڕ بەدبەختی و نەزانین وستەمەدا.. بەڕای من جوانترین دیمەنیش ئەو دیمەنە دلّڕفێنەیە کە کچەکانی مووسا بەسەرسووڕمانەوە چاودێریی نیشتنەوەی ئەم"باڵندەیە لە ئاسمانەوە بۆ سەر زەویی تەخت و تەنیشت تەپۆڵکەکە دەکەن"(266).*

ئەم وتارە یەکەمجار لە رۆژنامەی (الحیاة)دا بلاّوبۆتەوەو دواتر هەفتەنامەی(الاتحاد) لە ژمارەی(144)یدا رۆژی12ی ئابی1995 دووبارە بلاّویکردۆتەوە—و—



بەشێك لە ڕۆمانی:

زانایانی تاریکی

سەلیم بەرەکات

و:غفور صالح عبدالله

ئەو گەمژانەی کە قایل بوون بەشداری ئەم ڕۆمانە بکەن:

مەلا بێناف کوڕی کۆچەری

برینا کیژی عەقدی ساری ژنی مەلا

کرزۆ زیوان، عانێ، حەمزات: منالآنی مەلا لەژنی یەکەمی.

خاتێ، کیژی کۆچەری: خوشکی مەلا

بێ کەس، کوڕی مەلا بێ ناف، لە برینای ژنی دووەمی.

سینەم، کیژی مەهمەدی کۆچەری ژنی بێکەس

مەهمەدی کوڕی کۆچەری: برای مەلا بێ ناف

مەجیدۆ کوڕی عەقدی ساری: برای برینا

باقی جوانی، ئەو قوربانیە چەقاوە سۆیە کە مەجیدۆ دەیکوژێ

کوڕی زاری باپیرەی برینا

عەقدی ساری، باوکی برینا و باپیرەی بێکەس

جەهوەر ساری، برای عەقدی.

عەیشانە کیژی ئەوسی بەدرخان، ژنی مەهمەد

سەتامۆ لاوێ حەجی عەباس، قاچاخچی تووتن

حەشمۆ، مێردی خاتێ

حەیندەر، خاوەن گا.

حوسێن کوڕی کۆچەری خاوەن جووتە شاخ، باوکی مەلا بێ ناف

حەسۆ(حوسێن میرسینی) باپیرەی مەلا بێ ناف..

باران کوڕی ساری، باپیرەی عەقدی

عبدالصمد کوری باران، باوکی عەقدی

زیرەکە، دایکی برینا

کولش، برای عەیشانە، خاڵۆی سینەم

سەربەست(بەردی نۆشادر) کوری کولش

جگەر خوێن، خاڵۆی مەلا بێ ناف.

بەشی یەکەم

مەلا بێناف کوڕی کۆچەری تەقەلای دا وەکو جاران خۆی ناغروگران بگرێت. بزەیەکی هاتێ بێ‌ئەوەی لێوی دانە گەورە بەهێزەکانی ئاشکرا بکات. پاشان هەردوو دەستی هەڵبڕی و لەژێر لێوەوە فاتیحایەکی خوێند.

ئەو چەند پیاوەی لەدەرەوەی دانیشتبوون، بەهێندی ووشەی بەماناو وورتە ورتەوە ویستیان مەرایی لەبەربکەن کەچی ئاوری لێ نەدانەوە بەڵکو بەئەسپایی هەڵسا، بەرماڵەکەی راخست، بەدرێژخایەنیەکی دیارەوە دوو رکات نوێژی کرد سوپاس ووشەی حەمدو سەنای تیاکزبوو، هەرکە لێبووەوە بەرماڵەکەی هەڵدایەوە و پاشان لوولی دا، پێڵاوە لاستیەکەکەی لەپێ هەڵکێشا و لەدەرگاکەوە بۆ حەوشە شورە دراوەکە چووە دەرەوە حەوشەیەکی پان و بەرزین بوو، دیوەخانەکەیش دەکەوتە باکووری ئەو شوێنەی مەلا بێ ناڤی لێبوو لەلای خۆر هەڵاتەوە ژوورەکان بەدەم یەکەوە بوون، هەریەکەو دەرگایەکی جیاوازی هەیە و دەروانێتە سەرحەوشەکە، وەلێ لەلای باشووری خۆئاوایشەوە گەوورەکەی لێیە کە پارچە زەویەکی بچووکی لە هاوشانە و بەدار ساجی رووت و گێروگەواڵ سەری گیراوە بۆ تەنوور بان.

مەلا بێناف بەرەو یەکێ لەژوورەکان ملی نا، زنجیرەیەك شوێن پێی زەردی لەسەر بەفرە تەنکەکەدا بەدوای خۆیەوە جێهێشت، لەپر وەستا، لە دووری دوومەتر لەدەرگای گەورەکە بەلای ڕاستا وەرچەرخا چۆلەکەیەك بووبووە فاقەوە ولنگەفرتێی بوو. نوشتایەوە و بەسۆزناکی هەڵیگرت،(زیوان)ی کوڕی بەهەڵەداوان بەرەولای هات و بانگی کرد:"باوکە ئەوە ئیمرۆ دووان" مەلا فاقەکەی شل کردەوە و چۆلەکەکە بەلەترەدان هەڵفڕی، کورەکەی واقی وورما. باوکی خێرا پێی وت:"کوڕم، لەوانەیە خێرمان گەیشتبێ، تۆڵەت بۆ دەکەمەوە". دراوێکی ئاسنی بۆ هەڵداولەبەفرەکەدا رۆ چوو. منداڵەکەیش بەخۆشنوودیەوە چنگی پیاکردو دەستی پربوو لە گژوگیا کەلەژێر بەفرەکەدا بەدەم دەستیەوە هاتبوون. باوکەکە لەرۆیشتنەکەی بەردەوام بوو و چووە ژورێکەوە، هاتە دەرێ چەقۆیەکی درێژی بەدەستەوە بوو، رووەو گەورەکە ملی نا، یەکەم بەرخ لەدەرگای گەوورەکە بە راکردن دەرفرتایە دەرێ پاشان بەسەر بەفرەکەدا کەوت، دووەم و سێیەم و چوارەمیش بەدوایەوە بوون، هەموو بەراکردن دەردەفرتان و لە پاشان دەکەوتن. لەسەر بەفرەکە فەوارەیەکی سوور و گۆمی بچووك بچووکی سووریان دروست دەکرد و، هەڵمێکی تەنکیان لێبەرز دەبووەوە، ئەوسا مەلا بەچەقۆ خوێناویەکەیەوە هاتەدەرێ دووپیاو رایا کرد بۆ لای و چەقۆکەیان لێ وەرگرت. پاشان کەوتنە بەرخ کەوڵ کردن. ژنێك لەلای ئەو ژوورانەی کەبەدەم یەکەوەن هەڵهەڵەی لێدا. مەلا بێناف دەستی هەڵبڕی و فەرمانی دایە کە بێدەنگ بێ، ژنەکە بێ دەنگ بوو:" هەموو خەڵکی کوڕی دەبێ‌و منیش یەکەم کەس نیم". ئەوەی وت و رووەو دیوەخان رۆی، لەبەردەرگا پێڵاوەکەی داکەندو چووە ژوورەوە، پیاوەکان لەتەنیشت زۆپانەوتە داگیرساوەکە شوێنیان بۆی کردەوە. چوار مشقی دانیشت، بەنیگای دڵنیایی و سەرلەقاندنەوە ئاوری لەلای چەپی خۆی دایەوە، ئەنجا بۆلای راستی، وەك بلێی وەرامی پیرۆزبایەکان بەسوپاسێکی نهێنی دەداتەوە. دەستێکی بۆ قووتووە زیوەکە کەنەخش و نیگاری لەسەرکرابوو بردو دایە دەستی ئەوەی تەنیشتی و پاشان لێی وەرگرتەوە، پاشان هەر لەسەر قالیەکە بەجووڵەیەکی بازنەی بەئەسپایی دایە دەستی ئەوەی کەلەو دیوی رۆپاکە بەرانبەری دانیشتبوو، ئەویش لێی وەرگرت، گۆڕینەوەی قووتووە تووتنەکان لەنێوان دانیشتووەکاندا بەردەوام بوو، ئەوەی قووتوەکەی خۆی دەدایە هەرکەسێ ئەویش قوتووە تایبەتەکەی خۆی دەدا، هەندێك لەلەفەکان تەنك و هەیشیان بوو ئەستوور بوو، کۆمەڵێك پەنجەی شارەزاو بێهەڵە جگەرەکانیان دەپێچایەوە"مەلا ناوی چی دەنێی". یەکێك لەدانیشتووان لێی پرسی"بێکەس" وەك مەلا دەمێك بێت ئەو ناوەی دیاری کردبێ وەرامی دایەوە. ئەوەی پرسیارەکەی کرد ویستی موجامەلەی بکاو ناوەکەیش هەندێ سەرسامی کردبوو:" قوربان بۆ ناوی لێ دەنێی بێکەس، لەسایەی خواوە رچەڵەکتان زۆرووزەوەندە؟".

مەلا وەرامی دایەوە:"کەس هیچی نیە بێجگە لەپەزو ماڵەکەی و هەندێجار شەرمەزاری دەکەن و دەیرووتێننەوە" خاوەنی پرسیار وەرامەکەی قووت دایەوە و بەزمان خەریکی جگەرە پێچانەوە بوو، کاغزەکەی تەرکرد تا هەردوو لایەکەی یەکبگرن، لەریزە ژوورەکانی خۆرهەڵات ژنان لەدەرگایەکەوە دەچوونە ژوورەوە ولە دەرگایەکی دیکە دەهاتنە دەرێ، هەموو لە کارابوون، بەبەروانکەی سپ ئەو دەفرانەی بەنانی خۆماڵی تریتیان تیاکردبوو، بەخۆشنوودیەکی ت

وەکو ئەو بەفرەی نێوان دەرگاکان ئەنجامی شوێن پێیەکان لەگەڵیاندا هاتووچۆیان بوو. وەلێ نێوان ژوورەکان و گەوورەکە یەك پارچە زەویەکی سپی بوو شوێن پێی لێنەکەوتبوو. منداڵەکان فاقەیان لێی نابوەوە و لەژێر زەویدا شاردبویانەوە. تەنیا ئەو پارچە نانە بچووکانە بەدەرەوە بوون کەچۆلەکە بەدەوریا دەگەڕان و پاشان لە ترسانا بەرەو دارە بەدەرەوە بووەکانی ژێر میچەکان ئاسۆیی هەڵدەفڕین، دوای ئەوەی ئەو دووچۆلەکەیان دی کە بەسەر لەتەنانە تەرەکانەوە لنگە فرتێیان بوو. ئەگەر بهاتبا هەندێ وریا بوونایە بەبێ ترس پەلاماریان دەدا، چونکی نانی نێو بەفرەکە بەلانی کەمەوە پاش سەعاتێکی دیکە دەبوو شتێکی ناسك و، دەنووکەکان دەتوانن پارچە پارچە بیقۆزنەوە، بێ ئەوەی بزماری فاقەکان لە کەوانەکەی بترازێن هەندێ جاریش ئەوە رووی دەدا، هەرکە مناڵەکان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ فاقەکانیان لەسەر بەفرەکە بەجێ دەهێشت، چۆلەکەکان پڕپۆڵەکەیان دەخوارد، بێئەوەی فاقەکە بتەقێ، لەداخاندا پەنجەی خۆیان دەگەزت، لەودیوی شووشەی پەنجەرەکانیشەوە کەدەرووانن سەر حەوشەکە هاواریان دەکرد(گەمژە ملی بشکێنە). فاقە گەمژەکەیش نقەی لێوە نەدەهات. هەموو جارێکیش بۆیان نەدەلوا نانی فاقەکان بگۆڕن، چونکی گەلێ جار چولەکەکان لە شوێن پێیەکانی سەربەفرەکە دەرەوینەوە. بۆیە چاوەنۆڕ دەبوون تا شوێن پێیەکانیان بزردەبوون، بۆ ئەوەی شوێن گومکێکە بەچاکی بێ، لێرەشدا کارەسات دەقەوما ئەگەر بهاتبا بەفربارینەکە درێژەی هەبوایە عادەتیش وابوو کەدەنکە گەنم بکرێتە دان و چەشەی فاقەکان. وەلێ لەچاوتروکانیکا بەفرەکە بەئاسانی دەنکە گەنمەکانی دادەپۆشی، بۆیە بە پارچە نانی گەورە دەنکە گەنمەکانیان دەگۆڕێ تاماوەیەکی درێژخایەن بەدەرەوە دەبوون. لاوازی ئەم جۆرەیش لێرەدایە. ئای بۆ کات، دان و چەشەش کاتی خۆی هەیە، مەلا بێ ناڤیش کاتی بیرکردنەوەی خۆی هەیە. سەعات نۆونیوی بەیانی بوو. دوا کلووبەفری تەمەڵ لەسەرەخۆ دەباری(با)ی نەدەهات، هێندێ ریشۆڵە لەسەر ئەو تەلی کارەبایە کەبەسەر حەوشەکەدا تێپەڕ خۆیان دەگرن، خۆیان فش کردبوەوە، تا ملیان لەرەشایەکی چین چینی دا نوقم دەبوو، لەدەرەوەی دەرگا دارینەکەیشا سەگێك لەسەر پاشووەکانی وەستابوو، لەدرزەکانیەوە سەیری بەرماوەی ئاوسکی بەرخەکان و پێستە فرێدراوەکانی دەکرد، یەکەم جار دراوسێکانی مەلا بێناڤ هاتن، لە تاریك و روونەوە ژنەکەی ژان دەیگرت، ئەو ژنە ئاشوورییەی کەلەئێوارەوە پێشبینی مەسەلەکەی کردبووهەر لە بەیانی زووەوە لەگەڵ مێردەکەی هاتبوون، ئەویش تاقە پیاوی شاری بوو لە ناو پیاواندا، ئەمەیش بەو کەسانەیان دەوت کە چاکەت و پانتۆڵیان لەبەر دەکرد، مەلا بێناڤ کورسیەکی لە نزیك زۆپاکەوە دایە میوانەکەی، وەلێ ئەوانی دیکە هەموو لەسەر قالیە نەخشاوەکە رۆنیشتن، خۆیان بەعەبای قورس و ناوەخنی بەرەگن پێچابوەوە. پاشان قووتووە زیوینەکەی بۆ درێژکرد، کابرای ئاشووری داوای لێبووردنی لێکرد، چونکی ئازانێ جگەرە بپێچێتەوە، بەهەر حاڵ ئەو حەزی لەجگەرەی فلتەرداری حازربوو. ئێستا خزمانی نزیك و دوور دەگەنەجێ(مەلا بێناڤ) ئاوها بیری دەکردەوە، مەسەلەکە بڕەك جارسی دەکرد، بەلایەوە گرنگ نیە ئەوخەڵکەی لەم شارۆچکەیەوە دێن پێویستیان هێندە نیە کەپێی هەڵنسێ، بەڵکو ئەوانەی لەدێیەکانەوە دێن و چەند رۆژێك لە میوانی ئەودا بەسەردەبەن، حاڵیش وەکو خۆیەتی، هاوینی رابوردوو پشتی شکاند، گۆڵەگەنمانەکان هێندەی بستێکیش لەزەوی بالآیان نەکردو دروێنە نەکران، بەڵکو بەرەڵاکران بۆ لەوەڕ. سەڵتەنەتەکەی گورج بوو بوەوە و جێگای تەسك دەبوەوە بیری لەوە دەکردەوە چەند بەرخی سەربڕی بوو و چەند دەکوژێتەوە، چەند فەردە ئارد بەشی هاتوان دەکاو، چەند دەسەپێخەف لەژێرپێدا پیس و دڕوێن دەبن کە دۆشاوی بەفر شۆردنی و قوڕاو چووەتە نێو پێڵاوەکانیانەوە، بەهۆی گرژو مۆنییەوە هەمیشە ئاغرو سەلار دیارە، گاڵتە و گەپی پێ خۆش نیە، هێندەبەشەوکەت و فیزە بۆ ئەوەی ئەوە بپارێزێ کەماویەتی، گوێ نادا بەوەکە رابردو ئەویشی کە لەماڵەکەی دا روو دەدات غەریب بوو، گەرچی لەوێش بوو، سێیەکی رۆژی لە بازاڕی بازرگانی بوو، ئەو شوێنەی چەند ژوورێکە پێکەوەن و پێیان دەڵێن"نووسینگە"، هەریەکەو چەند کورسیەکی لە گوش دروست کراوی تێدایەو، مێزێك بۆ ئەوەی نموونەی دانەوێڵەی لەسەردانێن، هەموو بەچیمەنتۆ سەریان گیراوە، لەسەرەوەش چەند کلاورۆژنەی تەسکی شووشە بەنی ئەستووریان پێوەیە. دواچارەکی رۆژیش لە ماڵەوەیە، ئەو چارەکە رۆژەیش درێژە و بریتیە لە ئێوارە و بەشێکی شەو، لەگەڵ خێزان و کاروبارەکەیدا نیە، بەڵکو لەگەڵ میوانەکانیدایە و قسەو باسی رۆژانەی بازرگانی لەوێ تەواو دەکەن بێگومان هاوین ئیش و کاروفرەدەبێ، ئەوەی لە بازاری بازرگانی ئەنجام نادرێ لەحەوشەی ماڵەکەیدا تەواو دەکرێ. دەروازەکە والآیە، شۆفێری ئۆتۆمبیلەبارهەڵگرەکان. دێن و دەڕۆن، باری دانەوێڵە لەدروێنە یەکسەر دێن بۆ بارهەڵگرەکان. قەپانچیەکان دێن و دەڕۆن، هێندێکیان دەگۆردرێن بەکەسانی دیکە ئەوانیشی دەمێنێتەوە کرێی خۆیان وەردەگرن، لەنێو دەسەسڕی رەنگاو رەنگی پیاوانیش دا نموونەی دانەوێڵە دێت بۆ هەڵبژاردنی چاکترە پیاوانی گومرگیش لەگەڵ ئەواندا دزەدەکەن و لەبری کاروبار ئاساکردن بەشی خۆیان وەردەگرن. لە پاییزاندا مەسەلەکە جیایە، ماوەیەکی دوورودرێژ گەران بەدوای بەکرێ گرتنی زەویەکی بەپیت و تراکتۆری جووت کردن و تۆوی پاکدا، لە زستاندا چاو گێران بۆ باران، لەبەهاریشدا چاوبرینە بازاری دانەوێڵەوهەڵکردنی کوت و پڕی سەرماو سوڵە، تادەگاتە مسۆگەرکردنی خاوەن ماشێنی دروێنەکان وهەڵبژاردنی دەستەو تاقم، هەر لە ئاشپەزەوە تا دەگاتە شوفێری ئۆتۆمبیلی ئازووقەش. لەمەوبەر گوێی بەکاروباری ناوماڵ نەدەدا، چونکی بەشێوەیەکی رێك وپێك و خۆرسك کاروبارەکان بەرێوە دەچوون. ئەوەی خاوەن سامان بێ کاروباری بەرێکوپێکی و خۆرسك بەرێوەدەچێ. ژنی دراوسێ لەبری گونیە دانەوێڵە بۆ ئازووقەی زستان دەبنە ئانکەری خێزانەکە. گۆشت فرۆش چاکترین گۆشتیان بۆ هەڵدەگرن خۆی بۆیان دەبەنە ماڵەوە، تەنانەت بێئەوەی خۆیان داوای بکەن. منداڵەکانی ئازیان هەڵدەگیرێ، خزمان لەوەدا نۆرەبڕی دەکەن، تا ژنەکەی لێیان رازی بێ، بێگومان مێردەکەشی ئاگادار دەکاتەوە، کەکێ شایستەی ئەوەیە زیاد چاکەی بەرکەوێ، تەنانەت ئەو تاقە درەختە زەیتوونەی ناو حەوشەکەیش کەماوەی حەوت ساڵە تەنیا مەترێك بالآی کردوە، بۆ ئەویش کەسێك هەبوو خۆی تەرخان کات و خۆڵەکەی دەوری بکێڵێ. کەچی(مەلا بێناڤ) ئیش و کاری زۆر داویە لەکزی لەبواری سەرقاڵیدا. بۆیە تەنیا خۆی رووبەرووی ماڵەکەی دەبوەوە: کورە، هۆو بۆ بەپێڵاوەوە دەچیتە سەرقالیەکە) هەرکە منداڵە ترساوەکە وەرامی ناداتەوە زللەیەکی پیادەکێشێ: "کێ دەفری زۆپاکەی لەبیرکردوەوپڕی نەکردۆتەوە؟"... ئەگەر وەرام نەبووایە زۆپاکەی بەرشەکان دەدا و لاردەبووەوە ودووکەڵ لەجەمسەری بۆریەزلەکانەوە کەرووەو میچەکە هەڵکشابوون، دەردەفرتا: "لەدوای خۆتەوە دەرگا داخە هەی کەرە، ماڵەکە پڕبوو لەبای سارد". "قیژەی ئەو منداڵە هارە کپ کەن". "بۆنی ساوەری سووتاو دێ، ژنەکە ئاگات لێنییە؟". "کەرن، خێزانێکی کەرن". خۆیشی لەو بێگەردیەدا هەستی پێدەکرد کە جۆرە توورەیەکی بێهۆ هاورێی بوو، هەرکاتێ بەدەفتەری

حیسـابەکانیەوە خـەریك بووایـە کەلەسـەر زۆر پیاچوونـەوە شـربووبوون، بەسۆزناکی ولێبووردنێکی بێدەنگ سەیری ئەوانەی دەووبەری خـۆی دەکـرد، کەهەناسەیان لـە خۆیـان دەبـڕی هەرکـە ئـەو هەناسـەی لـەخۆی ببڕیایـە، بزەیـان لیوەنـەدەهات، کاتـێ ئـەویش بـزەی نـەدەهاتێ. بەهـەرحاڵ ئـەوبزەی نـەدەهاتێ، بـەڵکو نیگـای دەگەڕانـەوە سـەردەفتەرەکانی، بـۆ ئـەو شـوێنەی کـەژمارەکان بـە قەڵـەمی رەسـاس نووسـرابوون. مەسـەلەکان هـەموو بەسـەرچوون وژمـارە زیوینەکاڵەکان مابوون: "ئەمەیان حیسابی کێیە؟" لەخۆی دەپرسی، هێندی جار بەورتە ورتـەوە، پاشان بەدووروودرێژی بیری لێدەکاتـەوە تاوەرام بداتـەوە: "ئا.." دەفتـەرەکان بەگوێرەی قەبارەی خۆیان ریزکراون ئەو دەفتـەرە بچووکانـەی تـەلی لوولیـان پێوەیـە بـۆ گیرفـانن و، ئـەوانی دیکـە مامنـاوەندی وچـوار گۆشـەیی شینیان پێوەیە، ئەوانبشی ماون گـەورەو بـەرگ ئەستوورن و شوێن پەنجـەیان لەسـەرچاپ بوەوە تا رەنگیان بواردووە. مەلا بێناڤ بەدوای شتێکەوە دەگـەرێ لـەبیری چووە و بۆتـە ژمارەیـەك، کـێ ئـەزانێ.. بەهـەرحاڵ ئـەم بەیانییـە وەکـو بەیانیەکانی دیکە نەبوو، ژمـارە پێنجـی زنجیرەی نـەوەی پـەیا بـوو، کەئـەویش نێرینەیە، هەرهیچ نەبێ لەمێشکی باوکیدا ناوی نرابوو"بێکەس" دەشێ مـەلا بەم بەشە تازەیە برەك خۆشنوود بێ، بەلاّم بەفر بریاردان لە مەسەلەکە سەخت دەکا، هەڵسێ ودانیشێ و خەڵکی بـەرێکاو پێشوازیان بکا، هەموو جارێکیش دەرگـا بـۆ بایـەکی ساردسـڕ بکاتـەوە کـە لـەدەرەوە هـەڵی دەکـرد، کاروبـار بەخۆشنوودی ناگەرێ و، لەگەڵ بلاّوبوونەوەی رۆژدا

دەقیقە بەدەقیقە ئەرکی سست گەورە دەبێ کە بەسووکە کۆکەیەك دەپسا، ئـەنجامی هامشـۆکردنی لـەنێوان زۆپاداگیرسـاوەکە و دەرگـا سـاردەکەدا. لـە سەعات دەو حەوت دەقیقەی تەواودا. کاتێ مەلا بێناڤ بۆ یەکەم جار سەیری سـەعاتەکەی بەرباخـەڵی کـرد کـە بەزریزەیـەکی زیویـن بەدووگمەیـەکی چاکەتەکەیەوە هەڵواسرابوو..

"کـرزۆ" کـورە گـەورەی هاتـە ژوورەوە، لـە دەرگـاوە ئامـاژەی بـۆ کـرد، وەك بلـێی داوای لێ دەکرد لێی نزیك بێتـەوە وقسـەی لەگـەڵ بکا. (بێنـاڤ) گـوێی نەدایـە و بەقسـەکردنەوە لەگـەڵ یـەکێك لـە دانیشـتوان خـەریك بـوو. هەرکـە منداڵەکەش بەئیشارەتی بێدەنگ تاوی لێ سـەندبوو، بـاوکی بەفیزێکـەوە بـانگی لێکرد: "وەرە بەرەوە لەبەر دەرگا وەکو مشکە کوێرە مەوەستە، رەقت کردینـەوە" منداڵەکـەش نیـوەی سـەرەوەی جەسـتەی لـە دەرگاکـەوە درێژکردبـوو وپێـی لەدەرەوەبوو نـەبا پـێ بخاتـە سەر قالبەکـە ناچاربوو پێلاّوەکانی داکـەنی دوای ئـەوەی هـەردوو پاژنـەی زۆر کێشـابوو بەبەردەرگاکـەوە، لەوانەیـە پێلاّوەکـانی تەسـك بووبـێ. پاشـان بەئەسـپایی چـووە ژورەوە، لـەنزیك بـاوکی هـەڵکورما، لـەودیوی جەمانیـە سـپیەکەیەوە کەسـەروملی پێپێچابوەوە بـەگوێیدا چپـاند. (بێنـاڤ) بەگومانـەوە سـەیری منداڵەکـەی کـرد، پاشـان ئـەو گومانـەی بـەدەم بزەیەکی گەمژەوە رەوانەوە سەیرێکی دانیشتوانی کرد، وەڵێ بەقسەکردنێکەوە سـەرقاڵ بـوون و ئـەو گۆرانـەی سـەرچاویان رەچـاو نـەکرد. دەسـتوری دایـە منداڵەکـە بڕوات. منداڵەکەش رۆی، بەرلـەوەی هەڵسێ و بچێتـە دەرەوە، دیتـی ژنان بەرەو ژوورێکـی دیکـە دەچـن کـەژووری ژنەکـەی نـەبوو، لـەو شـوێنەی کـە دەبـوو خـۆی و کۆرپەکـەی لێبێـو، چاوی بەخوشکەکەی کـەوت کـەرۆژی خـۆی تـەرخان کردبوو، لەبەردەرگا بوەستێ و ژنان بەنەرمی بەرێبکا: "بۆ ئـەو ژوورە، بەیارمەتی خۆتان، برینا حاڵی باش نیە" وەڵێ چاوی ژنەکە توورەیـی دەنواند، خەریك بوو هاسات نا ساتێکی دیکە دەردەفرتا. هەرکە چاوی بەبراکەی کەوت، بێنـەوەی چاو بترۆکێنێ لـەدوورەوە چاوی تێبری، بەشێوەیەك حەپەسـابوو و لەدوو بیبلەکەیدا وەکو چاوی واشە دەدرەوشایەوە.مەلا بێناڤیش سەیری کرد تالەسەرچاویدا لەقسەی منداڵەکە دڵنیابێ بەرلەوەی قسەبکا. هێنـدە لێی نزیـك بوەوە، خەریك بوو لووتـی بتـەقێ بەلووتی خوشکەکەیەوە. کلـوو بـەفری سپی تەمەڵ دەکەوتنە سەرچاوو برۆیان و چاویان نەدەتروکاند، دەستی بۆ دەسـکی دەرگاکـە درێژکـرد ئافرەتەکەشـی بـەچاو ئاوڕی لەدەسـتی دایـەوە، لـەو بزاوتـە ئەسپایەی کە پاش تۆزێکی دیکە لەرزی لێدێنی. پەڵی نا بەدەرگاکەوە و هێشتا لـەودیوی شانیەوە سـەیری خوشـکەکەی دەکـرد. لـەدوای خۆیـەوە دەرگاکـەی داخست و، چاوی لەژووره کەدا گێرا ژنەکەی لەسەر نوێنێك لەسەر قالیەکە پاڵ کەوتبوو لە هەمان پێخەفدا لە تەنیشتی بوو، تا تـەوقی سـەری داپۆشـراوە، لـە قەبارەی لەهی منداڵ گەورەترە، یەکەم جار وای هەست کرد، وەڵێ یەکەمجاریش مەزەنەی هەڵەی نەکردبوو بۆ قەبارەکان، پێلاّوەکانی داکەند لەقەراغ قالیەکـە و چـووە بـەرەوە، ژنەکـەی بەدەردەداریـەکی دیـار و ئاوێتـەی ترسـێکی نـامۆوە سـەیری کـرد لـە تەنیشـت پێخەفەکـە لەسـەر ئـەژنۆکانی رۆنیشـت و، هـەردوو چمکی عەباکـەی لەرانـەکانی توندکـرد: "چۆنـی؟" لێی پرسـی، ژنەکـە بەهـەمان نەخۆشییەوە چـاوی تێبری، وەڵێ لێـوی ژێـرەوەی دوو جـاران لەریـەوە، رووی خـۆی وەرگـێرا، چـاوی بڕیـە ئـەو سەرپۆشـەی لەتەنیشـتی بـوو، بەئەسـپایی دەسـتی بـۆ نووکـی سەرپۆشـەکە درێژکـرد، رایکێشـا، قژێکـی رەش و چروپربەدەرکەوت، هەرکە زیاتر رایکێشا نێوچەوانێکی سووروسپی دەرکەوت. هێندی گرژبوو، مەلا چاوی زەق بوو، دەستی دەلـەرزی، چارەی دایـە یەکـەوەو ورتـە ورتێکـی نەبیسـتراوی لێوەهـات. پاشـان سەرپۆشـەکەی لەسـەر هـەموو سەروچاوی لادا. هەواڵ لە ژووره داخراوەکە دەردەفرتـێ کـە خوشـکەکەی مـەلا لەبەردەرگاکـەی وەسـتابوو، حەپەسـاوی خـۆی دەگەیەنێتـە سـەروچاوی میوانـەکان، هەنووکـەیش پیرۆزبایی دەبێتـەجۆرە خۆتـێ هـەلقورتاندنێك "ئـەرێ راسـتە مـەلای بەرێزمان؟" بەرلـەوەی خـاوەن پرسیار قسـەکەی تـەواوکات مـەلا وەرام دەداتـەوە: "بەخوادانە هاوسـێ، بەخوادانـە.." هـەموو نیـو سـەعات جارێك مـەلا خـۆی دەبینـێ بـەرەو ژووره داخراوەکـە دەروا، هـەمدیس دەهاتـە دەرێ پترتورە بوو بوو، داوای لە خوشکەکەی دەکرد بەرەبەرە میوانەکان کەم کاتەوە و دەرگا داخا. دواجار کەسیش نەیەتە ژورەوە. هەرکەبەسـەر سوورمانەوە سەیری دەکرد وەك بڵێی لێی دەپرسی: "چۆن دەکرێ بەر لەم هەمووە بگرین؟" بەدەم رێوە وەرامـی دادەیـەوە: "ئێمـە لـێرەنین، پێیـان بڵـێ ئێمـە لـێرە نـەماوین" بـەفرە تەمەڵەکە لە ئاسمانێکی شیر ئاساوە لەسەرەخۆ دەبارێ، دەقیقە لـەدوای دەقیقە شوێن پێیەکان وون دەکا، ریشۆڵەکان لەسەرهەمان تـەلن کەستوونەکان لەسـەر حەوشـەکەدا دەگەیەنێتـەوە یـەك، تـەنیا چۆڵەکـەکان نـەبێ دوای ئـەو بێدەنگینـە نەگەڕانەوە. کورە شەش ساڵانەکەی مەلا لێی نزیك بوەوەو داوای لێکرد رێگای بدا سەر لەنوێ تەلەکان بنێتەوە، باوکی بەدوورو درێـژی تـێی راما، بێگومان بیری لـەوەرام نـەدەکردەوە بـۆ جاری دووەم کورەکـەی پـێی وت: "ئایا راسـتە چۆلەکـەپێی بەسـتراوە؟" مـەلا لێـوی خـوارووی نووشـتانەوە و بـرۆی هـەڵبڕی: "وادەڵێـن، پێیـەکانی بـەکۆت و زنجـیری نـەبینراو بەسـتراون بۆیـە هەڵدەقونێتـەوە" "بارکە کێ بەستوویەتی؟" منداڵەکە لێی پرسـی: "کـورم، خـوا دیارە گوناحێکی کردووە و شایستەی کـۆت کردنـە". دەمەونیوەرۆیـە، تەمـەنی کۆرپەکەیش حەوت هەشت سەعاتە. مەلا دەچێتە ژوورەکە و زۆر دەمێنێتـەوە. خوشـکەکەی لبەردەگارکـەدا دێ و دەچـێ و فـوو دەکاتـە نێـو دەسـتە تەزیوەکانیـەوە، هێنـدێ جـار دەوەسـتێ تـا گـوێ بـۆ دەرگـا هـەڵخات، پاشـان لەبزواتەکەی بـەردەوام دەبـێ و دێ و دەچـێ، بـێ ئـەوەی گـوێ بداتـە دەنگـی

دەرگای حەوشە کەجار ناجاریٚ لیٚ دەدریٚ هیٚشتا ئاگری ژیٚر مەنجەڵە گەورەکەی نزیك تەنوورەکە دەسوتیٚ، هەڵمیٚکی چری لیٚ هەڵدەسیٚ و لەگەڵ دووکەڵی ریخی تەڕدا تیٚکەڵ دەبیٚ کەبۆ سووتەمەنی بەکاری دیٚنن، پیریژنیٚك بەداریٚکی دریٚژ مەنجەڵەکەی تیٚك دەدا. پاشان لەبەرئاگرەکە کسوڵە دەکا و خۆی گەرم دەکاتەوە. داوەتەکە تەنیا میوانی کەم بوو کە ئەم بەیانیە هاتبوون، بەرلەوەی گۆشتی بەرخەکان بکولیٚ دیار نەمابوون، ئەویشی نزیکی ئەو ئاهەنگە کزوکەم میوانە بوو دەرگایان لیٚنەدەکرایەوە. کورەکەی مەلا خەریك بوو بەبەفر تەڵە تەزیوەکانی دادەپۆشی:" بۆخاتری خوا ئەم هەمووەی‌لەکویٚ دیوە؟" مەلا ئەمەی وت هەرکە خوشکەکەی لەبارەی باردۆخی ژوورەوە لیٚی دەپرسی و چی لەویٚ روو دەدا، هەمدیس هەڵیدایە:" ئەوەیش دەزانیٚ کەلەخەو ماوم و نویٚژی بەیانیم رۆی بەهۆی شەوارەوە. بڕوا دەکەی؟" ژنەکە لیٚ ی پرسی:" ژنەکەت حاڵی چۆنە؟" حەپەساوە"وەرامی دایەوە." کەواتە هەنووکە چی بکەین؟" بەسەردانەواندنەوە وەرامی دایەوە:" کیٚ دەتوانیٚ چارەنووسی خۆی بگیٚڕیٚتەوە. وەلیٚ ئەوەی دەمترسیٚنیٚ ئەوەیە مەسەلەکە لەکویٚیەوە دەوەستیٚ؟" مەلا لە ناوەراستی بەفری حەوشەکەدا بەرەو ئەو پیریٚژنە ملی نا کە خەریکبوو بەدارەکەی دەستی لەناو مەنجەڵەکە خواردنی تیٚك دەدا. کوڕەکەی لەسوچیٚکی گەووڕەکەدا کەکردبوویە حەشارگە و لەویٚوە چاودیٚری تەڵەکانی دەکرد، بانگی لیٚکرد" وریابە باوکە پیٚت نا بەتەڵەیەکەوە". بەڕاستی مەلا ئاگای لەوە نەبوو کە لەژیٚر پیٚیەوە سووکە تەقەیەکی تەڵەکە بەرزبوەوە. قەدەریٚك سەیری ژیٚر پیٚی خۆی کرد پاشان ملی ریٚگای گرت:"بەرخەکان چۆنن؟"پیٚش ژنەکە کەوت وژنەکەش بزەیەکی چرچی هاتیٚ و وتی:" هەنووکە گەرم و گوڕە ئەمەیان باشترە لەزقومی گەوڕەکە". ورتە ورتیٚکی لیٚوەهات" ئەی ئاگرەکە؟" کەمەیان پرسیار نەبوو، بگرە تەقەلایەك بوو بۆ دوورخستنەوەی تارمایی پرسیاریٚکی دیکە کەوەرام دانەوەی زەحمەت بوو. ئەویش لەنزیك مەنجەڵەکە کسوڵەی کرد و دەستەکانی دایە بەرگری ئەو بڵیٚسە زەردانەی کە کوچا گرەکانیان دەلستەوەو پاشان دەگەشانەوە "برام" خەیاڵ بردبوویەوە لەبەردەم ئەو گەرمایەی کە ئەو کلوو بەفرانەی بەعەباکەیەوە نووسابوون دەکردە چراوگەی ئاوو لەدوتویٚی تەونە رەشەکەدا وون دەبوون"برام" گویٚی لیٚبوو هەرکە خوشکەکەی بۆ جاری دووەم بانگی لیٚکرد. ئاوڕی دایەوە و هیٚشتا کسکۆڵەی کردبوو، ژنەکە سەیری ئەوی نەدەکرد، بەڵکو دەیڕوانیە دەرگاکە، دەسبەجیٚ هەستی پیٚکرد ئەوساتەیش کەچاوەڕوانی بوو والەئارادایە لاویٚکی سوروسپی، قژ رەش و پڕ، لەهیٚندیٚ شویٚنی سەروچویەوە ردیٚنی هاتووە لەدەرگاکەوە، سەری دەرهیٚنا، بەدەستی سیٚبەری بۆ چاوی کردوە تاخۆی لەتیشکی بەفرەکە بپاریٚزیٚ، بەو دەستەکەی دیکەی پۆشاکیٚکی ئەستوری لەجەستەی خۆی گوشیوە، کورتە بالآیە بەلآم ریٚك وپیٚکە، لەوانەیە بیست و حەوت یان سی ساڵان بیٚ، مەلا بە خاوخلیچکیەوە هەڵسایە سەرپیٚ. هەرکە روو بەرووی بوو پیٚی وت:" کوڕم بەفرەکە ئازاری چاوت دەدا" لاوەکە چارەی دایە یەکەوەو وەرامی دایەوە:"باوکە دەبیٚ ئەو هەموو شتانە ببینم کە تەنیا بەهەست کردن دەیانناسم" برەك بیٚدەنگ بوو، چاویٚکی بەحەوشکەکەداگیٚرا وتی:" براکانم لە کویٚن؟"مەلا ئاوڕیٚکی لە خوشکەکەی دایەوەو سەریٚکی بۆ لەقاند. ژنەکەیشی بەرەو ژووریٚکی تەنیشت رۆیو بەر لەوەی بگەڕیٚتەوە مەلاو کوڕە لاوەکەی سەرلەنویٚ دەچوونە ژووری دایکەکەوە پاشان لەسەر پیٚخەفەکە لەتەنیشتی دانیشتن. دوای قەدەریٚك هەرچوار کوڕەکەی هاتنە ژوورەوە. منداڵن. بچووکەکەیان چوار ساڵانەو گەورەکەیان تەمەنی دەساڵانە. خوشکەکەی ریٚنومایی دەکردن کەلەدەوری

زۆپاکە لەکویٚ دانیشن، سووکە ژاوە ژاویٚکیان لیٚدەهات، بچووکەکەیان لە پریٚکا هەڵیدایە"دەمەویٚ وەکو بیٚکەس گەورەببم" گەورەکەیان لیٚی خوڕی:"بیٚدەنگبە" گەورەکەشیان بەهەست دەیزانی و لە ئاستی ئەو حەپەساویەی سەروچاوی باوکەکە دەسەپاچەیی دەنواند کە مەسەلەکە گاڵتە نیە باوکەکە هیچی نەدۆزیەوە بیڵیٚ، تا پیٚ ناساندنی هەرچوار کورەکەی لەلایەك و ئەو منداڵە تازە لەدایك بووەی کە هەموو سەعاتیٚك ساڵەکان کورت دەکاتەوە لەلایەکی دیکە، ئاسان کات، هانا بەریٚتە بەر چ پەندیٚك تا وابکات تیٚگەیشتنی گونجاو بیٚت و پەنا بەریٚتەوە بەر چ دیاردەیەك بۆ ئەم شتە سەرسوورهیٚنەرە کە هیچ شتیٚ خۆی لەقەرەی نادا، جگە ئەوە نەبیٚ کەسەبارەت ئەو پیٚغەمبەرە بیستبووی لەلانکەدا قسەی کردوە و قسەی گەورەیشی کردووە، نیگا حەپاساوەکەی لە نیٚوان ژنەکەی کەسەری لەسەر بالیف کردوە و خوشکەکەی دیٚ و دەچیٚ، هەرکە هیچی نەدۆزیەوە بەچپە ئاسا وتی."ئەمە بیٚکەسی براتانە، بیٚکەس ئەمانەیش برای تۆن" قسەکەی مەلا وەکو دەنگی تەنەکە لیٚدان وابوو. لاوەکە بەخشکەو لەسەر چۆکان لەبراکانی چووە بەرەوە کەلەدەوری زۆپاکە دانیشتبوون. بزەیەکی هاتیٚ و منداڵەکان چاویان زەق بوو، دەستیٚکی سورو سپی بەقژی برا بچووکەکەیدا هیٚناو گەمەی‌ئاشنایی لەگەڵ دەکرد. منداڵەکەش سەری ئەوی کرد تا ئەو دەستەی بەرنەکەویٚ، وەلیٚ کوڕە گەورەکە"کرزۆ" وەکو برا بچووکەکەی دەسپیٚشخەری نەکرد بیٚزاری بەرانبەری نەنواند بەدەم دانیشتنەوە لەسەر قاڵیەکە کشایە دواوە، بەڵکوبە"بیٚکەس" ی وت:"بەخیٚرهاتی برام.." پاشان دەستی بۆ دریٚژکرد و تەوقەی لەگەڵدا کرد. ئەمەش دەسپیٚخەرەیەك بوو لەکوڕەگەورەکەوە بۆرەواندنەوەی ئەو حەپەساویە گەرم و گوورە، کە گەرمایی زۆپاکە ورووژاندبووی سیانەکەی دیکە بەچرپەوە وتیان:"بیٚکەس بەخیٚرهاتی". دیك و باوکەکە وەك بلیٚی ئەو نائاساییەیان لەبیر چووبووەوەو ئەم دەسپیٚشخەریە زیرەکانەی منداڵەکان هانی دان بەگەرمی منداڵەکان هان بدەن:"یەکدی ماچ کەن ئەوانە براتن، ئەویش براتانە، شوورەییە وەکو نەناس چیە چیتانە، دەنگ هەڵبرن، بەڵیٚ، ئاوها"لەخۆبایی بوون لەنیٚو منداڵەکاندا رەویەوە، کە هیٚشتا لە هەناوی دایك و باوکیاندا مابوو."بیٚکەس" دوای دووسەعات لە دایك بوونی دەرگای ویٚنەی باوکایەتی لەسەر خۆی داخست، هەردووکیانیش هەروەکو کوڕپەیەك تەماشایان دەکرد. سۆزی دایك و باوکایەتی لەدەروونیاندا بەرانبەر بەکۆرپەیەك دەپەنگایەوە، پاشان لەدەرەوە گەشەی کرد بەجۆریٚك سەرسوورمان و حەپەساوی بووە سەرداری هەستیان دایك و باوکیان تەنیا چاودیٚری دەکەن، لەهەموو تەگبیریٚك کاروبار بەریٚوە دەچیٚ."زیوان" خاوەنی تەڵەکان رووی دەمی دەکاتە بیٚکەسی برای و دەڵیٚ:"حەزت لەڕاوە چۆلەکەیە؟" چۆلەکە"بیٚکەس دەپرسی."ئا.. چۆلەکە، بەرلەوەی بیٚم زۆرم لیٚ راوکردن". بەبزەیەك سەیریٚکی براکەی کرد کەوەرامەکە بەلایەوە ناکاو بوو، پاشان لەسەری رۆیشت تا حەپاساویە تەنکەی منداڵەکە بڕەویٚنیٚتەوە:" وەکو تۆ چۆلەکەمان بەلەتە نان راو نەدەکرد، بەڵکو تەڵەکانمان دەخستە نیٚو گەلآی دارەکان و میوەمان دەکردە چەشە". دوای ئەو وەلآمە رووی کردە گەورەکە(کرزۆ) و لە خاوەن تەڵەکان گەڕا، پرسیاری یەك لەدوای یەکی دەکرد:"بۆلیٚم ناپرسی چۆن وازوو گەورە دەبم؟". (کرزۆ) وەکو یەکیٚك پرسیاریٚکی دۆزبیٚتەوە دەمی کردەوە، بیٚکەس دەرفەتی نەدا قسەکەی تەواوکات، ئاوڕی دواوەی دایەوە، بۆ ئەو شویٚنەی کە چاوانی دایك و باوکیشی بەهەمان پرسیار دەدرەوشانەوە:"نەفرەت" ورتەیەکی لیٚوەهات:"چۆن بتوانم کە خویشم ووزەی روون کردنەوەیم نیە. منیش وەکو ئیٚوە سەرم لیٚی سووڕماوە.

هەموو سەعاتێ دەتانبینم کەسانێکی دیکەن و ساڵ بەساڵ لەگەڵمدا گەورە دەبن، هێندەش پەلەیە تێگەیشتنم سەبارەت بەشتەکان تێکەڵ وپێکەڵ دەبێ کەبەرلەوەی بێم سەبارەتان دەمزانی"برەك بیدەنگ بوو، و لەسەری رۆیشت:"سەر سوورمانم دوو سەرسوورمانە، سەرسوورمانی ئێوە لە بارەی منەوەو سەرسوورمانی من لە بارەی ئێوەوە باپێکرا بەمەسەلەکە رازی بین. چونکی ئەوەندەی کات بەبەرەوە نیە. سەیرکەن، دەمەو عەسر دەبمە چل ساڵان و لە ئێوارەیشدا دەبمە پەنجا ساڵان.. شەویش؟.. نازانم باوکە هێندێ مەسەلە هەیە دەبێ لەگەڵتدا جێبەجێی بکەم، خوولەکە هەر خوولە، ئەگەر لە رۆژێکدا تەواو بێ یان لەبیست هەزار رۆژدا تەواو بێ، لە مەرتۆ روون کردنەوەی مەسەلەکە سەختە، بۆ ئەوانەی لەودیوی دەرگاکەوەن و چاوەڕێی وەرامی بنەبڕن، بەراستی قورپبەسەریە، خۆت تەنیا بۆ ئەوە تەیارکەو سەرسورمانی من لەبیرکە."

برا بچووکەکەی دەستی بەرانی دا هێنا تا ئاوەڕی لێبداتەوەو ئاوڕی دایەوە:" تۆ دەفتەرت هەیە؟ من دەفتەرم هەیە" منداڵەکە ئەمەی وت "ئۆە" بێکەس وەرامی دایەوە:"دەفتەر!! ئەو هەموو دەفتەرانەی لەلای باوکمە دەفتەری منن". منداڵەکە چارەی گرژ کرد"نەخێر دەفتەری باوکمن". (بێکەس) بێزاری دەربری، چونکی پرسیارە شیاوەکانی ئەو منداڵانە درێژەی دەکێشا:" باوکە، دەمەوێ دوو بەدوو قسەیەکت لەگەڵدا باس بکەم کەتەنگی پێهەڵچنیووم". پاشان سەیری دایکی کردو وتی:"لەگەڵ تۆیش".(خاتێ) باوکەکە بانگی لێکرد، خوشکەکە وا بەهەڵەداوان هاتە ژوورەوە وەك بڵێی بەدرێژایی وەخت گوێی لێدەگرتن:"بەڵێ؟" پێی وت:"خوشکم منداڵەکان بەرەو خواردنیان بدەرێ" مەلا وتی و هەمدیس لەسەری رویشت:"درەنگە و هێشتا نانیان نەخواردووە" خوشکەکەی چووە پێشەوە و لەدەستی بچووکەکەیانی گرت و ئەوانی دیکەی وەك پەزی دڵخۆش دایە پێش خۆی..(بێکەس) بەخشکە لەسەر ئەژنۆ لەنوێنی دایکی نزیك بووەوە، بەهەمان شێوە کە لە زۆپاکە نزیك بوەوە"گوێم لێبگرن" دەسپێشخەری کرد چونکی زانی تانووکی پەنجەی گوێی لێدەگرن:"دەمەوێ ژن بێنم" بێدەنگ بوو تالێویان بخوێنێتەوە کە هێندێ شۆر ببونەوە، هیچ دەربڕینێکیش لەسەرچاویاندا بەدی نەدەکرا، وەك بڵێی دەیەویست پتر بە جادو یەك کۆتیان بکات تاپتر شۆرببنەوە، تا بەهەژانێکی لاستیکانە گۆشتیان لەسەر ئێسقانیان دابماڵێ، وتی:"کارەساتە". باوکی ورتەیەکی لێوە هات:"کارەساتە" وەکو یەکێ: وڕێنەبکا وەڵ دایکی شانەکانی لەو بالیفەدا چەقین کە پاڵی پیوە دابوو، وبووە پارچەیەکی خۆڵەمێشی لەپێخەفە خۆڵەمێشیەکە" کارەساتەو هەرکە بەسەریش چوو لەبیریان دەچێتەوە، بەڵام من کاتی ئەوەم نیە لەبیری خۆمی بەرمەوە، دەمەوێ ژن بێنم و پێویستیەکە و بەرلەوەی داوای جل وبەرگ بکەم کەلەبەری بکەم"ئەمەی وت. لەو دەمەدا باوکیچاوی نووسابە چوارگۆشەیەکی شینی قاڵیەکەوە، هەڵزەپاوو رەق بوو، لەوانە بوو یەکێك لەو گۆشەکانیشی لەوژێر قاڵیەکە بزرێ. لەمێشکی خۆێدا گۆشەکانی ریك دەخست، بەهێڵێکی ئاسۆیی بەرەو گۆشەکە دەخولایەوە پاشان بۆ هێڵێکی ستوونی، هەڵدەکشاو دادەبەزی، وشەیەك نادۆزێتەوە، مۆتەکەیەکی چوارگۆشەیی شین دەست بەسەر زمانی دادەگرێ و دەیکاتە شینایەکی پان وپۆر لەحەوشەکەدا، نەك لەوشە ئەندازەیەکان. مەودایەکی کاریگەر مێژووی مەلا وباوباپیرلنی لەعەدەمێکی شیندا حەشار دەدا، مەودایەکی کەرولاڵ و لە چوارگۆشەکەدا گۆشەکانی دەتوینەوە و ون دەبن و چیدی دەرناکەون خۆی و ژنەکەی تەنیا کەوتبوونە نێو ئەو بێدەنگیە گاڵتە جاریە"ژن دێنی" دایکی بەچرپەوە وتی، باوکیشی بەئاگاهاتەوە و وتی"ژندێنی" وەك بڵێی هەردووکیان واتای وشەکەیان نەدەزانی تەنیا(بێکەس)نەبێ کەبەم حەپەساویە گاڵتە جاریە بزەی دەهاتێ"بەڵێ" بەسووربونەوە وتی: بێگومان مامەکانم دەناسی و دەتوانی یەکێك لەکیژەکانیان هەڵبژێری"مامەکانت؟" باوکەکە ووشەکەی دووجار وت"ئا..!" پاشان بەرەو هەڵدێری چوار گۆشە شینەکەی قاڵیەکە گلۆربوەوە:"مامەکانت؟" راپەری:"گاڵتە دەکەی؟ بڵێ گاڵتە دەکەی بروامان پێ ناکەن بەوەی دەیڵێن هێشتا ئێمە بڕوامان بەمەسەلەکە نەهاتووە بێکەس کێ لە پێناوی درۆیەکدا کیژی خۆی دەدا؟" کورەکەی وەرامی دایەوە:"باوکە پێویستە لەسەرت تەقەلا بدەی، وەختی زۆری بەبەرەوە نەماوە" باوکی تووره بوو" وەختی کێ کابرای سەیر؟ باکی بەوەیە ئەگەر وەخت مابێ یانەمابێ بۆ دەبێ گوێ کێ سووربوونەکەت بگرم کەهێندەی دی کارەساتەکە سەخت دەکا؟ بۆ خاتری خوا بمانپارێزە، تۆ لەناومان ادەبەیەت".."نەخێر". بێکەس وەرامی دایەوە:"مەسەلەکە بڕاوەتەوەو دەبێ بیکەی..." مەلا هەڵسایەسەر ئەژنۆ و هەڕەشەو گورەشەی دەکرد." کێ مەسەلەکەی برانۆتەوە؟"کورەکەی وەرامی دایەوە" باوکە دواجار حاڵی دەبی". "نامەوێ لەمەودوا هیچ حاڵی ببم و ئەهەنووکەش دەمەوێ، بەرپرسیاری تێگەیشتنی ئەم کارەساتە نیم، باخوا بۆ خۆی تێی بگا". ژنەکەی لە قۆڵی گرت وەك بڵێی لۆمەی دەکرد کە ئەو قسەیە لەشان و شەوکەتی کەسێکی وەکو ئەو ناوەشێتەوە، قۆڵی راکێشاو وورتەیەکی لێوە هات:"بۆ من؟" پەنجەی بۆ سەرسنگی خۆی درێژ کرد:" ئەگەر بۆ ئەم تاقی کردنەوەیە هەڵبژێردراوم دەرەقەتی نایەم. مرۆ تارادەیەك ووزەی هەیە، گوێ بگرە، سەرحەدی توانای من لەو حەوشەیە تێپەڕناکات کە براکەت راوە چۆلەکەی لێدەکات" تادەهات لێدانی دڵی بەرزتردەبوو عەباکەی دەلەرایەوە، وەك بڵێی هەموو جەستەی مەلا بۆتە دڵێکی تۆقیوو:" وابزانم تۆ هەموو شتێك دەزانی، کەواتە رێگایێکمان پیشان بدە". لەسەر پێخەفی دایکەکە بەدانیشتنەوە کشایە دواوە. بەتاڵیەوە خۆی دابووە دەستی قسەکانی ئەوەی کە چاڵیەکانی دەوری سەرچاوی تادەهات قوڵتر دەبوون. قووتووی زیوینی توتنەکەی لەتەنیشتی چوارگۆشە شینەکەی قاڵیەکە بەدەم پەنجەکانی بێکەس دەخولایەوە، باوکی سەیری ئەو جموجۆڵەی دەکرد و چاوەڕێی وەرامێك بوو. (بێکەس) قووتوەکەی لەسەر لەپی گرت و بۆ باوکی درێژی کرد:" باوکە جگەرەیەکم بۆ بپێچەوە". "جگەرە.. بەڵێ.. جگەرە" مەلا وەك بڵێی خەوی لێکەوتبێ وەرامی دایەوە و قووتوەکەی لێوەرگرت، کردیەوەو کاغزێکی تەنکی لەهێندێ تووتن پێچایەوە، پاشان قەراغەکانی تەڕکردو تەواو بوو، دایە دەستی کوڕەکەی و بەچەرخە ئەوتە پلێتەدارەکەی بۆی داگیرساند، کورەکەیش" زاری پڕ لە دووکەڵ کردو بێ ئەوەی هەڵیمژێ و لەسەرەخۆ دەریدا باوکە تووتن تاڵە، چۆن بەرگەی دەگرن؟" لەپاشان وەکو بێزهاتنەوەیەك تفی قووتدا، وەڵ جگەرەکە لەنێو ئەو دووقامکەی دەسووتا کە باوکی چاوی تێبڕیبوون:"بێکەس ئێستا چی دەڵێی؟" بەورتەوە ووتی و بێئەوەی سەیری سەروچاوی بکا. کورەکەی وەرامی دایەوە:" باوکە هەرهەمان داواکاریە و ژن دێنم، مەسەلەکەش لەگەڵ مامەکانمدا تەگبیر بکە" باوکی هەڵسایە سەرپێ و پاشان سووکە شەقێکی تێهەڵدا و وتی: خۆزگە نەبوویتایە... خۆزگە نەبوویتایە" دەگەرابۆ ووشەیەك. تاوەسفی پێبکات بۆی نەدۆزرایەوە لەوانەیە:" ئەگەر سەمەرە نەبوویتایە" یان"سەیر نەبوویتایە" یان"شتێکەو پێی دەڵێن کوڕ" یان"هاتوویەکی و هێشتا لە خۆبایی بوون لە نێوانماندا هەیە" یان.. کێ دەیزانی بەو توورەییە بیری لەچی دەکردەوە، وەڵ لەسەری رۆیشت

وتی:"سەرو گوێلاکیم بەرشەق دەدا، تووشت کردم، تەنانەت دەرگام لەرووی میوانانیش داخست، ئەواتا لەگەڵ کەسانی دی تووشم دەکەی بەداواکاریەك کەس تیّ ی ناگا لەزینەوە ڕێکەوە کەکەس تیّ ی ناگا پاشان بەرەو دەرگاکە ملی ناو هاواری دەکرد:"رادەکەم، دەبیّ لەم ماڵە راکەم..." پێڵاوە لاستیکە مل درێژکەی لەپیّ هەڵکێشاو دەرگاکەی لەدوای خۆیەوە داخست. (بێکەس)یش خێرا بەرووتی لەژێرئەو پۆشاکە ئەستوورەی کەجەستەی پێپێچرابوەوە هەڵساو لەدوای باوکی چووە دەرەوە. کلووبەفرەکان تادەهات زۆرو چڕتر دەبارین هێشتا بای نەدەهات، ریشۆڵەکان هێشتا لەسەر تەلی کارەبای سەرحەوشەی خانووەکە بوون. مەلا بەراکردن بەرەو دەرگای دەرەوە ملی نا. لەتارماییە پێخاوسێکەی کورەکەی هەڵدەهات، کەئەویش بەراکردن دوای کەوتبوو خوشکەکەی مەلا لەو دەرگایەوە سەری دەرهێنا کە منداڵەکانی لێوە بردبووە ژووریّ، هیچ دەربرینێك بەسەروچاویەوە دیارنەبوو. پاشانیش بەئەسپایی لەسەر ئەو دیمەنەی داخست، وەك بڵیّ ی مەسەلەکە تەنیا پێوەندە بەچارەنووسەوە. مەلا دەرگاکەی کردەوە و بەلێوباری چووەدەرەوە، بۆ حەوشەیەکی سپیّ ی کەلەهاوشانی شوورەی خانووەکە دابوو و پانتایەکە بەرەو باکوور درێژ دەبوەوە هێندی خانووی تاك و تەرا لەدوور رادیارن بەفر بارینەکە هێندەی دیکەی قوڵی کردبوون. مەلا بەقوورسی هەنگاو هەڵدێنیّ، چونکی پێیەکانی بەبەفرەکەداڕۆدەچوون کوڕەکەیشی بە قورسی هەنگاوی هەڵدێنا و پێخاوسیّ بوو، بێکەم و زیاد چەند مەترێك نێوانیان بوو باوکەکە هەنووکە لەسەرخۆ ڕێ دەکاو کوڕەکەشی وەك بڵێی دوای کەسێکی شارەزا کەوتبیّ وەکو ئەو لەسەرخۆیە.. تەنیا دایکەکە کە باوك و کورەکەی لەپێش بڕکێکەدا بەجێیان هێشتبوو، هیچ مەودایەکی پیّ نەدەزانی جگە مەودای حەپاساویەکەی نەبیّ، چوار گۆشەکانی قاڵیەکە دەبوونە چاوی پرسیار کردن و دیوارەکان دەدەنەقاقا لێفە ئەستوورەکە رادەکێشیّ تاسەرلووتی، چاو دەبڕێتە بۆ شاییەك لە هەوادا قەمچی رادەوەشێنیّ:" ئەی خوایە، گەر ئەم هەمووە لەچاوتروکاندنێکا لەناو بردبایە بەبیّ دەنگی وادەڵیّ، واقیعیش گەورە دەبیّ کەجەستەی بەجەستەی کورەکەی دەچیّ، قژێکی چرو لەجێگایەکی نەزانراوەوە شۆر بووەتەوە و قامکە سوور و سپیەکانی گەمەبەپرسیارەکان دەکەن.

کوڕو باوکەکە لەودیوی خانووە تاك و تەراکانی باکوور وون دەبن شوێن پێیە چەوتەکانیان خەریکە گزنگی بەفرەگەمژەکە پێیان دەگا. لە جێگایەکی دوور، لەوشوێنەی کەسنووری ئەم شارۆچکەیەی دەگەیەنێت بە سنوری تورکیاوە. کورەکە دەگا بەباوکی:" باوکە، پێویستت بەم هەمووە نیە". بێکەس هاواری لێکرد، هەرکە باوکی ئاوڕی دایەوە ماندوویی و بێچارەیی پێوە دیاربوو، وەستاو بەبەزەییەوە لەکورەکەی پرسی:" باشەو بەپێخواسی ئازارت ناگاتی؟" کورەکە وەرامی دایەوە:" هەستیان پیّ ناکەم، بەڵام چاوم لە پێڵو دەردەپەڕیّ ئەگەر ڕاوەدوونانەکە بەردەوام بێت. باوکەکە بەدەستێکی شین هەڵگەراو کەلەژێر عەباکەوە دەریهێنا ردێنەکەی سریەوە، پاشان لەپێش چاویدا ئەو دیوو ئەم دیوی دەکرد ولیّ ی وورد دبوەوە:"کوڕم لێت بردمەوە، بۆ کویّ بڕۆم؟" کورەکەی لیّ ی نزیك بوەوە و لەدەستی گرت:" کەواتە باوکە بابگەڕێینەوە".

دەسکی دەرگاکە بەهۆی جوولانەوەی ئەو دەستەی کەلەدەرەوە دەیسورێنێتەوە لەژوورەوە سوور دەخوات. ئەنجا دەنگی دوو چرپە بەدووای ئەو جولانەوەیە دێت:"فەرموو" یەك لەوی دیکە داوا دەکا ئەوی دیکە وەرام دەداتەوە:"تۆفەرموو" دایکەکە لەژێر لێفەکەوە خۆی دەرهێنا و پاڵی دا بەبالیفەکەوە. باوکی هاتە ژوورەوە و رەنگ لەپێیەکانیدا نەماوە، بەسەرسوورماوی رادەوەستیّ: ئایا پێبخاتە سەر قالیەکە یان چارەنۆڕبیّ؟ باوکی بانگ دەکا:"خاتیّ" خوشکەکەی لەژوورەکەی تەنیشت وەرام دەداتەوە:"بەڵیّ برام". "ئاوی گەرم بێنە" مەلا پیّ ی دەڵیّ ئاوی گەرم لەمەسینەیەکی مس دادێنیّ لە هەرژوورێکیش مەسینەیەکی ئاو دەخەنە سەرزۆپاکە" بەسەر هەردوو قاچی دابکە" خوشکەکەی لەسەرخۆ ئاو بەسەر قاچەکانی برازاکەیدا دەکا، ئاوەکە بەسەر پێستەکەیەوە دەچۆڕیّ و بەرەبەرە سوور هەڵدەگەریّ، لەوێشەوە بەرەو ئاوەڕۆیەکی چیمەنتۆ لەسووچێکدا دادەکشیّ و دەچێتە دەرەوە، لەنێو بەفرەکەدا بەرێچکەیەکی تەسك ڕێگا بۆ خۆی دەکاتەوە لەبەر سەرسورماوی مەلا دەستی بەبزاوتێکی ئامێرانە لەسەر ردێنەکەی دەخزیّ و ئەنجا بۆ سەرسنگی و لەوێشەوە بۆسەر رانی ڕاستی سنووری چوارگۆشەکانی قالیەکە گرژ دەبنەوە بەرلەوەی ئەوتاڵە بەنە بگریّ کە لەقەراغ قەفتانەکەی هاتووەتە دەریّ، هەرکە تاڵە بەنەکە رادەکێشی، گرێکانیش لەدووری ئینجێکەوە لەقەراغەکەی دەکرێنەوە. دەوەستیّ، چونکی دەزانیّ ئەگەر لەراکێشانی تاڵەبەنەکە بەردەوام بیّ لۆچەکە شۆڕدەبێتەوە گرێەکی بچووك دەدا لەو شوێنەی کەراکێشانی بەنەکە تەواو دەبوو پاشان بەئاگری جگەرەکەی دەیپسێنیّ. ئاوڕ لەژنەکەی دەداتەوە، لێی دەپرسیّ:"کامیان هەڵبژێرم؟" ژنەکەی وەرامی دەداتەوە:"مەهمەد.. خۆت دەزانی مەهمەد کێژێکی هەیە.." پاشان ژنەکە دەستێك تائاقاری سەرچاوی هەڵدەبریّ، وەك بڵیّ ی دەیەویّ بڵیّ:"لەوانەیە" مەلا ئەو بزاوتەی ژنەکەی تێدەگا کە(مەهمەد)ی برای کێژێکی ئەقڵ سووکی هەیە و تەمەنی بیست ساڵانە و نازانیّ تابیست بژمێریّ هەرکە بەو شێوەیە بیردەکاتەوە دڵی تەنگ دەبیّ:"بۆ کورەکەم شایستەی کیژێکی بێعەیب نیە؟". لە خۆی دەپرسیّ، لەشەرمان چاوی ئەوی دەکا ئەبا بەرچاوی کورەکەی بکەویّ، وەلیّ دەبیّ پلانەکە لەسەر ئەم کارەساتە ساز بدا، لەهەمان کاتیشدا دەبیّ خۆی لە مەسەلەیەکی ناجۆر دووربگریّ بەرانبەر براکانی بیانووەکەی زۆر لاواز دەبیّ. وەلیّ ئەگەر لە(مەهمەد)داوای کیژەکەی بکات، واتا هەرچی لاوازی براکەی هەیە بەدەستێك دەکریّ. بۆ سەعاتی پێنج، پێنج دەقیقەی دەویّ. مەلا کاتژمێرە سەرقەباغ دارەکەی خستەوە گیرفانی بەرباخەڵی:"باهەر ئێستا بڕۆم" بەدەنگی بەرز ئەمەی وت و مەبەستیشی هیچ کەسێك نەبوو، بەرەو دەرگاکە هەڵدەسیّ، بەرلەوەی تاکێك لە پێڵاوە لاستیکە ئاوەخن تووك دارەکەی لەپێهەڵکێشیّ، بانگی خوشکەکەی دەکا:"خاتیّ"، دێتە ژوورەوە، داوای لێدەکا خۆی ئامادەکات بکەوێتە تەکی، ئەویش ئامادەیی خۆی نیشان دەدا. مەلا سەیری دەکا و وای بۆ دەچیّ لەبارەی مەسەلەکەوە لیّ ی بپرسیّ، وەلیّ ژنەکە ناپرسیّ، چونکی(خاتیّ) زنجیرەی ئەو گاڵتە جاریە تاڵە پێدەزانیّ، سەرەرای ئەوەیش کەمی دەبیستـ ودەبینی. هێمنە وەکو یەکێك لەمەوبەر ئەرکێکی پێسپێردرابیّ و پێویستە لەسەری جیّبەجیّ ی بکا، جار بەجاریش بیری لەلای منداڵەکانی بوو، کەرۆژ تائێوارە بەجیّ ی هێشتبوون وەلیّ دەیزانی مێردە روح سووکەکەی بەچاکی ئەوکارە ئەنجام دەدا. لە راستیدا(خاتیّ) پشت گویّ خرابوو، براکانیشی تەنیا بۆ خزمەتی منداڵەکانیان بانگیان دەکرد ئەگەر میوانیان زۆر بووایەبراو خوشکانی مێردەکەشی هەروابوون، تەمەنێکی لەجل شۆردنی دڕۆینی منداڵان گوزەراند بوو، یان جل وبەرگی دایکیان هەرکە منداڵی ببوایە تەمەنێکی درێژی لەژێر گوانی چێڵ و پەزەکاندا بەسەر بردبوو، لەو شوێنەی کەشیر لەنێو مەنجەڵە بەدووکەڵ رەشبووەکاندا کەف دەکا، تەمەنێك لەتەتەڵەو گێژەکردنی ئەو دانەوێڵەی مێردەکەی دەیکریّ و بەرلەوەی بۆ ئاشی بەرن بەسەربردبوو ئەوەتا هەنووکەیش شانازی بەوەوە دەکا لەهاوشانی

براکەیەتی لەکارێکی سەختدا. (خاتێ) لەنێوتاریکیدا کە لەم وەرزەی ساڵدا زوو دادێت کەوتە شوێن براکەی هەردووکیان لەبەر ڕۆشنایی بەفرەکە کەگەڕەکە بێشۆستەکانی قەراغ شاری پڕکردبوو ڕێیان دەکرد بەسەر قۆقزی و چاڵ وچۆڵی ڕێگاکەدا لەتر دەدەن. یان پێیان ڕۆدەچێ. سرتە نایەت، جگە دەنگی هەناسەکە برکێ نەبێ خوشکەکە لەمەسەلەیەکی چارەنووس ساز بیر دەکاتەوە کە پەیوەند بەو بەرازییەی کەلەودیوی بەفرەکە بزر دەبوو. مەلایش بیری لەپێشەکی دەکردەوە بۆ سەردانەکەی پاشان،هەردوکیان پرسیارەکانیان لەبیر دەبردەوە، هەرکە لەو دەرگایەیان دەداکەلەناوەراستی شوورەیەکی قوڕدابوو، بەتووندی لەدەرگاکەیان دەدا تاخاوەن ماڵەکە گوێی لێبێ ترپە لەروومەتیان بەرزدەبێتەوە دەنگێك لەدوورەوە وەرامی دەدایەوە"ئێ..ئێ"، کوڕێکی سیازدە ساڵان دەرگاکە دەکاتەوە، دەیانناسێ:"مامە.. پووری.." دەچنە ژوورەوە بێنەوەی وەرام بدەنەوە. کورەکە بەتووندی

دەرگاکە پێوە دەدا، پاشان پاڵ دەنێت بەسەر کلۆمە ئاسنە ژەنگاویەکەوە بۆ نێو بازنە ژەنگاویەکە.. دەنگێکی لێهەڵدەسێ، وەکو نووزەی سەگ وایە مەلا و خوشکەکەی بەدەم ڕێگاوە گوێیان لە هەڵسانەوەی مانگایەکە لە گەوورەکەدا و دەنگی مریشکیکش دێت لە کولانەکەیدا، هەرکە تێپەر دەبن کپ دەبێ. دەگەنە بەردەرگای ماڵەکە کەسی مەتر لەدەرگای حەوشەوە دوورە. بەبێ ئیزن پاڵی پێوە دەنێن، لەژوورەوە ڕووناکیچرا نەوتەکە کزە، وەڵێ درەوشانەوەی ئاگری زۆپاکە ڕووناکی کردوەتەوە و سێبەرێکی ئاشنای لەسەر دیوارەکان چاپ کردوە. دانیشتوان لەبەر کوت و پڕی سەردانەکە هەڵدەسنە سەرپێ. گەرچی هەوڵیان دابوو سەردانیان بکەن و پیرۆزبایی لێبکەن وەڵێ دەرگاکەیان داخرابوو. ئەوا خۆی لەپڕهاتوو وسەردانیان دەکا .وەکوو یەکێك دزی گرتبێ لەپڕ هەڵدەسنە سەرپێ، تۆ بڵێی لەو دەمەدا باسی دەرگای ماڵی مەلایان نەکردبێ؟ یان دەربارەی ئەوەی کەلە ئاهەنگی خۆشنوویەکە دا سەری خۆی هەڵگرتبوو؟ هەرکەبەسەریاندا هاتن قسەیان دەکرد و قاچیان لەدەوری زۆپاکە ڕاکێشابوو و سەروچاویان دووکەڵی جگەرە داپۆشیبوون:"فەرموون.. فەرموون" ژاوەژاو بەرز بوەوە. خێزانەکەی(مەهمەد)ی برای نۆ کەس بوو لەدەوری زۆپاکە دانیشتبوون. (مەهمەد) شەش ساڵ لەمەلا گەورەتر بوو، چەند دراوسێیەکیشی لێ بوون، شەوچەرەیان دەکرد، مەلا زۆر وەرامی بەخێرهاتنەکانی نەدەدایەوە، وەك بڵێی پلەی بوو. تاقە نێوانی بێ دەنگی و و حەپەساوی دانیشتووان ئەوە بوو کەلەقووتووەکەی براکەی جگەرەیەکی پێچایەوەکەلەسەر قاڵیەکە خزابوو تاگەیشتبووە بەردەستی لەزاریەوە گەواڵەیەك دووکەڵی دەردا، وەڵێ ئەوەی لەکوونە لووتیەوە هاتە دەرێ لەسەردینەکەی نیشتەوە، وەکو تەمێکی تەنك لەسەر کێگەی بیبەرپێچی دەخواردەوە:" دەمەوێ دوو بەدوو لەگەڵ خۆت و ژنەکەت قسە بکەم" ئەمەی بەبراکەی وت و قسەکەیشی هیچ تێ ورووژانێکی پێوە دیارنەبوو، گومان کەوتە دڵی دانیشتووانەوە، دراوسێکان ڕوخسەتیان خواست و چوونە دەرەوە، وەڵێ ئەوانی دیکەی خێزانەکە چوون بۆ بەر زۆپای ژوورێکی دی، کەدەرگایەکی نزم لەو ژوورەی جیا دەکردەوە بە پەردەیەکی ئەستووری قەندی ڕەنگاو ڕەنگ داپۆشراوە بوو..(برام) مەلا بەکابراکەی دیکەی وت کەبەدانیشتنەوە ئەژنۆکانی خۆی بەسنگەوە گوشی بوو" هاتووم بۆ داخوازی سینەمی کچت". چاوی بەخوشکەکەیو براژنەکەیدا دەگێرا چاوی بڕیە گرەکەی ئەودیوی پەنجەرە بچووکە سلۆڤینەکەی زۆپاکە. دەیزانی ژن و مێردەکە لەچی بیردەکەنەوە و لەسەروچاویاندا ئەوەی دەخوێندەوە کە چاوەڕێ بوون بەم سەردانە کوت و پڕیە مەرگی ئەو کۆرپەیەیان پێراگەیەنێ کەئەم بەیانییە لەدایك بوو بوو. لەوە زیاتر نەبوو ئەگینا نیشانەی هیچی دیکە لەسەروچاویدا دیار نەبوو: "گوێم لێبگرن". و لەسەری ڕۆیشت"ئەوەیدەیڵێم تێی ناگەن، چونکی خۆێشم هێشتا تێی نەگەیشتووم بەلام تکام وایە ئێوەش خۆتانی بۆ بدەن بەدەستەوە، هەروەکو خۆم داوە بەدەستیەوە.. کورەکەم..".

تانیوە مژێکیدا لە جگەرەکەی، ئاگرەکەی لاربوەوە و خەریك بوو بەربێتەوە، وەڵێ بەپەنجە ڕاستی کردەوە، دوای ئەوەی بەزمان تەڕی کرد: بێکەسی کورم کە ئەم بەرەبەیانە لە دایك بووە، لەماوەی سەعاتێکدا بەگوێرەی سێساڵ گەورە دەبێ، ویستی خوایە، کورەکەم ئەمرۆش دەیەوێ ژن بێنێ لەو باوەرەدام کەتێگەیشتن بۆ دەرگام لەرووی میوان داخستووە، پرسیاری زۆرم ناوێ، چونکی هێندە پرسیار لەمێشکمدا دەسووڕێتەوە سەرم ئاوساوە. دەمەوێ تەنیا بۆ درۆکە خۆتان بدەنە دەستەوە بەبێ کەم وزیاد. (مەهمەد) وەرامی نەدایەوە. ژنەکەیشی دەستی نایە سەردەمی وەك بڵێی چاوانی خۆی دەگرت نەبا دەرپەرێن. "ئۆە.." مەلا فوویەکی کرد:"ئەوحەپاساویەی لە ئێوە ڕووی داوە، لەمنیش ڕوویدا هەرکە بەچاوی خۆم بۆ یەکمجار دیتم دەقیقە بەدەقیقە گەورە دەبێ. برام هەرکە بڕەك بێ ئاگابووی بەدەم جگەرە پێچانەوە بیدە بەرزەین، هەر ئەوەندەت زانی موو لەروومەتی ڕواوە، پاشان سمێڵی دوا جاریش دەبینی ئەوەی ئێمە دەیزانین ئەویش دەیزانی وبێ ئەوەی هیچی دیبێ، هێندەش ڕوو خۆشە حەپەساویت لەبیردەباتەوە" بزەیەکی هاتێ تائەوە بڕەوێنێتەوە کەلەتوانای کەس نەبوو بیڕەوێنێتەوە: ژاوەژاوی ئەم کارەساتە ببیستێ بۆیە بۆ لای ئێوە هاتووم چونکی لەخواترسن". (مەهمەد) سەری هەڵبڕی لەبەر ئەو سێبەرەی کەئاگری زۆپاکە دروستی کردبوو و چاوی دیار نەبوو:"بۆیە کچەکەی منت هەڵبژاردووە چونکی ئەقڵ سووکە؟". مەلا بلمە بلمێکی لێوە هات و بۆ وەرام دانەوە تەنیا سەرەتای وشەکان بەهانایەوە هاتن. براکەی دووبارە هەڵیدایە وەك بڵێی ویستی قوتاری کات: "لەتۆ بەولاوە کەسی دیکە داوای نەکردووە، دەزانم، بەڵام بەهەرحاڵ کچمە.." مەلاش بەدەنگێکی تووڕەیی ئاساوە سووکە وەرامێکی دایەوە: "بەهەرحاڵ بێکەسیش کوڕمە، مەسەلەکەش لە نێوان من وتۆدا مەسەلەی ڕێکەوتن نیە لەسەر باوکایەتی بەڵکو کچێکی دیکە نادۆزمەوە خۆی بۆ ئەم هەڵوێستە سەرسوور هێنەرە بەخت کات" مەلا بێ دەنگبوو تاجگەرەیەکی دیکە لە قووتووی براکەی بپێچێتەوە و بۆ زاری هەڵبری ووتی:"بەڵێ برام، منیش بۆیە هاتمە لات چونکی تۆیش هەڵوێستت لاوازە و داوایەکم لێ کردوی هیچ تەفرەدانێکی تیانیە". لەسەرەخۆ جگەرەکەی داگیرساند، وەکو یەکێك دانی بەشتێکدا نابێ و چاوەڕێی لێبووردنێکی مسۆگەر بکات.. (مەهمەد) ڕووی دەمی پرسیاری لەژنەکەی کرد: "ئەی تۆ دەڵێی چی؟" ژنەکەیش سەری سوورمابوو، وەرامی دایەوە:"ئەویش براتە.." وقسەکەی تەواو نەکرد. (مەهمەد) ورتەیەکی لێوەهات:"دەتەوێ کەی ئامادە بێ؟". "هەرئێستا.. لەگەڵ خۆماندا دەیبەین" مەلا وتی... هەمدیس لەسەر قسەکەی ڕۆیشت:"نامەوێ تاسبەینێ کەس پێی بزانێ، باڵەمارە برینەکەیشدا هەرخۆمان بین" ژنەکەی (مەهمەد) یەکسەر هەڵساو لەو پرسیارە زۆرە ڕایکرد کە ڕووبەڕووی خۆی و مێردەکەی دەبووەوە پاشان لەپەردە قەندەکەوە خۆی کرد بەژوورەکەی تەنیشتەوە، ئەوەندەی پێنەچوو غەڵبە غەڵبی منداڵەکان بەرزبوەوە و بانگیان هەڵدەدا و بەدەم سروودێکی گاڵتە جاریەوە دەیانووت:"س.. ی.. نە...م.. سینەم.. نەم... نەم".

گەورەکان زانیان ژنەکەی ناچار بووە مەسەلەکەیان پێراگەیەنێ، تا بۆ ڕۆیشتنی خوشکە ساویلکەیان پاکانە بکات بەو شێوەگاڵتە جاریە دوای

چارەکە سەعاتێك کچە ساویلکەکە بەبزەیەکی گەمژانەوە لەتەکیان وەستا بوو، جارنا جارێکیش بەنیمچە پێکەنینێکی تاساوەوە، دایکیشی لەپشتیەوە وەستابوو، دوو بوخچەی بچووکی بەدەستەوە بوو کەبریتی بوون لەجل و بەرگ و پێویستیەکانی کچەکە: "بەر لەمنێوە دەڕۆم" مەلا ئەمەی وت و هەڵسا: "لەڕێگای خویشمەوە دەچمە لای شێخ عارۆو لەگەڵ خۆمدا بۆ مارە برینەکە دەیهێنم". ئەنجا پێڵاوەکانی لەپێکردو ویستی بچێتە دەرەوە، بەلاّم وەستاو ئاورێکی لەبراکەی دایەوە: "برام ئەگەر قەناعەتت نیەمەیکە". قونکە جگەرەکەی تووڕدایە دەرەوەی دەرگاکە کە تۆزێك کرابوەوە، براکەیشی بەدەست ئیشارەتی بۆ کرد: "بڕۆ.. بڕۆ" بێ ئەوەی هیچ بڵێ.(خاتێ) ی خوشکی مەلا لەڕێ ورۆیشتندا گەلێ سووکتر بوو، بەچاوی پەپوو هێڵی خۆڵەمیشی بەفرەکەی دەبینی و، وەکو مشکە کوێرەیش هەستی بەشوێن پێیەکانی خۆی دەکرد. هەرکە لەشووورەی خانووی براکەی نزیك بوەوە غاری داو دەرگاکەی بەهەردوولادا کردەوە. پاشان بەرەو ژووری دایکەکە پێچی خواردەوە. بەچرپە چرپ و فیشکەیەکی بەرزەوە چووە ژوورەوە: "ئەوا هاتن، بامنداڵەکان بچنە ژوورەکەی دیکە" بێکەس لەودیوی زۆپاکە دانیشتبوو تەنیا چمکی عەباکەی باوکی دەبینرا کەبەبەری گەورە بوو، وەرامی دایەوە: "پورێ بالێرە بن، قەیناکە" بەرلەوەی پووری قسەی تریکا ئەوان لەبەر دەرگاکە بوون، خاتێ وتی: "فەرموون" جارێ باوکەکە هاتە ژوورەوە، ئەنجا کچەکەی لەدوای ئەوانیش دایکەکەو دوو بوخچەکەی بەدەستەوە بوو. (خاتێ) بەپەلە دەرگاکەی داخست، سوور بوو لەسەر ئەوەی ئەوجەوە توونـدو تیـژە پتر بەنەرمی بگەرێ. وەلێ (بێکەس) هەڵساو دەسپێشخەری کرد و دەستی درێژکرد: "مامە بەخێر هاتی" مامەکەی حەپەسا بێکەسیش دەستە خاوەکەی کابرای خستە نێو دەستەکانی و رایوەشاند و لەنزیك زۆپاکە بالیفێکی بۆ دەسنیشان کرد. مامەکەی بەهەموو قورسایی جەستەیەوە خۆی بەسەریدا دا. (بێکەس) چاوی بڕیە سەروچاوی ژنەکەو پاشانیش بۆ سەروچاوی کچەکە کچەکە هەمیشە دەمی دابچڕیوە و پێکەنینێکیش لەدوو توێی دانەکانیدا خۆی حەشارداوە. (خاتێ) خۆی تێهەڵقورتاند: "دانیشن.. دانیشن" و دوو بالیفی دایە کچەکەو دایکی (بێکەس) لێفەکەی لەسەر خۆی هەڵدایەوە، وەك بڵێی خۆی بۆ ئەو هەڵوێستە ئامادەکردبوو، تەواوی جل و بەرگی پۆشی بوو سەرپۆشێکی سووری مووسلاّوی بەخاڵی ڕەش ڕەش نەخشاو لەسەری بەستبوو، و هەوریەکی گوڵ گوڵی بەدەوری ملیدا پێچابووەوە لەسەروچاوەکاندا بێ دەنگی بەقولاپ بێدەنگی ڕاو دەکا هەریەکە و چاودێری ئەوەی دی دەکا، یان گەمە دەکا بەهەرشتێك کەبەر دەستی بکەوێ، بۆ لەبیربردنەوەی ئەو بێهوودەیەی خۆی بەسەر زۆپاکەدا کێشا بوو. تەنانەت منداڵەکانی مەلایش کە بەپێی فەرمایشتی بێکەسی برایان لە ژوورەکەدا مابوونەوە، سیخورمەیان لەیەکدی دەدا، بێئەوەی فزەیان لێوە بێت، ئەگەر یەکێکیان ئازاری پێگەیشتبا دەمی دادەپچڕی و پاشان زمانی خۆی دەگەزت کورە چوار ساڵانەکەیان لەبووکە چاوەڕوان کراوەکە نزیك بوەوە، وەلێ یەکێکی دیان چمکی دیشداشەکەی ڕاکێشاو بەدەما کەوت و پاشووی چوو بەحەواوە، خەریك بوو بگری، وەلێ دەستێك فریای کەوت و دەمی گرت لەپڕێکا شێخ(عارۆ) خۆی کرد بەژوورا و مەلایش لەدواوە بوو. هەموو پێکڕا هەڵسان و پێکڕا دانیشتنەوە، سەرلەقاندنی بێ واتا لەدەوری زۆپاکە لەکارابوو: "کوڕم وەرە پێشەوە، کچم تۆیش وەرە پێشەوە "شێخ عارۆ بەپەلە دەیووت، بەپارچە کاغزی دراوێکی بیست وپێنج لیرە خێزانەکە خۆی لە پرسیارەکانی شێخ ڕزگار کرد: "بسم الله... مارەم بڕین، دەیکەیتە مێردی خۆت، دەیکەیتە ژنی خۆت بەمارەییەکی پێشەکی.. پێنج لیرەی ڕەشادی" ئەو وشانە و وشەی دیش لەسەر قالیە بەرەگنە چوارگۆشە دارەکە جێگیر دەبوون. پاشان شێخ بەوورتە ورتێکەوە هەڵسا: "بەتەمای خوا" چووە دەرەوە و لە بەردەگا ماڵئاوایی لە مەلاکرد.



شێرەکوڵلەی ئاسنین مەودایەك بۆ یاداشتی منداڵی

ئاوات عبدالله

شێرەکوڵلەی ئاسنین، یاداشتی ئەدەبی ڕۆمان نوس "سەلیم بەرەکات"، عیسا چیایی لە عەرەبییەوە کردوویەتی بەکوردی و لەزنجیرە کتێبی گیرفانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمە، ئەم کتێبە جگە لە دەقێکی ئەدەبی دەکرێت ڕوانگەیەکی دیکەمان سەبارەت بە ئەزمون و سەرگوزشتەکانی دونیای منداڵی پێئاشنا بکات. ئێمە هەموومان بەتەمەنی منداڵیدا تێپەڕبوین. کەم جۆر لە فەیلەسوف و ئەدیبەگەورەکانی دونیاش هەیە ئەزمونی منداڵی وەك ئەزمونێکی پڕ چێژ و بایەخ وەك سەرەتایەك بۆ دروست بونی چەندین پرسیاری فەلسەفی و ئەدەبی سەیرنەکات..

هەمیشە مرۆڤەکان حەز دەکەن گەورەبن بەردەوام لەگەورەیی‌یەکەوە بۆ گەورەیی‌یەکی‌تر لە شڵەژان و هەڵپەدان، دونیای گەورەیی دونیایەکە ڕەنگە سەرچاوەی گەلێك لە خۆشبەختی و لە هەمان کاتیشدا مەرگەساتەکانی ژیانیش بێت، هەمیشە مرۆڤ لە گەورەیدا وەك مرۆڤێکی کامڵ و خاوەن ئەزمون حسابی بۆ دەکرێت، مرۆڤی گەورە لە ژیاندا کەسێکە دەکرێت گوێی بۆ بگیرێ و متمانەی پێبکرێ چونکە ئەوکەسێکە خاوەنی سیقەوئەزمون و ڕابوردوی ژیانە، هیچ گومان لەوەشدانیە زۆرینەی هەموو ئەو ئەزموونانەش باکگراوندو زەخیرەی منداڵین، یاخوود ئەوە تەمەنی منداڵیە لە هەناوی خۆیدا گرنگی گەورەبونی هەڵگرتووە بە جۆرێك وامان لێدەکات بپرسین: ئەگەر منداڵ نەبێ ئەی مرۆڤی گەورە بۆ هەیە؟ ئایا بەبێ منداڵی شتێك دروست دەبێ ناوی گەورەیی بێت؟ هەموو گەورەکان قەرزباری منداڵین هەموو منداڵێکیش مەرجەعی جۆرێك لە گەورەبونی هەڵگرتووە. بەم شێوەیە دەکرێت بپرسین کوا ڕێز و پێزانین و خوێندنەوەی ئەم دونیایەکەپێی دەڵێن(منداڵ)؟ سەلیم بەرەکات وەك کەسێکی ڕۆمان نوس بە بڕوای من لەم کتێبە بچوکەیدا دەیەوێت ئەم دۆخەمان نیشان بدات، گەڕانەوە بۆ نوسینەوەی یاداشتێکی ئەدەبی و هێنانی دونیای منداڵی بۆ نێو ئەم دەقە لای ئەم پیاوە یەکەم جار وروژاندنی ئەم پرسیارە هەستیارەیە. داخۆ هەموو ئەو شتەگەورە و بچوکانەی لەلای گەورەکان بەگەورەیی حزوری هەیە لە دونیای منداڵیشداهەمان شتن، ئێمە پێوانەمان چیە بۆ ڕوداوو بەسەرهاتەکان لای گەورەکان چ شت و ڕوداوێك جێی بایەخەو بە پێچەوانەشەوە چ شتێك مایەی پشت گوێ خستن و فەرامۆش کردنە، ئایا لەم نێوانەدا ئەم دووجۆرە دونیایە کامیان خاوەنی دونیای ڕاستەقینەی مرۆڤن، بێ گومان منداڵ و گەورە بەردەوام لە شەڕێکی دوانەهاتودان لە سەر حسابی بۆ کردن و نەکردنی شتەکانی دونیا، لای منداڵ هەمیشە کۆمەڵێك هاوکێشە لەژیاندا جێی بایەخ و گرنگین و لای گەورەکانیش کۆمەڵێك شتی دیکە، بەڵام پرسیاری ئێمە ئەوەیە داخۆ ئەم دوو دونیایە کامیان خاوەنی ماکی ڕاستەقینەی ژیانی ئادەمیزادن..

لەڕاستیدا سەلیم بەرەکات زۆرهەوڵی وەڵامی تێروتەسەلی ئەم پرسیارەنادات بەڵکو ئامانجی سەرەکی نیشان دان و خستنەڕوی خودی پرسیارەکەیە. ئەوهەوڵ دەدات لەڕێی ئەزمونی خۆیەوە پێمان بڵێ منداڵان چی دەبینن ئەوەی کە منداڵ دەیبینێ هەمان شتە کە ئێمەش دەیبینین بەڵام گرنگ لە جۆری لێکدانەوەکەدایە ئێمە لەم هاوکێشەی بینینەدا لێکدانەوەکانمان بۆ ئەم نمایش وبینینانەچیە، چۆن دەتوانین لێیان تێبگەین، یاخود تێگەیشتن لەشتەکان بایەخیان چیە..؟ ژیان پڕیەتی لە دونیای جۆراو جۆر کەسەلیم بەرەکات هەوڵ دەدات لەم کتێبەیدا نزیکەی حەوت جۆر لەم دونیایەمان نیشانبدات، بەڵام کێشەی سەرەکی ئەوەیە ئەم جۆرە دونیایانە تێگەیشتن و بینینیان چۆنە، چۆن لێیان بڕوانین یاخود ئایا دەتوانین ئێمەی مرۆڤ بە تایبەت مرۆڤە گەورەکان لە دونیای‌شتەکان بڕوانین، تێڕوانین لە ژیان ئایا لە قودرەتی مرۆڤدایە؟ ئایا باشترین ڕێگاچارە ئەوەنیە هەندێك جار مرۆڤ منداڵانە لە ژیان بڕوانێ، ڕەنگە زۆرینەمان ئەم جۆرە پرسیارە غروری گەورەیمان بروشێنێ بەڵام ئەوەش ڕاستیەکی تاڵە دەبێت بزانین کە هەمیشە شەڕ و کوشتار و چەوسانەوەکان بەدرێژایی مێژوو سەرچاوەکەی مرۆڤە گەورەکان بون، ئەو مرۆڤانەی شانازی یەگەورەبونیانەوە دەکەن. هەموو خوێن ڕێژیەکانی مرۆڤایەتی هەمیشەبە دەستی ئەو مرۆڤانەبووە کە گەورەیی مرۆڤ بە گەورەترین سەرمایەی ژیان دەزانن، کەواتە بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کە ئێمە لە ئاشوب و فیتنەو جەنگە خوێناویەکانی ژیان بێبەرین ئەوا دەبێت پەنا بەرینەبەر دونیای منداڵان بۆ پاکانە کردنمان لە ژیان دەبێت هانا بۆ منداڵان بەرین و داوایان لێبکەین لەو دونیا گەورەیەی خۆیاندا سوچێکی بچوك بە ئێمەی گەورە ببەخشن.. منداڵ پزیشکی شەڕەنگێزیەکانی مرۆڤایەتیە.. گەربێداری منداڵان نەبێ گەورەکان لە خەون و هەڵپەی ژیاندا یەکتری نغرۆدەکەن. سەلیم بەرەکات پێی وایە منداڵ خۆی بێدارەو پاشان ئێمەش بێدار دەکاتەوە بۆ ئەوەی گاڵتەجاڕ یەکانی خۆمان بگێڕینەوە لەم بێداربونەوەیەدا منداڵ لایەنی جوانی و هێمای بوژانەوەیە و گەورەکانیش بەشی گێڕانەوەی گاڵتە جاڕیەکانی خۆیانیان بەر دەکەوێت. گاڵتەجاڕییەك کە زۆرجار بە خویانەوە منداڵانیش توشی گۆبەندەکانیان دەکەن، ئەوان دەیانەوێ منداڵان لە دونیای منداڵی دابڕن و توشی گاڵتەجاڕی گەورەبونیان بکەن، گەورەکان دەیانەوێ منداڵ بە ژیانێکی بێ منداڵیەوە بژی واتە بەردەوام هەوڵ دەدەن منداڵانیش هەمان شێوەی خۆیان تەسلیمی دڕندەییەکانی خۆیان بکەن، ئەمەیە

حیکمەتی گەورەیی.. گەورەکان خۆیان بە دڕندەیی منداڵانەوە هەڵدەکێشن ئەم سەدەیەی ژیان سەدەی دووجەنگی جیهانی و پڕ لە خۆ خواردنەکانی مرۆڤایەتیە، سەلیم بەرەکات ئەم سەدەیە ناو دەنێ زەمەنی جەردەیی، ئەم زەمینەپڕ لە دزی وجەردەییە منداڵانیش وەك هەموو کایەو بوارەکانی جەنگ و ئاشوب بونە بارمتەی جەردەیی، گەورەکان لێنەگەڕان لەم سەدەیەدا منداڵان ژیانی تایبەتی خۆیان بژین، چەندین سەرگەردانی و ئاوارەییان بەسەر دا سەپاندن، منداڵان سەرگەرمی ژیانبون ئەوانبەجۆرێکی تر سەرنجی ژیانیان دەدا.

سەرنجدانی منالان جۆرێکی جیاوازە لە گەورەکان گەورەکان هەمیشە لە سەرنج دانیان بۆ نمونە بۆ لەشی ئافرەتان جۆرێك لە چێژی سێکسی و نەشئەی پیاوەتی دەبینن بەلام منداڵی لە نێو ئەم یاداشتەی سەلیم بەرەکاتتدا بە شێوەیەکی دیکە ئەم سەرنجدانە شیدەکاتەوە، ئەو بەلایەوە ئاسایی‌یە کە ژنان و کچان لەشوجەستەیان سپی و ناسکە بەلام ئەم شتانە جارێکی تر مەودایەك بون بۆ هەندێك پرسیاری تایبەت بە خۆیان سەبارەت بە وجودی مرۆڤ، بینینی لەشی ئافرەت بەڕوتی ئەو پرسیارەی لای مندلان دروست دەکرد ئایا ئافرەتانیش هەمان شێوەی پیاوان جەستەیان موی لێدەڕوێ..؟! گەورەکان هەمیشە لە هەوڵی دابەش کردنی زەوی دان، گەورەکان زەوی دابەش دەکەن، لای منداڵ هیچ هێزێك نیە بتوانێت مرۆڤەکان لە سەرزەوی لێك جیابکاتەوە، سنورێك بونی نیە زەوی بریتیە لە تەختایی‌یەکی پان و بەرین ئەم تەختاییە بێ جیاوازی ماڵ و مەنزڵی هەموو مرۆڤایەتیە، بەلام دواتر گەورەکان هاتن و زەوییان لەت و پەرت کرد و دابەشیان کرد بەسەر چەندین دونیای جۆراوجۆردا کەلەدواجاردا ئەم دابەش کردنە بۆ منداڵان مایەی پێکەنین و گاڵتەجاڕیە..

منداڵان زۆریان پێسەیرە ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەو گەورە دڕندانەی ئێستا ئەوانیش هەمان شێوە وەك منداڵ ژیابن ئەرێ هەربەڕاست ڕۆژێك لە ڕۆژان گەورەکانیش منداڵییان هەبووە..؟! هەرگیز جێی باوەڕنیە چۆن دەکرێ مرۆڤێك ئەزمونی جوانی منداڵی ژیابێ و کەچی لەدواییدا تەحامولی دڕندەیی و شەڕەنگێزی و دابەش کردن دەکات هەرچۆنێك بێ زەمەنی منداڵی بەسەرچوو، هاتین بۆ گەورەبون بۆشەڕ و گەمەی بێکەڵك و بێ مانا، ئەوەش ئێمە و دونیای گەورەبون، داخۆ لەم دونیایەداچی دەبینین؟ بێ گومان جگە لەخۆکوژی و دڕندەیەکانی مرۆڤ چی‌تردەبینین. چۆن جارێکی تر بچینەوە بۆ منداڵی، بەچ ڕێگایەك لە تەوقی گەورەبون ڕزگاربین؟ ئەمەش سەرەتا و کۆتایی ئەو پرسیارەیەکە ناتوانین وەلامی سەبارەت بەخۆی بدەینەوە...

ديلانا وديرام

جزء من فصل الأول

سليم بركات

تيتل على الهضبة،
وسكون يرفع قرنيه عاليا كالتيتل.
فلا تقتربن أكثر أيها الدليل،
ولا تبتعدن أكثر.
مكانك هو المكان الذي ترى منه الجذور الجذور،
والأرض ميراثها
تيتل على الهضبة،
وسكون صلد يرفع قرنيه عاليا كالتيتل.

(1)

انظر إليها. إنها جمع سلال شقراء تحت ومض دمك يا ديرام. انظر إليها كيف تغفو لصق ساعدك. وأنفاسها تتهاوى شهابا شهابا في شسع فحولتك النبيلة... أتذكر يا ديرام ساعة جنتها وديعا تتسربل بالسهول، خطاك خطى نهار، وصخبك وصخب السنبل؟ أتذكر المساء الذي ترقرق في عينيك. المساء الأول، حيث سطوتما بالقبل على كنوز الكائن، وكشفتما عن مسيل غريب تحت حجر الروح؟. تمهل ديرام، تمهل في عبثك الساحر بأعشاش قلبها- قلب ديلانا المعلق كطعنة ملآى بالحياة.

(2)

انظري إليه. إنه سهم أشقر تحت ومض دمك ياديلانا. انظري إليه يزين المساء بصليل فحولته، ويرقى إلى صليلك سلم اللهاث. كأن كل ترف ترفه، وكأن كلماته التي ينشد بها نشيد الرجل. فهلا سردت عليه ما يسر الغمام على بناته، وهلا نزلت إليه من العذوبة العالية، شاهرة مرح الأعالي، لتغمري سهل قلبه بقمح النشيد؟ هيا ديلانا. إنه متكىء قرب يدك ويسرو الفاكهة.

(3)

انظر إليها. لكم تداعب صدرك بشعاع من الشفاه والأنامل. انظر إليها يا تر عشرين قلبا تحت قلبها، وكل قلب يهذي فبنسج في هذيانه عشرين قلب : إنها مصب الرجل المضمخ بهدير الجذور؟ إنها مصب من الساعات والجدل؟ مصب آخر لكل بسالة أو خوف. فلا تقتربن أكثر يا ديرام، ولا تبتعدن أكثر. مكانك هو الذي ترى منه العذوبة ذاتها نائمة في سلال شقراء ودم أشقر.

(4)

انهضي قليلا ديلانا، وأحكمي حصارك الطري. فلأنت الغابة التي تزدهر فيها سلالاته، وتمتزج الأحشاء بالطيور. ولأنت صليلة بين الصليل. ومديحه الذي كل ملك ملكة، وكل شريد دربا" إلى الملك. فإذا انحنى عليك ارفعي إلى فمط الأنثى، وإلى صدره المرتعش درع صدرك المضرج بالغمامات والعصور.

(5)

انهض قليلا يا ديرام، انهض واقفا لترى من أعالي المرح سفح الأنثى المنبسط بين وميض الأقنعة والأغاني. فلأنت سيف ينابيعها، تضرب بك الصباحات فتنشق عن الحنين والأيائل. ولأنت أنفاسها بين الأنفاس، و مديحها الذي يغمس فيه الهواء آلهته الشريدة. فإذا انحنت عليك ارفع إلى فمهما فمك المرصع بنشيد الرجل صدرها المرتعش درع صدرك المرصع بالمياه والمدائح.

(6)

